# مەملەکەتی ماسی

٣٧ حیکایەتی فۆلکلۆرییە

# مەملەکەتی ماسی

٣٧ حیکایەتی فۆلکلۆرییە

کۆکردنەوە و توێژینەوەی
محەمەد فەریق حەسەن

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

محەمەد فەریق حەسەن
مەملەکەتی ماسی – حیکایەتی فۆلکلۆری
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٠٠٧
چاپی سێیەم ٢٠١٠
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٦٠١ – ٢٠١٠
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: ناسح سالح
هەڵەبژێری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل. بۆکان نووری

## پێڕست


چەند وشەیەک بۆ سەرەتا ... 7
تایبەتمەندییەکانی حیکایەتی کوردی ... 12
حیکایەتخوانەکان ... 70
(١) زەردەخەنەی باوکێک ... 73
(٢) بووکی عەبابەیلێ ... 75
(٣) دە غازی ... 77
(٤) ئاشەوان ... 78
(٥) شەڕەگا ... 79
(٦) سێ برا ... 82
(٧) پیرۆز و پیاوکوژان ... 84
(٨) سەد کووپەی پڕ لە زێڕ ... 87
(٩) گرەو ... 91
(١٠) بەردی مەرگ ... 98
(١١) حاتەمی تەی ... 100
(١٢) سوار ... 103
(١٣) لەم ئاڵوگۆڕەدا تیا دەچم ... 104
(١٤) درۆی ڕێوی ... 106
(١٥) نەخۆشییەکی سەیر ... 107
(١٦) کەر و ڕمووزن ... 109
(١٧) نان بێرن ... 110
(١٨) ئەو ڕۆژەی ماسی دەباری ... 111

(١٩) شەودز و ڕۆژدز ..... 114
(٢٠) ئەژدیهـا ..... 118
(٢١) ماسییە ڕەنگاوڕەنگەکە ..... 122
(٢٢) مەملەکەتی ماسی ..... 136
(٢٣) ئەسپی پاشای ڕۆم ..... 147
(٢٤) شوان و شەیتان ..... 155
(٢٥) هەمبانەیەک زێڕ ..... 156
(٢٦) سەید و بازرگان ..... 159
(٢٧) عەول ..... 165
(٢٨) بەهار و بەوزۆ ..... 170
(٢٩) دزێکی زیرەک ..... 181
(٣٠) دەردەدار بە حاڵی دەردەدار دەزانێ ..... 187
(٣١) میوانی بێ ئەدەب ..... 189
(٣٢) سێ دز ..... 195
(٣٣) کوڕە کەچەڵە ..... 201
(٣٤) کیسەڵ و ڕێوی ..... 205
(٣٥) نهێنی ..... 208
(٣٦) سوارچاک ..... 210
(٣٧) زامی خەنجەر سارێژ دەبێ، زامی زبان سارێژ نابێ ..... 213

# چەند وشەیەک بۆ سەرەتا

کەلەپوور بە گشتی پێوەندییەکی مکۆمی بە(ئەوێتی- ئایدێنتیتی)یەوە هەیە. چونکە کەلەپوور داهێنانی هەلومەرجی مێژوویی تایبەت بە خۆیەتی، کە خولیا و سەلیقەی سەردەمێکی مێژوویی میللەتێکی دیاریکراوی لە هەناوی خۆیدا جێ کردووەتەوە. گەلان خۆیانی لێ بە خاوەن دەکەن و خۆیانیشی پێوە ڕادەنێن. میللەتی بێ کەلەپوور، دەکاتە گەلێکی لە داهێنان بێبەش. داهێنانیش دیاردەیەکە، بە تواناکانی تاکەوە پێوەستە نەک بە کۆوە. جا چونکە هەقایەت زارەکی و بێ نووسەرە، ئەوا دەدرێتە پاڵ گەلێک. تێپەڕاندنی کەلەپوور و هەقایەتیش بە تایبەتی، ناکاتە سڕینەوەی، بگرە واتای ئەوە دەبەخشێت، کە ئێمە بە (پیرۆز)ی نازانین.

دەمەوێت بڵێم: ئەم گەلەحیکایەتە زیندوون. چونکە لە دێرزەمانەوە، بە بەردەوامی، ئەم نەوە بۆ ئەوی دادێی گێڕاوەتەوە، تا گەیشتوونەتە ئەم سەردەمە. هەر حیکایەتێکیش ئەگەر پشتاوپشت بگێڕدرێتەوە مانای وایە زیندووە. دەنا ئەمانەیش، وەک زۆر ژانری تر دەمردن، لە یاد دەچوونەوە و نەدەگەیشتە بەندە، تاکو بۆ ئێوەی خوێنەر تۆماریان بکەم.

هەقایەت ژانرێکە، بۆ سەردەمێکی نەزانراو و نائاشنا دەگەڕێتەوە کە خوێنەری ئێستا نە دیوێتی و نە پەی بەنهێنییە تەم و مژاوییەکانیشی دەبات. هەر ئەم دۆخەیشە پاڵ بە تاکەوە دەنێت، ئەگەر بەسەر شاباڵی خەیاڵیشەوە بووبێ، تاوێک بەرەو ئەو دنیا سیحراوییە دوورەدەستە بگەڕێتەوە.

ئەوەی ئەم بەرهەمانە بخوێنێتەوە، هەست دەکات کە کورد خاوەنی سامانێکی دەوڵەمەندی ئەدەبی زارەکییە، لە ئەفسانە و حیکایەتی خورافی و

مـیللی. دیاره مـادام ئەم ڕازانەم لە زاری حـیکایەتخـوانی کـوردەوە تۆمـار کردوون و خوێنەر بە زمـانی دایکی خۆی دەیانخـوێنێتـەوە کەواتە خـۆمـاڵین، ئەگەرچی کەم و زۆر کاریگەریی ئەفسـانە و هەقایەتی گەلانی دەوروبەریشـیان لەسەر بێت.

سـەرنج بدە، لەم کـۆ حـیکایەتـەدا، ئێـمـەی کورد خـاوەنی چەندین پاشـای دادپەروەر و وەزیری کـارا و دانایـن. بازرگـانـان بە تەواوی ئازادی سنوورەکـان دەبەزێـنن. بگـرە بۆ ئـەوان لەمـــپـــەرێک بـە ناوی سـنوورەوە لـە ئارادا نـیـــیـــە. قـارەمـانەکـان بە ئاسـانی دەبنە خـاوەنی بەرمـاڵی فڕیو، کڵاو و ئەنگوسـتیلەی ئەفسـانەیی، کە تاک لە دۆخـێکەوە بۆ دۆخێکی تری نوێ دەگوێزنەوە و تەواوی ئاواتەکانی بەدی دەهێنن.

منیش هاتووم جارێکـی تر، لە زاری حیکایەتخـوانەکـانەوە کە بەئەمـانەتەوە ناویانم تۆمار کردووە، دەیانگێڕمەوە. لەم پرۆسـەیەدا، تا ئەوەندەی لە توانامدا بووبـێ هەوڵـم داوە گـێـــڕانەوەیـەکی مـــیـللـیی ڕوون و ڕەوان بێت. هـەر زیادە وشـەیەکم بەرچاو کەوتبێت بژارم کـردوون، ئەمـجا وەک خـۆیان، خسـتوومنەتە سەر کاغەز.

هەر بۆ نموونە ژمارەیەک لە حیکایەتەکانم لە حـەمە پاشای حیکایەتخوانەوە بیسـتوون، کـە سـاڵـی ١٩٨٥ ئەو تەمەنی ٨٥ سـاڵ بوو. واتە لە تەک بەرەبەیانی سـەدەی بـیـسـتـەمـدا هـاتـووەتە دنیـاوە. دانیـشـتـووی شـاری سلێـمـانی و نەخـوێندەوار بوو. واتـە حــەمــە پاشــا تـەواوی ئەو حـیـکایەتانەی دەمـاودەم بیسـتووە. بە سەرێکـی تـر ئەوەیش دەگەیێنێت کە ئەو حیکایەتخوانە کەسێکی زەینڕوون بووە.

بۆ ئەوەی گـیـان، یان شـەقڵـە فـۆلکلۆرییـەکـەی خـۆیان پارێزراو بـێ، وشـە عارەبییەکانم بە کوردی کردوون. نە قـارەمانێکم بۆ زیاد کردوون و نـە یەکێکم لـێ کـەم کردوون. بێـجگە لە حیکایەتەکانی (مـیـوانی بـێ ئەدەب و سـێ دز) هیـچ کـامـێکیـان ناونیـشـانیـان نەبوو. حـیکایەتخـوانەکان یەکسـەر دەسـتـیـان بە گـێـڕانەوە کـردووە. بڕێک جـاران نـاوی پاڵەوانەکـانم کـردوونەتە نـاونیـشـانی

حیکایەتەکان، وەک، (بەهار و بەورزۆ).. یان ناوی وەهام لێ ناون، ڕەنگدانەوەی ناوەڕۆکی حیکایەتەکان بن وەک، (شوان و شەیتان، پیرۆز و پیاوکوژان).. ناچار بووم ناو لە زۆربەی پاڵەوانەکانیش بنێم. چونکە ئەوان بە زۆری ئاوەها دەستیان بەگێڕانەوە کردووە: (هەبوو نەبوو، ڕاوچییەک هەبوو، کوڕێکی هەبوو...) واتە حیکایەتخوان ناوی لە ڕاوچی و کوڕەکەی نەنابوو.

تاکو ئێستاش هەندێک لەم حیکایەتانەم لەسەر نەوار، بە دەنگی خودی حیکایەتخوانەکان پاراستووە. ئەوانی تریش هەرکە بیستوومن، لەسەر کاغەز تۆمارم کردوون. ئێستایش خۆشحاڵم، کە توانیومە ئەم (سی) حیکایەتە لە فەوتان ڕزگار بکەم(١).

پێ دەچێت ئێمەی کورد، لە مێژووی دوور و نزیکدا، قەراڵ و قەراڵیچەی بناڤ و دەنگمان نەبووبێت، کۆشک و سەرای وەک ئاسەواری هیندییەکان و میسرییە کۆنەکانمان نەبووبێت. بەڵام کەلەپووری زارەکیمان زۆرن، شیاوی نووسینەوە بن. هەقایەتیش بەشێکە لە ئەوێتیی میللەتان. ئەگەرچی حیکایەتی میللەتانی دنیا لە یەک دەچن، بەڵام لە گێڕانەوەدا هەر گەلەو شێوازی خۆی هەیە، وەک جیاوازیی مێژوو و داوونەریت و کەسێتییان. هەندێکیان شیاوی ئەوەن وەریان بگێڕینە سەر زمانە زیندووەکان، چونکە پڕن لە جوانی و هێما و فانتازیا. خەیاڵ بە ڕەهایی لە پانتاییی ئەم گەلەحیکایەتەدا لە کاردایە. لە بەیەکداچوونی ڕووداو و سەمتی گێڕانەوەدا هەست بە هونەری گێڕانەوە و چنین و داڕشتن دەکرێ.

ئەمڕۆ گرینگییەکی زۆر بە مێژووی کۆنی گەلان دەدرێت. هەر لە چاخی بەردینەوە بگرە تاکو دەگاتە مێژووی نزیک؛ بە هونەر و ئەدەبیاتیشیانەوە. ئاسەوارناسان ئێستا لە هەموو کاتێک پتر عەوداڵی دوای ئەوەن پەی بە

(١) لەم چاپە نوێیەدا (حەوت) چیرۆکی تری زیاد کردووە، کە ئەمانەن: (سوارچاک، لەم ئاڵوگۆڕەدا تیا دەچم، درۆی ڕێوی، نەخۆشییەکی سەیر، کەر و ڕمووزن، نان بێرن، زامی خەنجەر سارێژ دەبێ زامی زبان سارێژ نابێ)

نهێنییەکانی مێژوو، بە ئاسەوارە جێماوەکان، بە هونەری مرۆڤی کۆن ببەن. دەبووایە لەم سەروبەندەدا لەلای ئێمەیش ئاوڕێکی جدی لەم لایەنە بدرایەتەوە. بەڵام وەها نەکەوتەوە. لەلای هەمووان ڕوونە ڕووداوەکانی ئەم سەردەمەی ناوەخۆ بەرەو چ باپێچ و چەپەکێکی بردین.

ئەم گەلەچیرۆکە، پێشتر زارەکی بۆیان گێڕاومەتەوە. واتە گوێم لێیان بووە. یان دەکرێت ڕوونتر بڵێم: تەنیا دەنگ بوون. دەنگی پیت و وشە و زنجیرە ڕستەی گۆکراو، کە تۆ بە تەنیا بیستنیان هیچی وایان لێ هەڵناکرێنی. نازانیت چ نهێنی و مانا و ئاماژەگەلێکیان لە هەناوی خۆیاندا هەڵگرتووە. وەلێ کاتێک خرانە سەر زمانی نووسین و لەسەر کاغەز تۆمار بوون، ئیتر وێڕای ئەوەی لە زارەکییەوە دەبنە نووسراو، بە دیکیومێنتیش دەبن. واتە لێرەبەدواوە بوارێکی تەواومان لە بەردەستدایە، تاکو بە شێنەیی بیانخوێنینەوە. کۆدەکانیان بکەینەوە. گۆڕانێکی چلۆنایەتیشیان بەسەردا دێت. چونکە لە (دەنگ)ەوە دەچنە سەر زمانی ئەدەب و بەرجەستە دەبن. بێگومان ئیتر گەرەکە لە ڕووی فۆرمیشەوە وەک تێکست قەبووڵ بکرێن و لایەنی پەرەگرافبەندی ڕەچاو بگیرێت. لە ڕووی ڕێزمانیشەوە، گەرەکە ڕستەکان کۆک بکرێن. هەرچی زیادەوشە و هاوواتا هەیە وەلابنرێن. ئەوەندەی بلوێت، لە واژەگەلی قەرزکراوی بیانی بژار بکرێن. کەواتە ئەو گۆڕانەی بە شوێن قۆناغی تۆمارکردندا ڕوو دەدات گرینگ و لە بەرچاوە و دەکرێ لەوەوپاش چەندین خوێندنەوەیان بۆ بکرێ.

لەمانە هەموویان گرینگتر ئەوەیە، کە ئێمە لەمەولا، واتە دوای بەتێکستکردن و بەوشە تۆمارکردنیان (registration) ئیتر بەفەرمی دەبینە خاوەنیان. دەشێ بڵێین: خۆماڵی دەکرێن و ناویان هەیە. لە کتێبخانەی کوردیدا جێ و ڕێیان بۆ خۆیان کردووەتەوە. بۆیەکا لەمەولا بە فەرمی لەگەڵ تاکی خوێنەردا پێوەندیی مکۆم گرێ دەدەن، کە گەلێک لەو پێوەندییە زارەکییەی جاران جیاواز و زیندووتریشە. میانەیان لەگەڵ تاکەکاندا گۆڕانی ئەرێنی بەسەردا دێت. چونکە تاکەکانیش لە گوێگری هەقایەتەوە دەبنە

خوێنەری هەقایەت. واتە دۆخ و قۆناغی خوێندنەوە سەر هەڵدەدات. لە گوێوە بۆ چاو. لە بیستنەوە بۆ بینین. واتە لەمەولا میانەکە زارەکی و ڕاگوزەر و سەرپێیی نابێ. چونکە هەردەمێک خوێنەر بخوازێ، دەتوانێ بەئاسانی بگەڕێتەوە لایان و بەسەریان بکاتەوە. لێیان ڕابمێنێت، قووڵتر لە ئاماژەکانیان حاڵی ببێت.

بەری ڕاپەڕین، بە تایبەتی لە شاری هەولێردا، ژمارەیەکی بەرچاو کتێب چاپ کرابوون. لە نێویاندا هەبوو، بە دەیان حیکایەتی لەخۆ گرتبوو. بەڵام کەمتر بەلای ئەوەدا چووبوون حیکایەتەکان شی بکەنەوە و توێژینەوەیان لەسەر بنووسن و بیانناسێنن. ئەگەرچی بەهۆی ئەو هەموو هێما و واتایانەی کە ژانری حیکایەت لە نێوەڕۆکی خۆیدا هەڵی دەگرێ، هەروەها بەهۆی ئەو بەیەکداچوونە چڕەی، لە نێوان ژانرەکانی ئەفسانە و حیکایەتی خورافی و داستان و حیکایەتی میللیدا هەیە، توێژینەوەی ئەم تەرزە ئەدەبە زارەکییە کارێکی هەروا سانا نییە. چونکە پێودانگی تۆژینەوەی هەقایەت زۆر لە هی ئەدەبی نووسراو جیاوازە.

بۆ تێگەیشتن و شیکردنەوەی ئاماژە و هێماکانی هەقایەت پێویستیمان بە قامووسی تایبەت بەم ئەدەبە زارەکییە دەبێ. ڕەنگە هەر لەم سۆنگەیەشەوە بووبێ، تاکو نەهۆ، بەوانەیشەوە، کە لەم بوارەدا پسپۆڕن، نەیانکردووە وەک پراکتیک چەردەیەکی پوخت لەسەر ئەم سامانەی، کە لە بەردەستدایە بنووسن و گوتوبێژ بکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا بە مەبەستی چوونە نێو جیهانی خەیاڵاویی ئەم گەلەحیکایەتەوە، بەپێی توانا قسەم لەسەر کردوون و لە پێش خوێنەردا مۆمێکم هەڵکردووە. خوازیارم ئەوەی نووسیومە، سەرەتایەک بێت بۆ گفتوگۆیەکی بەرفرە لەمەڕ ئەدەبی زارەکی بەگشتی و ژانری هەقایەت بەتایبەتی. دیارە کەم کاریش هەیە لە کەموکووڕی بەدوور بێ.

سلێمانی، خەرمانان ١٩٩٦

## تایبەتمەندییەکانی حیکایەتی کوردی

### کەلەپوور ئەوێتییە، وەلێ دەبێ تێی پەڕێنین

ئەم چیرۆکانە ئەگەر حیکایەتی دز و درۆزن بن، یان هی تاکە یاخیبووەکان، یانژی سەرگورشتەی سەخیتەبعان، یاخۆ پاشای دڵ پڕ لە بەزەیی، یانژی کەسانی خاپینۆک و مەکرۆ بن، دوا جار هەموو ئەوانە بەشێک لە بنیاتی کولتووری ئێمە پێک دێن. پاژێکیشن لە مێنتەلێتی و ئاوەزمان دەخەنە ئەو گۆڕە و بوونەتە بەشێک لە مێژوومان. ئەمانە مێژوومان لەکەدار ناکەن و لە کاروانیش دوامان ناخەن. لە ڕابوردووی دووریشدا قەتیسمان ناکەن، ئەگەر خۆمان لە ئێستادا گەلێکی پاشڤەڕۆ و دواکەوتوو نەبین.

نەخێر ئەم سەربوردانە ئاوەزی ئاوەزداران دووچاری فەلەج ناکەن. ئەوانە تایبەتمەندی، پەنجەمۆر و ژیرێتیی تاکی کوردیان تێدا دەخوێندرێنەوە. ئەمجا تێکەڵ بە ئەزموون و ئاوەزی میللەتانی دەوروبەریش بوون. کاریان لێ کردوون و کاریشیان لێ کراوە. ئەم حیکایەتانە بۆ ئەوە نین، ئێمە دیسانەوە وەک خۆیان کاویژیان بکەینەوە. واتە تۆمارکردنیان بەو نیازە نییە نووسەران بێن هەمدیس لەسەر نەخش و پێودانگی ئەم حیکایەتانە بنووسن. چونکە ئەمە ئەدەبی چاخی خۆیەتی. چاخێک کە ناگەڕێتەوە و بەسەرچووە. هەروەک لای کەسانی وشیار زانراوە، کە ئەوە کەلەپوور نییە بووەتە هۆی داهزان و لە کاروانی مێژوو بەجێمانی میللەتی کورد. هەر وەک ئەم دەقانە پیرۆزیش نین. وەلێ بەشێکن لە کەلەپووری ئێمە. کلیلن، دەکرێت دەریچەی هزر و ژیرێتیی ئێمەیان لە ڕابردوودا پێ بکرێتەوە و لەبەر ڕۆشناییياندا خوێندنەوەی نوێیان بۆ بکرێت.

ئێستا، کە ئێمە لە سەردەمی جیهانگیریداین، لە نزیکەوە ئاگەدارم، کە حیکایەت لە سەرانسەری ئەوروپادا لەجێترین بابەتە بۆ فێربوونی زمان. مامۆستایانی زمان بە کتێبی حیکایەتەوە خۆیان بە ژووری پۆلدا دەکەن و قوتابییان بە دڵشادییەوە لێیانی قەبووڵ دەکەن. دەیانخوێننەوە و گوتوبێژیان لەسەر دەکەن.

خۆ تازە خەڵک نایەت حیکایەت بهۆنێتەوە. مەبەستم لەوەیە ئەو بارودۆخەی حیکایەتی تێدا هاتووەتە مەیدانەوە لەمێژە بەسەرچووە. نەهۆ ئەو زەمینەیە نەماوە. واتە مێژوو حیکایەتی تێ پەڕاندووە.. ئێمەیش تێمان پەڕاندووە. کاتێک پەیکەری کەونە خواوەندێک لە دێرینخانەیەکدا دادەنرێت، خۆ بۆ ئەوە نییە خەڵک بیپەرستن و کڕنووشی بۆ ببەن و قوربانیی لەبەر پێیدا سەربڕن. مرۆڤایەتی ئەو سەردەمەی جێ هێشت و جارێکی تر ناگەڕێتەوە سەری. ئەوان بەو مەبەستە پەیکەریان لە دێرینخانەدا داناوە. تاکو هەم تاکەکانی ئەو میللەتە، هەم بیانییش کاتێک دێنە سەردانی؛ ببینن و بزانن کە ئەو گەلە لە کۆنیشدا داهێنەر بووە. تاکو بیریان بخەنەوە چلۆن ئەوان سنعەتکارانە پەیکەریان تاشیوە و مێژوویەکی چەند دەوڵەمەندیان هەبووە.

هەروەها بۆ ئەوەی بزانن کە ئەوان خاوەنی ژیرێتی و هزر بوون. لە زەمانی کۆنیشدا هەر گەلێکی چالاک بوون. ئەوەتا جێدەستیان دیارە و بەش بەحاڵی خۆیان لە بنیاتنانی شارستانەتدا پشکدارییان کردووە. ئەوان لە پڕێک نەبوونەتە کوڕێک و کوارگ ئاسا لەو زەوییە ڕەقەنە هەڵنەتۆقیون. هەرچی ئەم پەیکەرانەیە، بۆ شوناس و مێژووی ئەو گەلە، بەڵگەی بەرچاون و بەزمانی تایبەتیی خۆیان بۆ بینەرانی دەیگێڕنەوە. هەر گەلێکیش کەلەپوور و دێرینەی خۆی بەهەند نەگرێت، چلۆن دەتوانێت باوەش بۆ کەلەپووری دنیا بگرێتەوە و قەبووڵی بکات و ڕێزی لێ بگرێت؟

فەرموون ئەمە (سی و حەوت) حیکایەت. دە فەرموو ئێوەیش بە مێنتەلێتی و هوشیاریی ئەمڕۆتانەوە، بە وردی لێیان بکۆڵنەوە و بیاننرخێنن. ڕایەکی بەڵگە نەویستە، ئەم حیکایەت و ئەفسانانە بەشێک لە ئەوێتیی ئێمە پێک دێنن.

گوێڕایەڵیشیان (ولاء) هەر بۆ ئێمەی کوردە، چونکە باپیرانی خۆمان دایان هێناون. دەبا بەناوی خۆمانەوە تۆمار بن و هەر بەناوی خۆشمانەوە تێکەڵ بە حیکایەت و ئەفسانەکانی دنیا ببن.

### کوردستان لانکەی هەقایەتە

کورد، بەرەگیشە دەچیتەوە سەر نەتەوە هیندۆ ئەوروپاییەکان. زۆرێک لە ئاسەوارناس و فۆلکلۆرناسان ئەم میللەتانە بە سەرچاوەی حیکایەت بە هەموو جۆرەکانییەوە: میللی، قارەمانێتی، ئەفسانە، حیکایەتی گیانداران، داستان و گاڵتەوگەپ دەزانن. هاتووم تەواوی ئەم حیکایەتانەم لە زاری حیکایەتخوانی کوردەوە گواستووەتەوە. هەندێکیان ڕوویان داوە. قارەمانەکان سەر بە کۆمەڵگەی دێرینی خۆمانن و بەناو و بەشوێنی ژیانیان ناسراون. لەگەڵ ئەوەیشدا، سەبارەت بەهەندێکی تریان پێوەرێکی ئەوتۆم لە بەردەستدا نییە کە سەد دەرسەد بیسەلمێنێ، سەرپاکیان کوردی بن و مافی هیچ گەلێکی تریان بەسەرەوە نەبێت. لەم ڕووەوە لیڤی کلۆد شتراوس دەڵێت: «هەر ئەفسانەیەک ملی بگری، وێنەیەکی دەستکاری کراوی ئەفسانەیەکی پێش خۆیەتی.»

بەڵام پرسەکە لێرەدایە، داخۆ حیکایەتخوان بە چ نیازێک دەستکاریی ئەفسانەکە دەکات؟ ڕەنگە بۆ ئەوەی جێدەستی خۆی لەسەر پانتاییی دەقەکە دیاری بکات و نەخشێکی لە خولقاندنیدا، یان لە داهێنانیدا هەبێت. لە نوێ داڕشتنەوەش وەک لە نوێ خەلقکردن وەهایە. یانژی لەوانەیە لەو سۆنگەیەوە گۆڕیبێتی و چەردەیەک دەستکاری کردبێت، هەتا لە تەک هەلومەرج و ڕەوتی ئەو سەردەمەی تێیدا ژیاوە بیگونجێنێت و واتای ڕوونتری بداتێ. یان دەشێت لەبەرئەوەی بووبێت، گوایە حیکایەتخوانیش ڕۆڵی خۆی هەیە. بەشێک لە ژانری حیکایەت پێک دێنێ و ناتوانێت هەتا سەر لە ئاستی ئەو پێشهاتانەی لە ڕەوتی هەقایەتەکەدا ڕوو دەدەن بێلایەنی خۆی بپارێزێ.

هەرچی چۆنێک بووبێت، من ناتوانم سەرلەبەری حیکایەتەکانی جیهان

بخوێنمەوە هەتا بەوردی لەگەڵ ئەم گەلەحیکایەتەدا بەراوردیان بکەم. ئەوجا بێ منەت ڕای کاربڕ بدەم. ئەمەیان بۆ توێژەرانی داهاتوو جێ دێڵم. بەڵام دەتوانم جەخت لەسەر کوردییبوونی زۆربەیان بکەم. چونکە هەندێکیان حیکایەتی میللین. زەمینەی ڕوودانیان کوردستان و قارەمانانیش، کەسانی ناسراوی ئەم جڤاکەی خۆمان بوون. واتە لە واقیعدا هەبوون.

یادەوەریی هەر گەلێکیش تۆ بیگریت، بریتییە لە تۆماری ڕستێک حیکایەت و ئەفسانە. هەروەک چۆن هیچ گەلێک لەسەر ڕووی ئەم زەمینەدا بێ ئاسەواری دێرینە نییە؛ میللەتی بێ حیکایەتیش نییە. چونکە هونەری گێڕانەوە لە هەموو کەلێنێکی ژیانی مەردمدا ئامادەیە. گێڕانەوە لە پانتایی زماندا چێ دەبێت و مەردمیش هەموو خاوەنی زمانن. دەکرێ بڵێین لە ئێستایشدا، کە سەردەمی جیهانگیرییە؛ حیکایەت بە فۆرمی جیاوازەوە لە فیلم و زنجیرەکانی درامای تەلەڤزیۆن، گۆرانی، بابەتە مێژوویییەکان، چیرۆکی هونەری، ڕۆمان و تەنانەت لە کەڤاڵی ڕەنگینی هونەری شێوەکاریدا، هونەری گێڕانەوە ئامادەیە.

پێم وایە ڕۆچوونە نێو ئەم جۆرە هونەرە میللییەوە، بە نیازی گوتوبێژ و لێ وردبوونەوە، دەمانگەیێنێتە ڕایەڵ و نهێنییەکانی هزر و خەیاڵاتی تاکی کورد. دەکرێ هەر لەم دەروازەیەیشەوە پەی بە مێنتەلێتیی تاکی کورد ببرێت، کە هەتا نەهۆ کەسێک کارێکی وەهای لە دەست نەهاتووە، یان هەر بیریشی لێ نەکردووەتەوە. دەشێ لێرەوە، لە ڕێی ئەم جۆرە حیکایەتانەوە پەی بەنیشتەنییەکانی نائاگایی هزر و ژیرێتی تاکی کورد ببرێت.

پاشانیش، لەبەر ڕۆشنایی دەرەنجامەکانی، ڕەنگ بۆ زۆر پرۆژەی داهاتووش بڕێژرێ. چونکە ئەم چیرۆکانە ئەگەرچی لە چاو سەردەمدا وەک لایەنی هونەری، بە شێوەیەکی ساکار و سەرەتاییش داڕێژرابن، وەلێ دەم لە زۆرێک لەو پرسە هەڵایساوانەی ئەم ڕۆژگارەی ئەمڕۆشمانەوە دەدەن. واتە دەم لە زۆربەی پرسەکانی دەروازەی سەدەی بیست و یەکەمیشەوە، وەک کێشەکانی دەسەڵات و ژن و ئاین و ناکۆکی نێوان چینەکانیشەوە دەدەن.

حیکایەت ڕادەربڕین و گوزارشتە لە خۆ، وەلێ لە بەرگی گێڕانەوەدا. وەهەم بێت یان خەیاڵ ئیمازەیەکی ئەوتۆت پێ دەبەخشێت، کە گوایە ئەوەی وا دەیگێڕدرێتەوە هەر بەڕاستی لەسەر زەمینی واقیعدا ڕووی داوە. ئەگەرچی ناوی شار، گوند، ڕووبار و چیاکانیش بەڕوونی بەیان نەکرابن، یان شوێنی ڕووداوەکان خەیاڵی و نەبیستراویش بن. هەقایەت هەستی ئەوەمان پێ دەبەخشێت، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان، بەسەرهاتگەلێکی لەو چەشنە، لە کەلێنێکی ئەم گەردوونە فراوانەدا ڕوویان داوە. حیکایەت هونەری گێڕانەوەیە، وزەیەک لە جوانیی واتا و هزر، ئەگەرچی بە شێوەیەکی ساکاریش بووبێت دەبەخشێتە دەوروبەری خۆی، بە تایبەت لە نێو جڤاکی میللیدا. پشوویەکیش بە دەروونی ماندوویان دەدات و چێژیان زاخاو دەداتەوە.

*

یەک لە باری حیکایەت، گرینگییەکی ئەوتۆ لە تەکنیکی گێڕانەوەیدا بەدی ناکرێ، ئەگەرچی لە ڕووی هونەری گێڕانەوەوە، زۆربەی حیکایەتەکانی جیهان لە یەک دەچن. بەڵکو گرینگی لەوەدایە بەسەرهاتێکی سەیر و سەمەرەی ئەوتۆ بگێڕێتەوە، ئەگەر بۆ تاوێکیش بێت سەرنجی گوێدێران بە لای خۆیدا بهێنێت. ڕاستگۆیی تێدا بێت و زانیارییان پێ ببەخشێت. دەنا جەماوەری گوێگر لێی قەبووڵ ناکەن و بەهەندی ناگرن. بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی تژی لە خەیاڵات و ئەفسووندا کە ڕەنگە حیکایەتخوان، لە بەرانبەر ئامادەبوونی بەردەوامی، لە نێو قاوەخانەیەکدا و گێڕانەوەی حیکایەتەکانی بە شێوازی تایبەت بە خۆی، چەردەیەک مزەیشی وەرگرتبێ و دەمخۆشیشی لێ کرابێت.

*

کەسێتی حیکایەتخوان بۆ خۆی پاژێکی گرینگی حیکایەتەکە پێک دەهێنێ. ئەو بە تەواوی بڕوابەخۆبوونەوە هەقایەتمان بۆ دەگێڕێتەوە، وەک ئەوەی خۆی لەوێکانێ ئامادە بووبێت و لە نزیکەوە ئاگەداری بەڕێوەچوونی تەواوی سەربوردەکان بووبێ. ئەم جۆرە گێڕانەوەیە، ئێستایشی لەگەڵدابێ، لە ڕۆمان و چیرۆکی هاوچەرخدا بەکار دەبرێ. لە شانۆی برێخت و میللیشدا

حیکایەتخوان بەهەمان شێوە، ڕووداو و قارەمانەکان بەبینەر دەناسێنێت؛ وەک ئەوەی ئاگەداری هەموو کون و قوژبنێکی ئەو زەمین و زەمانە بێت.

ئەگەر حیکایەتخوان مەبەستی بێت، ئەوەندەی نووکە دەرزییەکیشی لێ ناپەڕێنێت. لێرەشدا، واتە لە شانۆیشدا، خودی حیکایەتخوان داینەمۆی بەرەوپێش چوونی ڕووداوەکانە و هەندێ جاران بێلایەنیش نییە. بگرە ئەو دەداتە پاڵ لایەنی خێر. ئەوەندە هەیە، لە شانۆدا قارەمانەکان بۆ خۆیان بەزیندوویی، بە هاوکاری کەشوهەوای ئامادەکراو، تەدارەکی ڕۆشنایی و دیکۆر و مووزیک و بەسەرپەرشتیی دەرهێنەرێک گێڕانەوەکە بەڕێوە دەچێ.

یان بەلای کەمەوە وەهای دەگێڕێتەوە، وەک تازەکی لە حیکایەتخوانێکی زمانپاراو و شارەزای بیستبێ. ئەوی ڕاستی بێ، کەسێتیی حیکایەتخوان لەگەڵ پەیدابوونی حیکایەت و ئاین و پەرچووەکاندا سەری هەڵداوە. وەک گێڕانەوەی بەسەرهاتی ژیان و پەرچووەکانی ئەشۆ زەردەشت لەلایەن مریدەکانییەوە. یان گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی سوڵتان ئیسحاق (سەهاک) لەلایەن پیاوە ئاینییەکانی کاکەییەوە. یان وەک گێڕانەوەی قەول و پەرجووەکانی ئاینی ئێزدی، لەلایەن توێژی (قەووالەکان)ی ئێزدییایەتییەوە. هەموو ئەمانە دەچنە خانەی هونەری گێڕانەوەوە.

کاتێ مەلایەک، ئاخوندێک، یان (قەووال)ێک دادەنیشێت و کۆمەڵێک گوێگر لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە و زۆر بە وردی و بە دەربەستەوە سەرنجیان ڕادەکێشێت و دەیانهێنێتە نێو سەردەم و جیهانی ڕووداو و قارەمانەکانەوە، کە بریتین لە پەیامبەر، پیر و پیاوچاکان، کە هەموویان نووریان بەسەردا دەبارێت. بێ پەروا لە دژی درۆ و خراپەکاری دەستەویەخە لە شەڕدان؛ پەردە لە ڕووی گومڕایی و درۆودەلەسە هەڵدەماڵن و لە قاویان دەدات، کوتومت وەک ئەوە وایە ڕۆڵی حیکایەتخوان ببینێ.

*

حیکایەت بە زۆری لە نێو جیهانی جووتیار و پاڵەدا پەرە دەگرێت. کوردیش

لەو میللەتانەیە، کە زۆر زوو دێهات و کۆمەڵگەی کشتوکاڵیی پێکەوە ناوە. بگرە لەم ڕووەوە پێش گەلانی دەوروبەری خۆی کەوتووە. بە پێی بۆچوونی ئاسەوارناسان، گوندی (چەرمو)ی دەڤەری چەمچەماڵ، کۆنترین دێی ناوچەکەیە.

ڕەنگە مێژوومان، کە بریتییە لە بندەستبوونی بەردەوام، ئەنفالی دوای ئەنفال، مێژووی تاریک و شێواوی لێوانلێو لە شکست، مێژوویەک، کە ڕووداوی مەزنی ئەوتۆی تێدا نییە خۆمانی پێوە هەڵبکێشین، کارێکی وەهای کردبێت ڕووناکبیری ئەم سەردەمەی کورد هەوڵ نەدەن ڕابردوو بە ئێستاوە گرێ بدەن. ئەمە لە ڕووی مێژووییەوە. بەڵام وەک سامانی فۆلکلۆر، ڕەنگە لە نوێ هێنانەوە گۆڕی بەرهەمی زارەکیی ڕابردوو، تۆمارکردن و لەسەرنووسینی، شانازیی بێت بە لایەنە گەشەکانی ڕابردووەوە.

مەگەر ئێمەی لە کاروان بەجێماو، ئەنجامی گەشی حیکایەتەکان بکەینە دەسکە گوڵ و بیانهێنینەوە یاد. گەلانی دنیایش هەر وەهایان کردووە. ئەو نوێخوازییەیش کە ئەمڕۆ قسەی ئامادەی سەر زاری هەر نووسەرێکە، بەشێکی بریتییە لە دووبارە ئەفراندنی لایەنە گەشەکانی ڕابردوو. لەم ڕووەوە سەدان نموونەی جوان لە بەردەستدان.

*

لە لایەکی ترەوە ئەو مێژووەی هەمانە، وەک خۆی چۆن ڕووی داوە، ئاوا نەگەیشتووەتە دەست ئێمە. بگرە بەکەم و کورتی زۆرەوە تۆمار کراوە. بگرە زۆر جاران لەلایەن داگیرکەرانەوە نووسراوەتەوە. بۆیە مێژوویەکی چەواشەیە و زۆر جاران بەدەستی ئەنقەست ڕاستیی تێدا پووشبەسەر کراوە. بۆیەکا دەکرێت لەم ڕووەوە سوود لەو هەموو ئەو بەیت و حیکایەتانە وەربگرین، کە لە زارەوە بۆ زار هاتوون و بە ڕاستگۆییەوە ڕووداوە مێژووییەکان دەگێڕنەوە. وەک بەیتی قەڵای دمدم. «زۆرێک لە تۆژەرەکان کەرەسەی کەلەپووری میللی و ژیانی میللییان بۆ بنیاتنانەوەی ئەو سەردەمە مێژووییە کۆنانە بەکار هێناوە کە شاهید و بەڵگەی کەمیان لەسەر جێماوە. ئەم پرۆسەیەیش بە پرۆگرامی

بنیاتنانەوەی مێژوویی ناسراوە. لەم دۆخەدا فۆلکلۆر وەک زانستی مێژوویی ڕۆڵی ئاسایی خۆی دەبینێ. تەواوکەری مەعریفەی مێژووییە و قووڵ و فراوانی دەکات.»[1] ئێمەی کورد، هەر لە کۆنەوە گوێمان بە حیکایەت ڕاهاتووە. زۆر ناویشمان لێ ناوە، وەک: سەرگوزشتە، هەقایەت، مەتەڵۆک، ڕاز، ڕازە، سەربوردە و چیرۆک.

ئەفسانەکان بۆ قۆناغی سیحر و ئەوقبوونی مرۆڤ لە بەرامبەر نهێنییەکانی بوون و لە دووی کەشفکردنی زەوی و زەریا و ئاسمان، لە دووی پەیبردن بە نهێنی ژیان و مەرگ و تەواوی دیاردە سروشتییەکانی وەک بەفر و باران بارین، هەورەگرمە و چەخماخە، خۆر و مانگگیران و خودی خۆر بەتیشک و گەرمییەوە، مانگ بە تریفەیەوە، لافاو، گەرداوەکان و بوومەلەرزە و... هتد دەسووڕێنەوە. ئەفسانە پرسیاری مرۆڤگەلی بەرەبەیانی مێژووە.. دەپرسێت، بۆچی و چۆن ئەم هەموو دیاردانە ڕوو دەدەن و وەڵامەکانیشیان ئا بەو شێوەیەیە کە ئێمە ئێستا دەیانخوێنینەوە.

مرۆڤ کە هەردەم ترسی مردن لە دڵیدا گرێ بووە و نەیتوانیوە چارەسەرێکی بۆ بدۆزێتەوە، ڕەنگە ئەفسانەی وەک هاوکێشەیەکی بابەتی (معادل موضوعي) لە بەرانبەر مەرگدا داهێنابێت. چونکە قارەمانانی ئەفسانەکان نەمرن. تەواوی ئەم ئەفسانانە نامەگەلێکیان لە ناوەڕۆکی خۆیاندا هەڵگرتووە، بەنیازن بیانگەیێننە گوێگر، یان خوێنەری ئەم سەردەمە.

بیرۆکەی ئەم ئەفسانانە، لەلایەن کەسانی وریا و بیرتیژەوە ڕۆنراون و داهێنراون. دەکرێت ئێمە ئەو کەسانە بە داهێنەرانی نوێ بەراورد بکەین. ئەوانەی کە بێتەل و فڕۆکەیان داهێنا. یان دەکرێ بەو سەرەڕۆیانەشیان (مغامر) بچوێنین کە لە دووی پەیبردن بە نهێنییەکانی بەرزایی ئاسمان و قووڵایی بنکی دەریا و ژیان لە جەمسەرەکانی زەوی و لووتکەی چیا بڵندەکان هەڵوەدا بوون.

ئەوەشی ئەمڕۆ بە ئەفسانە ناو دەبرێ و دەناسرێ و یەک لەباری خەڵکی

ئێستا، عەقڵیان نایبڕێت. یان پێیان وایە لە ڕاستییەوە دوورە و دەستچنی خەیاڵی مرۆڤی سەرەتایی شێوە منداڵە، لە ڕۆژگاری خۆیدا بە حەقیقەتیان زانیوە. بەڵکو ئەوان دەرهەق بەو زەمانە، لەوە ڕاستتر و چاکتریان گومان نەبردووە.

وەکوتر ئەفسانە، کۆمەڵێک وشەیە بە شێوەیەکی زیندوو ڕیز کراون، واتە بۆ خۆی ژانرێکی زیندووە. لەو سۆنگەیەوە زیندووە، کە تاکو ئەم ڕۆژگارەیش بڕی کردووە و نەفەوتاوە، یان نەمردووە. بە زمانی میللەتێک دەگێڕدرێتەوە، بە ملیۆنان کەس تاکو ئێستایش پێی دەدوێن. هەتا ئەم گەلەیش بژی و نەوە بخاتەوە، زمانەکەیشی هەر گەشە دەکات و نەوەکانی داهاتوویش دەبنە گوێدێر، یان خوێنەری، یانژی بینەری ئەم ئەفسانانە. چونکە دەشێت نەوەکانی داهاتوو، لە فۆرمی نوێی پێشکەوتووتردا ئەم ئەفسانانە ببینن، وەک کەڤاڵی شێوەکاری، یان لە وێنەی بزۆکدا وەک فیلمی کارتۆن و... هتد

*

هێنانەوەیادی حیکایەت، یەکسانە بە بەیادهێنانەوەی ژیان و مێژوو، ئەویش بە مەبەستی شارەزابوون بە ژیان و ژیار و ڕوانین و جیهانبینییان. هەرچی لە نەستیاندا خۆی مات دابێت و بنی نابێتەوە. یان گەردوونیان هەرچۆنێک بینیبێت. جا هێما و ئاماژەکان هەرچییەک بوون. چونکە حیکایەت لە دوجاردا هۆیەکە بۆ دەربڕینی مرۆڤ لە خود و لە ناخی خۆی، بە هەموو وردەکارییەکانییەوە، وەک ژیانی کۆمەڵایەتی و ژیار و باری دەروونی. هەموو ئەمانەش، بۆ سەردەمێکی کۆن دەگەڕێنەوە.

ئێمە لە ئێستایشدا، کاتێک حیکایەت دەیخوێنینەوە، یان لە فۆرمی فیلمێکدا دەیبینین، چێژی لێ وەردەگرین. چونکە بە ئاسانی و بەبێ هیچ ماندووبوونێک، پەی بەو ڕابوردووە دوورە دەبەین، دەچینەوە سەری و ساتەوەختێک تێیدا دەژین. هەر لێرەیشەوە دەبینە خاوەنی جۆرە ڕووناکبیرییەک، کە بەوساوە وابەستەیە. دۆخێکی دەروونی و جڤاکی وەهامان بۆ دێنێتە ئاراوە، کە ئاسان لەگەڵیدا دەگونجێین. دەچینە ناخی ئەو دەوران و

ڕۆژگارەوە. ژیانی ئەوسا، لەوپەڕی جووڵە و جۆش و خرۆشدا، کە بە تەنکە تەمێکی خەیاڵ و فەنتاسیای داپۆشراوە دەبینین. دیاردەیەکی سەیرە، تاکو ئێستاش مرۆڤ بۆ تێرکردنی لاپرەسەنی خۆی، پێویستیی بەخەیاڵ و فەنتاسیا هەیە و زۆریش بە تاسووقەوە لە دووی دەگەڕێ.

*

ئەفسانەکان حەز و ئارەزووی مرۆڤ بەدیار دەخەن، پەرۆشی ئەو بۆ پێشبینیی داهاتوو و پەردە لادان لە ڕووی شتگەل و دیاردە شاردراوەکان، گا بەسەر شاباڵی پەلەوەری ئەفسانەیی و ئەسپی باڵدارەوە، گا بەسەر کۆڵی دێوەوە؛ ڕووەو شوێنە دوورەدەست و پەی پێ نەبراوەکان، بۆ گەیشتن بە نەمری و ئاسوودەیی. لە پێناوی باشترکردن و یەکسانی و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان و گوزەرانی مرۆڤ، لە گەڕان و پشکنین و ملانێدایە. تەواوی ڕووداوەکانیش لە کەشوهەوای تەماویدا بەڕێوە دەچن. بێ دەستنیشانکردنی تەواوی کاتشوێن. «حیکایەتی میللی لەخۆ تێخزان و ڕۆچوونە نێو مێژوویەکی ئاشکرا و ڕوونی ڕووداوەکانی خۆی دەپارێزێت و لە ڕابردوویەکی ئەفسووناویدا دەسووڕێتەوە، بۆیە ناتوانرێ بەڕوونی مێژووی دیاری بکرێ.»(٢)

منداڵی کورد، بە تایبەتی منداڵی نەوەکانی ڕابوردوو، ئاشنایەتییان لە تەک حیکایەتدا بەهێز بووە. دایوباب بەش بە حاڵی خۆیان، ژمارەیەکی بەرچاو ئەفسانە و حیکایەتی کوردییان لەبەربووە. ئەوانیش پێشتر لە دایوبابی خۆیانیان بیستووە، کاتێک کۆرپەکانیان پێ خستووەتە خەو. هەروەک ئەم حیکایەتانە، لە دوا جاردا بوونەتە مایەی خەیاڵفراوانی و دەرس لە ئەزموونی ڕابردوو وەرگرتن. تاکو بۆ داهاتووش ببێتە پاڵنەر و هاندەرێک بۆ ئەو منداڵانە و بتوانن بە ئاسانی کێشەکانی پێشیان تەخت بکەن. نەپرینگێنەوە و ئازایانە بەرەو ڕوویان بوەستنەوە.

کەشوهەوای حیکایەت، وەک ئەوەی وزەیەکی ئەفسوووناوی تێدا بێت، زەینی منداڵی بۆ لای خۆی کێش کردووە. سەرسامبوونی منداڵ بە حیکایەتەوە، لەو

سـۆنگەیەوەیە، کـە ئـەو ڕووداوانە هەم سـەیر و سـەمـەرەن، هەمـیش باس لە ڕۆژانێکی دێرینی بەسـەرچوو دەکەن. بەو واتایەی ئێسـتا لەو جۆرە ڕووداوانە سـەر هەڵنادەنەوە و دانـسقـەن. لەبەرئـەوەی، کە گـەلێک جـاران لەسـەر زاری باڵندە و گیاندارانەوە دەگێڕدرێنەوە. منداڵانیش ئاشنا و متووی گیاندارانن. وێڕای ئەوەی، ئەوانـی منداڵ، بەدەر لەم جیـهـانەی، کە ئێـستـا تێـیدا دەژین، هێـشـتـا زانیـارییـەکی ئەوتـۆیان لە بـارەی ڕابوردووەوە کـۆ نەکـردووەتەوە. نەشـارەزا، یـان کـەم شـارەزای دەرێی ژینگە و هـەرێمـەکـەی خـۆیانن. حیکایەتەکانیش دێن دنیای کۆن بۆ منداڵان کەشف دەکەن. زانیارییان لەمەڕ سەردەمە بەسەرچووەکان دەخەنە بەردەست.

ئەوەندەی پێیـان بکرێت، پـەردە لە ڕووی نهـێنییـەکـانی گـەردوونی ناکـۆتا هەڵدەدەنەوە، کە دەشـێت چرایەکیش بێت بۆ کەمێک ڕۆشنکردنی گەردوون و ژیانی هەنووکەی ئەو نەوە نوێیە، کە هێشتا لە سەرەتای فێربوون و بە شوێندا چووندایە. وێڕای ئەوەیش، دەکـرێ بڵـێین: کـەشـوهـەوای نێـو ئەفـسـانە و حیکایەتەکان، تا ڕادەیەکیش لە ژیانـی خۆیانەوە نزیکە. ئەوە نییە منداڵ دار و بەرد دەدوێنێ و پێشی وایە لێی تێ دەگەن و لێیان تێ دەگات.

«یەک لە بـاری کـۆمـەڵگەی ئێـسـتـا، حـیکایەتی مـیللـی جیـهـانێکی شـێـوە سـەرەتایی هەیە. ئەم هـەڵکەوتەیش وای کـردووە منداڵان سـەراسیـمـە بکات. هۆش و زەینیان بۆ لای خۆی کێش بکا. داخۆ پێوەندییەکی گەوهەری لە نێوان ناوەڕۆکی حـیکایەتە سـەرسـوورهێنەکـان و مـەسـەلەی لەدایکبـوون، یاخـۆ سەرەتای ژیاندا هەبێ؟ وەڵامی هـەندێک لە توێژەرە ڕۆژئاواییەکان بە ئەرێیە. بەڵکو مـارت ڕوبارت، لـەمـەیش دوورتر چووە. ئەو وەها زەن دەکـات، گـوایە هەموو حیکایەتێک سەرەتای ژیان بگێڕێتەوە.»[٣]

*

هەتا بە پەنجایەکانی سەدەی بیستـەمیش دەگات، شەوانە لە قاوەخـانەکانی شـاری سلێمـانیدا حیکایەتخوان هەبوون، لە ڕێوڕەسمێکی میللیی تایبـەتدا حـیکایەتیـان بـۆ ئامـادەبووان دەخـوێندەوە، یان لـەبەر و ڕاسـتـەوخـۆ

دەیانگێڕایەوە. حیکایەتخوان لەسەر تەختێکی ڕوانگەی بەرز دادەنیشت، وەها، لە هەموو گۆشەیەکی چایخانەکەوە چاویان لێی بێ. شەوانە لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا گوێگران ئامادە دەبوون. ئەمجا دەستووری زنجیرە تەلەڤزیۆنییەکانی ئێستا. حیکایەتخوان لە شوێنێکی ناسکی وەهادا کۆتایی بە پاژی ئەو شەوە دەهێنا، گوێگر هەناسە سوار بکات.. وەها، کە ڕووداوەکان بەرەو تەنگژە و یەکلاییکردنەوە بچن و گوێگر بۆ شەوی داهاتوو بە هەڵەداوان، بۆ بیستنی گەوێکی تری نوێ، بە عەزرەتەوە ئامادەی گوێگرتن ببێتەوە.

حیکایەتخوان، بە پێی باری دەروونی کەسانی نێو حیکایەتەکە و بە پێی هەڵکشان و داکشانی ئاریشە و ڕووداو، تۆنی دەنگی دەگۆڕی. وەک ئەوەی ئەکتەر بێت و نمایش بکات، لەگەڵ دایەلۆگی نێوان قارەمانەکان و پێشڤەچوونی ڕووداودا هەڵدەسا و دادەنیشت و لە ڕێی زمانی جەستەوە، جۆرەها جووڵە و هێمای دەنواند. بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانی گێڕانەوە، کە گوزارشت بوو لە درامای حیکایەتەکە و واتاکانی؛ هەوڵی دەدا، ئەوەندەی بۆی بکرێ بەرجەستە حیکایەتەکە بگێڕێتەوە. وەک دەنگ هەڵبڕین و تووڕەبوون لە تافی شەڕ و بەرەنگاریدا. سۆز و نەرم و نیانی نواندنیش لە کاتی گفتوگۆی نێوان خۆشەویستاندا. هاوسۆزییەکی زۆریش لە تافی پێشهاتە دڵتەزێنەکاندا تێکەڵ بە گێڕانەوە دەبوو. بەڕادەیەکی ئەوتۆ، ناخی گوێگری دەهەژاند و کاری تێ دەکرد، بۆ نێو جەنگەی ڕووداوەکانی دەبرد و لە دنیای ڕاستینە دووری دەخستەوە.

ئەم شێوازی گێڕانەوەیە، بە پێی گۆڕانی بارودۆخەکان گوێگری هێناوەتە گریان و پێکەنین. کرژبوون و خاوبوونەوە و پێشاندانی سۆزبەندیی لە تەک قارەمانەکاندا. حیکایەتخوان لە کاتی تووڕەبووندا دەستی بۆ کەمەری بردووە وەک ئەوەی شمشێر بکێشێ. یان بە مست لە مێزەکەی پێشی داوە، تاکو لەسەر شێوەی کاریگەرییە دەنگییەکانی لەمەڕ هونەرەکانی شانۆ و سینەما، بە چاکی سەرنجی گوێگر بۆ لای کێشە و ملانێی ڕووداوەکانی نێو حیکایەتە کە ڕابکێشێت. گوێگرانیش بە جۆرێکی ئەوتۆ دەچوونە نێو ڕووداوەکانەوە،

وەک ئەوەی ئەوانیش بەشێکی یان لایەنێکی ئاریشەکە بن. گوێگران دەبوونە دوو دەستە. هەر دەستەیەک و دەیدایە پاڵ لایەنێکی کێشەکە. یان هەر دەستەیەک و دەبووە هەواداری ڕەمزێک لە ڕەمزەکانی کێشەکە. ئەم دیاردەی حیکایەت گێڕانەوەیە لە خۆیدا، زۆر بە جوانی گوزارشت لە ئاستی فەرهەنگیی (کولتووریی) سەردەمێکی ئەم کۆمەڵگەیەی ئێمە دەکات.

ئەگەرچی ئێستا حیکایەت قۆناغی گێڕانەوەی زارەکیی تێ پەڕاندووە بەرەو قۆناغێکی پێشکەوتووتر چووە، کە بریتییە لە نووسینەوە و وێنەکێشانیان، جا وێنەی سەر کاغەز بێت، یان وێنەی بزۆکی سینەما؛ کەچی جێی سەرنجە، لە جڤاکی خۆماندا ئێستایشی لەگەڵدا بێت، گوێگر و خوێنەری حیکایەتی میللی و گۆرانی و موزیکی میللی گەلێک زۆرترن تاکو خوێنەری چیرۆکی هونەری و گوێگری گۆرانی و موسیکی نوێ و بینەری شانۆ و ئۆپەرێت. قسە خۆشەکانی (ڕشتەی مرواری)، کە لە ڕاستیدا زۆربەیان حیکایەتی گاڵتەوگەپن (ساتیر)، هێشتا خوێنەرێکی بەربڵاویان هەیە.

هەقایەت شەوانە، ژن بۆ منداڵان و پیاو بۆ پیاوانی دەگێڕایەوە. وەک بەتەمەنەکان باسی لێوە دەکەن، ژنە جوولەکە هەبوونە دەستی باڵایان لە هونەری گێڕانەوەی حیکایەتدا هەبووە. گوێدێر ناوبەناو چایی و قاوەیان خواردووەتەوە. شەوچەرەی وەک مێوژ و گوێزیان بەدەمەوە خواردووە.

*

لە لای خۆمان، پێش گێڕانەوەی هەقایەت، بە تایبەتی هەقایەتە درێژەکان، وەک دەستپێک حیکایەتخوان پێشەکییەکی کورتی دەگوت، ئەوجا دەستی بەگێڕانەوە دەکرد. ئەم پێشەکییە، وەک دەستپێک، بۆ ئەوە بووە، تاکو ئەو خەڵکە بۆ گوێگرتن ئامادە بکات و زەینیان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. سەرنجی ئەم پێشەکییە بدەن چەند ئاوازدار و بەئاهەنگە. بۆ وەڵامی هەر پرسیارێک کە دەیوروژێنێت، پرسیارێکی تر قوت بووەتەوە و چون ئەڵقەکانی زنجیرێک بە یەکەوە پێوەندن. ڕستەکان بە شێوەیەک پێکەوە گرێدراون، ئەگەر ئێمە ڕستەیەکمان لێ دەرهێنا، بە تان و پۆی پەخشانە ئاهەنگدارەکەوە دیارە. ئەم

پێشەکییە خەڵکی ساز دەدات و لە رووی دەروونییەوە پەرۆشی گوێگرتنیان دەکات و جۆرێکیش لە گیانی کرانەوە و گاڵتە و جەفەنگ بە کەشوهەوای کۆڕەکە دەبەخشێ:

هەبوو نەبوو.. کەس لە خوا گەورەتر نەبوو. کەس لە بەندە رووڕەشتر نەبوو. کۆسە مرد کفنی نەبوو. هەڵیان گرت جێگەی نەبوو، دایان نا رێگەی نەبوو. خستیانە تاق، چاوی چوو بەزاق.. خستیانە بنمیچ، ددانی چوو بە ریچ.. خستیانە کەڵەک، کەڵەک رووخا.. وتیان: کەڵەک بۆ رووخایت؟ وتی: ئەی بۆ گیا لە بنم سەوز دەبێت؟ وتیان: گیا بۆ لە بنی سەوز دەبی؟ وتی: ئەی بۆچی بزن سەرقرتم دەکات؟ وتیان: بزن بۆ سەرقرتی دەکەیت؟ وتی: ئەی بۆچی گورگ چاوم لێ زەق دەکاتەوە؟ وتیان: گورگ بۆ چاوی لێ زەق دەکەیتەوە؟ وتی: ئەی بۆچی شوان حەلەلەم لێ دەکات؟ وتیان: شوان بۆچی حەلەلەی لێ دەکەیت؟ وتی: ئەی بۆچی داپیرە ناهێڵێ شیر بدۆشم؟ وتیان: داپیرە بۆ ناهێڵی شیر بدۆشێت؟ وتی: ئەی بۆچی مشک سەردۆڵم دەخوات؟ وتیان: مشک بۆ سەردۆڵی دەخۆیت؟ وتی: ئەی بۆچی پشیلە چاوم لێ زەق دەکاتەوە؟ وتیان: پشیلە بۆچی چاوی لێ زەق دەکەیتەوە؟ وتی:

گووەکەی ئەلە بەریشم
ئەگەر لێرە بنیشم؛
دەچمە شاری تاران،
جگەرەی قوت قوت دەکێشم..[٤]

هەندێ جارانیش، دوای ئەم پێشەکییە کورتەی لای خوارەوە، دەست بە گێرانەوە و حیکایەتخوانی کراوە:

هەبوو نەبوو.. کەس لە خوا گەورەتر نەبوو. کەس لە بەندەی خراپ رووڕەشتر نەبوو. پاشا مرد کفنی نەبوو. هەڵیان گرت جێگە نەبوو. دایان نا رێگە نەبوو. قەبریان بۆ هەڵکەند پاچ و بێڵ نەبوو.. وادی بە وادی، تەختی مورادی.. چەقەڵێک هاتووە لە چەمەوە. سەلکی گاکوڵی بەدەمەوە.. سوێندی

دەخوارد دەیگوت: نایدەمەوە..[٥]

لە رووی ڕستەسازییەوە زۆر لەوەی پێشوو نزیکە. بریتییە لە ڕستەگەلێکی کورت و سادە. لە پاڵ بڕێکی زۆر ناماقووڵی. بەسەرێکی تر، لەچاو پێشەکیی یەکەمدا، پێوەندی لە نێوان ڕستەکاندا کەمترە، یان هەر پێوەندییان بە یەکەوە نییە. دیارە زیاتر بۆ ئامادەکاری و جۆشدانی کۆڕی حیکایەت و سازدانی کەشێکی گەرموگوڕی جەفەنگ ئامێزە.. هەروەها لە کۆتاییی حیکایەتدا قوفڵی تایبەت هەبووە، وەک:

چەپکێ گـوڵ و چەپکێ نێـرگـز

مەرگتان نەبینم هەرگیزاو هەرگیز

یان: منیش هاتمەوە هیچیان نەدامێ.. یاخۆ: کەوشم دڕا، هیچم پێ نەبڕا.

لە گـێـڕانەوەی حـیکایەتدا، (هەبوو نـەبوو) یان، (یەکێ بوو، یەکێ نـەبوو)، ئەوە دەگەیەنێت حیکایەتەکە زۆر کۆنە و کەس مێژووی ڕوودانی نازانێت. جێی باسە حیکایەت لای گشت میللەتان هەر بە (هەبوو نەبوو) دەست پێ دەکات. لانیکەم ئێمە لە نزیکەوە ئاگەداری گێڕانەوەی لەمەڕ عارەب و فارسین، کە بە (کان یا ماکان فی قدیم الزمـان و یکی بود یکی نبـود) دەست پێ دەکەن.. و ئینگلیزەکانیش هەمان دەستوور (Once upon a time) لە دانیمارکیش ئاوا دەست پێ دەکات:Der var en gang واتە (جارێکیان)، کـە هەر هەمان واتای هەیە. هەرچی ڕستەی کۆتاییشە، کە حیکایەتی پێ قوفڵ کراوە: (مەرگتان نەبینم هەرگیزا و هەرگیز)، خەونە لە مێژینەکەی مرۆڤمان وەبیر دێنێتەوە، کە (نەمریی)یە و، (هەرگیز) نایەتە دی.

هێمن موکریانی، لە پێشەکیی کتێبی (تحفە مظفریە) دا، دەڵێت: هەموو ئاغایەک حەزی کردووە حیکایەتخوانی خۆی هەبێ، تاکو لە وەختی نوستندا حیکایەتی بۆ بکات، هەروەها دەڵێت: «لە شارەکانیش شەوانە خەڵک لە قاوەخانەی کۆدەبوونەوە و تا شەو درەنگ دەبوو، بەیتبێژ و حیکایەتخوان دەیخافڵاندن. قاوەچی ئەو هونەرمەندانەی بەکرێ دەگرت بۆ ئەوەی

قاوەخانەکەی ڕمێن پەیدا بکات.»[٦]

حیکایەتخوان زیاتر کەسانی کراوەی کۆمەڵایەتیی نێو کۆڕی دیوەخان و مەجلیس بوون. حەمە پاشای حیکایەتخوانی لەمەڕ خۆمان بە تەمەنی سەرو هەشتا ساڵییەوە خاوەنی زەینێکی ڕوون و بیرێکی تیژبوو. ئەو بە دەیان حیکایەتی لەبەربوو. لەم ڕووەوە د. ئەحمەد مرسی دەڵێت: «وەها باوە، حیکایەتخوانە هەرە چاکەکان لە نێوان بەتەمەنەکاندا هەڵدەکەون.»[٧]

(سۆکۆلۆف)یش حیکایەتخوانەکان بەم شێوەیە دەپۆلێنێت: «هەیانە خەون دەبینن و خەیاڵاوین. هەیانە گوێ بە ڕەوشت و ئاکار دەدەن. هەشیانە لە حیکایەتی جادوودا پسپۆڕن.»

حیکایەتخوان زۆر بە سادە و سانایی حیکایەت دەگێڕیتەوە. وەک ئەوەی ماوەیەکی کورت لەمەوبەر لە پێش چاویدا ڕووی دابێت. وەک ئەوەی یەک بە یەکی قارەمانەکانی بناسێت و شەڕە کەوچکی لەگەڵدا کردبن. ئەمەیش وای کردووە لە هونەری گێڕانەوەدا وەستابێت. ئەم سادەییە بۆ خۆی یەکێکە لە تایبەتییەکانی حیکایەت، بۆیە وا زوو، بە نێو خەڵکدا دەتەنێتەوە و ئەزبەر دەکرێت و دەگوێزرێتەوە. وەلێ بێ ئەوەی ئەم سادەیی و ساکارییە لە واتا و گەوهەری حیکایەتەکان کەم بکاتەوە.

ئێمە هەموو کات دەتوانین بە شێوازێکی سانا و ساکار، لە ڕێی تەریبدانی چەردەیەک وشەوە، دەم لە قووڵترین کێشە و ئاڵۆزترین پرسی ئەم گۆی زەوییەوە بدەین. سەبارەت بە هەڵوێستی حیکایەتخوان لەوەی کە دەیگێڕێتەوە، د. ئەحمەد مرسی دەڵێت: «ناکرێت حیکایەتخوان و بەیتبێژ سەبارەت بەوەی، کە دەیگێڕنەوە یان دەیچڕن بێلایەن بن. ئەوان هەموو کات دەچنە پاڵ هەڵوێستی پاڵەوانی هەژاری نێو حیکایەتەکە، کە لەگەڵ کەسێتییە بە دەستەڵات و شەڕانییەکەدا ملانێیەتی.»[٨]

سەردەمانێک، کە زمانی کوردیی لە پێش گەف و هەڕەشەی جدیی زمانە فەرمی و دەوڵەمەندەکاندا دەچرووسا و ئەگەری تواندنەوەیشی لە ئارادا بوو؛

حـیکایەت و بەیتـەکـان تـا ڕادەیەکی زۆر توانـیـویانە بـە پێـوە ڕای بگرن و لە ئەگـەری لەبەینچـوون بیپـارێزن. چونکە لەو سـەردەمـانەدا، کـە ئێـمـەی کـورد ئەدەبی نووسراومـان نەبووە، حیکایەت و بەیت، زۆرترین گوزارە و وشـە و پەند و ئیدیۆمیان لە خۆیاندا کۆکردبۆوە و پاراستبوو.

گرینگیی گوێگرتنیش لە حیکایەت و بەیتـەکان، بەو تاسوقی و پەرۆشییەوە، پێـویسـتـییـەکی جـڤـاکی و دەروونـی بووە. بۆ تێکشکـانەکـانی تاک قـەرەبووی دەروونی بووە. بۆ تێرکردنی ئارەزووی جـوانیـی لەکن مـرۆڤ، کـورتتـرین ڕێگە بووە. وێڕای پەردەلادان لە ڕووی نهێـنییـەکـانی گـەردوون و دەرس وەرگـرتن لە ئەزموونی نەوەکانی ڕابوردوو. پرۆسەکە وەک پەرۆشیی ئەم سەردەمەی مرۆڤ بووە، بۆ بینینی فیلمێکی نایاب، شانۆگەرییەک، ئۆپێرایەک، یان گـوێگرتن لە کۆنسێرتێک.

«بەڵام لاڤۆنتین لە سـەرەتای حیکایەتی یەکـەمی جزمی شـەشـەمدا، جـەخت لەسـەر ئەوە دەکـات، گوایە مـەبەست لە حـیکایەت کۆکردنەوەی هـەردوو لایەنی فێرکردن و چێژوەرگرتنە. پلۆتۆ، لە کۆمارەکەیدا شوێنێکی شـیاوی بە ئیسۆب داوە. وەسـێـتی کـردووە، منداڵان لەگـەڵ شـیـری دایکیـاندا، لە حـیکایەتـەکـانی هـەڵێنجن. چونکە گـەرەکە مرۆڤ لە سـەرهـەڵدانییەوە لەگـەڵ چاکە و حـیکمەتدا ڕابێت. ئەرسـتۆش گـوتوویەتی، ئیسـۆب بە گێڕانەوەی حیکایەتە نایابەکـانی، هـونەر و سیاسـەتی فێری دانیشتوانی دوورگـەی سامۆس کردووە.»[٩]

## تایبەتمەندییەکانی ئەم گەلەحیکایەتە

وەک هـەمـوو حـیـکـایەتەکـانی جـیـهـان، بە زۆریی کـۆتایی ئەم هـەقـایـەتانەیش شـاد و گـەشن. لە ئەنجـامـدا کـوڕی هـەقـایـەت دەبێـتـە خـاوەنی دەزگـیـرانی نازداری خـۆی. یان بە گەنجی زێڕ و زیوەوە دەگـەڕێتەوە زێدی خـۆی. بە زۆری کوڕە کەچەڵەی هـەژار گرەو لە میر و پاشایان دەباتەوە. چەند کۆسپ و لەمپەر بێنە ڕێی، کـۆڵ نادات. دوای هـەوڵی نەپسـاو، سـا یان بەهـۆی زیرەکی و توانـای خـۆیەوە، وەک مـێـردمنداڵە دزەکـەی هـەقـایـەتی (دزێکی زیرەک)، یـان بە هـۆی

هێزێکی ئەفسانەییی باڵادەستەوە، یانژی بە هۆی هاریکاری فریادڕەسێکەوە، وەک ئەحمەدی پاڵەوانی (سەد کووپەی زێڕ)، کە بە پشتیوانی (خواجە حەسەن)ی برادەری باوکی، بەسەر ئاستەنگەکەدا زاڵ دەبێت. «ئەم کۆتاییە گەشە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو ژیانە سەخت و ناهەموارەی گەلانی عێراق دەگەڕێتەوە. لەو ڕۆژگارەوە کە هۆلاکۆ بەغدای کاول کرد تا کۆتاییی جەنگی دووەم...»[١٠]. کۆتایی گەش و شاد، دروست وەک ئەو پەندەی، کە دەڵێت: «تینوو خەون بە ئاوەوە دەبینێت.»

ڕەنگە خاڵی هاوبەشی نێوان ئەم حیکایەتانە، ساکارییان بێت. ئەمەیش وەهای کردووە، خەڵکی بە ئاسانی تێیان بگەن. دیارە هەر کارێکیش مرۆڤ بە ئاسانی تێی بگات، زیاتر چێژی لێ وەردەگرێت. حیکایەتەکان ساکارن، بەڵام دەرس، پەند و واتایان لە کرۆکیاندا هەڵگرتووە.

قارەمان ئەگەر بە هۆی ونبوونەوە بێت، وەک (بووکی عەبابەیلێ) یان لە پەیجۆری کارێکدا لە ماڵ دەرچووبێت. لە ڕێگە ژمارەیەک کۆسپ و لەمپەری دێنە پێش. دوای گەشتێکی دوورو درێژی پڕ لە مەینەت و دەردیسەری و بە گژدا چوونەوە و نەبەزین، جارێکی تر بە سەرکەوتوویی دەگەڕێتەوە زێدی خۆی. لە (پیرۆز و پیاوکوژان)دا، پیرۆز، دوای گەشتێکی ترسناک پەردە لە ڕووی تاوانێکی دزێو هەڵدەماڵێت، ئەمجا دەگەڕێتەوە.. (ئەحمەد)ی پاڵەوانی (ماسییە ڕەنگاوڕەنگەکە)، هەتا لەلای بابێتی تاکێکی دەستەپاچەیە. ئەو کەسێتی و بایەخەی نییە. وەلێ کاتێک باوکی لە ماڵ دەری دەکات، لە گەشتێکی ئەفسانەییدا، سەری خۆی هەڵدەگرێت. بەهۆی فریادڕەسێکەوە بە ئەسپ و سامان و کچی پاشاوە بۆ مەفتەنی خۆی دەگەڕێتەوە.

پەیمان بردنەسەر، یەکێکە لە ڕەوشتەکانی قارەمانی حیکایەت بە گشتی. لە حیکایەتدا، بە هەموو جۆرەکانیەوە، پەیمان شکاندن ئاکارێکە دەگمەن ڕوو دەدات. ئەوەی گفتی دا، ئەگەر سەریشی لە پێناودا داناوە، دەبێ بیباتەسەر. تەنانەت (دێو)یش بە دێوی خۆی، کاتێ بووە دۆستی ئینسان و بەڵێنی کارێک، یان خزمەتێکی پێ دا، ئەوا دەیباتە سەر. وەک دێوەکەی حیکایەتی

(مەملەکەتی ماسی)، کاتێک ڕاوچییەکە لە ناخەوە بڕوای پێ دەکات.

هەندێ جاران قارەمانەکان بە ژمارە سێ کەسن. وەک چیرۆکەکانی سێ براو سێ دز. لە بوارە جیاکانی فۆلکلۆردا ژمارە سێ و چەندجارەی ژمارە سێ، زۆر دووبارە دەبنەوە. ئەگەر قارەمانەکان سێ برا بوون، ئەوا برای بچووک دەتوانێ تەلیسمەکان تێک بشکێنێت و گرەو بباتەوە. هەردەم منداڵی بچووک لەوانی تر بەنازترە. لە کوردەواریدا هەردەم پاشەبەرە بەناز بەخێو دەکرێ و خۆشەویستترە.

کورد لە مێژووی دوور و نزیکی خۆیدا کەمتر خاوەنی پاشا و قەراڵی خۆی بووە. پاشا و قەراڵی بیانییش هەموو کات کوردیان چەوساندۆتەوە و بە کەم سەیریان کردووە. ئەوەی سەردار بووە بە زۆری پلە و پایەی لە (میر) تێپەڕی نەکردووە. کەچی زۆرێک لە حیکایەتەکانی کورد لە دەوری پاشایان دەسووڕێنەوە. هەمووشیان دادپەروەرن، خاوەنی قەول و بڕێی خۆیانن. وەک لە حیکایەتەکانی ئەسپی پاشای ڕۆم، مەملەکەتی ماسی، شەودز و ڕۆژدزدا بەدیار دەکەوێ. ڕەنگە ئەمەیش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە: «بوونیان پێویستییەکی مێژووییە.. نوێنەری خواوەندبوونە، داڵدەبوونە و تاکەکان لە سایە و پەنایاندا خۆیان پاراستووە.»[11]

وەکیدی، کورد هەردەم خەونی بە پاشای دادپەروەرەوە بینیوە، تاکو لە سەرگەردانی و بێکەسی ڕزگاری بکات و بیپارێزێ. دەرکەوتنی کەسێتی (پاشا) لە فۆرمی حیکایەتدا، لە خۆیدا، خەونی لەمێژینەی تاکی کورد بووە بە باوکێکی دادپەروەرەوە، لە کاتێکدا ئەو پاشایانەی حوکمی گەلی کوردیان کردووە هەردەم باوەپیارەی دڵڕەقی بیانی بوون. حیکایەتیش بە گشتی خەونی مرۆڤی تەپەسەر و بێدەسەڵاتە بەو فیگەر و پێداویستییانەوە کە ئەو لێیان بێ بەشە و لە شوێنیان هەڵودایە. بۆیە دەبینی پاشاگەلی نێو ئەم حیکایەتانە دادپەروەرن، پشت بە خەڵکی هەژار دەبەستن، خاوەن بەزەیین، گیانی ئالیکاری و پشتەوانییان تێدایە. بە هانای لێقەوماو و بێدەرەتانەوە دەچن. کاتێ شەو دادێ، بەرگی گەدایی و دەروێشی دەپۆشن و لە ڕووی دڵسۆزیی

خۆیانەوە، لە ئەحواڵی ڕەشە خەڵکەکە دەپرسن.

ئەم خـەونە؛ واتە خـەونی سـەرهەڵدانی پاشـا و ڕابـەری دادپەروەر، لەلای (ئەحمـەدی خانی) بەڕوونی دیارە. دەنا کورد، کە میللەتێکی بێ پاشـایە، لە پای چی زۆرێک لە حیکایەتەکانی لە دەوری پاشایان دەخولێنەوە؟

بازرگانەکان لەم حیکایەتانەدا خاوەنی پلە و پایەی کۆمەڵایەتین. هاونشینی میر و پاشـایانن و سەرلەبەری خـەڵکی وڵات دەیانناسن. ئەوان زۆر بەئاسـانی دەتوانن سـامـان کۆ بکەنەوە. قـەتارەی کاروانیـان ئەمسـەری دیارە، ئەوسـەری نادیار. هـەروەک چۆن بەئاسـانی سـامـان کـۆدەکـەنـەوە، ئاوا بەئاسـانـیش لە بەردی دەدەن. ئەوان شـارەزای شـار بـە شـاری وڵاتانی دوورەدەسـتن. تەنانەت پیرێژنە جادووبازە سـەر ئاسنینەکانی ئەم شـارانەش دەناسن! بۆیە ڕێک وەک مەودای ڕەهای خـەیاڵ، هیچ سنوور و لەمپەرێکی جوگرافیایی لە ڕێی ئەواندا بوونی نییە. وەک بازرگانەکانی حیکایەتی (گرەو، بەهارو بەوزۆ).

لە زۆربەی هەقایەتەکاندا کوڕە پاڵەوان یان کچە پاڵەوان بەسەر دێو و درنج و تەواوی کـۆسـپـەکـانی ڕێیـدا زاڵ دەبێ. دەچێـتـە بنکی دەریا، کـەچی هەناسـەدانی نێـو ئاو کـێـشـەی بۆ دروست ناکـات. وەک پاشـاکـەی لەمـەڕ (مـەملەکەتی مـاسی)، ئەو بە سـواری قـاڵیچـەی فڕیووەوە ڕێگەی دوور کورت دەکاتەوە. کاتێکیش دوا کۆسپی ڕێی تەخت کرد، ئەوجا دەگاتە ئەو گرەوەی، کە لەگەڵیـدا کراوە؛ یان ئەو ئامـانجـەی، کە لە سـەرەتـاوە خـۆی بۆ ناوەتەوە و ڕەنگی بۆ ڕشـتـووە. ئیـتـر بـە شـاجـوانی ئاواتی شـاددەبێت. بەمـەیش ئامـانجـەکانی خـۆی دێنێت دی. یەک لەباری کچە پاڵەوانیش پێشـهـاتەکان هەمان دەستوور بەڕێوە دەچن.

وەک لە حیکایەتەکانی (سەید و بازرگان، سوار، نهێنی) دا دیارە، دڵئاوایی و بەخشندەیی یەکێکە لە سیفـەتەکانی قارەمـان. ئەمەیش بۆ ڕەوشی ژیانی لە مـێژینەی مـیللەتـەکـەمـان دەگـەڕێتـەوە. کورد سـەردەمێکی زۆر ڕەوەند بووە. دەوارنشین سـەرمـایەیان کـەڵەکـە نەکردووە و ئەوەندە بـە تەنگ پاشـەکـەوتەوە

نەبوون. بگرە ژیانی ڕەوەندایەتی و گەرمیان و کوێستان و کۆچ و کۆچبار لە خۆیدا بوار بە خرکردنەوەی کالا و (کەمالیات) نادات. ئەوان ئەوەندەیان لەگەڵ خۆیاندا هەڵگرتووە کە بۆ ژیانی ڕۆژانەیان پێویست بوویێت. یان ئەوەندەی، کە بەئاسانی بۆیان بگوێزرێتەوە. (دەوار)یش، وەک دەڵێن، دەرگەی نییە. بۆیە ئەوان دڵ و دەروونیان کراوە بووە. دڵئاوا و نانبدە بوون. شانازیشیان بە میوانی زۆرەوە کردووە. ئەوان ئەگەر دەوارنشینیش نەبووبن هەر بەو مێنتەلێتییە مامەڵەیان کردووە.

ئافرەت لەم حیکایەتانەدا ڕووبەرێکی بەرفراوانی بەرکەوتووە. ئەم دیاردەیەیش لە خۆیدا بەهەند گرتنی ڕۆڵی ژنان دەگەیەنێت.. کەچی تەواو بە پێچەوانەوە، لە چیرۆکە هونەرییەکانی ئەم ڕۆژگارەدا، ئافرەت ڕۆڵی بەرچاوی نییە. لەم حیکایەتانەدا ژن ڕۆڵی وەها گرینگ دەگێرن، پیاوان بەهێزی بازوویانەوە، بە فێڵ و فەرزین و ئەزموونیانەوە بۆیان دەستەبەر نابێت. لە (پیرۆز و پیاوکوژان)دا، زیرەکی و بوێری کیژۆڵەیەک بەرجەستە بووە. لە هەقایەتی (ئەو ڕۆژەی ماسی دەباری) دا، ژنەکە لە پیاوەکە زۆرزانتر و وریاترە.. لە (گرەو) دا، ژنی بازرگانەکە، بە زیادەوە تۆڵەی مێردەکەی دەسێنێت و سامانە لەدەستچووەکەی بۆ دەگێڕێتەوە. لە (بەهار و بەوزۆ) دا، ئەو تفەنگچی باشییەی کە وڵاتی کردووە بە ماستی مەییو، کچۆڵەیەکی نیقابپۆشە. دوای مەرگی باوکی پاشای، بە سەرکەوتوویی وڵاتێک بەڕێوە دەبات و لە کۆتایی هەقایەتەکەدا، لەوپەڕی توانا و سەرکەوتندا نیقابەکەی فڕێ دەدا و خۆی ئاشکرا دەکات.

لە پاڵ ئەم نموونە گەشانەدا، ئافرەتی ناعالیش هەن. وەک شاژنی لەمەڕ (مەملەکەتی ماسی)، کە بە هۆی ناپاکییەوە چەند گەلێکی گیرۆدە کردووە. بەڵام ئاکام بە سزای خۆی دەگات. لە حیکایەتدا بە گشتی، زۆردار هەر کەسێک بێت باجی ملهوڕی خۆی دەدات. ژنەکەی حیکایەتی (شەودز و ڕۆژدز)یش ئافرەتێکی (دووبنەکییە!) واتە لە یەک کاتدا ژنی دوو مێردانە! ئەمەیش دیاردەیەکی تەواو بە کۆمەڵگەی کوردەواری نامۆیە. چونکە

بەدرێژاییی مێـژوو، ئەوەی تاکو نهـۆ لەلامـان ڕوون بێت، ئەوەیە، کـە بە هۆی ئیسـلامـەتییـەوە فـرەژنی دیاردەیەکی ئاسـایی بووە. بەڵام دیـاردەی فرەمێـردی بەر لە ئیسـلامیش لە نێو کورداندا باوی نەبووە. (فاتە)ی قارەمـانی حیکایەتی (ئەژدیها)یش، نەفووراتێکە ماریش بە ماریی خۆیەوە لێی دەترسێ. بەڵام دەبێ ئەوەشـمـان لە یاد بێت، کە ئافرەت گەلێک جـاران ڕۆڵی کەسـی یەکەم دەبینن. واتە قـــارەمـــانی حـــیکـایەتـەکـانن کـــە دەکـــرێت لـەم ڕووەوە بە ئـەرێنی بۆ حیکایەتەکان و بۆ ڕۆڵی ئافرەتیش حساب بکرێت.

(ڕێحـانە)ی قارەمـانی هەقـایەتی (سـەد کووپـەی پڕ لە زێڕ)، بەرلەوەی ببێتـە خێزانی (ئەحـمـەد)، پاکیـزەیی لەدەست داوە. ئەو بەرلـەوەی شـوو بە ئەحـمـەد بکات، لەگەڵ (میـرزا مـەحـمـوود)دا دەسـتی تێکەڵ کـردووە. بەڵام (ئەحـمـەد)ی هـاوسـەری لە شـەوی زاوایەتیـدا، ئـەم خـەوشـەی بۆ داپـۆشـیـوە. ئەحـمـەد گوێڕایەڵی وەسـێتـەکەی بـابی خۆی نابێت، کاتێک پێی وتووە: (ئەگەر ڕێحـانە کچ نـەبوو پێـم بڵـێ!) ئەم چیـرۆکـە دەیـەوێ بڵـێ: ئـەو مـێـینـەیەی بە حـەرام پاکیـزەیی لە دەست بدات شیـاوی ئەوە نییـە خێزانـی پاکداوێن پێک بهێنێت. ئەنجـام دەبێ باجـەکـەی بدات و چارەنووسی خـێـزانی لەو جـۆرە هەر لەبەینچـوون و هەڵوەشـاندنەوەیە، بۆیـە ڕێحـانە بەدەسـتی کۆنـە دۆسـتی خـۆی لەبـەین دەچێت و ئـەنجـام ئەوانەی داوێنپـیـسن، نێـر بن یـان مێ، بە سـزای خۆیان دەگەن.

وەک زۆربەی حیکایەتەکانی ڕۆژهەڵات، لە حیکایەتی خـۆمـاڵیشدا، پیـرەژن ڕۆڵی نەرێیانە دەگێڕێت. پیرەژن هەردەم زمان بەدە، جادووگەرە، بە پارە پیلان دەگێڕێت و فـەرهـاد کوژە. دڵدار لە دڵبـەر دەکات. دەرمانی بێهۆشیی پێیە و کـاری چاکـەی لێ ناوەشـێـتـەوە. وەک پیـرەژنی حـیکایەتی (بـەهـار و بەوزۆ).. «ئەگەر ئافرەت پیـرەژنێکی ناشیـرین بوو، ئەوا ناشیـرینییـەکەی تەنیا لە دیوی دەرەوە نییە، بگرە لە ناخییەوە ڕەنگی داوەتەوە.»(١٢)

ئەوی ڕاستی بێت، لە هەموو حیکایەتە کۆنەکاندا پاڵەوانـەکان دیوی ناوەوە و دەرەوەیان وەک یەکە. قسـەی سـەرزار و بیرکـردنەوەی ناخیان یەکسانە. ئەم

دیاردەیەیش لە خۆیدا یەکێکە لە خاسیەتەکانی چیرۆکی فۆلکلۆر. ئەوان کاتێک گفت و پەیمان بە دەوروبەریان دەدەن، قسەی خۆیان دەبەنە سەر و پەیمانشکێنی ناکەن. ئەم دیاردەیە پەڕیوەتە نێو چیرۆکی هونەریشمانەوە.

ڕێککەوت، هەردەم لە تان و پۆی حیکایەتدا ئامادەیە. ڕێککەوت وەک دیاردەیەک پەرە بەڕووداو دەدات و دەیباتە پێش. گەلێ جاران ڕێککەوتی ڕووت فریای تەنگژەکان دەکەوێت و کێشەکان یەکلایی دەکاتەوە. ئەوەتا لە (بووکی عەبابەیلێ) دا، جحێڵەکەی عەبابەیلێ، لە دێی (مووان) و لەو دەروێشەیش، کە کچۆڵە ونبووەکەی گرتووەتە خۆی، خوازبێنی ژنی بۆ دەکەن. ئەم ڕێککەوتە هەر بۆ ئەوەیە، گرێی حیکایەتەکە بکرێتەوە. لە حیکایەتی (پیرۆز و پیاوکوژان) دا، (پیرۆز) بەڕێککەوت لەو شەوەدا گرەو دەکات کە دەزگیرانەکەی تێدا دەکوژرێت. ئەمەش هەر لەبەرئەوەیە پەردە لە ڕووی پیاوکوژان هەڵبماڵدرێ.

ئەگەرچی دەریا دەوری کوردستانی نەداوە، لەگەڵ ئەوەیشدا، لە چەند جێیەکدا، وەک حیکایەتی (مەملەکەتی ماسی) و (ماسییە ڕەنگاوڕەنگەکە) دەریا دووبارە دەبێتەوە. ئاو هێمایە بۆ ژیان. لەمێژە مرۆڤ بە دوای نەمریدا هەڵوەدایە. وەک ئەفسانە کۆنەکان باسی لێوە دەکەن گیای ژیان، ئەو گیایە ئەفسوونییەی، کە گوایە لە باریدا هەیە نەمریی بە مرۆڤ ببەخشێت، لە بنکی دەریادا جێگیرە. لە حیکایەتی (سێ دز) دا، باڵندەی (تووتی) وەک پێشاندانی ئەمەک بۆ پاشای کۆنە ساڵ، بە تەنیا بەرەو وڵاتی تووتییان دەفڕێت، تاکو تۆوی گیایەک لە تەک خۆیدا بهێنێت، کاتێک ڕواندیان و پاشا لە گوڵەکەی خوارد، ببێتەوە بە کوڕی چواردە ساڵ. دیارە ئەمەیش دەکاتە نوێکردنەوەی ژیان، کە خەونێکی لەمێژینەی مرۆڤە و تاکو نەهۆیش نەهاتووەتە دی. بگرە لێیشی نزیک نەبووەتەوە. وەکیدی دەشێت دووبارەبوونەوەی دەریا، خەوبینینی کورد بێت بە دەریاوە، تاکو ئەو گەمارۆ ئەزەلییەی تێی کەوتووە تێک بشکێنێ.

کردەی دزی، پانتاییەکی فراوانی لەم گەلە حیکایەتەدا بەرکەوتووە. دزی یەکێکە لە ئاکارە باوەکانی کۆمەڵگەی خێڵەکی. بەتایبەت کاتێک مەڕوماڵات

بەهەر هۆیەکەوە بووبێت قڕیان تێ دەکەوێت. لەلای ئەوان، دزیی بە چاوقایمی و ئازایەتی حسابی بۆ کراوە. کام دزەی بتوانێت هونەر بنوێنێت، ئەوەیان ئازاترە! کامەیان ترش و تالآنی زیاتر لە تەک خۆیدا بهێنێتەوە، کچان حەز لەوەیان دەکەن. پیاوی دز واتە پیاوی کردە و بەغیرەت. وێڕای گاوگۆتاڵ و مەڕومالآت بەخێوکردن، بۆ بژێوی (خێڵ)، دزی و ترش و تالآنی بەپلەی دووەم، سەرچاوەی ئابوورییە و پەنای بۆ دەبەن.

هەندێ جاران خودی پاشا دەکەوێتە تەک تۆڕی شەوکوت و دزان؛ یان بەرگرییان لێ دەکات! ئەوەتا لە هەقایەتی (سێ دز)دا، خودی (سولْتان مەحموود) لەگەڵ دزەکاندا هاوکارە. بگرە ئەو دزەکان لە وەزیرەکانی بە شەریفتر دەزانێت. بۆیە پشت بە دزەکان دەبەستێت، بەلآم هیچ متمانەی بە وەزیرەکانی خۆی نییە! لە (شەودز و ڕۆژدز)دا، ئەوەیان بە جەرگ و چاوقایمە، کە دزیی لە کۆشکی پاشا دەکات. بۆیە (خاتوون) قابیل بە خۆیەتی.

لە هەقایەتی (دزێکی زیرەک)دا، مێردمنداڵەکە هێندە لە کردەی دزیدا تەڕدەست و مەعلانە، بە شوێن یەکدا تەواوی ئەو بۆسانە تێک دەشکێنێت، کە بەردەوام بۆی دەنێنەوە. دوا جار دەتوانێت پاشایەکەی شانشینی دراوسێیان بخاتە داو و گالْتە بە عەقڵی ئەویش بکات. بۆیە لە پاڵ ئەو هەموو کەتنانەیشدا، کە داوێتی، هێشتا هەر پاشای ولآت دەیبوورێت. بەڵکو خودی پاشا بەم دزە مێردمنداڵە سەرسامە! دەکرێ بڵێین: لە کۆندا دزیی جەختکردن بووە لەسەر قارەمانێتی تاک.

زێدەڕۆیی، خاسیەتێکی زاڵی تری نێو کەشوهەوای حیکایەتەکانە. حیکایەتخوان، بۆ ڕاکێشانی سەرنجی گوێگر، پشت بە زیادەڕۆیی دەبەستێت. قارەمانەکانی (سەید و بازرگان)، نەک هەر نموونەیین. بگرە زیاد لە پێویست داوێنپاک و بەخشندە و بە ئەمەکن. قارەمانەکانی (میوانی بێ ئەدەب) لە ئازایەتیدا بێ هاوتان. ئەوان دووانن، کەچی بەگژ خێڵێکی تەیاردا دەچنەوە. بەڕادەیەک حەزرەت (د. خ) پێیان سەرسامە.

کە ناوی حەزرەتی محەمەد لێرەدا هاتە گۆڕێ، گەرەکە باسی ئەوەیش

بکەین، کە ئێمە لەمەڕ حیکایەت دەدوێین، نەک لەسەر مێژووی ئیسلام. لەمەڕ خەیاڵ و فانتاسیا دەدوێین نەک لەسەر واقیع. لەسەر ژانری فۆلکلۆر دەدوێین نەک لەسەر ئاینی ئیسلام. مێژوو ئەوەیە کە ڕووی داوە. کاری مێژوونووسانیشە تۆمار و شرۆڤەی بکەن. بەندە لێرەدا لەمەڕ حیکایەت دەدوێم، کە ژانرێکە دەستکاری خەیاڵە، بەتایبەت هەقایەتی (میوانی بێ ئەدەب). واتە لەسەر زەمینەی واقیع سەربوردەی لەو جۆرە نەبووە و ڕووی نەداوە. ئەگەر ڕووی دابێ ئەوا پێی ناوترێ حیکایەت و بە (فیکشن)، واتە بە خەیاڵ حساب ناکرێ. ئەوەندە هەیە، ڕەنگە داهێنەری حیکایەتی ناوبراو، کە ئەویش وەک ڕۆنەری تەواوی هەقایەتەکانی دنیا نادیارە، بەو نیازە حەزرەتی تێکەڵ بەم چیرۆکە دڵدارییە کردبێ تاکو پیرۆزییەکی پێ ببەخشێ، یان تاکو خەڵکی بە پەرۆشەوە گوێدێری بن. دەشێت بەو مەبەستەیش بووبێت تاکو گوێدێر پتر بڕوا بە گێڕانەوەکەی بکەن.

(عەول) لە فێڵبازی و بەدکاریدا بەشی کەسی نەهێشتووەتەوە و دێیەکی لە زەواق ناوە. بە هەموویان دەرۆستی نایەن و هەموو کات ئەو گرەویان لێ دەباتەوە. جووتە پاشاکەی لەمەڕ (ئەسپی پاشای ڕۆم)، هێندە دڵیان گەورەیە، هەر مەپرسە. جەرگیان دەسووتێت و دەربەست نین. نموونەی لێبووردەیی و تۆلەرانسن. (فاتە)ی ژنە قارەمانی هەقایەتی (ئەژدیها) ئەوەندە بەدکارە، ئەژدیهای کردووەتە کونەوە. واتە کەسێتییەکان ئەگەر باش بن، ئەوا نموونەیین و لێیان باشتر نییە. ئەگەر بەدکاریش بن، ئەوا لە خراپیدا ئەوپەڕی کەوتوون و وەک دەڵێن: بەشی کەسیان نەهێشتووەتەوە. «زێدەڕۆیی بەشێکە لە بابەت. بەڵکو لە وردەکاری گێڕانەوەدا بزوێنەری سەرەکییە.»(١٣)

جوانی و ناشیرینی، یان خێر و شەڕ، وەک دوو جەمسەری ناکۆک، هەموو کات لە ملانێی بەردەوامدان. لە هەقایەتی (زەردەخەنەی باوکێک)دا، کوڕ لە باوکی بێزارە. بۆ ئەشکەوتێکی دەبات تاکو لە کۆڵ خۆی بکاتەوە. وەلێ کاتێک باوک حیکایەتەکەی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە، ئیتر کوڕە ژیوان دەبێتەوە. ڕێ و ڕێ باوکی دێنێتەوە ماڵ و هەتا مردن خزمەتی دەکات.

جێی سەرنجە نێوەڕۆکی حیکایەتی (زەردەخەنەی باوکێک)، بە کەمێک دەستکارییەوە، لە زۆر وڵات و بەزۆر زمان و شێوە دووبارە بووەتەوە. بۆ خۆم بێجگە لەم هەقایەتە؛ تاکو نەهۆ سێ حیکایەتی سێ میللەتی ترم بە هەمان ناوەڕۆک خوێندووەتەوە. بەڵام ئەوەیان باسێکی ترە و دەچێتە خانەی ئەدەبی بەراوردەوە. لە (سوار)دا، مردنی ماینەکە، ڕووداوێکی تەواو ناهەموارە. وەلێ کاتێک خانەخوێ زیانەکە بۆ میوانی خۆی قەرەبوو دەکات، بە ئەرێنی و بەجوانی کۆتایی دێت و دەشکێتەوە.

لە (گرەو)دا، میرزا نادر، گومان لە (مینا خاتوون)ی ژنی پەیدا دەکات. خانەگومانییش لە خۆیدا ئاکارێکی دزێوە. سەرباری ئەوە، تەواوی سامانەکەیشی دەدۆڕێنێ. واتە لە هەمان کاتدا دەکەوێتە سەر ساجی عەلی و ناو و ناوبانگیشی دەزڕێ. بەڵام لە کۆتاییدا گومان دەڕەوێتەوە و سامانەکەیشی بە زیادەوە دەست دەکەوێتەوە. «زۆربەی حیکایەتەکان لە نێوان دوو شتدا دێن و دەچن. شتە ناشیرینەکان و شتە جوانەکان. ناشیرینی بە واقیعی پێش گۆڕانەوە بەستراوە، لە کاتێکدا جوانی بە واقیعی دوای گۆڕانکارییەوە وابەستەیە.»(١٤)

قارەمانانی حیکایەتەکانی کورد، یان زۆر چاکن، یان زۆر خراپ. لە ئەنجامی ملانێی نێوان ئەم دوو جەمسەرە ناکۆکەوە هێزی خێر سەرکەوتن بەدەست دێنێت. ڕەنگە ئەمەیش بۆ ئایینی زەردەشتی بگەڕێتەوە. هەرچی شەڕە دەدرێتە پاڵ ئەهریمەن و هەتا سەر لە بەدکاری دەگەڕێت و تەرکی نادات. هەرچی ئاکاری خێریشە، دەدرێتە پاڵ ئاهورەمەزدا، کە هەتا سەر بەچاکی و میهرەبانی دەمێنێتەوە. ئەهریمەن دوژمنی ئاهورەمەزدایە. کەواتە دوژمنی مرۆڤیشە و سەرەنجام ئەهریمەن ملانێکە دەدۆڕێنێ.

سەبارەت زێدەڕۆیی لە چاکەکاریدا، وەک بەخشندەیی، سەرڕاستی، ئازایەتی.. پێ دەچێت خودی دانەری حیکایەت خەونی پێوە ببینێت بەوەجترین و قۆزترین و دەوڵەمەندترین لاو بێت. دیارە ئەو کوڕە لاوەی ئەم تایبەتییانەی تێدا بوو، ئەوا گەرەکە دەزگیرانەکەیشی وەک مانگی چواردە

بدرەوشـێت. لە حـیکایەتی (سـەید و بازرگـان)دا، ئاوەها باسی جـوانی ئافـرەتێک کـراوە، (لەنجـەولار کـوژێ، ئاو هەنار مـژێ، نـە لە هەتاودا، نـە لە سێبەردا جوانی وەها نـەبووە و نابێ. لابکاتەوە پیاو دەکوژێ. ئـەگەر نەیکوژێ گـرفتـاری دەکا. گـرفتـاری نەکا دووچاری دەکا. دووچاری نەکا، وەک منی خـاکەسـاری لێ دەکات!) دەتوانین بڵێین قارەمـانەکان هەمان کەسێتییەکانی نێـو کـۆمـەڵگەی کـوردەوارین. حـیکایـەتیش وەک لکێکی زیندووی کـەلەپوور، گوزارشت لە کەسێتییەکانی گەلێک دەکات.

ڕەنگە تایبەتمەندیی مـێژوویـیمـان، کە بریتـییە لە ژێردەسـتـەییی بەردەوام، مـێژووی سـەرکوێرکـردن و داگـیرکـردن و ئەنفـال. مـێژوویەکـی تاریک و پڕ لە شکست؛ مێژوویەک، ڕووناکبیـری ئەمڕۆ لە ڕووی نەیەت ڕابوردوو بە ئێسـتاوە گـرێ بدات. ئەمـەیان لە ڕووی مـێژووەوە. بەڵام وەک سـامـانی فـۆلکلۆر، لە نوێ هێنانەوە گـۆڕی بەرهـەمـی زارەکی و پۆلێنکـردنی، نیـشـانەیە بـۆ بەتەنـگەوە هاتنی هزری داهێنەرانەی میللەتێک.

حـیکایـەت وەک لکێکـی فـۆلکلۆر گـوزارشـت لە ڕوحـی زیندووی مـیللەتێک دەکـات. ڕەنگە ئێـمـەی کـوردی بە زۆر لە مـێـژوو دەرکـراو کە ڕابـوردوویەکی هیندە گـەشـمـان نەبێ شـیـاوی شـانازی بـووبێت. ناچـار ئێـسـتـامـان بەو تروسـکاییـیـەی ڕابوردووەوە ببـەسـتـینـەوە. بادەینـەوە سـەر کـەلـەپووری دەماودەمـی خـۆمان کە حیکایەت بەشێکی گرینگێتی. هەقـایەتی کوردەوارییش هیـچی لە هی گەلە زیندووەکانی دنیا کەمتر نییە.

لە ئێستـادا، هۆی بەکەم سـەیرکردنـی فۆلکلۆر بۆ داگیرکـەران دەگەڕێتـەوە. ئەوان زمانەکەمـانیان بەکەم و نزم سـەیر کردووە، ئەزمـوون و پەند و حیکایەتی ئێمـەیان بەکـەم زانیـوە. ئێمەشـیـان تووشی کـەمسـەریی کـردووە. ئەوان وایان خواستووە ئێمە بێز لە خۆمان بکەینەوە. بێز لە زمان و ئەدەبمان، بە نووسـراو و زارەکییـەوە بکەینەوە. تاکو بە زمـانی داگیـرکـەر بپـەیڤین. کـەچی لە هـەمـوو دنیـادا، کـاتێک ڕێنیـسـانس و ڕاپەڕین سـەرهـەڵدەدەن. بنەمـا مـیللیـیـەکـان دەهێننەوە گۆڕ و لاف بە پێشـینـە گەشـەکانی خـۆیانـەوە لێ دەدەن. دەیانکەنە

چەپکەگـوڵ و سـەرچاوە بۆ کـاری چاکـتـر. لە نوێ، کـاری مـەزنـتـریـان لێ دەرسکێن. سـۆکـۆلۆف دەڵێ: «فـۆلکلۆر دەنگدانـەوەی ڕابوردووە. لە هـەمـان کـاتدا دەنگێکی بەنرکـەی ئێـسـتـایشـە. ئـەگـەر وەک بـۆچوونی ئایدیالیـسـتـە ڕۆمـانسـیـیـەکـان کـە سـەردەمێک باویان بوو، حسـابی بۆ بـکەین، ئەوا دەڵێین: ڕابوردوویەکی زیندووە.»(١٥)

بۆ ئەوەی حیکایەتێک بگێڕینەوە، پێویستـیمان بە هەزاران وشـە و سـەدان ڕستـە دەبێت. واتە هـەقـایەت پانتـاییـیـەکی زۆر لە زمـان داگیـر دەکـات. ئێمـە ئەگـەر بێـتـو تـەنیـا حـیکایەتەکـانمـان لەسـەر کـاغـەز تۆمـار بکەین دەتوانین زمـانەکـەمـانی پێ لە ئەگەری فـەوتاندن بپارێزین. خـۆ ئەگـەر هـاتوو هەقـایەتی تەواوی شێوەزارەکانی زمـانی کوردیمان تۆمـار کـرد، ئـەو حـەلە دەوڵەمـەندیی زمـانەکـەی خـۆمـان بۆ دەردەکـەوێت. لـەم بارەیەوە پـۆشکین دەڵێ: «زمـانی هەقـایەت جـیـهـانێکە بۆ خـۆی. لێـرەوە دەتوانین بڵـێین، بـەرفـراوانی زمـانی ڕووسی، زیاتر لە حیکایەتدا بەدیار دەکەوێت.»(١٦)

میرزا جـەواد و ڕەحمان بەکر، دوو بەیتـبێژی موکریان بوون. ئەوان خاوەنی زەینێکی ڕوون بـوون. ئـەوان توانیــــویانـە پڕ بە دوو بـەرگ، واتە بـە ســــەدان لاپەڕەی کتێب، چیرۆک، بەیت و وردە مەقامی کوردی ئەزبەر بکەن و لە فەوتان ڕزگـاریان بکـەن. دواتر (ئۆسکارمـان) هـاتووە لە زاری ئەمـانـەوە، لە کـتـێـبی (تحفة مظفرية)دا تۆماری کردوون.

کۆبوونەوەی خەڵک بە پەرۆشەوە، لە دەوری خودی حیکایەتخوان و گوێگرتن لە ڕووداوەکانی ئەم حیکایەتانە. وەک کـۆڕی چیرۆک خوێندنەوەی ئەم ڕۆژگارە بووە. حـیکایەتخـوان ڕۆڵی ڕۆشـنبـیـری گـێـڕاوە و ئەو جـەمـسـەرە بووە کـە توانیوێتی خەڵکی هەم لە خۆی کۆ بکاتەوە و هەم لەیەکیان نزیک بخاتەوە.

بە سـەرێکی تر، پێ دەچێت لەو سـەروبەندانەدا گوێگرتن لە حـیکایەت وەک پێویستییەکی دەروونی بوویێت. چونکە ئێمە لە قۆناغی منداڵیمانەوە، گوێگری حیکایەتـەکانی داپیرە بووین. کاتێکیش گەورە بووین، دیمان کتـێبـە پیرۆزە

ئاسمانییەکانیش پڕن لە سەرگورشتە. جگە لەوەیش، ئێمە چێژێکی زۆر لەوە دەبینین، بزانین داخۆ ژیانی ئادەمـزاد لە مێژووی کۆندا، لە شوێنە دوورەدەستەکان، ئەو شوێنانەی، کە ئێمە بە ئاسانی نایانگەینێ، چلۆن بووە. خەڵکی سادە ئارەزوو دەکەن بزانن داخۆ بازرگانباشی و وەزیر و پاشایان چلۆن بۆ دنیایان ڕوانیوە و چلۆن ژیانیان لە کۆشک و سەرای خۆیاندا لەبەرچووە؟

لە ئەنجامی گوێگرتنی زۆرەوە، گوێگر دەبێتە خاوەنی جۆرە ڕۆشنبیرییەک، لەمەڕ توێژە جیاوازەکانی جڤاکی کۆن. بۆ کاتی بێکارییش، حیکایەت بۆشایییەک لە ژیانی تاک پڕ دەکاتەوە. ئێمە دەبێ ئەوەمان لە یاد بێت، کە مرۆڤی ئێستا دەتوانێ هەم بەشێوەی زارەکی و هەمیش لە ڕێی نووسین و وێنەی وەستاو و وێنەی بزۆکەوە گوزارشت بکات. واتە بۆ گوزارشتکردن مرۆڤ چوار کەناڵی مفتی لە بەردەستدایە و بە هۆیانەوە دەتوانێت زانیاری و ڕۆشنبیری لە بوارە جیاوازەکاندا کۆ بکاتەوە. وەلێ لە سەردەمی کۆندا وێنەی فۆتۆگراف و وێنەی بزۆک لە ئارادا نەبوون و تەنیا دەستەبژێریش توانای نووسین و خوێندنەوەیان هەبووە، بۆیە گوزارشت لە خود و هەم فێربوون و زانیاری کۆکردنەوەیش لە ڕێگەی یەکەمیانەوە بووە، واتە دەماودەم و زارەکی بووە.

بۆیە ئەو دەمە، ئەدەبی زارەکی جێی هەرسێ جۆرە گوزارشتەکەی تری گرتبووەوە، کە بریتی بوون لە نووسین و وێنەی بزۆک و وێنەی وەستاو. وێڕای بەرفراوانی مەودای خەیاڵ، پێویستیی مرۆڤی کۆن بۆ گوێگرتن لە حیکایەت، وەک پێویستیی مرۆڤی سەردەم وەهابووە بۆ بینینی شانۆگەریی و فیلم، ئۆپێرا لە ڕێی تەختی شانۆ و پەردەی سینەما و پەردەی تەلەڤزیۆن و سینەماوە.

بۆ تێربوون لەو شتانەی کە مرۆڤ، بە تایبەت تاکی هەرزەکار ناتوانێ بەئاسانی بیانگاتێ؛ هەقایەت وەک دووکەڵکێش وەهایە. هەرزەکارێک کاتێک گوێ لە حیکایەتێک دەگرێت، ئیتر ئەو بە خەیاڵ دەبێتە کوڕە قۆز و ئازاکەی

قارەمانی حیکایەتەکە و خۆی بە شایانی کچە قارەمانی نێو حیکایەتەکە دەزانێت، کە بەش بەحاڵی خۆی پاکترین و جوانترین نموونەی ئافرەتە. «ئەرکی حیکایەت، حەوانەوەی ڕەوان و دەروونە. جێگیرکردنی بنەمای ڕۆشنبیری و بیروڕایە. فێرکردن و پەروەردەی کۆمەڵایەتییە. بەم پێیە، من ئەرکی حیکایەتم لە کۆمەڵگەی خۆماندا کردووە بە سێ بەشەوە: «دەروونی، بیروڕا، کۆمەڵایەتی.»(١٧)

پەند، پوختەی ئەزموونی گەلانە و لە چەند وشەیەکدا کۆکراوەتەوە. گوزارە لە ناخی ڕەوان و دەروونیان دەکات. نڤیشکی بیرکردنەوەی مرۆڤە و ئاستی هوشیاریی ئەو گەلە بەدیار دەخات. بە واتا ئاخنراوە، یان کورت و پڕ مانایە. هاوکات چڕکردنەوەی زمانیشە. گەنجینەیەکە بۆ حیکمەت و فەلسەفەی ئەو گەلە. سروشت و ئاکاری نموونەیی بە لای ئەوانەوە، لە دیوی دەرەوە. هەڵچوونیان، مەبەست و بیرکردنەوەیان لە دیوی ناوەوەی مرۆڤ بەدیار دەخات. پەند بەسەر ئاکار و ڕوانینی کۆمەڵایەتیی تاکەکانەوە شاهیدە. بگرە چڕکردنەوەی هەموو ئەو ئەلەمێنتانەی لای سەرەوەیە، لە ڕستەیەکی تۆکمەی ئاوازدار و پڕمانادا، بە زمانێکی ڕەوان. ئەگەر لە جێی خۆیدا هێناتەوە یاد، ئەوا تۆ دەتوانی بەرامبەرەکەتی پێ قایل بکەی. جوانترین پەندیش بەلای خەڵکەوە، ئەو گوتەیەیە، کە حیکایەتێکی لە پشتەوە بێ. چونکە بەتەنیا وتەیەکی ڕووت نییە، بگرە لەسەر شانۆی ژیان، بە کردەوە جەڕبێنراوە و سەلمێنراوە. وەک حیکایەت و پەندی (دەردەدار بە حاڵی دەردەدار دەزانێ).

حیکایەتەکە، پەندەکە دەوڵەمەندتر دەکات. دەبێتە شایەتحاڵێک، ڕاست و دروستیی پەندەکە دەسەلمێنێ. چونکە مانای وایە ئەو پەندە بە کردەوە تاقی کراوەتەوە و پشتی بەڕیاڵ بەستووە. بۆیە چێژ و هێزی پترە. لە دۆخی وەهادا حیکایەتەکە بۆی هەیە پەندەکە لە مۆرکی فێرکردن و ئامۆژگاریی وشک و لافی مامۆستایەتی بەسەر ئەم و ئەوەوە لێدان و دەرس دادان دەرباز بکات. حیکایەت و پەند، یەک دەبنە پاڵپشتی ئەوی تر و هەردوو لایشیان لە فەوتان ڕزگاریان دەبێ. (دەردەدار بە حاڵی دەردەدار دەزانێ)، لەو پەندانەیە، کە

حیکایەتیان لە پشتەوە هەیە. بەسەرهاتێک دەگێڕێتەوە، لەسەر زەویی واقیع ڕووی داوە. واتە لە خەیاڵ و ئەفسانەوە دوورە.

(کیسەڵ و ڕێوی)، (فەیبڵ)ە، واتە چیرۆکی گیاندارانە. هەر خۆشیان بە جووتە پاڵەوانی ڕازەکەن. ڕاستە چیرۆکەکە لەسەر زاری گیاندارانەوە گێڕدراوەتەوە، بەڵام مەبەست پێی مرۆڤە و دەرسی مرۆڤ دادەن. لە هەقایەتی (بەهار و بەوزۆ)شـدا، (باز) و لە (سێ دز)دا، (تووتی)، شـان بەشـانی قارەمانانی تری نێو چیرۆکەکان، ڕۆڵی خۆیان یاری دەکەن. حیکایەتی گیانداران بەئاماژە و بەتوێکڵن. واتا و حیکمەتیان لە خۆیاندا هەڵگرتووە، ئەوەندە هەیە لەسەر زاری گیاندارانەوە ئاشکرا دەکرێن. پەند و ئەزموونیان تێدایە. دیارە هەمووشیان داڕێژراوی بیری مرۆڤی دنیادیدە و وریان.

هەر مرۆڤ خۆیەتی، کە ئاکاری فێڵبازیی داوەتە پاڵ ڕێوی و نازناو، یان پلە و پایەی (پاشای گیانداران)ی بە شێر بەخشیوە و ماری کردووە بە هێمای نەمریی و قەلەڕەشی (قالاو) بەهێمای شەڕ و کوندەبووی (پەپوو) بۆ کاولە و وێرانە، یانژی حیکمەت و کۆتری بە هێمای ئاشتی داناوە. کۆنترین حیکایەتێک کە گیاندار قارەمانی بووبێت، بۆ سەردەمی سۆمەرییەکان دەگەڕێتەوە. واتە بەرهەمی گەلانی دۆڵی میزۆپۆتامیا بووە، کە خودی کوردستان بەشێکی هەرە زیندووی ئەو هەرێمە پێک دێنێت. واتە نیشتمانی ئێمە لانکەی حیکایەتی گیاندارانە و زۆرێک لە حیکایەتیش لەسەر تاتە قوڕینەکان دۆزراونەتەوە.

د. داود سلوم دەڵێ: «ئەدەبی حیکایەتی گیانداران بۆ یەکەم جار لەلای مرۆڤی شارستانی و لە دۆڵی میزۆپۆتامیادا بەدیار کەوت.» دواتر ناوبراو دەڵێ: «دەتوانین تایبەتییەکانی حیکایەتی گیانداران بەوە جیا بکەینەوە، هەندێکیان هیچ نامەیەکی کۆمەڵایەتی، یان فێرکارییان لە خۆیاندا هەڵنەگرتووە. بگرە بۆ مەبەستی خۆشی و کات بەسەربردنی ڕووت هەڵبەستراون. ڕەنگە زیاتر لەو حیکایەتانە بچن کە بۆ ڕەشە خەڵکەکە و بۆ جووتیاران بشێن.»[١٨]

ناوبراو لەو بڕوایەدایە، کە بۆ یەکەم جار بابلی و سۆمەرییەکان حیکایەتی گیاندارانیان داهێنابێت. پاشان لای ئەوانەوە بۆ یۆنانی کۆن پەڕیبێتەوە و گەیشتبێتە دەم (ئیسۆب) لە دوورگەی (سامۆس). هەر بۆ ڕاست و دروستی رایەکەی نووسەری ناوبراو، بەرلەوەی هیچکام لە حیکایەتەکانی ئیزۆب بە کوردی بکرێن، بەندە لەسەر زاری پیرەمێردی نەخوێندەواری کوردەوە، ژمارەیەک لە حیکایەتەکانی ئیسۆبم بیستووە.

لاڤۆنتین، لە پێشەکیی کتێبەکەیدا دەڵێ: «حیکایەتی گیانداران، ئەوانەی حیکمەتیان تێدایە، خەڵک بە سروشی (وحی) خواوەندانەیان زانیوە و زۆربەیشیان داوەتە پاڵ سوکرات.»(١٩)

وەک چۆن لە ئەنجامی ملانێدا، کورە کەچەڵە گرەو لە پاشا دەباتەوە. لە هەقایەتی (کیسەڵ و ڕێوی)یشدا، کیسەڵ پێشبڕکێ لە ڕێوی دەباتەوە. ڕێوی گیاندارێکی فێڵزان و وریایە. زوو هەست بە مەترسی دەکات. هەندێ جاران دەتوانێ خۆی لە تەڵە و دەهۆ بپارێزێت. یان وەک دەڵێن: (تەڵەتەقێنە). ئەفسانە کوردییەکەیش دەڵێت: ئەگەر کەسێک بۆ گەشتوگوزار بچێت و لە ڕێگە ڕێوی بە پیرییەوە هات؛ ئەوا تووشی خێر دێت، کەچی ئەگەر کەروێشک بە پیرییەوە هات ئەوا با چاوەڕوانی خێر نەکات. واتە (ڕێوی هاتووە بە پیرییەوە.) لە خۆیدا ئیدیۆمێکە بۆ ئەو کەسانە بەکار دەبرێت، کە خێر و بێر روویان تێ دەکات.

د. سامی سەعید ئەسعەد نووسیویێتی: «لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ڕێوی هێمای شەیتان بووە.» سەبارەت بە گیانداران دەڵێ: «لە کۆندا زۆر نەتەوە هەبوون گیانداریان پەرستووە. خۆشیان نەیانزانیوە لە پای چی. میسرییە کۆنەکان ماسیی جۆری حنکلیس (جری) یان بە پیرۆز زانیوە. خواردنیان لە خەڵک حەرام کردووە. تەنیا خواوەندەکان بۆیان هەبووە بیخۆن.»(٢٠)

تیرە و گەلە سەرەتاییەکان، بەر لە سەرهەڵدانی ئاینە ئاسمانییەکان بڕوایان وابووە؛ کاتێک مرۆڤ دەمرێ، بۆی هەیە ڕوحیانەتەکەی بچێتە پۆستی

درەخت و گیاندارەوە، یان بچێتە پۆستی هەر بوونەوەرێکی تری سەر ئەم زەوییەوە. ئەوانیش بۆیان هەیە وەک مرۆڤ بیر بکەنەوە و هەڵسوکەوت بکەن. بۆیە ئاساییە ئەگەر پرسیاری ڕاستیی شتەکان، ڕاستیی ڕووداوەکان لە جاجم و چرا بکرێت؛ وەک لە هەقایەتی (ماسییە ڕەنگاوڕەنگەکە)دا هاتووە.

کاتێک لە غاردانا کیسەڵ گرەو لە ڕێوی دەباتەوە، کەواتە لە بوارەکانی تریشدا هەر کیسەڵ گرەوی لێ دەباتەوە. بەو بوارانەیشەوە، کە توانای زەینی و جەستەیان پێویستە. بردنەوەی گرەویش بە قەبارە و هێزی گیاندارەکانەوە وابەستە نییە. بگرە (کەس و گیاندارە بێهێزەکان لە هەمبەر زەبەلاحەکاندا، لە بری هێز، فێڵ و زیرەکییان هەیە.)

زۆر جاران کوڕە جووتیارێک بە زەبری وریایی خۆی، کارێکی وەهای لەدەست دێت، پاشای وڵات ناچار دەبێت بیکاتە زاوای خۆی. ئەو دێت، کردەوەیەک یان زنجیرەیەک کردەوەی ئەوتۆ دەنوێنێت، توانا و زیرەکی خۆی پێ دەسەلمێنێ. خەڵکەکەیش قایل دەبن بە پاشای خۆیان قەبووڵی بکەن. لێرەدا حیکایەت دەیەوێ پێمان بڵێت، کوڕە جووتیاریش لەباریدا هەیە فەرمانڕەوا بێت. مەرج نییە فەرمانڕەوایی بۆماوە و پشتاوپشت بێت. پاشاکانیش ئەوە نین، حیکایەتی (بەهار و بەوزۆ) دەیەوێ بڵێت: مێینەیش بۆی هەیە وەک نێرینە ببێتە پاشای وڵات. یان دەیەوێ بڵێت: خەڵکانی ئاساییش شیاوی کۆشکی شاهانەن. وەک کوڕی ماسیگرەکەی هەقایەتی (ماسییە ڕەنگاوڕەنگەکە) کە ئەنجام دەبێتە زاوای پاشا.

لە حیکایەتی (سەید و بازرگان)دا، بازرگان موویەک لە یاڵی ئەسپەکەی هەڵدەکڕووزێنێ. ئیتر دوای تاوێک ئەسپی تاین بە چوارناڵە پەیدا دەبێت. «ئەم دیاردەیە بۆ ئاینی کۆنی سەرەتایی دەگەڕێتەوە و پشت بەو خورافەیە دەبەستێت، کە دەڵێت، (پاژ) هێز و توانای (گشت)ی لە خۆیدا هەڵگرتووە.»[٢١] ئەم بڕوایەیش لەگەڵ ڕۆژگاردا هاتووە. واتە کاتێ تۆ مووی ئەسپەکەت هەڵکڕووزاند، وەک ئەوەیە ئاگرت لە خودی ئەسپەکە بەردابێت. بۆیە ئەسپی تاین بە چوار ناڵە دەگاتە شوێنی موو هەڵکڕووزاندنەکە.

خـەڵکی، کـاتێک چاوی گـورگ، یانژی نینۆکی پڵنگ لە باخـەڵی خـۆیاندا هەڵدەگرن، بەو نیازە ئەم سرووتە پیادە دەکەن تاکو لە کاتی تەنگانەدا سامی گـورگ و هێـزی پڵنگیـان هەبێت و ناحـەز سـڵـیـان لێ بکاتەوە. هەڵۆیەکـەی حیکایەتی (بەهار و بەوزۆ) کە وەک مۆتیڤێک زۆر جاران دووبارە بووەتەوە، بۆ دەرس وەرگـرتنە. هـەڵۆ ڕەمـزە بۆ نەفـسـبـەرزی. هەڵۆ گـۆشـتی گـیـاندارێک دەخـوات خـۆی ڕاوی کـردبێ. بـەرزەفـڕە. دەتوانێ لە ئاسـمـاندا لە سـەرپشت بجـەنگێت. بەهێـز و خـێـرا و چاوتیـژە. هەڵۆ بەرزەفـڕە و چاوانی تولسکۆپی هەڵکەوتـوون. دەتوانێ نێـچـیـرێک دەیان جـار گـەورە بکات. لە لووتکەی چیـادا هێـلانە چێ دەکـات. چونکە لەوێـوە چاوی لە کـەروێشکێکە، کـاتێ لە بنـاری چیـادا مـژووڵی گیـاخـواردنە. ئیـتـر چ پێـویسـت دەکـات هەڵۆ لە بنـاری چیـادا هێـلانە هەڵبەسـتێ؟ وێڕای ئەوەیش لە لووتکەوە چاوی لە هەردوو دیوی چیـایە. دەڵێن: بۆ یەدەک و هـەم بۆ شـوێنەگومکێ هەڵۆ دوو هێلانە هەڵدەبەستێ.

دەڵێن: هـەڵۆیەکیـان برسـی کـردووە، ئەمـجـا تا مـردن دارکـارییـان کـردووە، بەڵام ئەو تاگیانی دەرچـووە سـەری نەوی نەکـردووە. مار چـەندە سامناکە، ئەو ڕاوی دەکـات و دەرخــواردی بێــچــووەکــانی خــۆی دەدات. کـاتێک هـەڵۆ بە ئاسـمـانەوە بێ، هەمـوو باڵندەکانی تر بەزەوییـەوە خۆیان مت دەکەن و ورتە لە خۆیان دەبڕن. ئـەگەر لە تافی خوێندنیشدا بن، هـەرکە هـەڵۆیان بە ئاسـمـانەوە بینی، دەمودەس کڕ دەبن.

«هـەڵۆ دروشـمـی خـوای زیوس و ئەنـدرای هینـدۆسـیـیە. لەسـەر ئاڵای شـاری هـەترا (حـضـر) دەرکـەوتووە. لەسـەر ئاڵاکـانی (ڕۆمـا)یش وێنەی کێشـراوە. ئەو بوو، کـە پۆشـاکی خـواژنە (ئەفرۆدێت)ی دزی. هـەڵۆی دووسـەر ڕەمـزی هـێـزە لەکن هیندۆس و ئەژدیهاکان تێک دەشکێنێت. لە سـەردەمی سـۆمەرییـەکاندا، هێمـای شاری (لەگش) بووە. بەلای هندییـە سوورەکانی ئەمـەریکای باکورەوە، ئەو گـڵـەی هـەڵۆ چینەی تێـدا بکات، بۆ (تا) دەرمـانە و هێـزی شــەڕیش ڕاو دەنێت.. لەلای یۆنانییـە کۆنەکانیش، هـەواڵدزی خـوای (ئەپۆلۆ)یە. لەبەرئەوەی لە گشت باڵندەکـان بەرزەفڕترە، هێمایشـە بۆ خواوەندێتی. هـەڵۆ بە نێچیرەوە،

نیشانەیە بۆ پێشکێشکردنی قوربانی و سەرکەوتنی هێزە بەرزایی نشینەکان. (دانتی) ناوی لێناوە باڵندەی خواوەند. لە خەوندا، ئەوەی هەڵۆی لێ بڕەنجێ، مانای وایە خوای لێ ڕەنجاوە.»(٢٢)

*

تووتی باڵندەیەکی نازدارە، وەک مۆتیڤێک لە حیکایەتی (سێ دز)دا، دەیەوێ خزمەتێکی گەورە پێشکێش بە پاشا بکات، بەوەی دەچێت تۆوی گیای نەمریی بۆ بهێنێت، تاکو گەنج ببێتەوە. بەڵام پیلانی لێ دەکەن و بە کوشتنی دەدەن. مەرگی تووتی، بۆ هەموو ئەوانەی لە بڕیارداندا هەڵەشەن و پەلە دەکەن، دەبێتە پەند. بۆ یەکەم جارە بەرچاوم بکەوێ باڵندەیەک بە شوێن گیای نەمرییدا بگەڕێت. وەلێ ئاکام هەژارێک کەڵک لەم گیایە دەبینێت و تووتی لەبەین دەچێت. لەلایەکی ترەوە تووتی لاسایی قسەی مرۆڤ دەکاتەوە. لەم ڕووەوە باڵندەیەکی زیرەکە، بەڵام ئەوەی دەیڵێت قسەی خۆی نییە. بگرە قسەی ئەوانی تر پاتە دەکاتەوە. لەکن ڕووناکبیرانی کورد وەک پەندێک، یانژی پلارێک، بۆ ئەو نووسەر و گۆرانیبێژانە بەکار دێت، کە خۆیان ناتوانن داهێنان بەرپا بکەن، بەڵکو لاسایی داهێنەرانی پێش خۆیان دەکەنەوە.

سەبارەت باڵندە، (لیۆ ئۆپنهایم) دەڵێ: «لە ئاسیای گچکە و وڵاتی ئاشوور و سووریاوە بیگرە هەتا دەگاتە فەلەستین، باڵندەیان بە گەیەنەری سرووش (وحی) زانیوە. (داگیل ئیسوری) چاودێری باڵندان، وەک غەیبزانێک (عرافە)، بەوە ناسراوە، لەم بوارەدا پسپۆڕی وڵاتی ئاشوور بووە و زمانی باڵندەی زانیوە. پاشای سایبرس (قوبروس)، لە چاخی (عەمەرنە)دا، کەوتووەتە سۆراخی غەیبزانێکی میسری، کە زانیوێتی وەڵام لە هەڵۆیەک وەربگرێت. ئەم غەیبزانە پسپۆڕی ئەم جۆرە کارانە بووە. کەسێکیش، کە بە (سەرپەرشتیاری ئاژەڵان) ناو دەبرێت، لە سەرچاوە (حثی)یەکاندا، وەک غەیبزانێکی پسپۆڕ ناسراوە. بەڵکو دەقێک هەیە، بۆ سەردەمی بەر لە (ئەلالاخ) دەگەڕێتەوە، لەوێدا باسی چاودێریکردنی کێشەی نێوان باڵندان هاتووە، تاکو لەو ڕێگەیەوە بتوانن پێشبینی دواڕۆژ بکەن.»(٢٣)

له نێو کۆمەڵی کوردەواریدا باڵندە هەن هەریەکە و لە سۆنگەیەکەوە بە موبارەک سەیر دەکرێن و خوێندنیشیان هەر بە موبارەک دەزانرێت، وەک کۆترەباریکە. موبارەکیی پەڕەسێلکە و تەیرەن ئەبابیلەش لەو سۆنگەیەوە سەرچاوەی گرتووە گوایە ئەوان لە مەکە و مەدینەوە کۆچ دەکەن. لە قەدیم و نەدیمەوە، لای کورد باڵندەی کۆچەریی لەوانی تر ئازیزتر سەیر کراون.

گیانداران بە گشتی لە هەقایەتدا هاوڕێی مرۆڤن و مرۆڤ ئولفەتی پێوە گرتوون. ئەوان هاریکاری مەردم دەکەن و باری لەشی بڕێک سووک دەکەن. کەم گیانداریش هەیە حیکایەتێکی بەدواوە نەبێ. بگرە دەرکەوتنی هەر گیانداریێ سەربورده و مەدلوولی خۆی هەیە. لەم حیکایەتانەدا گا و ماسی دووبارە دەبنەوە. ئەفسانەکە دەڵێ، زەوی لەسەر پشتی گایە، گایش لەسەر پشتی ماسییە. لە پاشماوە دێرینەکانی ئاشوور و سۆمەردا پەیکەری گا دەبینرێ، بە زۆر شـــێـــوە هەڵکۆڵراوە. هەیانە باڵی لێ رووا‌وە. لەم سەردەمەیشدا (گا) وەک ڕەمزی هێزی ملهوڕ و شەڕەنگێز، پەڕیوەتە نێو کەڤاڵە بەنامێکەی پاپلۆ پیکاسۆوە کە ناوی (جێرنیکا)ی هەڵگرتووە. «گا، زۆر گرینگ و سەرەکییە، چونکە لە ئاینی زەردەشتیدا، ڕێزنان لە چوارپێ و ئازارنەدانیان شتێکی وەسێتکراوە. لە گاتادا، کە گەورەترین بەشی ئاڤێستایە، وەسفکردنی ڕوحی (گا)، بەرچاو دەکەوێ.»[٢٤]

هەر ئەم حیکایەتی گیاندارەیشە لەگەڵ چوونە پێشەوەی ڕۆژگاردا، گەلێک گۆڕانی بەسەردا هاتووە. کەر، بە هۆی ئاینی ئیسلامەوە بووە بەپەند و نیشانەی بێ ئاوەزییە؛ چونکە لە قورئاندا بە خاوەنی ناسازترین دەنگ باسی هاتووە. کەچی لەکن عیسایییەکان وەها نەکەوتووەتەوە، چونکە خودی عیسا بە سواری کەر سەفەری ئۆرشەلیمی کردووە.

مار بەگشتی، لەکن کورد دوژمنە. کورد لە ڕێگەوبانان ئەگەر تووشی مار هات، هەوڵی کوشتنی دەدات. کەچی ڕەشمار، لەکن ئێزدییەکان موبارەکە. ئەم بڕوایەیش لەو سۆنگەیەوەیە، گوایە لە سەروبەندی تۆفانەکەی نوحدا، بەنیازی پاراستنی توخماتی گیانداران، لە هەر زیندەوەرە و جووتێکیان ڕێیان

کەوتە نێو ئەو کەشتییە. کاتێک لە نێو شەپۆلانی لافاودا کەشتییەکە کونی تێ بووە. ڕەشمارێک هاتووە و کلکی خۆی لە کونەکە ئاخنیوە. بەم شێوەیە مار نەیهێشتووە کەشتییەکە نغرۆ ببێ. واتە ڕەشمار توخماتی بەشەر و ئاژەڵی لە ئاسەواربڕینەوە پاراستووە. ئەگەر ئەو نەبوایە، ئەوا هەمووان، بە مرۆڤیشەوە، لە نێو لافاوەکەدا، دەخنکان و بۆ هەتا هەتا لەبەین دەچوون.

کەچی لەکن کوردی موسڵمانیش ڕەشمار هەر بەگیاندارێکی بێ وەزەن و موبارەک حسابە. کەس نایکوژێت، مەگەر بە خەڵکەوە بدات. بەڵام وەک لەلای خەڵک باوە، هەتا پێی لێ نەنرێ ناگەزێت! بۆیە تاکو نەهۆش، زۆر ئاساییە ئەگەر وێنەی ڕەشمار لەسەر دەرگە و دیواری پەرستگەی ئۆلی ئێزدییان ببینی. «خورافە، گەشەپێدانی حیکایەتی گیاندارانە، حیکایەتی گیاندار، بۆ ئەوە بەکارن ایەت تا خاسیەت و هەڵسوکەوتی گیانداران لە واقیعدا چۆنن ئاوەها پێشان بدات. بگرە بۆ جەختکردنە لەسەر ئەوەی، وانەی ڕەوشتمان فێر بکات، یان بۆ ڕەخنە و سەرکۆنەی هەڵسوکەوتەکانمانە.»(٢٥)

لە یەکێک لە حیکایەتەکانی تەوراتدا هاتووە، «خواوەند بەر لە هەر شتێک ماسی خولقاند.» کەواتە لێرەدا ماسی پێوەندیی بە سەرهەڵدانی ژیانەوە هەیە. لە حیکایەتی (ماسییە ڕەنگاوڕەنگەکە)دا، تووڵەمارێک لە زاری شازادە خانەوە دەردەپەڕێت و پاشان دەکوژرێت. لە (ئەژدیها)دا، مار لە بەرامبەر (فاتە)دا هەڵدێت. مار ئامادەیە خزمەتی مێردی فاتە بکات، هەر بەو مەرجەی لە وەزەنی خودی فاتە پارێزراو بێت. دیارە تووڵەمارەکە زیانیدە بوو بۆیە دەکوژرێت. بەڵام ئەوی تریان زیان بەمرۆڤ ناگەیەنێ. سەربوردە ئاینییە کۆنەکە پێمان دەڵێ: بە هۆی مارەوە بوو، کە ئادەم فریوی خوارد و لە میوە قەدەغەکراوەکەی بەهەشتی خوارد. ئەوەبوو دواتر خواوەند بەیەکجاری ئادەمی لە بەهەشت وەدەرنا و تووڕی دایە سەر زەوی. بەم پێیە ئەگەر مار نەبووایە، ئێستا ئێمەی مرۆڤی وەچەی باوکە ئادەم لە ناز و نیعمەتی بەهەشتدا خەنی بووبووین.

کەواتە لێرەدا مار دوژمنی مرۆڤە و بەقای پێ ناکرێت. مار کاژ فڕێ دەدات.

واتە خـۆی نوێ دەکـاتەوە. مـرۆڤی خـۆش ناوێت، چونکە (گـیـای نەمـریـی) لە گلگامـش دزی. کورد دەڵـێ، شـەرعی مـار بە دار! واتە گـوتوبێـژ دەردی مـار و مـرۆڤـگەلی مـار سـروشت ناخـوات. ئەمـە کـارێکە وەک پووش لە کـا بژاردن وەهـایە. حیکایەتی (مارەکەی شێخ هۆمەر)یش بەنامێیە. «مار چووە لای دایکە (ئیڤا ـ حەوا)، فریوی دا، تاکو لە بەری درەختە قەدەغەکراوەکە بخوات. ئیتر لەوسـاوە چاخی پاکێـتی بەسـەرچوو. ئـەو چاخـەی ئادەم و حـەوا بە ڕووتی لە بەهەشـتدا پیاسـەیان دەکرد و هەسـتیـان بە عـەورەتی خـۆیان دەکرد. کـاتێک خواوەند بەمەی زانی نەفرەتی لە مار کرد و حوکمی بەسەردا دا، دەبێ لەسەر زگ بخشێت و گڵ بخوات. دەبێ تا سەریش دوژمنی مرۆڤ بێت.»(٢٦)

لە کوردەواریدا زۆر قـسـە و باس و پەند لەمـەڕ مـار هەن، وەک: مـار حـەوت ڕوحی هـەیە. ئەم ئیدیۆمـەش دیسـانەوە دەلالەت لە نەمـریی دەکات. بۆ ورياييش وتراوە: فڵان کـەس دەڵێی ددانی مارە! بۆ چاوتیـژی و زیرەکیش وتراوە: دەڵێی چاوی مـارە! لـەبۆ جـووڵە و بزێویی وتوویانە: وەک مـارە، مـەکانی بۆ نیـیـە! لە گـەرمـیـانییـەکانم بیسـتـووە وتوویـانە: دەڵێی مـاری پێ لەزگـە! هەروەهـا لەو ڕووەوە، کە ئەمانی نییە، وتراوە: دەڵێی ماری بێ ئیجازەیە.

لە خـەوندا مـار دوژمنە. ئەگـەر بیکوژی، واتە بەسـەر دوژمندا زاڵ بووی. گـەلێک پەند و ئیـدیۆمی تریش، وەک، مـارەنگاز لە خـشـەی مـارمـێلکەش دەترسێ. مـار حەزی لە سیر نەبوو، لەبەر کونەکەیدا دەڕوا. مـاری ڕەش یەقی بۆ دەکاتەوە! ئەمەی دواییان بەکەسێک دەوترێ هێچگار نەدار بێت.

ئەفسـانەکە دەڵـێ، هەردوو تیـرەی (وافیـبـا و ئەبەندی)، کـە نیـشتـەجـێی ڕۆژهـەڵاتی ئەفریقیـان، دەگێڕنەوە: «ڕۆژێکیان لیزا ـ ی خـواوەند دابەزییە سەر زەوی. لە گـشت بوونەوەری پرسـی: کـێ لە ئێـوە ئـارەزووی نەمـریی دەکـات؟ لە بەدبەختیدا ئەو دەمە بێجگە لە مار مرۆڤ و تەواوی گیاندارانی تر نوستبوون. مـار وەڵامی خـواوەنـدی دایەوە، من ئارەزوو دەکـەم! بۆیە جگە لـە مـار، هەمـوو گیـانداران بە مرۆڤیشەوە دەمرن. مـار ئەگەر نەیکوژی نامـرێت. بەڵکو ئەو کاژ فـڕێ دەدات. پێـسـتـی خـۆی دەگـۆڕێت. بە مـەیش تافی لاوێتی بۆ خـۆی

دەگێڕێتەوە و هێزی خۆی نوێ دەکاتەوە.»[٢٧]

ئەفسانەکەی لای خۆشمان دەڵێ: ئەژدەهاکی پاشا، جووتێک مار لەسەر شانەکانی ڕوابوون. ڕۆژانە مێشکی لاوانی دەرخوارد دەدان. ئیتر لەوساوە ماریش وەک ئەژدەهاک بە دوژمن حساب کراوە. هەروەک (لە زۆر شوێن ماریان پەرستووە. لەوانەیە ئەمەیان لە ترساندا بووبێت. مەکسیکییە کۆنەکان پەرستگەی تایبەت بە ماریان هەبووە. خوێنی مرۆڤیان دەرخوارد داون. هەروەک لە هندستان، مار هێمای نەمری و کێشکچیی کانیاوەکانی ژیان و گەنجینە شاردراوەکان بووە.)

ئەحمەدی خانی، لە (مەم و زین) دا، ئاماژەی پێ دەدات، و دەڵێ: گەنج (گەنجینە) ماری دەوێ تاکو بیپارێزێت و کێشکی بگرێت.

ئەم صور گولین ئەو ژبومە خارە
ئەم گەنجین و ئەو ژبومە مارە
گول حفظ دبن ب نوک خاران
گەنجینە خودان دبن ب ماران..[٢٨]

هەرچی ماسییە، لە حیکایەتەکانی (مەملەکەتی ماسی، ماسییە ڕەنگاوڕەنگەکە، ئەو ڕۆژەی ماسی دەباری)دا، هاتووە. لە یەکەمیاندا هێمایە. ماسی پێوەندیی بە ئاوەوە هەیە. ئاویش سەرچاوەی ژیانە. ماسی لە خەوندا نیشانەی خێرە. هێمایە بۆ کەسانی بێ وەی و بێ زیان. ئیدیەمەکە دەڵێ: وەک ماسیی بێ کێرد وەهایە. واتە بێ زیانە. ماسی پێویستی بە سەربڕین نییە. بە مرداریی گۆشتەکەی حەرام نابێت.

وەک دەبینن، لە حیکایەتی (شەڕەگا) دا، گا بەڵەک و مام هۆمەر پێکەوە دەدوێن و ڕاوتەگبیر دەکەن. لە حیکایەتی (درۆی ڕێوی)دا، ڕێوی لەگەڵ خوای خۆیدا قسان دەکات و پەیمان دەدات کردەوەی ناجۆری خۆی پاتە نەکاتەوە. لە حیکایەتی (ئەژدیها)دا، ئەژدیها قسەی هەیە و ڕای لەسەر (فاتە) هەیە. لێی دەترسێت و هەرێ بەو خەڵکە دەدات لەو تەنگژانەی تێی کەوتوون ڕزگاریان

بکات و قسەی خۆشی دەباتە سەر.

لە حیکایەتی (کیسەڵ و ڕێوی)دا، ئەم جووتە گوایە پێکەوە شکارتە دەکەن و هاریکارییان لە نێواندا هەیە. ئەگەرچی قەول و بڕێی ڕێوی تا سەر بڕ ناکات، بەڵام سەرەنجام ئاوەز و مێنتەلێتیی زیندووی کیسەڵ گرەو لە هێز و خێرایی ڕێوی دەباتەوە. ئەگەرچی لە حیکایەتی زۆرێک لە گەلاندا ئەم جۆرە پێوەندی و گرەوەی نێوان کیسەڵ و ڕێوی، هەندێ جاران بەگۆڕینی ڕێوی بە کەروێشک و برێ جاران لەگەڵ کەمێ جیاوازی لە نێوەرۆکدا دووبارە دەبێتەوە، بەڵام ئەم حیکایەتە (کیسەڵ و ڕێوی) لە نێوەرۆکدا لە هەموو ئەوانەی خوێندوومنەتەوە دەوڵەمەندترە. باس لە ڕەنج و تێکۆشان دەکات و دژ بە تەمبەڵی و خۆلستنەوە و فێڵ و فەرەجە.

بە سەرێکی تر، لەم حیکایەتانەدا، کە ناوم هێنان گیانداران دەئاخڤن. چونکە ئێمە بەرەوڕووی دیاردەی بەئینسانیبوونی گیانداران دەبینەوە. ئەمەش دیاردەیەکە لە حیکایەت و ئەفسانەدا تەواو ئاساییە. تۆ ئەگەر بەلای کەرێکدا ڕەت بوویت و سڵاوی لێ کردی، لەوانەیە لە ترس و واقبووندا شێت ببیت. بەڵام لە سەمتی حیکایەتدا کاتێک بەرد و دار و مار و گا و کیسەڵ و ڕێوی دەدوێن و گۆرانی دەچڕن؛ ئەمەیان بە ئاسایی وەردەگری! بۆچی ئەم دیاردەیە وەها دەکەوێتەوە؟ چونکە قارەمانانی نێو حیکایەت لە جیهانێکدا دەژین تەواو لەم جیهانە ڕاستینە و ڕیاڵەی وا ئێمەی تێدا دەژین جیاوازە. ئەوان لە دنیای خەیاڵی فراوان و فانتاسیادا دەژێن، کە هەرچی سنوور هەبێ بەزاندوویەتی. سەردەم و ئەرکی ئەوان تەواو جیاوازە. ئەم دیاردەیەیش نزیکەی لە حیکایەت و ئەفسانەی هەموو گەلاندا دووبارە دەبێتەوە.

وەکیتر، کاتێ دار و بەرد و گیانداران دەدوێن، گۆرانی دەڵێن و لایەنگرمانن، کاتێک کارێکی شیاو ئەنجام دەدەین. وەلێ دژمان دەوەستنەوە کاتێ ئێمە ناجۆری دەنوێنین. ئەمە بەو واتایە دێت، لە ئەفسانەدا هەموو بوونەوەر بۆیان هەیە گوزارشت لە خۆیان بکەن و بە زیندوویی بەشداریمان بکەن، بەشداری لەگەڵ ئێمەی مرۆڤ. ئەوان بۆشیان هەیە ڕایی خۆیان لەمەڕ

دەوروبەر و سەرپاکی ڕووداوەکان هەبێ.

*

کتێبەکەی (پرۆپ)، بە نێونیشانی (مۆرفۆلۆجیای حیکایەتە خورافییەکانی ڕووسیا)، کە ساڵی ١٩٢٩ کەوتە ڕوو، پاشان بە (مۆرفۆلۆجیای حیکایەتی میللی) ناوی دەرکرد و وەرگێڕدرایە سەر زمانانی تر. لێرەدا پرۆپ دێت بە پێی بەشەکان و پێوەندیی نێوان ئەم بەشانە باسی حیکایەت دەکات. پرۆپ دوای لێکۆڵینەوەی حیکایەتەکانی ڕووسیا، گەیشتە ئەو ئەنجامگرییەی، کە هەر حیکایەتێک ٣١ ئەرک، یاخۆ فەرمانی هەیە و حیکایەتی خورافی لە هەموو دنیادا چونیەکن، ئەگەرچی مەرج نییە هەر ٣١ ئەرکەکە لە هەموو حیکایەتێکدا پاتە ببنەوە. بەڵام ئەوەندە هەیە بەشی زۆری ئەرکەکان دووبارە دەبنەوە. هەموویان بەوە دەست پێ دەکەن، یەکێک لە ئەندامانی خێزان ماڵ بەجێ دێڵێت. دوای ئەوەی بە هۆی کەسێتییەکی شەڕانییەوە تووشی کۆمەڵێک کارەسات دێت، فریادڕەسێک دێتە هانای، دوای چەند هەوڵێک، کە بە زۆری سێ جارە، بەسەر تەواوی کۆسپەکاندا زاڵ دەبێت و لە کۆتاییدا قارەمان بەسەرکەوتوویی دەگەڕێتەوە. قارەمان کاتێ لە ماڵ دەردەچێت، پێویستییەک پاڵی پێوە دەنێت. کاتێکیش دەگەڕێتەوە، بووەتە خاوەنی ئەو پێویستییە. کاتێ دەڕوات لە شتێکی گرینگی کەمە، وەختێکیش گەڕایەوە، ئەو بۆشاییەی پڕ کردووەتەوە.

هۆی لەیەکچوونی حیکایەتەکان وەک (تیودۆر بنفی) باسی دەکات، ئەوەیە:

«نیشتمانی یەکەمی حیکایەتە خورافییەکان وڵاتی هندە و لەوێوە بەدنیادا بڵاو بوونەتەوە. بەڵام تۆژەری تر زۆرن، کە لێکچوونەکە دەگێڕنەوە بۆ گوزەرانی چونیەکی گەلان، لە ڕەوشێکی شارستانیی چونیەکدا.»(٢٩)

*

حیکایەت ژانرێکە کۆت ناکرێت. وەک ئاو و هەوا وایە، بەئاسانی سنووری نێوان وڵاتانی بڕیوە. بەتایبەت سەردەمی زوو، وەک ئێستا سنوورەکان قایم

نەبوون. وەک بازرگــانبــاشی، حــیکایەتەکــان بەبێ پاسـپــۆرت سنـووریان بەزاندووە. (هانس کریستیان ئەندەرسن) کە دانیمارکییەکان بە (هۆ. سی. ئەنەس) ناوی دێنن، بە شــوێن حــیکایەتدا و بە گــەشت لە دانیــمــارکــەوە گەیشتووەتە باکوری ئەفریقیا. هەروەها لە نێو گەلانی بن باڵی (عوسمانی)دا ماوەتەوە. لە تورکیایش ماوەیەکی گوزەراندووە. پێ دەچێت کوردیش یەکێک بووبێ لەو گەلانەی، کە سوودی لێ وەرگرتووە. حیکایەتخوانە زیرەکەکان، هەر خۆیان دەستیــان لە گواستنەوەی حیکایەت بۆ نێو گەلانی دەرودراوسێ هەبووە.

تۆژەرانی فۆلکلۆر جەخت لەسەر نێونەتەوەیی بوونی زۆرێک لە داستان و ئەفسانە و حیکایەتە بەناوبانگەکان دەکەن. «وا دیارە حیکایەتی خورافی، لە سەدەی شەشەمی پێش زایندا لە وڵاتی یۆنان و هند، لە هەرەتیدا بووبێ. وەلێ چاخی دووەم، کە بەڕاستی جوانترین چاخێتی و لە هەرەتی خۆدایە، دەگەڕێتەوە بۆ شەڕی خاچپەرستەکانی سەدەی یازدەم و سەدەکانی دواتر. لەم دەرفەتەدا زۆر کۆمەڵە حیکایەتی خورافی، لە ڕۆژهەڵاتەوە سەریان هەڵداوە.»(٣٠)

حیکایەتی میللەتان، وەک ڕووداو و بەسەرهاتیان، وەک شێوازی ژیان و گوزەرانیان، وەک سروشتی خاکەکەیان لە یەک دەچن. ئێمە لە ڕێی (داغستانی من)ی ڕەسوول هەمزاتۆفەوە پێ دەزانین، تا چ ڕادەیەک، گەلی کورد و گەلی داغستان، لە هەڵسوکەوت و ئاکاردا چونیەکن. بۆیە سەیر نییە ئەگەر حیکایەتەکانیشمان لەیەک بچن. ڕەنگە ئەم ڕازانەی بەندە کۆیکردوونەتەوە، لە بەرگی جیاوازدا، یان بەدەستکارییەوە لە شوێنانی تریش هەبن. بەڵام چونکە من لە زاری حیکایەتخوانی کوردەوە وەرم گرتوون و زۆربەشیان نەخوێندەوار بوون؛ یان چەردەیەکی کەمیان لە پەیجۆری بەشوێنداچوون و خوێندنەوەدا بوون، بۆیە بەکوردییان دەزانم. «حیکایەتی شوێنە دوورەکان بۆیان هەیە لە یەک بچن، وەک ئەو کانییەی، کە جارێکی تر، دوور لە شوێنی هەڵقووڵانی یەکەمی دەژیێتەوە.»(٣١)

مۆتیڤی دەرپەڕینی لە ناکاوی دێو، لە نێو کووپەوە، لە نێو قووڵایی دەریادا، کە بەڕێککەوت و لەبری (ماسی) بە قولاپی ماسیگرەوە بووە و پاشان بەرەوڕووبوونەوەی دێو و ڕاوچی و دەمەقاڵەیان. ئەمجا گرەوکردنیان لەسەر ئەوەی دێو بەو زەبەلاحییەی خۆیەوە چلۆن لە نێو ئەو کووپەدا جێی بووەتەوە، کە لە حیکایەتی (مەملەکەتی ماسی)دا هاتووە. هەمان فیگەر لە کۆهەقایەتی هەزار و یەکشەوەیشدا (الف لیلة ولیلة) هەیە.

هەروەها مۆتیڤی بازەکەی حیکایەتی (سێ دز) کە دەبێتە قوربانی دڵسۆزیی خۆی بۆ پاشا، کەچی پاشا لە ئەنجامی هەڵەشەیی و پەلەکردندا، لەبری ئەوەی پاداشتی بازەکەی بداتەوە دەیکوژێت.. ئەم مۆتیڤەیش دیسان لە حیکایەتی میللەتانی تر و لە هەزار و یەکشەوەیشدا هەیە. (تۆلستۆی) کە متووی خوێندنەوەی هەزار و یەکشەوە بووە، هاتووە ئەم مۆتیڤەی بۆ چیرۆکی منداڵان ئامادە کردووە. جێی ئاماژە پێدانە، تۆلستۆی زۆربەی ئەو چیرۆکانەی کە بۆ منداڵانی نووسیون، لە فۆلکلۆرەوە ئامادەی کردوون.

«کاروانی ڕێگە دوورەکان، هەروەها ئەو سوپایانەی بە مەبەستی داگیرکاری و فراوانخوازی، سنوورەکان دەبەزێنن. دەستیان لە گواستنەوەی حیکایەتدا هەیە. ئەگینا بۆچی (حیکایەتی گڵێنە یانزی دەفری گڵ) (وعاء الرماد)، سێ سەد گێڕانەوەی هەیە و ڕووداوەکانی لە گەلێک حیکایەتی تردا دووبارە دەبنەوە؟»(٣٢)

وێڕای دراوسێتی و هامشۆ و ڕەوتی نێوان گەلان، ڕەنگە هەندێک لەم حیکایەتانە، بەتایبەت خورافییەکان، مێژوویان بۆ پێش زاوزێی زمانەکانی ئەم دەڤەرە بگەڕێتەوە. وەکیتر ئەگەر لێکچوون لە نێوان دەقی خۆماڵی و دەقی بیانیدا هەبوو، ئەوا دەکرێ بە مەبەستی ساغکردنەوەی خاوەندارێتی ئەو دەقە، وەک لەکەکانی تری ئەدەب بیدەینە بەر ڕۆشنایی لێکۆڵینەوەی بەراورد. «جگە لەوەی لێکچوونی زۆر، لە نێوان حیکایەتی خورافیی میللەتانی هندۆ جەرمانیدا لە ئارادایە، وەلێ لێکچوونەکە بۆ خزمایەتی نێوان ئەم گەلانە دەگەڕێتەوە. ئەم حیکایەتە خورافییانە لە سەردەمێکدا سەریان هەڵداوە، کە

هێشتا گەلانی هندۆ جەرمانی لێک جیانەبوونەتەوە.»[٣٣]

ڕەنگە جوگرافیای کەم نەتەوە وەک هی کوردستان هەڵکەوتبێ. ئێمە لە گۆشە زەمینێکداین، سنوورمان بە چەندین نەتەوەی خاوەن کولتوور و فەرهەنگی دەوڵەمەندەوە هەیە. ئەمەیش وەهای کردووە کاریگەرییان لەسەر ئێمە دانابێت. وەلێ بەپێچەوانەیشەوە هەر ڕاستە. واتە بۆی هەیە ئێمەیش کاریگەریی بەهێزمان لەسەر ئەوان هەبێت، هەرچەندە ئەوان نایشیسەلمێنن. ئەگەر پێگەی کوردستان لە دوورگەیەکدا هەڵبکەوتایە، زیاتر دەیتوانی سەربەخۆیی کولتووریی خۆی بپارێزێت. چونکە ئەو حەلە ناچار دەبوو لە زۆر بواردا پشت بە هزر و توانای خۆی ببەستێ.

زۆر جار گەلانی سەردەست ئەگەر (هەمەج) نەبن و بە گشتی ئاستێکی بەرزی فەرهەنگییان هەبێت، خۆیان دەکەن بە خاوەنی کەلەپووری گەلانی ژێردەست و بەم پێیە حیکایەتەکانیشیان دەدەنە پاڵ خۆیان. هەر سەبارەت بە ئەگەری بڵاوبوونەوەی دەقی حیکایەت بەنێو گەلاندا، «واری ڕۆبرتس، زیاتر لە چوار سەد دەقی حیکایەتی کچۆڵەی دڵنەرم و کچۆڵەی شەڕانی ـ ی لە سەرانسەری دنیادا کۆ کردووەتەوە.»[٣٤]

لە سەرەتاوە گوتمان، وەک کۆنە ساڵەکان دەگێڕنەوە، ژنە جوولەکە، دەستی باڵایان لە گێڕانەوەی حیکایەتدا هەبووە. ئەگەر کۆچی موساییەکان، لە کوردستانەوە بەرەو ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٥٠ وە دەستی پێ کردبێ، ئەوا دیاردەیەکی زۆر ئاساییە ئەگەر ژمارەیەک لەم حیکایەتانە و سەدانی تریش لەو وڵاتە، بەناوی خۆیانەوە تۆمار کرابن.

هەر سەبارەت پرسی گواستنەوە و دزەکردنی هەقایەت و دەماودەم بڵاوبوونەوەی بەناو گەلاندا، د. ڕانیە سمارە دەڵێ: «تۆێژەری ئینگلیز بروس شاتوین، لێکچوونێکی فراوانی لە نێوان هەقایەت و سرروودە ئەفسانەییەکانی دانیشتوانی ڕەسەنی ئوسترالیا و گۆرانی و نەریتە باوەکانی خێڵەکانی تەواریقی بیابانی لیبیادا بەدی کردووە.» د. ڕانیە هەروەها نووسیویەتی:

«جووته برایەکەی حیکایەتی فیرعەونی، بە یەکەمین سەرچاوەی حیکایەتی یوسف دادەنرێت.»(٣٥)

حیکایەت، بەتایبەتی خورافی، کاتشوێن بەدەستەوە نادات. واتە باس لە وردەکارییەکانی نێو کۆشک و ماڵ و سەر شەقامەکان ناکات. وەلێ زۆر بەئاسانی جیهان تەی دەکات و بە دنیادا بڵاو دەبێتەوە. ئەم بڵاوبوونەوەیە بە ڕادەیەکە، تۆ ناتوانیت هەروا بەئاسانی شوێن و مەنزڵی یەکەم سەرهەڵدانی دەستنیشان بکەیت. ناکرێت دوور لە گومان و بە تەواوی دڵنیاییەوە، بیدەیتە پاڵ گەلێکی دیاریکراو.

تایلەر، لە کۆتاییی شەستەکانی سەدەی نۆزدەمدا، بە ناونیشانی (لێکۆڵینەوەکانی مێژووی مرۆڤی کۆن)، کتێبێکی بڵاو کردەوە. تێیدا دەڵێ: «لێکچوونی بەرفرە لە نێوان شێوازی ژیان، نەریت، داهێنان و بۆچوونی ئاینی و شیعری گەلاندا هەیە. ئەمەیش بۆ ئەو یەکەتییە دەگەڕێتەوە، کە لە گەوهەری سروشتی مرۆڤایەتی و لە ئاوەز و بیری بەشەردا هەیە.»(٣٦)

زۆر کەسێتی و کەرەستە و فیگەر هەن لە حیکایەتەکانی دنیادا دووبارە و سەدبارە بوونەتەوە، وەک: پەری، شای پەرییان. دێو و کووپە، ئەسپی باڵدار، ئەژدیهای حەوت سەر، داردەستی سیحریی، هەڵۆ، هەڵۆی دووسەر، قاڵیچەی فڕیو، کڵاو و ئەنگوستیلەی ئەفسوونی، ئاوێنەی جیهانبین، پیرەژنی سەر ئاسنینەی جادووباز، دیاردەی بەبەردبوون و بەدرەختبوونی مرۆڤ. بە باڵداربوون و بە گیانداربوونی مرۆڤ و پاشان گەڕانەوەیان بۆ سەر دۆخی جارانی خۆیان. دیارە، هەندێ جاران لە ئەنجامی بەگەڕخستنی ئەم فیگەر و کەرەستانەدا، حیکایەت و ئەفسانەی چونیەکیان لێ بەرهەم دێت.

«لێکچوونی سەرسوڕمێن لە نێوان بۆچوونە ئاینییە کۆنەکانی دانیشتوانی ئەفەریقا و ئوسترالیا و دانیشتوانی کۆنی ئاسیا و هەردوو ئەمەریکادا هەیە. هەروەها لێکچوونی لەم جۆرە لە نێوان گەلی ئەسکیمۆ و دانیشتوانی دوورگەکانی باشووردا هەیە. لە کاتێکدا ئەم گەلانە لەیەکەوە دوورن و بە هیچ

جۆرێک کاریگەرییان لەسەر یەکتر نەبووە، کەچی سەبارەت بە تەندروستی و نەخۆشی، خەو و خەون، ژیانی دوای مردن و نەمریی؛ ڕاوبۆچوونیان چونیەکە.»[٣٧]

*

ماسییە ڕەنگاوڕەنگەکە سێ حیکایەتە لە نێو حیکایەتێکدا. (بووکە دارینە) یەکێکە لەو سیانە. (نزار ئەترووشی)، ئەم بەشەیانی بە تەنێ، بە زمانی عەرەبی بڵاو کردووەتەوە.[٣٨] کاتێک دارتاش، بەرگدروو لەگەڵ مەلادا، لە گەشتێکدا دەبنە هاوڕێ، شەوانە بە نۆرە ئێشک دەگرن. سەرەتا دارتاش لە نۆرەی خۆیدا بووکە دارینەیەک دەتاشێت. بەرگدروویش لە نۆرەی خۆیدا دەستێ جلکی بەباڵا دەبڕێت. کاتێک نۆرەی مەلا دێت، نزا دەکات، تاکو خواوەند ڕوحی بە بەردا بکات. بۆ بەیانی هەموو لایەک بەئاگا دێن، سەرنج دەدەن کچۆڵەیەکیان زیاد کردووە. ئیتر هەر کەسە خۆی بە شایەن و بە خاوەنی دەزانێ و لێیان دەبێتە مشتومڕ. لەلای، بەندە شازادەخانی زمان بەستراو زمانی بەردەبێ و هەر خۆیشی دەبێتە دادوەر و ناوبژییان دەکات. وەلێ لەکن (نزار ئەترووشی) وەها پێویست دەکات کێشەکە بگاتە بەردەم دادگە.

لێرەدا کۆبوونەوەی سێ هەقایەت لە ژێر چەتری هەقایەتێکی درێژدا، لە ئەنجامی پێویستییەکی بابەتییەوە هاتووە. کاریگەریی ئاینیش بە ڕەوتی حیکایەتەکەوە دیارە. هەر هەقایەتە و بووەتە پاژێکی، یان مۆتیڤێکی هەقایەتە گەورەکە؛ بەبێ ئەوەی هەست بکەی بەزۆرداری تێهەڵکێش کراون، یاخۆ پێکەوە لکێندراون. زۆر جارانیش ڕێک دەکەوێت مۆتیڤێک لە چەند هەقایەتێکدا دووبارە دەبێتەوە. مۆتیڤەکە بە جۆرێک لەجێ و گونجاوە، تۆ نازانی داخۆ لە بنەڕەتدا سەر بەکام حیکایەتەیان بووە. هەرچی (فۆن دیر لاین)ە، ئەم تێکەڵبوونە بە یەکێک لە نیشانەکانی هەقایەتە خورافییەکانی (هند) دەزانێ.

*

ڕەنگە لە کن کورد، نەگەیشتنی ئەفسانە، واتە حیکایەتی شەڕوشۆڕی نێوان خواوەندەکان، دەنگوباسیان، ژن و ژنخوازییان، ناپاکی و بەنەفرەتبوونی هەندێکیان لەلایەن مەزنە خواوەندەوە، بە نەوەی ئەمڕۆمان، بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کورد زۆر زوو یەکتاپەرستیی هەڵبژاردووە. ئەفسانەکانیش لەگەڵ ئاینی یەکتاپەرستیی ئیسلامدا نایەنەوە. پێشتریش لەگەڵ ئاینی زەردەشتیدا نەهاتوونەتەوە. بۆیە حەکایەتخوانی کورد ئەفسانەی لەو جۆرەی سەردەمی کۆنی پێ ناجۆر بووە و پشتگوێی خستوون. واتە هەموو ئەوانەی، کە بە زەقی باسی فرەخوایی و کێشەی نێوان خواوەندەکان دەکەن بە زیانیدە بە کوفر زانیوە.

بگرە ئەوان زیاتر حیکایەتی خورافە و میللییان دەماودەم گواستووەتەوە. ئەفسانەیش جۆرێکی بالای حیکایەتە. خەیاڵ بە فراوانی ڕۆڵی تێدا دەگێڕێت. وریایی ئەو گەلانەیش نیشان دەدا، کە سەرەتا دایان هێناوە، وەک گریکییە کۆنەکان. بەڵام ئەوان ئەگەرچی بوونەتە عیسایی، کەچی دینی یەکتاپەرستی ڕێی ئەوەی لێ نەگرتوون ئەفسانەکانیان کۆبکەنەوە و بیانپارێزن. بەڵکو ئاینی مەسیحی لە توانای داهێنانی ئەو بابەتانەی کەم نەکردووەتە و بە هاتنی عیسای پەیامبەر دەقە ئەفسانەییەکان لە یاد نەچوونەتەوە.

«قارەمانی حیکایەتی خورافە، قارەمانی پاڵەوانە ئەفسانەییەکانن.»[٣٩] بەپێی ئەم ڕایە بێت، مانای وایە ئەو گەلەی ئێستا هەقایەتی خورافەی هەبێت، ئەوا بەرلە یەکتاپەرستی ئەفسانەیشی هەبووە. چونکە هەرچی خورافەیە لە داوێنی ئەفسانە کەوتووەتەوە. ئەوەندە هەیە سیفەتە ئەفسانەییەکەی لەگەڵ خۆیدا هەڵنەگرتووە. دەستگرتن بەسەر گەردووندا، حەملاندن و ڕامکردنی بە قازانجی خۆی، لە تاریک و ڕوونی دێرووکەوە خولیای مرۆڤ بووە. مرۆڤ بەرماڵی ئەفسانەیی، بۆ کورتکردنەوەی کات و ڕێگە دوورەکان بە خەیاڵدا هاتووە، تاکو گەرماوگەرم فریای ڕووداوەکان بکەوێت. تاکو تاسە و ئاواتەکانی نەژاکێن و مردار نەبنەوە. مرۆڤ ئەوسایش گوڕ و خێرایی ئەسپی بە کەم زانیوە، بۆیە بەخەیاڵی ئەفسانەییی خۆی،

هاتووه ئەسپی باڵداری داهێناوە. ئاوێنەی جادوویشی بۆ ئەو مەبەستە بووە، تاکو لە مەودای بینینی ئاسایی پتر و دوورتر، دنیا ببینێ. بۆ ئەوەی لە شوێنی خۆیەوە چاوی لە هەموو دنیابێ. لە ڕاستیدا ئەرکی ئەو ئاوێنە ئەفسانەییە، لە ئەرکی کامێراکانی چاودێریی ئەم سەردەمە چووە. «میللەتان خەون و ئاواتەکانیان لە هەقایەتە خورافییەکانیاندا بەدی هێناوە.»(٤٠)

هەقایەتە کوردییەکانیش پڕن لەو فیگەر و ئامرازە ئەفسانەییانە. هەر لەبەر ئەم بەیەکداچوونە زۆرەی، کە لە نێوان هەقایەتی ئەفسانە و خورافە و جنۆکە و میللی و جۆرەکانی تردا هەیە، تەنانەت بۆ ئەو کەسانەیشی کە کردوویانە بە پیشە و پسپۆڕی بوارەکەن؛ نووسین لەبارەیانەوە کارێکی هەروا سانا نییە. ڕەنگە هەر لەم سۆنگەیەیشەوە بێت، کە حیکایەتەکانی کورد، تاکو نها شتێکی ئەوتۆیان لەسەر نەنووسراوە.

توێژەران لەسەر پێناسەیەکی سنووردار و دیاریکراو بۆ چەمکی ئەفسانە ڕێک نەکەوتوون. مەرج نییە پاڵەوانی ئەفسانە هەر خواوەند، یانژی نیوە خواوەند و نیوە مرۆڤ بووبێت. بەڵکو ئەو قارەمانانەی کاری گەورەیان لەدەست هاتبێت. ئەوانەی توانیبێتیان بە ئاسانی قووڵاییی دەریا و بەرزاییی ئاسمان و شوێنە دوورەدەستەکانی زەمین تەی بکەن و بە سەر هێزی سیحر و دێو و درنجەکاندا سەربکەون. ئەوانەی توانیویانە ئامرازە ئەفسانەییەکان، لە قاڵیچەی فڕیو و ئەسپی باڵدار و داردەست و ئەنگوستیلەی سیحریی، بەدەست بێنن، ئەوانەی توانای زەینی و جەستەییان سەروو ئاستی مرۆڤی ئاسایی کەوتووە، دەکرێت بە پاڵەوانی ئەفسانە حسابیان بکەین. جێی باسە، شارەزایان لەلای خۆیانەوە هەریەکە بە مەزندەی خۆی ئەفسانەی پۆلێن کردووە. د. ئەحمەد کەمال زەکی، ئەفسانەی بەم شێوەیە پۆلێن کردووە: «ئەفسانەی سرووت، هۆکارە ئەفسانە، دێرووکە ئەفسانە.»(٤١)

لە ئەفسانەدا گرینگ ئەوەیە پاڵەوان کاری نەکراو و مەزنی لەدەست بێت. وەک کردەوەی پاشاکەی (مەملەکەتی ماسی) کە سیحر و تەلیسمەکان تێک دەشکێنێت و ئەو گەلەی، کە بە هۆی جادووەوە کرابوو بە ماسی،

دەیانگێڕێتەوە سەر دۆخی جارانیان و جارێکی تر دەبنەوە بە مرۆڤ.

جـووتە عـاشـقـەکـەی (مـیـوانی بێ ئـەدەب) تواناییان لـە ڕادەبەدەرە. ئەوان بەجـووتە دەچنەوە بەگژ لەشکرێکی گەورەدا و چەند ڕۆژێک سـەرومڕ بەرگری دەکـەن. ئـەو گـاشــە بەردەی، کــە بەچل پـاڵەوان دەرگــەی زینـدانەکـەیـان پـێ گـرتـووە. (زەید) دێت بە تـەنیـا دەیجـوولێنێ. ئـەم حـیکایەتە وەک مـێـژوو، بۆ نزیکەی پـازدە سـەدە لەمـەوبـەر دەگەڕێتـەوە. ئەو جـووتە عـاشـقـە لە ژێر گـڵـدا هەڵدەسنەوە. سواری ئەسپەکانیان دەبنەوە و خۆیان دەنوێنن. کوڕە و کچە، بە پۆشـاکی شـەڕەوە. بە شـیـر و مـەتاڵەوە، بـە سـواری ئەسـپـەکانیـانەوە زیندوو دەبنەوە. پاش تاوێک، دەچنەوە ژێر گڵ، بۆ خۆشیـان داوای ژیانی نوێ ناکەن. بەڵکو لە حـیکایەتەکـەدا، لە تافی زیندووبوونەوەدا بێـجگە لە ڕسـتـەی: «ئەی خۆشەویستی خوا حەز دەکەین بگەڕێینەوە شوێنی خۆمان.» هیچ گفتوگۆیەک نەدراوەتە پاڵیان.

ڕەنگە هۆیەکــەیشـی ئەوەبێ لـە ئاینی ئیـســـلامــدا، نەمــر هـەر خـــوایە. ڕووداوەکـەیش زیاتر لە خـەون دەچێت. بەڵام بەم حیکایەتەدا بەدیار دەکەوێت، کە دەشـێت لە سـەردەمی باڵادەستیی ئایینە ئاسـمـانییـەکانیـشـدا حیکایەتی ئەفسانە ڕۆبنرێت. لە (میوانی بێ ئەدەب)دا، حەزرەت کارێکی مەزنی لەدەست دێت، ئـەویش زینـدووکـردنەوەی جــووتە عــاشــقــەکــەیە. ئـەگـەرچی بەپێی هەڤـۆتـەکـانی ئیـسـلام تەنیـا خـواوەند توانای زیندووکـردنەوەی هـەیە. وەلێ لێـرەدا، ئێـمــە قــســەمــان لەســەر چەمکی ئەفـسـانەیە نەک ئاین. جـووتە عاشقەکەیش چوونەتەوە بەگژ توانای خێڵێکدا.

جێی سـەرنج و لەسـەر وەسـتانە، کە ئێـمـە لێرەدا وەک مێژوو، یانژی وەک ڕووداوێکی ڕاسـتـینە باس لـە ڕۆڵی حـەزرەتی مـحـەمـەد (د.خ) لەم حیکایەتەدا ناکـەین. خـۆ ئێـمـە لێـرەدا فـەرمـوودە شـی ناکـەینەوە، ئێـمـە لێـرەدا مـانای حـیکایەت و ئـەفـسـانـە لێک دەدەینەوە. ئـەم سـەربـوردەیەیش وەک واقـیـعـێکی ڕووداو ناسـەلمێنـین. تۆ ئەگـەر مـێـژووی سـەرهـەڵدانی ئیـسـلام بخـوێنیـیـەوە ڕووداوی لەم جۆرەی تێدا نابینیت. ئەوەی ئەفـسـانە و مـێژووش تێکەڵ بەیەک

بکات ئەوا کەسێکی ناحاڵییە. ئەفسانە ساڵ و مانگی ڕووداو دیاری ناکات. ناوی سەرچاوەکان ناڵێت... هتد.

تەنیا سەرچاوەیەکیش بۆ ئەم حیکایەتە هەر خودی (مام حەمە عەزیز) و هەموو ئەو حیکایەتخوانانەن، کە پێشتر دەماودەم هێناویانە. جێی وتنە کە مام حەمەعەزیز، لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا بووە کاتێک ئەم حیکایەتە و ژمارەیەکی تری بۆ ڕێزدار مامۆستا (بابا ڕەسووڵ) گێڕاوەتەوە و لە پاژی (حیکایەتخوانەکان)دا ئاماژەم پێ داوە. بەڵام وەک ئەفسانە و هەقایەت دەکرێت بڵێین باس لە نزیکەی هەزار و پێنج سەد ساڵ بەر لە ئێستا دەکات، واتە زۆر بۆ بەر لە مێژووی تۆمارکردن و بەئێوەی خوێنەر ناساندنی لەلایەن بەندەوە، دەگەڕێتەوە.

بەسەرێکی تر، ئێمە گەلێک جارمان بیستووە، پەیامبەری وەک (حەزرەتی سلێمان) یانژی خەلیفەی ئیسلامی وەک (هاروون ئەلرەشید) بوونەتە قارەمانی حیکایەت، وەلێ ئەمە یەکەم جارە و تەنیا لە حیکایەتی کوردییدا بەرچاومان دەکەوێت، خودی حەزرەتی محەمەد (د.خ) کرابێتە قارەمانی حیکایەت یانژی ئەفسانە. دەکرێت ئەم خاڵەیش بە یەکێک لە تایبەتییەکانی حیکایەتی کوردی لە قەڵەم بدەین. ئەمە ڕەنگە نیشانەی ڕێزگرتنی ئەو کەسە بێت، کە حیکایەتەکەی ڕۆناوە، ئەوانەیش کە حیکایەتەکەیان دەماودەم گواستووەتەوە، بۆ خودی حەزرەت. دەگەڕێینەوە سەر باسەکە و دەڵێین: توانای لە ڕادەبەدەر لە حیکایەتی خورافەیشدا بوونی هەیە. چونکە:

«تەوەرەکەی بابەتێکی خەیاڵییە و سەروو توانای سروشتی کەوتووە. هەموو حیکایەتە خورافییەکان، پاژن لە پاشماوەی بیروبڕوا زۆر کۆنەکان. لەگەڵ ئەوەیشدا مەغزای زۆر قووڵیان هەیە. بە لێکۆڵینەوەی بەراورد ساغ بووەتەوە، ئەم جۆرە حیکایەتانە ناوەڕۆکی کۆنترین ڕۆنانی ئەدەبی پشت بە ئەفسانە بەستوون. هەموو کات ئامانجیان خەلقکردنی جۆرێک لە لەنگەرگرتن و گونجاندن بووە لەگەڵ واقیعدا، بە ڕادەیەک ئەوەی ناماقووڵە تێیدا بووەتە ماقووڵ.»(٤٢)

وتمان کـــورد، وەک پـێـــشـــانـدانـی ڕێز و پابەندبوونی بە ئایینی یەکتاپەرستییەوە، بۆ خۆی حیکایەتی خواوەندەکانی تۆمار نەکردووە. هەروەک لەو سەردەمەوە کە یەکتاپەرستیی هەڵبژاردووە ئیتر لە گێڕانەوەی زارەکی ئەم ئەفسانانەیش وەستاوە. لەگەڵ ئەوەیشدا هەموو ئەو کەلەپوورەی لەسەر خاکی نێوان جووتەزێدا (میزۆپۆتامیا) هەیە کە کوردیان لەسەر ژیاوە، دەکرێ بە هی خۆمانی بزانین. لەجێیە، وەک ئەو بەڵگە و نەختینانەی لە ژێر خاکدا بەجێ ماون، خۆمانیان لێ بەخاوەن بکەین.

*

حیکایەتی (سوارچاک)، کە لە چاپەکانی پێشووی ئەم کتێبەدا نەبوو. خۆم، ئەو سەردەمەی لە گوندەکانی (باشتەپە و دووگردکان)ی دەشتی دزەیی مامۆستا بووم، لە زاری جووتیارەکانی ئەوێم بیستووە و پێ دەچی ڕووی دابێت. چونکە شوێن، کە دەشتی دزەییە، ئاماژەی پێ دراوە و ڕوونە. بەم پێیە دەچێتە ڕیزی حیکایەتی میللییەوە. نەک ئەفسانە و حیکایەتی خورافی. وێنەی پاڵەوانی میللیمان لە زەین و دیدی جووتیاری کوردەوە بۆ بەرجەستە دەکات.

پاڵەوانی میللی کەسێکی سوارچاکە. بەو مانایەی بەسەر پشتی ئەسپەوەیە. ئازا و بوێرە. بەگژ زوڵم و زۆرداریدا دەچێتەوە. چاونەترسە و نیشانەشکێنە. ئەو تاکێکە لە بری ئێمە، دژی ناڕەواییەکان دەجەنگێت و خۆنەویستە. ئەوەی ئێمە پێمان ناکرێ و لە دەستمان نایەت، ئەو بێباک و بێ پەروا ڕای دەپەڕێنێت. ئەوە، کە بەها جوانەکان دەپارێزێت. ئەوی سوارچاک کاری چرووکی لێ ناوەشێتەوە. بۆیە تەنیا ئاغای کردووەتە ئامانج. یارمەتی هەژاران دەدات و فریای لێقەوماوان دەکەوێت.

قارەمانی حیکایەتی سوارچاک هەموو ئەم سیفەتانەی تێدایە، کە ئاکاری قارەمانی میللین. بەڵام تەنیا ئەو سیفەتانەی باسم کردن بەس نین بۆ ئەوەی ببێتە کەسێتییەکی جەماوەریی. ئەو پێویستی بەوەیش هەیە، وەک بیچم و سەر و سیمایش، مرۆیەکی باڵابەرزی سمێڵ ڕەشی مەچەک ئەستوور، سەرو

تیلاک جوان، پۆشته و پەرداخ و لێو بەخەندە بێت. واتە گەرەکە لە پاڵ ئاکار و کرداریدا، وەک شێوەیش بچێتە دڵەوە. چونکە لە حیکایەتدا ئەوەی ناخی جوان بێت، دیوی دەرەوەیشی هەر جوانە. وەلێ وەختایێ ئەو خەڵکە لە نزیکەوە سوارچاک دەناسن، دەبینن ئەو کەسێکی بێ نموودی چاو پڕوپووشاویی ریوەڵەیە. بۆیە لە ناخەوە ئاوات بەوە دەخوازن نەیاندیبا. تاکو ئەو کەڤاڵە جوانانەی، کە ئەوان لە خەیاڵی خۆیاندا بۆیان کێشابوو تووشی ژاکان نەهاتنایە و خۆیشیان بەبینینی بیچمی سوارچاک تووشی تاسان (شۆک) نەبوونایە.

وێڕای ئەم چیرۆکە، لە گەڕانەوەی ئەم دواییەمەدا، لە هەندەرانەوە بۆ سلێمانی (هاوینی ٢٠٠٦)، چاوێکیشم بە ئەرشیڤەکەمدا گێڕایەوە. لە چەند بەیازێکی زەردهەڵگەڕاودا، ئەم پێنج حیکایەتەم دۆزییەوە، کە هەر هەموویان مێژووی (تشرینی دووەمی ١٩٧٩)یان لەسەربوو، ناوی باوکیشمیان لەسەر نووسرابوو. واتە باوکم هەر پێنجیانی بۆ گێڕابوومەوە. چیرۆکەکانیش ئەمانەن: (لەم ئاڵوگۆڕەدا تیادەچم، درۆی ڕێوی، نەخۆشییەکی سەیر، کەر و ڕمووزن، نان بێرن) جگە لە حیکایەتی (زامی خەنجەر سارێژ دەبێ، زامی زبان سارێژ نابێ)، کە ڕێزدار (کەمال ئەحمەد دۆڵپەمووییی) بۆی گێڕاومەتەوە. واتە لەم چاپە نوێیەدا بە چیرۆکی (سوارچاک)ی لەمەڕ (دەشتی دزەیی)یەوە، لەچاو چاپەکانی پێشوودا (حەوت) حیکایەتی زیاد کردووە.

بەو پێیەی قارەمان لە جووتە حیکایەتی (سوار و نان بێرن)دا ناویان هاتووە و ناوەکانیش کەسانی ناسراون و لە واقیعدا هەبوون، کەواتە دەکرێ ئەم دووانە، لە ڕیزی حیکایەتی میللیدا پۆلێنیان بکەین. هەردووکیشیان جەخت لەسەر دیوەخانی کوردەواری و یاسا نەنووسراوەکانی دەکەن. خاوەن ماڵ و خاوەن دیوەخانی کورد هەتا لە توانایدا بووبێت خزمەتی میوانی کردووە. هەوڵی داوە پێشوازی گەرمیان لێ بکات و تێروپڕ و بەڕێزەوە بەڕێیان بکات. سەید ئەحمەد، چونکە ماینەکەی سوارەی میوان، لە تەویلەی ئەودا مردووە، چاو داناخات و بە شێوەیەکی نوێ، وەها خاوەن وڵاخەکەیش پێی

قایل ببێ، بۆی قەرەبوو دەکات. وەک چۆن بە سواری پێشوازی لێ کردووە، بە سواریش ڕەوانەی دەکاتەوە. سەید ئەحمەد پێی قبووڵ نەکراوە میوان بە سواری ڕێی بکەوێتە دیوەخانەکەی و بەپیادەیی ماڵئاوایی لێ بکات و هەستی کێماسی تێی بئاڵێت.

لە (نان بێرن)دا، ئەوڕەحمانی ئەحمەد خەسرەو، خانەدانێکی خاوەن لا و دیوەخان بووە، ئەگەرچی لەتاو زوڵمی عوسمانلی ماڵ و حاڵی لێ تێکچووە و پەڕیوەی دیوی ئێران بووە، بەڵام لە تاراوگەیش داوونەریت و کولتووری خۆی لە یاد و نەستدا هەر زیندووە. دەبێ هەموو کات لەسەر خوان، نان لە ژمارەی میوانەکان زۆرتر بێت. بۆیە ئەو دەنگهەڵبڕین و هاواری (نان بێرن)ە، لە دڵێکی فراوان و دەستێکی کراوە و بەرچاو تێرییەوە سەری هەڵداوە. ڕستەی «نان بێرن»، تەنیا دوو وشەیە. لە شێوەی فرماندا، لە بارودۆخی ئاوارەییدا و بە دەنگێکی وەها بەرز، گەلێک مانای جوانی لە خۆیدا هەڵگرتووە. لەوەیش جوانتر وەڵامی خانەخوێی خانەدانە.

*

حیکایەتەکانی «لەم ئاڵەگۆڕەدا تیادەچم و نەخۆشییەکی سەیر» پێوەندیی نێوان خێڵی جاف، کە هەتا ئەم دواییەش گەرمیان و کوێستانیان کردووە و دەوارنشین بوون، لەگەڵ گۆڕاندا، کە دامەزراو و نیشتەجێ بوونە و خەریکی کشتوکاڵ و پیشەی دەستی بوون، ڕوون دەبێتەوە. جاف گەلێک جاران هەڵیان کردووەتە سەر گۆڕان. هەرلایە و خۆی بە لەپێشتر، زاناتر و کاراتر زانیوە. لەم دۆخەدا گەلێک حیکایەتی ساتیرئامیز سەریان هەڵداوە. ئەم دووانەیش زیاتر دەچنە خانەی حیکایەتی ساتیرئامێزەوە.

حیکایەتی (کەر و ڕمووزن)یش، هەر پێ دەچێ میللی، واتە ڕووداو بێت. جەخت لەسەر گێچەڵی موسڵمانی زۆرینە، بە مووسایی کەمینەی کۆمەڵگەی کوردستانی بەر لە ڕەوی بەکۆمەڵی مووساییەکان بەرەو ئیسرائیل دەکات. ئەم حیکایەتەش دیسان لە فۆرمی ساتیردا خۆی دەنوێنێت.

(درۆی ڕێوی)ش دەچێتە ڕیزی حیکایەتی گیاندارانەوە (فەیبڵ)، کە مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە و بۆ سەردەمی سۆمەرییەکانی باشووری عێراق دەگەڕێتەوە. کۆنترین کەسێکی ناسراو، کە لەم جۆرە حیکایەتانەی بدرێتە پاڵ (ئیزۆب)ی خەڵکی دوورگەی (ساموس)ی لەمەڕ وڵاتی یۆنانە، کە هەندێک وەک فەیلەسووف ناوی دێنن.

ئەم جۆرە حیکایەتانە ئەگەرچی لەسەر زاری گیاندارانەوەن. واتە قارەمانان ئاژەڵ و تەیروتواڵن، بەڵام مەبەستیان پێ خودی مرۆڤ و ڕەخنەگرتنە لە ئاکارە ناجۆرەکانی مرۆڤ. لە ئامۆژگاریش بەدەر نییە. (درۆی ڕێوی) مەبەستی پێ ئەو جۆرە کەسانەیە، لە کاتی تەنگانەدا، لە ژێر پاڵەپەستۆدا، بەڵێن و پەیمان دەبەخشنەوە، بەڵام هەر کاتێک لە تەنگانە ڕزگاریان بوو، مەترسییان لە کۆڵ بووەوە، هەموو گفتەکانی خۆیان بیر دەچێتەوە. دوا جار هەر خۆشیان دەبێ باجەکەی بدەن.

یەکێک لە خاسیەتە هاوبەشەکانی تێکڕای حیکایەتەکانی جیهان، بە جیاوازی زمان و شوێنکات و ئاین هەلومەرجی ژیانەوە ئەوەیە، کۆتاییەکی شادیان هەیە. دوای ملانێی سەخت و زنجیرەیەک کۆسپ و ناڕەحەتی، لە نێوان هێزی خراپە و هێزی چاکەدا، سەرەنجام چاکەخواز گرەو دەباتەوە، قارەمانی چاکەخواز و نیازپاک بەو مەبەستە دەگات، کە لە سەرەتاوە نەخشەی بۆ کێشابوو. ئەگەر دوو دڵخواز بن ئەوا لە کۆتاییدا بە مراز دەگەن و ئاهەنگ دەگێڕن. دواتر هەتا سەر بە خۆشی و شادی ژیان بەسەر دەبەن و پێکەوە پیروخەڕۆ دەبن.

*

یەک لە باری حیکایەتەکانی مەملەکەتی ماسی، بە زۆری لایەنی خێر و چاکە سەردەکەوێ و خراپەیش دەیدۆڕێنێ. ئەم دیاردە هاوبەشە لە حیکایەتەکانی زەردەخەنەی باوکێک، کیسەڵ و ڕێوی، بەهار و بەوزۆ، سەید و بازرگان و ماسییە ڕەنگاوڕەنگەکە و ئەسپی پاشای ڕۆم و چەندینی تردا بە ڕوونی دیارە. کەچی لە حیکایەتی (سێ برا)دا، بیستەر، یانژی خوێنەر

بەرەورووی کۆتاییـیـەکـەی تەواو ناجـۆر و قـێـزەون دەبێـتـەوە. بەڵام دەکـرێ خوێنەر لەم کۆتاییـە ناشادە چاوەڕوان نەکراوەوە وانەیەک، یانژی ئەزموونێک فێر ببێ.

لە حـیکایەتی (بەردی مـەرگ)دا، بەردە ئەفـسـانەییـیـەکـە، لە بـری ئەوەی (کـوردۆ) لە نەخـۆشـی هەڵبـسـێنێـتـەوە، دەسـتـبـەجێ گـیـانی لێ دەسـێنێت و کۆتایی بە ژیانی دێنێت. سەبارەت بە حیکایەتی (عەول)یش، لەگەڵ هەموو ئەو گیانی سـاختـە و شـەڕخـوازییەی، کە لە ناخی (عـەول)دا جێگیرە، هەتا سـەر، ئەو گـرەو لە خـەڵکی گـوند، کە خـەڵکانـی سـادە و بێ گـوناهن دەباتەوە. واتە وەهای پێشان دەدا، کە گیانی فێڵ و گزی هـەر بەردەوام دەبێت و کۆتایی پێ نایەت.

لـە (دەردەدار بە حـــاڵـی دەردەدار دەزانـێ)دا، دەســـتــــەڵاتداری زاڵم، بـە پێشـبـڕیارێک، بە ناهەق قـارەمـانی حـیکایەتەکە بە دزیی گـوناهبـار دەکات و قـۆڵی دەبڕن. واتـە تۆمـەتبـارکـردن لە ئاردا نیـیـە. یەکـسـەر و بێ بەڵگە و شـایەتحاڵ، گوناهبـاری دەکەن. ئەو ئیتر سـوکنایی بە کەسێکی قۆڵبڕدراوی وەک خـۆی دێت. واتە حـیکایەتێکە سـەرەتا و کۆتایـی ناشـادە. بەڵام دەکـرێت حـیکایەتێک لە (تیـمـەیەک) پتـری لە خـۆیدا هەڵگرتبـێت. ڕەنگە هۆڤـایەتی دەسـتـەڵاتیـشی مەبـەست بووبێت، کە بە زۆری نەک هـەر بڕیارەکانی سـەرپێین، بگرە گەلێ جاران پێشبڕیاریش دەدات. ئەنجام، خـەڵک دەبنـە قوربانی. یان لەوانەیە پێمان بڵێ، دزەکان قۆڵی دەستپاکەکان دەبڕنەوە.

دەبێ ئەوەیشـمـان لە یاد بێت، کە ئەمـەی باسـی لێوە دەکەین (دەردەدار بە حاڵی دەردەدار دەزانێ)، بڕێک جیاوازە، چونکە حیکایەتەکە لە خۆیدا دەیەوێ ڕاست و دروسـتـیی پەندێکمـان بۆ بسـەلمێنێت. هەمـوویشـمـان لە مـانای ئەم پەندە دەگەین، کە (مەولەوی)ی شـاعیر، لە نیوە دێرێکی شـیعری خۆیدا دەری بڕیوە و بە جـوانی بەرجەسـتـەی کـردووە، کاتێک دەڵێ: «خـەم چنی خـەمـان زوو مەبۆ ساکن»

هەروەها لە حیكایەتی (سوارچاك)دا، بە گۆشەنیگای جووتیارانی گوندێكی دەشتی هەولێر ئاشنا دەبین. كاتێك ئەو سوارچاكە بێ بەرانبەر، شەوانە بەرگرییان لێ دەكات و بێ پەروا بەگژ هێزی چەوسێنەردا، كە لە كەسێتی ئاغادا بەرجەستەیە دەچێتەوە. ئەوان هەتا نەیاندیوە تەواو پێی سەرسامن و خۆزیا و بریایانە رۆژێك خۆی دەرخات و چاویان پێی ڕوون بێت و بە دیداری شاد بن. كەچی وەختایێ بە ڕۆژی ڕوون و لە نێوەندی گونددا خۆی ئاشكرا دەكات، بێزیان لە شۆڕەسوار دەبێتەوە و هەموو پێكڕا دەڵێن (وەی سەد بریا هەر نەماندیبای). ڕەنگە مەبەستیان لەوە بووبی. مەرج نییە ئەوانەی بەرگریمان لێ دەكەن و ئێمە لە خەیاڵی خۆماندا وێنەیەكی ڕازاوەمان بۆ كێشاون، كەسانی تەواو شایستە بن و لە كەموكووڕی بەدەربن. دەكرێ بۆ خۆشیان كێماسییان تێدابێت.

ئەوەندە هەیە، ئەگەرچی حیكایەتەكە وەها ناشاد كۆتایی پێ هاتووە، وەلێ سوارچاكی قارەمانی حیكایەت، بە هەموو ئەو ناشیرینییەی خۆیەوە، وەك فۆرم و شێوەی دەرەوەی قارەمانەكە، هێشتا هەر لە ناخەوە جوان و دەوڵەمەندە. هێشتا هەر نوێنەری لایەنی خێرە و بەسەر تەرەفی شەڕدا زاڵە.

هەرچۆنێك بێت ئەم دیاردەیە، واتە كاتێك حیكایەتی فۆلكلۆریی ناشاد كۆتایی پێ دێت، مۆدیلێكە بە حیكایەتی كوردیی تایبەتە. ئەم تایبەتمەندییەیش حیكایەتی فۆلكلۆر لە ئاستی چیرۆكی هونەریی نزیك دەكاتەوە.

سەرچاوەكان:
١- علم الفولكلور، الدكتور محمد الجوهري، دار المعارف بمصر، ط (١)، ١٩٧٥، ص ١٥
٢- مدخل الي نظرية القصة، سمير المرزوقي و جميل شاكر، دار آفاق عربية، بغداد، ١٩٨٦، ص٥٤
٣- هەمان سەرچاوە، ل٥٦
٤- سەرنجێك لە دەروازەی فۆلكلۆری كوردەوە، نەقابەی مامۆستایان، هەولێر،

چاپخانەی إرشاد، بغداد، ل١٨

٥– ئەم پێشەکییەم لە مامۆستای نووسەر (جەلال مەحموود عەلی) بیستووە.

٦– تحفة‌ء مظفرية، اوسكارمان، پێشەکی و ساخکردنەوەی هێمنی موکریانی، بەشی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٧٥، ل١٠.

٧– مقدمة في الفولكلور، د. احمد مرسي، دار الثقافة للطباعة، ١٩٧٥، ص١٣٥

٨– هەمان سەرچاوە، ل١٤٤

٩– حكايات من لافونتين، ترجمة: جبرا ابراهيم جبرا، ط (١)، بغداد، ١٩٨٧، ص (٨ ـ ٩).

١٠– اثر البيئة في الحكاية الشعبية العراقية، د. عمر الطالب، دار الحرية بغداد، ١٩٨١، ص٦.

١١– الحكاية الشعبية في العراق، كاظم سعد الدين، دار الحرية بغداد، ١٩٧٩، ص ٢٠.

١٢– أثر البيئة في الحكاية الشعبية العراقية، ص٧٩

١٣– البناء الفني للحكاية الشعبية العراقية، ياسين النصير، التراث الشعبي، صيف ١٩٨٦.

١٤– هەمان سەرچاوە، ل/

١٥– الفولكلور، قضاياة و تأريخه، يوري سوكولوف، ترجمة: حلمي شعراوي و عبد الحميد حواس، المطبعة الثقافية، مصر، ١٩٧١، ص٢٧

١٦– هەمان سەرچاوە، ل٣٣

١٧– الحكاية الشعبية في المجتمع الفلسطيني، د. عمر عبد الرحمن الساريسي، ط (١)، بيروت، ١٩٨٠، ص١٣٢.

١٨– كتاب قصص الحيوان، د. داوة سلوم، دار الحرية، بغداد، ١٩٧٩، ص١٠

١٩– حكايات من لافونتين.

٢٠– رموز في عالم الحيوان، د. سامي سعيد الاحمد، التراث الشعبي، العدد الفصلي الثاني. ربيع ١٩٨٩

٢١– الحكاية الشعبية في المجتمع الفلسطيني، ص٢٤٤

٢٢– هەمان سەرچاوە، ل ٢٤٦

٢٣– بلاد مابين النهرين، ليو أوينهايم، ترجمة: سعدي فيچي عبد الرزاق، دار الحرية،

بغداد، ١٩٨١، ص (٢٦٣ ـ ٢٦٤)
٢٤- زمـان و ئـايـديۆلۆژيـاى كـۆمـەڵگاى مـاد، وەرگـێـڕانـى: لوقــمـان غـەفـوور، ئاڵاى ئازادى، ژ١٨٧
٢٥- الفولكلور ماهو؟، فوزي العنتيل، دار المعارف بمصر، ١٩٦٤، ص١٧٦
٢٦- الفـولكـلور في العـهـد القـديم، جـيـمس فـريزر، ترجـمـة: د. نبـيلة ابراهيم. ج (١)، ١٩٧٢، ص٤٨
٢٧- هەمان سەرچاوە، ل٦٢
٢٨- مـەم و زين، ئەحـمـەدى خـانـى، شـرۆڤـەكرن و ڤـەكۆلينـا ئەمين ئوسـمـان، مطبـعـة الجاحظ، بغداد، ١٩٩٠، ل٢٨١
٢٩- قصصنا الشعبي، د. نبيلة ابراهيم، دار العودة، بيروت، ١٩٧٤، ص٤٤
٣٠- الحكاية الخـرافـيـة، فـردريش فـون ديرلاين، ترجـمـة: د. نبـيلـة ابراهيم، ط (١)، دار القلم، بيروت، ١٩٧٣، ص١٩
٣١- هەمان سەرچاوە، ل٣٣
٣٢- هەمان سەرچاوە، ل٤٦
٣٣- هەمان سەرچاوە، ل٥٤
٣٤- الاساطير، د. احمد كمال زكي، دار العودة، بيروت، ١٩٧٩، ص٦٨
٣٥- الاسطورة والادب، د. رانية سمارة، المدي، العدد (١٢)، ١٩٩٦
٣٦- الفولكلور قضاياة وتأريخة، ص١٠٦
٣٧- الحكاية الخرافية، ص ٣٨
٣٨- اللعبة، نزار الاتروشي، التراث الشعبي، العدد، (٤) ١٩٧١
٣٩- الحكاية الشعبية في المجتمع الفلسطيني، ص٢٨٠
٤٠- هەمان سەرچاوە، ل٢٨١
٤١- الاساطير، د. احمد كمال زكى، ص٤٦
٤٢- هەمان سەرچاوە، ل٥٤

## حیکایەتخوانەکان

١– حەمە پاشای حیکایەتخوان: کۆتاییی سەدەی نۆزدەم لە دایک بووە و ساڵی ١٩٨٩ لە شاری سلێمانی کۆچی دواییی کردووە. لە خزمەت مەلیک مەحموود و شێخ عەلادینی بیارەدا حیکایەتخوان بووە. چەند ساڵێک زیندانی بووە و حیکایەتی بۆ زیندانییان گێڕاوەتەوە. ئەوان نازناوی (پاشا)یان داوەتێ. لە سلێمانی بەدووکانداریی دەژیا. خوێندەواریی نەبوو. ١٩٨٥ ئەم حیکایەتانەی بۆ گێڕاومەتەوە: ١– بەهار و بەوزۆ ٢– هەمبانەی زێڕ ٣– سێ برا ٤– ئەو ڕۆژەی ماسی دەباری ٥– شەودز و ڕۆژدز ٦– ماسییە ڕەنگاوڕەنگەکە ٧– مەملەکەتی ماسی ٨– ئەسپی پاشای ڕۆم ٩– سەید و بازرگان ١٠– سەد کووپەی پڕ لە زێڕ ١١– عەول ١٢– گرەو.

٢– باوکم (حسن کریم معروف ١٩٠٩ ـ ١٩٩٧) لە دێی قازانقایەی سەر بە قەرەداخ لە دایک بووە. خوێندەوارە. ئەم چیرۆکانەی بۆ گێڕاومەتەوە: ١– بووکی عەبابەیلێ ٢– دە غازی ٣– ئاشەوان ٤– حاتەمی تەی ٥– سوار ٦– لەم ئاڵوگۆڕەدا تیادەچم ٧– درۆی ڕێوی ٨– نەخۆشییەکی سەیر ٩– کەرو ڕمووزن ١٠– نان بێرن.

٣– بابا ڕەسووڵ ئیسماعیل دێلێژەیی (١٩٥٣ ـ     ) مامۆستای زمانی عەرەبییە لە دواناوەندیی ڕۆشنبیر، لە شاری سلێمانی، ساڵی ١٩٩٥ ئەم حیکایەتانەی بۆ گێڕاومەتەوە. ئەویش لە زمانی (مام حەمە عەزیز)ی حیکایەتخوانەوە بیستوونی، کە ئەو حەلە لە حەفتاکانی تەمەنیدا بووە. ١– میوانی بێ ئەدەب ٢– دزێکی زیرەک ٣– سێ دز ٤– نهێنی.

٤- نووسەری خوا لێخۆشبوو مامۆستا (عومەر عەبدولرەحیم) داوای لە قوتابیانی خانەی مامۆستایان دەکرد، کە هاوینان گەڕانەوە بۆ گوندەکانیان حیکایەتی بۆ کۆ بکەنەوە. لە هەشتاکاندا بڕێک لە ڕەشنووسی ئەو حیکایەتانەی دامێ. ئەمەندەیان شایانی پاکنووس و تۆمارکردن بوون: ١- کیسەڵ و ڕێوی ٢- ئەژدیها ٣- پیرۆز و پیاوکوژان.

٥- محەمەد پیرۆت ئەحمەد، ناسراو بە (حەمەی خەلیفە پیرۆت ١٩٢٥ ـ ). لە سلێمانی دادەنیشێت. خوێندەواریی نییە، بەڵام چەند زمانێک دەزانێت. ساڵێی ١٩٩٥ ئەم حیکایەتانەی بۆ گێڕامەوە: ١- کوڕە کەچەڵە ٢- شەڕە گا.

٦- عومەر محەمەد مووسا (١٩٢٤ ـ ) لە گەڕەکی زەرگەتەی شاری سلێمانی دادەنیشێت و خوێندەوارە. ساڵی ١٩٩٢ حیکایەتی (شوان و شەیتان)ی بۆ گێڕاومەتەوە. هەمان حیکایەت خاڵە (عزت عەلی محەمەد)ی خەڵکی (بادانە)یش بۆی گێڕاومەتەوە. ئەوەندە هەیە لەلای ئەم جامی مەڕ دۆشینەکە بووبوو بە (هەمبانە).

٧- عزت عەلی محەمەد، ناسراو بە (عیزەتی عەلی مەلا ١٩٤٢ ـ ) خەڵکی گوندی (بادانە)ی سەر بە شارباژێڕی سەختە. خوێندەواریی نییە. پایزی ١٩٩٥، کاتێ لەگەڵ تیمی مین هەڵگرتنەوەی (سۆلیداریتی)دا کارم دەکرد و لەوێندەرێ دەمامەوە و کاک عیزەت میوانداریی دەکردین؛ لە ماڵەکەی خۆیدا ئەم حیکایەتانەی بۆ گێڕاومەتەوە: ١- زەردەخەنەی باوکێک ٢- شوان و شەیتان.

٨- کمال ئەحمەد دۆڵپەمویی، (١٩٤٤ ـ ) خوێندەوارە و دەستی نووسینیشی هەیە. لە سلێمانی دادەنیشێ. ١٩٨٥ حیکایەتی ١- (دەردەدار بە حاڵی دەردەدار دەزانێ) ٢- (زامی خەنجەر سارێژدەبێ، زامی زبان سارێژ نابێ)ی بۆ گێڕاومەتەوە.

٩- پاشــا مــحــەمــەد عــەبدوڵا (١٩٤٧ ـ ١٩٩٥). بەڕێوەبەری قـوتابخــانەی (عەواڵ)ی سـەرەتایی بوو، کاتێک ساڵی ١٩٨٦ حیکایەتی (بـەردی مەرگ)ی بۆ گێڕامەوە. دیارە ئەویش لە زاری جـووتیارەکانی بیستبوو. خوا لێخۆشبوو لە گـەڕەکی (بەرانان)ی شـاری سلێـمـانی دادەنیـشت و سـەردەمـێک دراوسێ بووین.

١

## زەردەخەنەی باوکێک

جووتیارێک باوکی چووبووە ساڵەوە، پیر و کەنەفت بووبوو. ڕۆژێک کردییە کۆڵ. جەوەنگەیەک ئاو و توێشەبەرەیەک نانیشی لە تەک خۆیدا برد و لە ئاوایی تەقییەوە. دەمەوئێوارە گەیشتە دەم ئەشکەوتێک. لە زاری ئەشکەوتەکە باوکی دانا. جەوەنگە ئاوەکە و توێشەبەرە نانەکەی بۆ جێ هێشت و وتی:

«بۆ خۆت لێرەبە.. نان و ئاوم بۆ داناوی. ئەگەر پێویستی تریشت هەیە با بۆتی پەیدا بکەم؟»

باوکەکە خۆی لێڵ نەکرد. بەڵکو بە زەردەخەنەیەک وەڵامی کوڕەکەی خۆی دایەوە. کوڕەش لەم زەردەخەنەیە حەپەسا و پێی ڕێی دانەگرت بگەڕێتەوە. لە باوکی پرسی:

«لەوە دەچێت ئەم زەردەخەنەیە نهێنییەکی تێدابێ. ناڕۆم هەتا پێمی نەڵێی!»

باوکەکە هەر بەدەم زەردەخەنەوە وتی:

«کاتی خۆی باوکم وەک ئێستای من، بە ساڵدا چووبوو. پێویستی بە خزمەتکردن بوو. ئێوارە وەختەیەک، لەگەڵ توێشەبەرەیەک نان و جەوەنگەیەک ئاودا کردمە کۆڵ و لە زاری ئەم ئەشکەوتەدا دام نا و خۆم گەڕامەوە. باوکیشم دایە دەست سەرما و سۆڵە و دڕندەی کێو. وا ئێستا هەمان ڕەفتار بەرەوڕووی خۆیشم دەبێتەوە. هەمان کردەوە دێتەوە ڕێی خۆم. ئەوە بۆیە زەردە دەمگرێ!»

کوڕە، کە ئەمەی لە بابی خۆی بیست، لە دڵێ خۆیدا وتی: «کەواتە دوای

چەند ساڵێکی تر، کوڕەکەی منیش هەمان ڕەفتار لەگەڵ مندا دەنوێنێ.» لە کردەوەی خۆی پاشگەز بووەوە. باوکی کردەوە کۆڵ و ڕێ و ڕێ بردییەوە ماڵ. تا ئەو ڕۆژەی مرد خزمەتی کرد.

٢

## بووکی عەبابەیلێ

دەڵێن کاتی خۆی لە گوندی (عەبابەیلێ)وە هەتا دەگاتە (مووان) شارێک بووە. لە عەبابەیلێوە کیژۆڵەیەکی منداڵ لە ماڵ دەردەچێت و ڕێی گەڕانەوەی لێ تێک دەچێ. سەرەوخوار دەبێتەوە. ئیتر ماڵ بەماڵ، قۆناغ بەقۆناغ دوور دەکەوێتەوە. تا لە دێی (مووان) لەلای دەروێشێکی وەجاخکوێر دەگیرسێتەوە. دەروێش منداڵەکە دەکات بە کیژی خۆی و گەورەی دەکات.

ساڵ دێت و ساڵ دەڕوات، جحێڵێکی نیشتەجێی عەبابەیلێ وەختی ئەوەی دێ بابی ژنی بۆ بێنێ. بە هەواڵ پرسین ناونیشانی کچی دەروێشی بۆ هەڵدەدەن. گوایە باوکی کچەکە پیاوێکی لەخواترسە، نە شیربایی وەردەگرێ و نە بەژنیشی دەدا. ئیتر دایک و باوکی کوڕە دەچنە خوازبێنی. ئەویش قایل دەبێ و کچەیان دەداتێ.

کاتێ دەیگوێزنەوە و بووک دەگاتە هەواری نوێ. بیرەوەرییە متبووەکانی دەورووژێن و بەئاگا دێنەوە. سەرنج دەدات وەک ئاشنای ئەم دەوروبەرە بێت وەهایە. ئێوارە بەسەردا دێت و کاتی ئەوەدێت زاوا بچێتە لای بووکێ. لەو دەمەدا بووکێ داوای خەسووی دەکات و لێی دەپرسێ:

«ئێوە کاتی خۆی کچتان ون نەبووە؟»

پیرەژن ئاخێک هەڵدەکێشێت و دەست لەسەر دەست دادەنێت و دەڵێ:

«بەرێ وەڵڵا، کچێکی جوانمان هەبوو، بوو بە نان و ئاو، خورا و نەگەڕایەوە!»

«لەوانەیە ئەو کچە من بم! داخۆ کۆڵەکەی بەرهەیوانەکەتان کونی تێدایە؟»

«بەڵێ کونی تێدایە!»

«کەواتە بمبە بۆ لای کۆڵەکەکە. وای بۆدەچم تاکو ئێستا والابووکی سەردەمی منداڵیمی تێدا مابێ.»

خەسوو دەست دەداتە باڵی بووکی سەر بەتارای سوور و دەیباتە لای کۆڵەکەکە. بووکێ دەست دەبات، لە کونی کۆڵەکەکەدا تۆپەڵێک والابووکی سەردەمی منداڵیی خۆی دەردێنێ. ئیتر شایی بەتاڵ دەبێت و کیژ دەگەڕێتەوە ماڵە بابی خۆی.

٣

## دە غازی

حەمەی میرە، وەکیلی شێخ مارف (باوکی حەبسەخانی نەقیب) بوو. ئەم پیاوە لە گوندی (تەنگیسەر) دادەنیشت. لە سەردانێکدا بۆ سلێمانی بە شێخ مارف دەڵێ، «گایەک یاخی بووە و جووت ناکات.»

ئەویش دەڵێ: «بینێرە با بیفرۆشن و بەنرخەکەی گایەکی تر بکڕە.)

ڕای سپارد جووتیارێک گایەکەی هێنا. حەمەی میرە شێخی ئاگەدار کردەوە. ئەمجا پێکەوە لەگەڵ جووتیارەکەدا گایەکەیان بەرەو مەیدانی شار دایەپێش. وەلێ لەوێ سەرنج دەدەن وا چوار خزمەتکاری شێخ دوور و نزیک دوایان کەوتوون و چاودێرییان دەکەن. حەمەیش هەموویان دەناسێ. دیارە شێخ بۆ ئەوەی ناردوون بزانێ بە چەندی دەفرۆشن. ئەنجام گایەکە، بە دە غازی دەفرۆشن. ئەمجا حەمە خزمەتکارەکان بانگ دەکات. کاتێ دەچنەوە بۆ لای شێخ مارف، حەمە دەڵێ:

«قوربان دام بە چوار غازی!»

«چۆن گایەک بە چوار غازی؟»

«قوربان جەنابت بۆ چاودێریی چوار خزمەتکارت شوێن خستبووم، سەرو غازیم دانێ بۆ کەباب. هەروا بێتەوە خۆم و جووتیارەکەیش دوو غازیمان لێ دا بە کەباب. جەنابیشت برا گەورەی، چوار غازیشم بۆ تۆ داناوە.»

شێخ زەردەخەنە دەیگرێت و دەڵێت: «هەق بە تۆیە. ئەم هەموو موڵک وماڵەم لە ژێر دەستی تۆدایە و بێباکم. کەچی بۆ گایەک گومانم لێ پەیدا کردی! تازە لە دەستم چوو. ها، ئەوە پارە بڕۆ گایەکی تر بکڕە.»

٤

## ئاشـەوان

ســاڵێک بەو عــەیام، لە پاینی دێی (قــازانقــایە)دا، ئاشــێک هەبوو، ئاشی خومخـانەیان پێ دەگوت. ساڵ گرانی و دز لە ناو بوو. شەوێکیـان بەسـەریا دەدەن و ئاشبگیـری دەکەن. دزەکـان چوارپەلی ئاشـەوان دەبەسـتن. هەرچی ڕزقێکی تێدا دەبێ کۆی دەکەنەوە. ئاشەوانیش لێیان دەپاڕێتەوە:

«پیاوی چاک بن قاچم بکەنەوە، هەتا سـەربانی ئاشەکە دەچم. مـەلاکەمان ناساغە و پەیمانم پێ داوە لە بریی ئەو بانگی بەیانی بدەم.»

ئەوانیش دەست و پێی دەکـەنەوە. دزێکیـان لەگـەڵی دەچێ نەبادا هەڵبێ. ئاشەوانیش دەست دەنێتە بناگوێی، دەنگی لێ هەڵدەبڕێ و ئەم بانگە دەدات:

«ئەلسەلات و (سێ) دانە

ئەگەر دەنگ دەکەم بە کوتەک میزەنە.

ئەگەر دەنگ ناکەم

تەقو (بستە)ی ئاشەکە ئەبەنە..!»

ئیتر هەر کەسێک گوێی لەم بانگە عاجباتییە دەبێ ڕادەپەڕێ. لە دڵی خۆیدا دەڵێ: «هـەبێت و نەبێت ئاشـەوان شـتـێکی لێ قـەومـاوە.» هەر یەکـەو لەلای خۆیەوە دراوسـێیەکەی بەئاگا دێنێ. دەست دەدەنە چەک و ئابلووقەی ئاشـەکە دەدەن. ئاشەوان ڕزگار دەکەن و دزەکانیش دەگرن.

٥

# شەڕەگا

لەسەر سەکۆی ناو بازاڕەکەدا، دەهۆڵکوتی کۆشک لێکدا لێکدا دەهۆڵی دەکوتا و ئاپۆرەی خەڵک ڕووی تێ دەکرد. بە دەنگێکی ئاوازدارەوە هاوئاهەنگ لەگەڵ دەنگی دەهۆڵەکەدا دەیگوت:

«ڕۆژی هەینی لە مەحەلی چێشتەنگاو، لە گۆڕەپانی گەورەی شاردا، (گازەرد)ی میر، داوای مەیدان دەکات. هەر (گا) یەک دەرۆستی بێت و لە عەردی بدات، ئەوا میری پایەدارمان بە سەد لیرەی زێڕ، خاوەنەکەی خەڵات دەکات.»

خەڵکەکەیش دەیانگوت:

«چما گا هەیە بتوانێ گازەردی میر لە زەوی بدات.»

«جووتێک قۆچی درێژ و تیژی پێوەیە بە وێنەی خەنجەری دەبان، هەریەکەو ڕووی کردووەتە لایەک.»

«باوەش بە گێپەڕەی ملیدا نایەتەوە.»

«ئەوەندە خزمەت کراوە چاوی سوور بووە.»

«هێندە زەلامە، بە دەرگەوە ناچێ.»

«تاکو ئێستا کەس نەیتوانیوە پێی بڵێ وەحە.»

«مل بە دیوارەوە بنێ دەیرووخێنێ.»

بەرلەوەی (مام هۆمەر) بگاتەوە ئاشیانەکەی خۆی، هەواڵی شەڕەگا، گەیشتبووە هەموو ماڵێک. (گابەڵەک)ی مام هۆمەر لە بۆڕەی دا و گوتی:

«مام هۆمەر ڕێگەم بدە تا بۆی بچمە چەقی مەیدانەوە.»

مام هۆمەر وتی:

«جا تۆیەکی لەڕو لات، چلۆن دەرۆستی گازەردی میر دێیت؟ وا دیارە نەدیوتە و نەناوبانگیشت بیستووە.»

گابەڵەک بۆڕاندی وتی:

«با، ناوبانگیم بیستووە. ئەگەر کوشتمی ئەوا لە کۆڵت دەبمەوە. خۆ ئەگەر بردیشمەوە ئەوا سەد لیرەی زێڕت قازانجە، تۆ لە کاتی خۆیدا بەرچنەیەک بکەرە ملم و هەقت بەسەرەوە نەبێ.»

«جا شەڕەگا بەرچنەی بۆ چییە گابەڵەک؟»

گابەڵەک بە بەرچنەی بەرسینگییەوە، لە کات و شوێنی دیاریکراودا ئامادە بوو. حەشیمەتێکی زۆری خەڵکیش لەوێ چاوەڕوانی شەڕەگا بوون. گازەردی ماڵی میر، بێباک بە بۆڕە بۆڕ و کلک بادان بە گۆڕەپانەکەدا دەسووڕایەوە و داوای مەیدانی دەکرد. لەپڕ گابەڵەک بەرچنەیەک لە ملیدا، لەبەر لووتیدا قوت بووەوە. خەڵکەکە بە قاقای پێکەنین پێشوازی ئەم دیمەنەیان کرد! وەلێ گاڵتە و جەفەنگی جەماوەر زۆری نەخایاند. چونکە گازەرد کاتێک دیقەتی گابەڵەکی دا و بەرچنەکەی لە ملیدا بینی، کلکی کلافە کرد و لە بەری هەڵات. گابەڵەکیش بە لەتربردن و لارە لارە، ها لێرە ها لەوێ شوێنی کەوتبوو؛ لە کۆڵی نەدەبووەوە.. پیاوانی میر دەیانهێنایەوە چەقی مەیدان، بەڵام بۆیان زەوت نەدەکرا. هەرچی گابەڵەکیشە تێی هەڵکردبووە بۆڕەیەکی ناساز و بە پێکۆڵ تۆزی بە با دەکرد. دوا جار گازەرد، کەلەبەرێکی دۆزییەوە و لە گۆڕەپانەکە ئاودیو بوو؛ کەس نەیزانی کوێوە چوو. بەم شێوەیە گابەڵەک گرەوی بردەوە. لەلایەن ئامادەبووانەوە بۆی درا لە هاڕەی چەپڵەڕێزان. سەد لیرەی زێڕیشیان لە مستی مام هۆمەر کرد.

لە گەڕانەوەدا مام هۆمەر بەگابەڵەکی وت:

«سەری خۆت و منیشت بەرز کردەوە! بە چاک و پیران سوێندت دەدەم،

نهێنی ئەم سەرکەوتنەم پێ بڵێ.»

گابەڵەک وتی:

«بەرلەوەی بێمە لای تۆ، ئەم گازەردە لەلای جووتیارێکی نەدار بوو. لە ئێستای من لات و لەوێرتر بوو. سەری دەڕۆیی پاشی نەدەڕۆیی. ئێمە دراوسێ بووین. جارێکیان داوای (کا)ی لێ کردم. منیش پڕ بەرچنەیەکم بە قەرز دایە. بەڵام ئەو قەرزەکەی پێ نەدرایەوە. جارێک و دووانی تریش هاتە لام و منیش هەر بە بەرچنە قەرزم دەدایە. تاکو ئێستایش هەر قەرزارمە. دوا جار ماڵی میر لەو جووتیارەیان کڕی و بوو بەم گایەی، کە بەچاوی خۆت بینیت. ئێستاش کاتێک منی بە بەرچنەکەوە بینی، وای زانی هاتووم داوای قەرزەکانی لێ بکەمەوە. ئەوە بۆیە لە بەرم هەڵدەهات.»

٦

## سێ برا

هەبوو نەبوو.. کەس لە مرۆڤ زرنگ و وریاتر نەبوو. لە دێیەکی ئەو بناری چیایەدا پیرەمێردێک هەبوو، سێ کوڕی هەبوو، بە هەژاری پێی گەیاندبوون. ڕەنجێکی زۆری لەگەڵدا دابوون، تا گەیشتبوونە ماڵ و حاڵ و نانی خۆیان. کوڕەکان دارا و دەستڕۆیشتوو بوون، باوکەکەیش تەواو چووبووە ساڵەوە و توانای پەیداکردنی بژێوی نەمابوو. کوڕەکانیشی هەتا بڵێی بێ ئەمەک بوون و لایان لێ نەدەکردەوە. ئەو لە کەلاوە کۆنێکدا بێ حاڵ و بێ دەرەتان دەژیا. ئەو زۆر لە کوڕەکانی بەگلەوگازن بوو. ڕۆژێکیان هاوڕێیەکی دێرینی بردییە پەناوە و بەگوێیدا چرپاند:

«تەگبیرێکت بۆ دەکەم، ئەگەر بەقسەم بکەیت ئەوا نانت دەکەوێتە ڕۆنەوە و لە لای کوڕەکانت دەبیتە هەنگوینی شەمەتلێنکە.»

پیرەمێردیش ورد گوێی بۆ ڕاگرت، پاشان بەڵێنی دایە بە ڕاوێژی بکات. پیرەمێرد چووە لای کوڕی گچکەی خۆی و پێی گوت:

«کوڕم کووپەیەک زێڕم لە جێیەک شاردووەتەوە.. بەتۆ نەبێ، بەکەسی تری نادەم. لە سەرەمەرگدا شوێنەکەیت پێ دەڵێم. بەلام با نهێنی بێت و لەکن براکانت مەیدرکێنە.»

ڕۆژی دووەم، چووە لای کوڕی ناوەنجی و هەمان مزگێنی و بەڵێنی بەگوێی ئەویشدا دا.. دواتر هەمان کاریشی لەگەڵ کوڕی گەورەیدا کرد.. ئیتر سەرفرازی ماڵی خوا بی، ماڵ لەو هەوارە نەما.. لەو ڕۆژەوە پیرەمێرد نانی کەوتە ڕۆنەوە. هەر ڕۆژە و لەسەر خوانی کوڕێکی بوو. لە شیرینیدا لەوەدابوو قووتی بدەن. لە سەرەمەرگدا، هەرسێ کوڕەکەی هاتنە سەرینی. ئەویش ئاوا

نهێنییەکەی لە لا ئاشکرا کردن:

«کورە شیرینەکانم. ئەوی ڕاستی بێت، بە هەمووی کووپەیەکی لێوانلێو لە لیرە گومان دەبەم. ئەوەتا لەبن دارەکەی سەرکەلدا شاردوومەتەوە. بچن دەری بێنن و وەک برا بەشی بکەن.»

پیرەمێرد ئەوەندەی وت و چاوانی لێکنا و مالآوایی لە ژیان کرد. دوای ئەوەی باوکیان ئەسپەردەی خاک کرد و پرسەکەی تەواو بوو. سێ برایەکە، حاڵ و مەسەلەیان بۆ مەلای دێ گێڕایەوە. مەلا کەوتە تەک سێ برا.. چوار قۆڵی چوونە سەر شوێنی دیاریکراو. ئەو ڕۆژە مەلا مێزەرێکی گەورەی بەستبوو. مێزەر سەکۆیەک بوو بۆ خۆی. مەلا ناوبژیوانی نێوان سێ برایەکە بوو.

لەسەر فەرمایشتی خۆی کووپەکەیان نایە بان تەپڵی سەری. لەسەر ئەوە ڕێککەوتبوون، پیاوێکی ڕاستگۆ، بە توندی دارێک بەناوەڕاستی زارکی کووپەکەدا بماڵێ. کاتێک کووپەکە شکا و هاڕەی کرد، ئەو لیرانەی کەوتنە کۆشی مەلاوە، با بۆ خۆی بێت. ئەوانەیشی ڕژانە پشتی مەلاوە با بۆ برای گەورە بێت. ئەوانەیشی کەوتنە دەستە ڕاستییەوە، لەبۆ برای ناوەنجی بێت و ئەوانەی کەوتنە دەستە چەپییەوە، بۆ برای گچکە بێت.

ناردیان پیاوی ڕاستگۆ هات. لەو دەمەدا، کە پیاوی ڕاستگۆ داری لە دەمی کووپە سرەواند، چی ڕوو بدات باشە؟ لە ڕووتاندا بە گولآو بێت، پیسایی، کە هی پیرەمێردەکەی باوکیان بوو، کاتی خۆی لە کووپەی کردبوو، لەسەر سەری مەلا بالآ بووەوە و پنتێکی لێ نەکەوتە خوارەوە.

براکان حەپەسان و لەم دەرئەنجامە سەیر و سەمەرەیە زرتەی چاویان دەهات. ئەوان دەمیان بوو بە تەڵەی تەقیو. نەیانتوانی یەک قسە بکەن. بۆگەن ئەو ناوەی پڕ کرد. مەلایش ئەوق بووبوو. بە زمانێکی تێکەڵ و پێکەڵ، وشەکان لە قوڕگی دەگیران. پێی وتن، «منیشتان بە خۆتانەوە پیس کرد! ئەگەر ئەنگۆ باش بوونایە، باوکتان ئەم شتە جوانەی بۆ جێ نەدەهێشتن.»

منیش کەوشم دڕا، هیچم پێ نەبڕا.

٧

## پیرۆز و پیاوکوژان

پیــرۆز، کــچــێکی کــەڵەگــەتی ســـەوزەی چاوڕەش بوو. کــوڕگــەلی ئاوایی ئاواتەخوازی بوون. وەرز هاوین بوو، هاتبوونە هەوار و بەدیار کشتوکاڵەوە بوون. شەوێکیان لەگەڵ دوو دەستەخوشکیدا، خەریکی شەواژۆ بوون. دوای ئاوداشتن، یەکێکیان دەڵێ:

«شێرە کچ ئەو کەسەیە، بەم شەوە سەری ئاوایی دەدات و دەگەڕێتەوە.»

پیرۆز خێرا وتی، «خوشکی بچووکتان ئامادەیە.»

دووەمیان وتی، «ناونیشان ئەوەبێ، چنگێک خوێ بکاتە ئەم فەقیانەی و چنگێ توتن بکاتە ئەو فەقیانەیەی.»

ئیتر بەو شەوە پیرۆز ڕێگە دەگرێتەبەر و خۆی بە ئاواییدا دەکات. چنگێک خوێ دەکاتە فەقیانەی ڕاستی و لەو دەمەدا، کە خەریک دەبێ چنگێک توتن بکاتە فەقیانەی چەپی، گوێی بە دەنگ و هەرایەک دەزرنگێتەوە. سەر دەکێشێ و سەیر دەکات، دەبینێ وا بە چوار زەلام لاوێکیان داوەتە پێش. لاوەیش لێیان دەپاڕێتەوە بیبەخشن و نەیکوژن. بەڵام ئەوان گوێی لێ ناگرن. کاتێک دێنە پێشەوە و دیقەتیان دەدا، تێ دەگات، کە ئەو لاوەی بەگیریان هێناوە، (سامال)ی دەزگیرانێتی. پیرۆز دڵی دادەخورپێت و تیادەمێنێ، نازانێ چی بکات. ئەگەر خۆی ئاشکرا بکات، هیچی لە دەست نایەت. بگرە لەوانەیە ئەمیش بدەنە پێش و سبەی ببێ بە قاو، گوایە بە ئاکاری خراپەوە بینراوە بۆیە کوژراوە.

وەکیتر ژیانی دەزگیرانەکەی لە مەترسیدایە. هەرچۆنێک بێت، خۆی دەداتە

پەنا. لەم کاتەدا فەرەنجی لەبەریکیان، خەنجەرێک دەکوتێتە سەر دڵی سامال. ئەوانی تریش بەخەنجەر دای دەدروون. پیرۆزیش وا چاوی لێیە بۆ شتێک دەگەڕێن خەنجەرە خوێناوییەکەی پێ بسڕن. بەدەم گەڕانەوە لێی نزیک دەبنەوە. ئەمیش لە ترسی ئەوەی، نەبادا لێی بێنە پێشتر و بیبینن، دەسرۆکەکەی خۆیان بۆ هەڵدەدا. ئەوەی پێشەوەیان دەسرۆکەکە هەڵدەگرێت و دەڵێ:

«کورینە ئەم دەسرۆکەیە گەرمە، هەبێ و نەبێ یەکێک بۆی هەڵداوین. هەرکەسێک بێت ئاگای لێمانە! با هەر ئێستا بیدۆزینەوە و بیکوژین. ئەگینا نهێنیمان هەڵدەمالێ.»

یەکێکی تریان دەڵێ: «بەم تاریکە شەوە کێ دەماننناسێتەوە؟ دوای ئەوەیش، ئێمە یەکێکمان کوشتووە، بۆچی بیکەین بە دوو.»

پیرۆز چەند لێیان ورد دەبێتەوە، هیچکامیان ناناسێتەوە. لەو دەمەدا بیرێک بە مێشکیدا گوزەر دەکات. خۆی لە لاشەی خڵتانی خوێنی سامال نزیک دەخاتەوە و چنگ دەنێتە خوێنەکەیەوە. فرسەت دێنێ و لەپی خوێناوی بەپشتی فەرەنجی لەبەرەکەیاندا دەنێت.

پیاوکوژان دەڕۆن. پیرۆز تاوێک خۆشەویستەکەی دەلاوێنێتەوە. تاوەودوا بەرەو هەوار دەگەڕێتەوە. لەو کاتەدا، دەگاتەوە بە دەستەخوشکەکانی، کە بەنیگەرانییەوە چاوەڕوانی دەکەن، پیرۆز بەلادا دێت و دەبووڕێتەوە.. ئەوانیش بە چواردەستە دەیگەیێننە ماڵ و لەو گرەوەشی کردبوویان پەشیمان دەبنەوە. پووشووی بەلووتدا دەسووتێنن تاکو بە ئاگابێتەوە. کاتێک دەوری چۆڵ بوو، پیرۆز بە باوکی وت:

«خوێنی سامال گوم مەکەن. هەر پێنج پەنجەی خوێناویم وا بە پشتی فەرەنجیی بکوژەکەیەوە.»

پیرۆز، لە نووکەوە بەسەرهاتی ئەو شەوەی بۆ باوکی گێڕایەوە. هەوار چۆڵ دەکەن و دەگەڕێنەوە دێ. ڕۆژێکیان باوکی پیرۆز بۆ داربڕین دەچێتە چیا. لە

قەدپاڵێکدا فەرەنجی پۆشێک دەبینێ خەریکی داربڕینە. کاتێ ورد سەرنجی دەدا، شوێن پەنجەی سووری کچەکەی بە فەرەنجییەکەیەوە دەبینێ.. بەم شێوەیە خوێنی سامالّ ون نابێ. ئاهێکیش بە گیانی پیرۆزدا دێتەوە.

٨

## سـەد کووپەی پڕ لـە زێڕ

توجارباشـیی شـار کـوڕێکی تاقـانەی هـەبوو. هیندەی گـلارەی دیدەی خـۆشـی دەویست. ڕۆژێک بانگی کردە لای خۆی و پێی وت:

«کـوڕم ئـەحـمـەد، مـن وا پیـر بووم و سـامـانێکی زۆریشـم هـەیە. لـە نەوەیش تەنیا تۆم هـەیە. دەمەوێ بەرلەوەی بمرم بتکەمە پەردەوە.»

ئەحمەد ئەرێی دا. باوکیشـی وتی:

«بەڵام داوایەکم هـەیە، دەبێ بە گوێم بکەی! ئەگەر چوویتـە لای بووکێ و کچ نەبوو، دەبێ ئاگادارم بکەی.»

ئەحمەدیش وتی: «چۆن دەفەرمووی با وەهابێ.»

توجارباشی، (ڕێحانە)ی کچی یەکێک لە توجارەکانی شـاری بۆ خـواست. بەڵام بەرلەوەی کوڕە بچێتە پەردەوە (ڕێحانە)ی دەزگیرانی بە گوێیدا چرپاند:

«دەبێ سـوێندم بـۆ بخـۆیت، کـە هـەرچی عـەیب و خـەوشـێکم هـەبێ بۆم بپۆشیت و ئاشکرای نەکەیت.»

ئەحـمـەد سـوێندی بۆ خـوارد بـە قسـەی بکات و عـەیبـەکانـی بۆ بپـۆشـێت. کـاتێک کـوڕە چووە پەردەوە. بووکێ (ژن) دەرچوو، پاکیـزە نـەبوو، بەڵام وەک سـوێندی بۆ خـواردبوو بۆی پـۆشـی و لـەلای باوکـی نەیدرکـاند. باوکـەیش پیرۆزبایی لێ کردن.

زۆری نەخـایـاند توجـارباشـی مـرد. ئەحـمـەدی بـەناز پـەروەردە و ئارەق نەڕشـتوو، بەهـەردوو دەست سـامانی باوکی تەخشان و پەخشـان دەکرد. بۆیە ڕۆژێک دایکی ئەحـمـەد، دەسـتی بـووکـەکەی گرت و لـە دەرگـەیەکی نهێنییـەوە

بردییە ژوورێکی گەورەوە، کە سەد کوویەی لێوانلێو زێڕی تێدا بوو. بە بووکەکەی وت:

«ئەحمەد دەستبڵاوە با پێ نەزانێ. دنیایش مردن و ژیانە. خەزوورت ئەوەندەی بۆ جێ هێشتووین، لە سەرمانەوە دێت و لە پێمانەوە دەڕوات. ئاگەدار بە، نەبادا ئەحمەد لە بەردی بدات.»

زۆری نەخایاند دایکی ئەحمەد ئێوە خۆش. ئەحمەدیش بەم نهێنییەی نەدەزانی. ئێوارەیەکیان، کاتێک گەڕایەوە ماڵ، دیتی ڕێحانە بۆ شێو، نان و پیازی بۆ داناوە! کوڕی توجارباشی و نان و پیاز! زۆر تووڕە بوو. ڕێحانە هاتەوە بەگژیا و وتی:

«هەر ئەوە گومان دەبەم.. تەنانەت بۆ بەرچایی نانمان لە ماڵدا نییە.»

«ئەی کەواتە چارمان چییە؟»

«چار هەر ئەوەیە لە بەیانی زووتر نییە بچی کار بکەی.»

ئەحمەد بە گوێی کرد. تاریک و ڕوون بۆ کرێکاری لە ماڵ دەرچوو. بە ڕێککەوت (خواجە حەسەن)ی خاوەن کار، برادەری باوکی دەرچوو. بەجلوبەرگە نایابەکەیدا ئەحمەدی ناسییەوە. داوای لێ کرد دەست و پێ گەچاوییەکانی بشوات و بگەڕێتەوە بۆ لای.. خاوەن کار لێی پرسی:

«چۆنە لەسەر ئەو هەموو سامانەی باوکتدا هاتووی بۆ کرێکاری؟ ئەحمەد، بزانە من و باوکت وەک برا بووین و چاکم دەناسی.»

«هیچمان بە دەستەوە نەماوە و بە ناچاری بۆ کرێکاری هاتووم.»

«من بزانم ژنەکەت لێتی دەشارێتەوە، بە قسەکانم سەغڵەت مەبە، من ڕاستیت پێ دەڵێم! ڕێحانە هێشتا کچ بوو، لەگەڵ (میرزا مەحموود)دا دەستی تێکەڵ کردبوو. دوور نییە بەرەورووی ئەوی نەکردبێتەوە. وا من چوار لیرەت دەدەمێ بچۆ تاقی بکەرەوە.»

ئەحمەد پەژارە دای گرت و لۆژ لۆژ گەڕایەوە ماڵ. بە ڕێحانەی وت:

«فەرموو ئەوە ڕۆژانەکەم. شیو ئامادە بکە، ئەمشەو هاوڕێیەکی شیرینم بانگهێشت دەکەم.»

«هاوڕێی شیرینت کێیە؟.. کوڕی کێیە؟»

«میزا مەحموودی بازرگان!.. هەیە نەیناسێ؟»

ڕێحانە لە دڵەوە زۆری پێ خۆش بوو. وەکیتر خۆی لێ نەبان کرد. کاتێک ئێوارە لەگەڵ میرزادا گەڕایەوە ماڵەکەی. سەرنجی دا بایی چل لیرە هەر میوە و خواردنەوەی ڕازاندووەتەوە. ئەحمەد لەم کارە سەری سوڕما. دوای شێوکردن بە میرزای گوت:

«خۆت دەزانی من کرێکارم و دەبێ شەوەکی بڕۆمە سەرکار. بۆیە دەبێ زوو بنووم. ماڵ ماڵی خۆتە، شەوباش.»

دوو بەتڵی شەو ڕابورد. دیتی وا ژنەکەی پێشی میرزا کەوت. ئەحمەدیش لە دوورەوە بە پێدزکە بە دوایاندا ڕۆیی. کاتێکی زانی بردییە ژوورێکی پەنامەکی، کە سەد کووپەی پڕ لە لیرەی زێڕی تێدایە! ئەحمەد بە حەپەساوی گەڕایەوە شوێنی خۆی و لێی درێژ بوو. بۆ بەیانی چی دیتبوو بۆ هاوڕێکەی بابی گێڕایەوە. ئەویش پێی وت:

«بگەڕێوە ماڵ و پارەی بدەرێ با بچێ بۆ حەمام.»

ئەحمەدیش گەڕایەوە، ماڵ و ژنەکەی بۆ گەرماو نارد. ئیتر خواجە حەسەن سەد کووپەی پڕ لە گڵی ناردە ماڵی ئەحمەد و لە بری ئەوان سەد کووپە پڕ لە زێڕەکەی گواستەوە ماڵی خۆیان و بە ئەحمەدی وت:

«سبەینێ لەگەڵ ڕێحانەدا بچنە بازاڕ و خانووەکەتان بخەنە سەر سەودا. بەڵام لە دە هەزار لیرە کەمتری نەدەی.»

ئەحمەد بە سەرسوڕمانەوە وتی:

«کەس دە هەزار لیرەی پێ نادات.»

«بەڵام من کەسێک دەناسم ئەو پارەیەی پێ بدات.»

ئەحمەد ئەم تەگبیرەشیانی بەقسە کرد. خانووەکەی خستە سەر سەودا و دە هەزار لیرەی زێڕی لەسەر دانا. خەڵکی گاڵتەیان پێ دەهات. بەڵام، کاتێک میرزا مەحموودی بازرگان پێی زانی ئامادەیی خۆی پێشان دا بیکڕێ.. ئەو خۆی دەیزانی چی تێدایە. بە ئەحمەدی وت:

«ئێستا تەنیا پێنج هەزارم لە دەستایە، ئەوی تری با بمێنێ بۆ سبەی.»

ئەحمەد قەواڵەی بۆ مۆر کرد، بەڵام بە مەرجێک «ئەگەر سبەینێ ئەو پێنج هەزار لیرەیە نەدات، ئەوا خوێنی حەڵاڵی ئەحمەدە.» چەند شاهیدێکیش قەواڵەکەیان مۆر کرد.. هەر ئەو شەوە ئەحمەد خانووی بۆ چۆڵ کرد. خۆی لەماڵی خواجە حەسەن مایەوە. ڕێحانەیشی نارده لای میرزا تاکو ماڵەکەی بۆ خاوێن بکاتەوە.

کاتێک میرزا ماڵەکەی پشکنی، دیتی هەموو لیرەکان بوون بە خۆڵ! بە جارێک ناوکی کەوت و چاوەکانی ئەبڵەق بوون. بەڵام تازە کار لە کار ترازاوە و هیچی پێ ناکرێ. پێشەکییە داوێتی. قەواڵەشی مۆر کردووە. میزا مەحموود لە ناخەوە ڕێحانەی بە بەشداری ئەم تەڕنە دەزانی. وەکیتر دەبوایە سبەی پێنج هەزار لیرەی تر بە ئەحمەد بدات. میرزا پەلاماری خەنجەری دا و هەر لەوێدا ڕێحانەی کوشت! کوشتی و بۆ خۆیشی هەڵات. لەو دەمەدا، کە پیاوانی دەوڵەت لەوەدابوون دەستگیری بکەن، لە چیا خۆی هەڵدێراو گیانی دەرچوو. ئەحمەدیش لە نوێ ژیانی دەست پێ کردەوە.

## ٩

# گرەو

هەبوو نەبوو.. لەو وڵاتی خۆراسانە بازرگانێکی قەبە هەبوو، (میرزا نادر)ی ناو بوو. بۆ بازرگانی هامشۆی عێراقی دەکرد. ژنێکی بەناوی (مینا خاتوون) هەبوو، لە جوانیدا تاک بوو. کۆشک و سەرایەکی لە دوو بەش پێکهاتووی هەبوو. بەشی پیاوان، خزمەتکار و بەشی ژنان، قەرەواش بەڕێوەیان دەبرد.

جارێکیان میرزا نادری بازرگان کاڵای لە وڵاخ بار کرد و لەگەڵ قەتار بەرەو عێراق بەڕێ کەوت. قەتار سەرەتای دیاربوو کۆتایی دیار نەبوو. بۆ پشوودان لە نزیک سنووری عێراق بار و بنەی خست.

لە وڵاتی عێراقیش بازرگانێکی بەناوودەنگ هەبوو (خواجە نەعمان)یان پێ دەوت. ئەویش بۆ خۆراسان دەهات. لەو نزیکە بنەی خستبوو. میرزا نادر بۆ شێوکردن خوڵکی خواجە نەعمانی کرد. دوای شێوکردن، خواجە نەعمان کەوتە پرسیار. ئەوان لە هەموو ئاشێکیان دەکرد. قسە هاتە سەر باس و خواسی خێزانی میرزا نادر.. میرزا وتی:

«تاکو ئێستا کەس ڕووی مینا خاتوونی خێزانی منی نەدیوە، مەگەر قەرەواشەکانی خۆی.»

خواجە نەعمان هەڵیدایە وتی: «ئەی ئەگەر من توانیم چاوم پێی بکەوێت؟»

میرزا نادر وتی: «خۆت ماندوو مەکە، ئاسنی سارد دەکوتی.»

خواجە نەعمان وتی: «با گرەوێکی لەسەر بکەین.. هەر ئەمشەو بەڕێ دەکەوم. با کاروان لێرە بێت تا من بەڵگە و ناونیشانی مینا خاتوون لەگەڵ خۆم دەهێنم و دێمەوە.»

میرزا نادر وتی: «ئەدی ئەگەر نەتهێنا؟»

خواجە نەعمان بە تەواوی باوەڕبەخۆبوونەوە وتی: «ئەگەر هێنام ئەوا ئەو سامانەی پێتە دەبێتە هی من. ئەگەر سەرکەوتووش نەبووم ئەوا کاروانەکەم بە کاروانچییەکانیشەوە خەلاتت بێت.»

میرزا نادر بەم گرەوە قایل بوو. هەر لەوێدا قەواڵەیان نووسی و هەردوو لا مۆریان کرد.

خواجە نەعمان هەگبەیەک لیرەی لە پاشکۆی بەست. سواری ئەسپێکی خۆشبەز بوو. تاقە سوارە کەوتەڕێ. خۆراسان خۆت بگرە و هاتم. بۆ ئێوارەی داهاتوو تەقەی لە شارەکەی میرزا نادر هەڵساند.. لەبەر دەرگەی ماڵی پیرەژنێکدا جڵەوی ئەسپی ڕاکێشا و وەستا. چنگێک لیرەی کردە مشتی پیرەژنەوە. ئەویش دیزە و گۆزەی فڕێدایە دەرەوە. جێی بۆ ئەسپەکەی خۆش کرد. دوای پشوودان، خواجە نەعمان بە پیرەژنەی وت:

«داپیرە چی بێ لە تۆ نهێنی بێ، من لە ولاتێکی دوورە دەستەوە دێم.. هاتووم مینا خاتوونی ژنی میزا نادر ببینم! باسی ناسکی و نازداری ئەم ئافرەتەیان زۆر بۆ کردووم. دەبێ فریام بکەوی! خۆ ئەگەر بێتو کارێک بکەی بە دیداری شاد ببم و بیبینم، ئەوا ئەوەندە لیرەت دەدەمێ تا ماوی بە زیادەوە بەشت بکات.»

پیرەژن وتی:

«ببم بە قوربانت، ئەوە کارێکی زۆر ئاسانە.. ئەی گوایە نەتبیستووە شەیتان لە مەکری پیرەژن دەرنابات! بنوو خەمت نەبێ.»

بۆ سبەی، پیرەژن سەندووقێکی کونبڕی بەکرد دا.. درزێکی بچووکی تێدا هێشتەوە. بۆ خۆشی دەستە بەرگێکی سەوزی بە کرد دا و تەزبیحێکی سەدویەک دانەی بە دەستەوە گرت. خواجە نەعمانی پەستایە سنووقەکە. ئەمجا دوو کۆڵهەڵگری بانگ کرد. ساڵدانە ساڵدانە سنووقەکەیان بۆ گواستەوە ماڵی میرزا نادر.. پیرەژن لە دەرگەی دا. دەمودەست قەرەواش

بەدەنگێوە هاتن.. پیرەژنیش دەستی بەقسان کرد:

«لە بەرتان مرم، فریام کەون با ئەمساڵیش دوانەکەوم. من هەموو ساڵێک چووم بۆ حەج.. بێکەسم.. با ئەم کەلوپەلەم بە ئەمانەت لێرە بێت تاکو لە حەج دەگەڕێمەوە.»

قەرەواش لە ئاغاژنیان گێڕایەوە. مینا خاتوونیش ئەرێی دا. پیرەژن مرخێش مرخێش، سنووقی هاوردە ژوور و ڕاست بەرامبەر سەرشۆرکی مینا خاتوون داینا و ڕێ و ڕێ گەڕایەوە ماڵەکەی خۆی.

مینا خاتوون، دەستووری وەهابوو هەموو عەسرانێک خۆی دەشۆری. ئەو عەسرەیش هەمان دەستوور.. جوان و بە تەمیز، پارچە پارچە، لە بەرچاوی خواجە نەعمان چی جلکی لەبەردابوو دای کەندن و تەواو ڕووت و قووت بووەوە. ئەوجا بە جامێکی زیوەوە دەستی بە خۆشۆردن کرد. نە بکەی نە بخۆی لەبەر بەژن و باڵای مینا خانم بمری! خاڵێک وەک شەوە لە نێوان جووت مەمکانیدا دەدرەوشایەوە. کاتێک تەواو خۆی شۆرد، بە دەستەسڕێکی ئاوریشم خۆی وشک کردەوە. پاشان لە ئاستی درزەکەدا بەسەر سەندووقەکەیدا دا، تاکو وشک ببێتەوە. مینا خانم ڕۆیی. خواجەش دەمی بە درزەکەوە ناو دەستی بەهەڵمژین کرد، تاکو دەستەسڕەکەی بۆ لای خۆی هێنا. بۆ سبەی پیرەژن پەیدا بووەوە. لە بەردەرگەوە دەستی بە بۆڵەبۆڵ کرد:

«لە هاوڕێکانم بەجێ ماوم. تازە ئەمساڵ حەجم بەنسیب نەبوو. هاتووم بۆ ئەمانەتەکەم.»

قەرەواش دەستبەجێ سەندووقەکەیان دایەوە. چۆنی هێنابوو ئاوایش بردییەوە. خواجە لە سەندووق دەرهات و گەلێک سوپاسی پیرەژنی کرد. هەگبە زێڕەکەی بۆ دانا و ڕێ و ڕێ گەڕایەوە. وەختایێ بەڵگە و ناونیشانەکانی بە میرزا نادر ڕاگەیاند، میزا لە جێی خۆی وشک بوو. دەستێکی کەوتە ئەملای و یەکێکی کەوتە ئەولای. ئیتر بە ناچاری هەرچییەکی هەبوو بۆی بەجێ هێشت. لۆژ لۆژ لە تەک خزمەتکارەکەیدا، نکونائومێد

گەڕایەوە وڵاتی خوراسان. هەواڵەکەیش زۆر بە پەلە و چەشنی ئاگر و پووشوو بە سەرانسەی خۆراساندا بڵاو بووەوە. وەلێ میرزا سوور دەیزانی، کە ژنەکەی پاکە و فێڵی لێ کراوە.. کەچی لە ماڵەوە خزمەتکارەکەی لە بنی هەمبانەکەی دا و درکاندی: «ئاغاژن لە ئێمە خۆی دەشارێتەوە، بەڵام بۆ نەعمانی بازرگان بێ پەروا خۆی دەکاتەوە.»

مینا خاتوون تێ گەیشت، کە کڵاویان لەسەر مێردەکەی ناوە. مینا خاتوون دەستوبرد، دەستێک بەرگی پیاوانەی پۆشی. هەگبەیەک لیرەی لە پاشکۆی قایم کرد و تاقە سوارە تێی تەقاند. ڕووی لە شاری بەغدایە کرد. کاتێک میرزا پێی زانی ژنەکەی ماڵی چۆڵ کردووە، زۆر خەمی پێ خوارد. ئەمیش بە بەرگی دەروێشییەوە شوێنی کەوت. وەختایێ مینا خانم گەیشتە بەغدا، خواجە نەعمان لە دەوری شار بارگە و بنەی خستبوو. خەڵکی بۆ سەیرکردنی شمەک دەچوونە لای. ژنە پرسی ئەو ڕێگەیەی کرد، کە خواجە نەعمان پێیدا دەگەڕێتەوە. ئیتر لەسەر ئەو ڕێگەیە ماڵی پیرەژنێکی دۆزییەوە و پێی وت:

«داپیرە من ئافرەتم. ئەگەر میوان ڕادەگری، با سێ چوار ڕۆژێک لەلات بمێنمەوە.»

پیرەژن وتی: «میوان بەسەر چاوان.»

مینا خاتوونیش چنگێک لیرەی کردە کۆشییەوە. پیرەژنی تاین دەستێک بەرگی سورمەچنی نایابی بۆ پەیدا کرد، لەگەڵ هۆقەیەک لۆکە.. مینا خاتوون لەبەردەرگە جێی ڕاخست و بە خەڕەک کەوتە ڕستنی. ئەو پیاوەی چاوی پێی بکەوتایە دەستبەجێ حەیرانی دەبوو. وەختێ خواجە نەعمان چاوی پێی کەوت، دەمودەست عاشقی بوو. مینا خاتوون خەڕەکەکەی بردەوە ماڵ. هەر ئەوەندە کاری پێی هەبوو. گورجێ چوو بۆ لای مۆرهەڵکەن و پێی وت: «مۆرێکم بۆ هەڵبکەنە لێی نووسرابێ: میرزا نادری بازرگان.»

بە داپیرەیشی وت: «دڵنیام ئەمشەو خواجە نەعمان دەنێرێتە خوازبێنیم. تۆش پێی بڵێ بیستوومە تۆ ژنێکی تریشت هەیە. بۆیە ناهێڵم بیگوێزیتەوە

ماڵی خۆت. با هەر لەلای خۆم بێت. خەرجی بکێشە و شەوانە وەرەوە بۆ لای. بە ڕۆژیش خەریکی بازرگانیی خۆت بە.»

شەو خوازبێنیکەر هاتن و داپیرەیش وەهای وەڵام دانەوە، کە لەگەڵ مینا خانمدا لە سەری ڕێککەوتبوون. خواجەیش هەر وەهای پێ خۆش بوو.. دەمودەست ماڵەکەی پڕ ڕاخەر کرد و ڕازاندییەوە. هەموو شتێکیشی لەگەڵدا براندەوە. بۆ ڕۆژی داهاتوو، کە ڕۆژی بووکێنی مینا خاتوون بوو، خۆی چووە بازاڕ و هەندێک خورمای کڕی. بەڵام نیوەی خورماکەی تێکەڵ بە دەرمانی بێهۆشی کرد و نیوەکەی تریشی لەلای خۆیەوە دانا. مۆرەکەیشی لەناو مقەڵییەک پشکۆدا دانا.. مینا خانم بە جۆرێک خۆی ڕازاندبووەوە، هۆشی بە خواجە نەعمان نەهێشتبوو، دڵێک سەد دڵ حەیرانی دەبوو. مینا خاتوون پێی وت: «شەو درێژە جارێ پەلەت نەبێ.»

ئەو خورمایەی خستبووە لایەوە، کە دەرمانەکەی پێوە کرابوو، دوای خواردنی چەند دەنکێک، خواجە بێهۆش کەوت و بەلادا هات. خێرا دووخێنەکەی ترازاند. مۆرەکەی لە مەقەڵییەکە دەرهێنا و هەردوو ڕانی خواجەی مۆر کرد. ئەمجا قەواڵەیەکی ئامادە کراوی لە بن فەرشەکە دەرهێنا و بە مۆرەکەی باخەڵی خواجە نەعمان مۆری کرد. هەر بەو شەوە بەرگی پیاوانەی لەبەر خۆی هەڵکێشا و سواری ئەسپەکەی خۆی بوو، یەک سەڵەف بەرەو بەغدا کەوتە ڕێ. هەگبە لیرەکەیش بە پاشکۆیەوە بوو.

لە دەرەوەی شار، کۆمەڵێک پیاوی بەکرێ گرت و دوای خۆی خستن. ڕۆژێک لەگەڵ دەستە و دایەرەی خۆی هاتنە نێو شار و چوونە دەرباری والیی بەغدا. داوای لێ کرد، خزمەتکارێکی لە بەغدا گیرساوەتەوە بەڵکو دەماخ بسووتێنێ بۆی بدۆزێتەوە و بیداتەوە دەستی. خزمەتکاریش لەم ڕەنگ و لەم نیشانە.. والی ئەوەندەی لە سەرە بازرگانەکانی بۆ کۆ بکاتەوە. ئیتر ئەم خزمەتکاری خۆی دەناسێتەوە. والی بە قسەی مینا خاتوونی کرد. تەواوی بازرگانەکانی لە گۆڕەپانێکدا کۆکردەوە. مینا خاتوون، کە لە شێوەی پیاوێکی بازرگاندا خۆی گۆڕیبوو. لە ناویاندا خواجە نەعمانی هێنایە دەرەوە و وتی:

«ئا ئەمەیە خزمەتکارەکەم.»

والی سەری سوڕما، وتی:

«من ئەم کابرایە دەناسم؛ بازرگانێکی قورسە. بەو ناونیشانەی تازە گرەوی لە میرزا نادری خۆراسانی بردووەتەوە.»

مینا خاتوون وتی:

«وەک عەرزم کردن من میرزا نادرم و خواجە نەعمان گرەوەکەی دۆڕاندووە. من گرەوەکەم لێ بردووەتەوە و بە خزمەتکاری خۆم قەبووڵم کردووە.»

والی بە سەرسوڕمانەوە وتی:

«ئەقڵم نایبڕێ؛ چ بەڵگەیەکت بە دەستەوەیە؟»

مینا خانم وتی:

«یەکەم، هەردوو لاڕانی مۆری منیان پێوەیە. دووەم، ئەم قەواڵەیەی باخەڵم، کە مۆری خۆی هاپێوە و تێیدا ددان بەوەدا دەنێت، کە ماڵ و سامانی بەمن دۆڕاندووە و هەتا مردن خزمەتکارمە.»

کاتێک قەواڵەیان دی تەواو حەپەسان. لەو لایشەوە خواجە نەعمانیان بردە پەناوە. وەختایێ سەرنجی ڕانیان دا، باوەڕی تەواویان بە مینا خانم هێنا. لەم کەینوبەینەدا، میرزا نادر بە بەرگی دەروێشییەوە لەو گۆڕەپانەدا ئامادە بوو. میرزا بۆ سۆراخی ژنەکەی هاتبوو. تەواو لێیشی ڕوون بوو، کە ژنەکەی لە گوڵ پاکترە. ئەنجام، هەرچی سامانی خواجە نەعمان هەبوو دایان بە مینا خانم، بەڵام والی تکایەکی زۆری لێ کرد خواجە نەعمان ببەخشێت. مینا خاتوون دەستی مێردەکەی گرت و پێی وت:

«وەرە کابرای دەروێش، شەوی لیرەیەکت دەدەمێ، هەتا وڵاتی خۆراسان جڵەوی پێشەنگی کاروانم بۆ بگرە.»

میرزا نادر ئەرێی دا. شەو لە مەنزڵێک باریان خست. مینا خاتوون میرزای بانگ کردە خێوەتەکەی خۆی و بەیەک شاد و شوکر و ئاشکرا بوون.

باوەشیان بەیەکدا کرد. دوای ماندووحەسانەوە، بە میرزای گوت:

«دوای نامووسی خۆم کەوتم و بەدەستم هێنایەوە. سامانی خۆیشمان بە زیادەوە دەستکەوتەوە. ئێستایش تۆ لەم خێوەتەدا بنوو. بۆ بەیانی ئەم جلوبەرگەت بگۆڕە و خۆت سەرقەتار بە. منیش شەوەکی بەرەو خۆراسان دەگەڕێمەوە.»

لەوێ قاو داکەوتبوو، کە میرزا گرەوەکەی بردووەتەوە و بە سامانێکی زۆرەوە بەڕێوەیە. پیاوماقووڵانی شاریش بۆ پێشوازیی بۆ دەرەوەی شار بەڕێ کەوتن.

١٠

## بەردی مەرگ

کوردۆ و بەوزۆ جووتیار بوون. ڕۆژێکیان لەسەر نۆرە ئاو دەبێت بە دەمەقاڵ و مشتومڕیان. هەر یەکەیان لەسەر ئەوە سوور دەبێت، کە نۆرەئاوی خۆیەتی. نەخێر مشتومڕ دەبێ بە پەلاماردان و مرخێش مرخێش. کوردۆ پەلاماری بێڵ دەدات و دەیەوێ خـراپ دەست بوەشـێنێ. بەوزۆش چەند هەنگاوێک دوور دەکەوێتەوە، چاوی بە بەردێک دەکەوێت و بۆی دەچەمێتەوە. بەوزۆ لەگەڵ ئەوەشدا، کە تووڕەیە و دەماری توند بووە، بەڵام هێشتا هەر بە دڵ وشیارە و تێ دەفکرێ وا ئەو بەردەی بۆی نوشتایەوە، خۆی هەڵسایەوە و هاتە قولی مستییەوە! بگرە هێشتا بستێکی مابوو دەستی بیگاتێ، کەچی بەردی تاین لە جێی خۆی هەڵکەندراو ڕێ و ڕاست بۆ نێو قولی مستی بەوزۆ بەرز بووەوە. ئیتر بەوزۆ هەستی بەوە کرد ئەم پەرجووە بێ نهێنی نییە! قەت بووە بەرد خۆی بێتە نێو مستی شەڕکەرەوە؟ ڕەنگە ئەگەر بۆ کارێکی خێر بوایە؛ بۆ ئەوە بوایە مێخێکی پێ دابکوتی یان مارێکی پێ بکوژی، وەها بەو ئاسانییە بە دەستییەوە نەهاتایە. شەیتان نەمردووە. بەوزۆش لە هاویشتنی بەردەکە پەشیمان بووەوە. سووک و باریک بەردی لە جێی خۆی دانایەوە و خێرا چوو بەلای کوردۆدا. هێمنی کردەوە. ئەملا و ئەولای ماچ کرد و پێی وت:

«من هەڵە بووم و پەلەم کرد. نۆرەئاوی خۆتە و فەرموو جۆگەکە بشکێنە.»

وەلێ بەوزۆ، دەستبەرداری ئەم بەردە ئەفسووناوییە نەبوو. لەگەڵ خۆیدا بردییەوە ماڵ و لە نێو تاقێکدا داینا. مانگان هاتن و ساڵان چوون. کوردۆ و بەوزۆ بوون بە ئاشنا و سوێندیان بە سەری یەک دەخوارد. هامشۆی یەکیان دەکـرد. وەلێ ڕۆژگـار وەهای هێنایە پێش، کـوردۆ دووچاری دەردێکی بێ

دەرمان هات و کەفتەکار لە جێدا کەوت. نەخۆشییەکەی درێژەی کێشا. وای لێ هات خێزان و ماڵ و منداڵ بە دەستییەوە بێزار بوون. گیان دەهاتە کونە لووتی و دەگەڕایەوە. نە ئەوەبوو گیانی دەربچێت، نە ئەوەیش بوو هەڵبسێتەوە. کوردۆ وای لێ هاتبوو مەرگی خۆی بە ئاوات دەخواست. هەرچی کەسوکاریشە تەواو دەستیان لێ شۆردبوو. ئەوان زۆر بە دەستییەوە ماندوو بووبوون. بەوزۆ ناوبەناو دەچووە سەردانی.. ڕۆژێکیان بەکەسوکاری کوردۆی وت:

«من دەتوانم ئێوە لەم پەرێشانحاڵییە و کوردۆیش لەم گیانەلاّیە ڕزگار بکەم.»

ئەوانیش وتیان: «خۆت چۆنی بە باش دەزانی وەها بکە.»

ئەوان لە نیازی دڵی بەوزۆ بێ ئاگا بوون. وەلێ ئەو خۆی دەیزانی چی دەکات. بەوزۆ گەڕایەوە ماڵ. وەک دەستی ئەم موگناتیس بێت و بەردی ناو تاقەکەیش ئاسن؛ هەر لەگەڵ دەستی بۆ تاقەکە درێژ کرد بەردی تاین خۆی هاتە نێو قولی مستییەوە. بەردەکە تۆزی ڕۆژگاری لەسەر نیشتبوو. فوویەکی لێ کرد و لەگەڵ خۆیدا بۆ ماڵی کوردۆی برد. بەوزۆ هیچی وای نەکرد جێی سەرنج بێت. ئەوەندە هەبوو سووکێ بەردەکەی لەسەر سینگی کوردۆی ڕاکشاوی نێو جێ دانا. زۆری نەخایاند کوردۆ سارد بووەوە و گیانی سپارد. ئەو مرد، ئێوەم نەمرن.

١١

## حاتەمی تەی

پیاوێک لە ئێران هەبوو (حاتەم)ی ناوبوو. میوانراگر و بەخشندە بوو. هاوچەرخی (حاتەمی تەی)ی عەرەب بوو. ئەم پیاوە زۆر لەبەردڵی خۆش بوو وەک ئەو ناوبانگ دەربکات. لە کۆڕ و دیوەخاندا باسی نانبدەیی و پیاوچاکیی بکرێ. بەڵام هەرچەند دەکۆشا و بەدەوری میواندا دەهات و سامانی خۆی دەبەخشییەوە، هێشتا هەر ناو و داوی نەدەگەییە ناوبانگی حاتەمی تەی.

ڕۆژێک سەودای دیدەنی حاتەمی تەی، کەوتە کەللەیەوە. ویستی بە دیداری شاد ببێت و لە نزیکەوە نهێنی ناوبانگ پەیداکردنی ئەو پیاوە بزانێ. عەرەبستان خۆت بگرە و هاتم. شار بەشار، دێ بەدێ ڕۆیشت تاکو گەیشتە کەناری دێیەکەی لەمەڕ حاتەمی تەی. لەوێ پیاوێکی ڕووتەڵەی دیت. بارێک چیلکەوچەوێڵی لە گوێدرێژێک نابوو، بەنیاز بوو بگەڕێتەوە ئاوایی. ماندوونەبوونی لێ کرد و پرسی:

«ئەمەیە ئەو دێیەیە، کە حاتەمی تەیی لێ دەژی؟»

تمەس ئەو پیاوە خۆی حاتەمی تەیە. بەڵام ئەو خۆی لەلا ئاشکرا نەکرد و وتی:

«بەڵێ خۆیەتی، چ کارێکت بە حاتەم هەیە؟»

«ناوبانگیم بیستووە و دەخوازم دیدەنییەکی بکەم. بزانم ئەوەی من لێم بیستووە ڕاستە.»

حاتەم ماڵەکەی پەنجەنوما کرد و پێی هەڵگرت. ڕێبواری لە دوای خۆیەوە جێ هێشت و پێش میوان گەیشتە ماڵ و دەست و پێوەندی تێ گەیاند:

«پیاوێک لەم ڕەنگ و لەم نیشان، بە نیازی تاقیکردنەوە دێتە دیدەنیم. ئەوەندە بەتەنگێوە مەبن و بڵێن، بەنیازی گەشتێکی هەفتەیی لە ماڵ دەرچووە.»

کاتێک میوان دەگات، بە ساردێکەوە خوڵکی دەکەن. تەنانەت وەک میوانێکی ڕەزا سووکیش سەیری ناکەن. چەند ڕۆژێک لە دیوەخان دەمێنێتەوە، حاتەمی تەی خۆی لێ ئاشکرا ناکات. بۆیە دەپرسێت:

«پێم خۆش بوو چاوم بە حاتەمی تەی بکەوێت.»

دەست و پێوەند بە لالووتەوە دەڵێن: «بە گەشت لە ماڵ دەرچووە، چەند ڕۆژێکی پێ دەچێت.»

ئیتر حاتەمی ئێران بە نائومێدی ماڵئاوایی دەکات. کاتێک لە گوند دەردەچی، هەمدیس لووتی بە لووتی هەمان پیاودا، کە لە هاتندا تووشی هات دەتەقێ. پیاوەکە لێی دەپرسێ:

«ماوەیەک میوانی حاتەم بووی. پێم خۆشە بزانم بەلای تۆوە حاتەمی تەی چۆن پیاوێکە؟»

ئەویش بەبێ دوودڵی، دەڵێ:

«هەتا بڵێی خانەدانە. بەخشندە و مێواندۆستە. لە خوام داوایە نموونەی زۆر بێ. ئەو هەروا لە خۆڕایی ناوبانگی دەرنەکردووە.»

حاتەمی تەی، لەم وەڵامە چاوەڕواننەکراوە دەحەپەسێ و دەڵێ:

«ئەوەندی من ئاگەدار بم زۆر لەگەڵت ساردبوون. تەنانەت وەک پێویست بەخێرهاتنیان لێ نەکردی. ژەمێکی چەوریان دەرخوارد نەدای. ئیتر لەپای چی بە شان و باڵیدا هەڵدەدەی کابرا؟ دەبا لێتی نەشارمەوە منم حاتەمی تەی.»

حاتەمی میوانیش وتی:

«زۆر خۆشحاڵم بە دیدارت، تۆ ئێستا هەموو دنیا بە بەخشندە و

بەرچاوتێرت دەزانن. ناوبانگت پەڕیوەتە وڵاتان. ئەوا گریمان وتم بێ خزمەت بووم و حاتەمی تەی پیاوێکی چرووک و پیسکەیە؛ کێ بڕوام پێ دەکات؟ نەوەڵڵا هەر بە شان و باڵتانا هەڵبدەم چاکترە.. هیچ نەبێ خەڵکی گوێم لێ دەگرن و بڕوایشم پێ دەکەن.»

## ١٢
## سـوار

وەستا خورشیدی ئەمینی خدر جۆلا خەڵکی (قازانقایە) بوو. ئەو وەختی خۆی ئەم حیکایەتەی گێڕاوەتەوە. خۆیشی شایەتی حاڵ بووە.. حیکایەتەکە دەڵێ:

سـەید ئەحـمـەدی خـانەقا پیـاوێکی خـانەدانی خـاوەن لا و دیـوەخـان بوو. لە کـەرکـووک دادەنیـشت. ئەم پیـاوە مـیـوان لە دیوەخـانی نەبڕاوە. جـارێکیـان لەشـکرێک لادەداتە دیـوەخـانـەکـەی و مـاوەیەک لـەوێ دەمـێنێـتـەوە. ڕێکەوت سوارێکیان ماینەکەی دەمرێت و مەیتەر فڕێی دەدەنە دەرەوە. ئیتر سوار پیادە دەبێ و دۆش دادەمێنێ. دەستێکی دەکەوێتە ئەملا و دەستێکی دەکەوێتە ئەولا، ناتوانێ ولاخ بکڕێتەوە. سەید ئەحمەد پێ دەزانێ، دەچێتە لای و پێی دەڵێ:

«کـوڕم دڵ لە دڵ مـەدە. لێـرە بمێنەرەوە. هەمـوو ڕۆژێک ئـالیکی مـاینەکـەت وەربگـرە و کـۆی بکـەرەوە، تا ئەوەنـدەی لێ دێ بتـوانی ولاخـێکی پێ بـکڕی. ئەوجا بۆ هـەر کوێیەک دەچی ئۆغری خێرت بێ.»

١٣

## لەم ئاڵوگۆڕەدا تیادەچم

ڕۆژگاری زوو، جاف دەوارنشین بوون؛ خێڵەوخوار و خێڵەوژووریان دەکرد. دەچوونە کوێستانخۆری و نیشتەجێ نەبوون. هەرچی گۆرانیشە خانوونشین و نیشتەجێ بوون. بەڵام بە دەست زۆرداریی دەوڵەتی عوسمانی و جاف و تالان و بڕۆی هەمەوەندەوە تەواو حاڵیان شڕبوو. هەریەکێک لەم سێ لایە هەڵدەسا و چەپۆکێکی پێدا دەماڵین.

لەو دەمەدا پیاوێکی جاف کوڕێکی نەخۆش دەکەوێت. هەرچی دەواودەرمان هەیە بە قوڕگیدا دەکەن. چەندین پیر و شەخسی دەگێڕن و دوعا و نوشتەی بۆ دەکەن؛ وەلێ بێ سوود دەبێ و چاک نابێتەوە. دوا جار کابرای جاف دەستی لێ دەشوات. ڕوو دەکاتە ئاسمان و ئەم نزایە دەکات:

«خوایە ئەم کوڕەم بکە بە گۆران، هەر بە مەرجێ چاکی بکەیتەوە.»

دایکی کوڕە ئەم نزایەی پێ قووت ناچێ و دەڵێ:

«سا خوایە گیان، بیکوژە و مەیکە بە گۆران.»

هەرچۆنێک بێت نزای باوک گیرادەبێت و کوڕەکەی لە مردن ڕزگاری دەبێت. کاتێک منداڵەکە گوڕی تێ دێتەوە و لە نەخۆشییەکەی هەڵدەسێتەوە، بە باوکی دەڵێ:

«باوە هۆ باوە، بەچکە گۆرانێکم بۆ بگرە؟»

«بەچکە گۆرانت بۆ چییە کوڕم؟»

«قونە قونەی پێ دەکەم.»

«قسـەی خـاس بکە کـوڕم. من تـۆم کردووە بـە گـۆران ئەمـجـا خـوا چاکی کردوویتەوە؛ کەچی ئێستا گەرەکتە تەڵفیسی بە بەچکە گۆران بکەی؟»

کوڕەیش زۆری پێ ناخۆش دەبێت، کە بووە بە گۆران، دەڵێ:

«توخوا باوکە گیان، با نەخۆش بکەومەوە و بمرم هەر بە مەرجێک نەبم بە گۆران.. لەم ئاڵوگۆڕەدا تیادەچم.»

١٤

## درۆی ڕێوی

جارێکیان ڕێوییەک بە دوای مڵومووشدا دەگەڕێت، کاتێک لەپڕ تەڵەیەکی پێدا دەتەقێت و لاقی پێوە دەبێ. ڕێوی بە تەڵەکەوە پەیمان دەدات: «شەرت بێت بەشەرتی خوا، ئەگەر ئەمجارە ڕزگارم ببێت، کراس بۆ حەوت هەتیوان بکەم.»

هەرچۆنێک بێ ڕێوی ڕزگاری دەبێت. ئەوجا بیرێک لەو پەیمانەی کە دابووی دەکاتەوە و دەڵێ: «جا چۆن کراسی حەوت هەتیوان بە من دەکرێت؟ خۆ من جۆلا نیم هەتا جاوی بۆ ئامادە بکەم. بەرگدروویش نیم تاکو بۆی بدوورم.»

دوای ماوەیەک لاقی چاک دەبێتەوە و وەک جاران دەست بە گەڕان و مڵومووش دەکاتەوە. دووبارە ڕێوی بە تەڵەوە دەبێتەوە. دیسان بە دەم باقەباق و ئازاری دەستییەوە پەیمان دەدات: «خوایە، تەغارێک گەنمم خێربێت، هەر بەو مەرجەی ئەمجارە ڕزگارم بێ.»

بەهەرحاڵێک بووە، دوای هەوڵ و تەقەللایەکی زۆر ئەمجارەیشیان خۆی ڕزگار دەکات. بەڵام ڕێوی پەیمانەکانی خۆی لەبیر دەچێتەوە و دیسان بەدوای ژیاندا دەست بەگەڕان دەکاتەوە. نەخێر دیسانەکە زرم، ناخافڵ تەڵەی پێدا دەتەقێت. ئەمجارەیان بەدەم ئازار و باقەباقەوە بیر لەو هەموو خێر و خێراتانە دەکاتەوە، کە بڕیاری لەسەر دابوون و جێبەجێی نەکردبوون. ئەمجا دەڵێ:

«خوایە گیان خۆ قەرزار قەرزاری نەکوشتووە. هەر ئەمجارەیان فریامکەوە، پەیمان دەدەم هەموو قەرزەکانت بۆ ببژێرم.»

بەڵام ئەم کەڕەتەیان خاوەنی تەڵەکە لە باقەباقی ئاگەدار دەبێت، دەگاتە سەری و بواری نادات.

١٥

## نەخۆشییەکی سەیر

سەردەمی زوو، کاتێک عێلی جاف لە کوێستانخۆری دەگەڕانەوە؛ باو وابوو ژنەکانیان ماست و دۆینەیان دەبردە ناو دێهاتەکانی گۆران، بە خوێ و ساوەر و برنج دەیانگۆڕییەوە. ساڵێک چەند ژنە جافێک بەم مەبەستە ڕێیان دەکەوێتە (دێرەشە). یەکێکیان لادەداتە ماڵێک هەتا ماستیان پێ بگۆڕێتەوە. بەڕێککەوت، لەو دەمەدا، کەیبانۆی ماڵ بۆ شۆردنی جلوبەرگی پیاوەکەی چووە بۆ سەر چەم. پیاوەکەیشی چونکە تەنیا ئەو دەستە جلکەی هەبووە، بەڕووتوقووتی لە ماڵ جێ ماوە.

پیاوە گوندنشینەکە، ژنەجاف بانگ دەکاتە ژوورێ و وەهای تێ دەگەیەنێ، گوایە ئەو نەخۆشە و ناتوانی لە جێگە ڕاستەوە بێت. پێی دەڵێ:

«ماستەکەت ڕۆبکەرە دەفرێکەوە، ئا ئەوەیش خوێیە، جامەکەتی لێ پڕ بکە؟»

ژنە جافیش، ماستەکەی ڕۆ دەکات. وەلێ ژنە خوێیەکی زۆر دەکاتە کۆڵەکەیەوە. هەرچی خاوەن ماڵیشە چاوی لێیە و خۆی پێ ڕاناگیرێ. بەڕووتوقووتی لە بن لێفە بۆی دەردەپەڕێ، تاکو ئەوەی بە زیادە بردوویەتی لێی بسەنێتەوە. کاتێک ژنەکەیش خاوەن ماڵی دەبینێ ڕووتوقووت و درێژ، بە ئاسماندا چووە، دەحەپەسێ. هەر ئەوەندەی پێ دەکرێ دەرپەڕێتە کۆڵان. لەوێ دەستەخوشکەکانی لە خۆی کۆ دەکاتەوە. لەو دەمەدا ژنانی ئاواییش بە سەریاندا دادەبارن، تاکو بزانن چی ڕووی داوە. ژنەکەیش پێیان دەڵێ:

«پیاوێکی نەخۆش لەو ماڵەدابوو.»

ئەوانیش دەڵێن:

«با بچین بزانین چ خێرێتی؟»

ژنە جاف، پێشیان لێ دەگرێ و دەڵێ:

«ژنگەل نەخەڵەتابن بچن. نەخۆشییەکەی فرە بێفەڕە. خۆی خراپ تووش بووە. دەترسێم ئێوەش بچنە ژووری و لێوەی تووش بن.»

## ١٦

## کەر و ڕەمووزن

جوولەکەیەکی قەراخی، بە گوێرێژێکەوە، بۆ چەرچێتی ڕوو لە دێی (جافەران) دەکات. ئەو ڕۆژە بە قەدەر حاڵ وردەواڵە دەفرۆشێت. بەو نیازەی بۆ بەیانی بەرەو (سەنگاو) بەڕێ بکەوێ، شەو لەوێ دەمێنێتەوە.

بۆ سبەی دەکەوێتە ڕێ. دیارە ڕێگەیش دەربەند جافەرانە و هەتا بڵێی بەترس و لەرزە، چونکە هەموو کات چەتە و ڕێگری پێوەیە. دوو دزیش، هەر شەوێ بەم سەفەرەی خواجە دەزانن و ساڵدانە ساڵدانە لە پێش ئەودا دەگەنە دەربەند و لەوێ بۆسەی بۆ دەنێنەوە.

خواجەیش هەرکە دەگاتە نێو دەربەندەکە، ترسی لێ دەنیشێت و حۆل دەبێت. پێش گوێرێژەکەی دەکەوێت و بە دەستە ڕەشمەکەی ڕای دەکێشێ.. ئەوانیش سووکوباریک، یەکێکیان ڕەشمەی گوێرێژەکە دادەماڵێت. گوێرێژەکە دەداتە دەست هاوڕێکەی و ڕەشمەکەیش دەکاتە سەری خۆی و بە دوای خواجەدا دەڕوات. خواجەیش هێندە دەترسێت چ قوورەتە بوێرێ لابکاتەوە.

دەگەنە پلەیەکی ڕک. لێرەدا کابرای دز هەردووپێی لە زەوی قایم دەکات. خواجە هەر ڕای دەکێشێت و دزەیش زیاتر پێی دادەگرێ. ئەنجام خواجە تەواو ماندوو دەبێ و ناچار دەبێت لابکاتەوە. کاتێک خواجە، بەدەم ترس و لەرزەوە، ئاوڕ لە گوێرێژەکەی دەداتەوە، زەلامێکی ڕەشمەکراو دەبینێ و کەرەکەیشی دیار نەماوە. ئیتر هەر لەوێدا بێهۆش دەکەوێت. کاتێک بەئاگادێتەوە، پێی لێ دەکات بە پشتا و ڕێ و ڕێ بەرەو شارەدێی قەرەداخ دەگەڕێتەوە. لەوێ ژن و منداڵەکانی هەواڵی گوێرێژەکەی لێ دەپرسن. ئەویش دەڵێ: «گوێرێژی چی؟ بوو بەڕەمووزن و لەگەڵم نەهاتەوە.. نەموێرا تەماشایشی بکەم.»

١٧

## نان بێرن

ئەوڕەحمانی ئەحمەد خەسرەو، زەنگنە بوو. لە (ژاڵە)ی مەملەحە دادەنیشت. خاوەنی لا و دیوەخان بوو. لە ترسی زوڵم و زۆری عوسمانی هەڵدێت و لە تەک چەند پیاوێکی خۆیدا لە دێیەکی کوردستانی ڕۆژهەلات دەگیرسێتەوە. لەوێ دەبنە میوانی پیاوێکی پیاوانە و نانبدە.

ئەوڕەحمان لە کاتی نان خواردندا سەرنج دەدات، لەسەر خوانەکە نان کەم ماوە و نانخۆریش زۆرن. لەپڕ هاوار دەکات:

«ئادەی کوڕگەل، نان بێرن.»

پیاوێکی خۆی پێی دەڵێ:

«چیت کرد ئاغا؟ چیت وت ئاغا؟ مەگەر نازانی های لە کوێ؟»

ئەوڕەحمان کاتێک بیری لێ دەکاتەوە بەخۆیدا دەشکێتەوە و هەست بەڕووزەردی دەکات. خاوەنماڵیش سەرنج دەدات وا میوانەکەی لە شەرماندا تێکچووە. پاش نانخواردن بانگی دەکاتە لای خۆی و پێی دەڵێ:

«بۆم دەرکەوت جەنابتان لەمن پیاوترن، چونکە لەمن زیاتر بە تەنگ میوانەوەن.»

١٨

## ئەو ڕۆژەی ماسی دەباری

پیاوێک هەبوو، هەر جارێک لە بەرچاوی ژنەکەی بچوایەتە سەر بەرماڵ، دوای نوێژکردن لە خوا دەپاڕایەوە، دەیوت: «خوایە لە مەکری ژنان بمپارێزی.»

جارێکیان ژنەکەی لە دڵی خۆیدا وتی: «داخۆ ئەم پیاوەی من چ مەکرێکی لە ژن دیبێ، وا هەموو ڕۆژێک ئەم نزایە پاتە دەکاتەوە. شەرت بێ مەکری ژنانی نیشان بدەم.»

ڕۆژێک ژنە چوو بۆ بازاڕ، پڕ سەبەتەیەکی گەورە، ماسیی کڕی. سەبەتە ماسیی هێنایەوە ماڵ. لەو حەلەدا مێردەکەی نوستبوو. ژنە ماسییەکانی لە حەوشە و سەربان بڵاو کردەوە. ئەمجا هاتە خوارەوە بۆ سەر جێگەکەی و بە درۆ خەوی لە خۆی خست. دوای تاوێک ژنە ڕاپەڕی. سەلاواتێکی دا و وتی: «خێری خۆمان بێت و شەڕی نەیاران.»

مێردەکەی لە خەو ڕابوو، پرسی: «ئەوە چی قەوماوە ئافرەت؟»

ژنەکەی وتی: «خەونم بینی، پەنا بەخوا بەڕاست دەگەڕێ.»

مێردەکە وتی: «دە بیگێڕەرەوە، خۆ تۆ منت شێت کرد.»

ژنەکە وتی: «لەو خەونەدا هێندە ماسی باریبوو، سەربان و بنبانی پڕ کردبوو.»

مێردەکەی وتی: «نەبووە و نابێ، ماسی چۆن دەبارێ؟»

ژنە وتی: «دەبا بچین، سەرنجێک بدەین؟»

کاتێک چوونە حەوشەوە، ژنە دیسان سەلاواتێکی لێ دا و وتی: «ئەوەتا

خەونەکەم ڕاست دەرچوو.»

کاتێک مێردەکەی بەچاوی خۆی ماسییەکانی بینی، باوەڕی هێنا. بە هەردوو لایان سەبەتەیەک ماسییان کۆ کردەوە. ئەمجا پیاوەکە وتی: «ئەمەندە زۆرە، بە ئێمە تەواو نابێ.»

ژنەکەی وتی: «نا نا.. تەگبیرم لێ کردووە. ئێوارە وەک دەنووکی کەو سووریان دەکەمەوە. دوای نوێژ مەهێڵە ئەهلی جەماعەت کەسیان بڕۆنەوە ماڵ. بانگیان بکە با میوانی ئێمە بن.»

پیاوەکە ئەرێی دا. بۆ نوێژی ئێوارە چوو بۆ مزگەوت. دوای ئەوەی سڵاوی نوێژیان دایەوە، پیاوەکە حیکایەتی ماسی بارینەکەی بۆ گێڕانەوە، ئەمجا وتی: «نابێ بە هیچ لایەکدا بچن. خوا ماسییەکی زۆری داوە. دایکی منداڵەکان وەک دەنووکی کەو سووری کردوونەتەوە.»

ئیتر هەموو لایەک شوێنی کەوتن. تاوێک دانیشتن ماسی نەبوو. دوو تاو چاوەڕوانییان کرد هەر ماسی نەبوو. وەڕس بوون وتیان: «ئەرێ کابرا تۆ ئێمەت بۆچی هێنا؟»

ئەویش بە بڕوابەخۆبوونەوە بانگی کردە ژنەکەی: «کوا ماسییە باریوەکان.. درەنگە بیانهێنە ئافرەت، برسیمانە.»

ئافرەت بە بیستنی قسەکانی مێردەکەی دەستی بە فیزاح و لەخۆدان کرد: «ئەی دەستم بشکێ، وەی چاوم کوێر بێ! هەبێ و نەبێ دەستیان لێ وەشاندووە! پیاوەکەم تێکچووە! خەڵکینە ئێوە بیستووتانە ڕۆژێ لە ڕۆژان ماسی باریبێ؟»

هەمووو وتیان: «نەبووە و نابێ. بە درێژاییی مێژوو کاری وەها ڕووی نەداوە.»

پیاوەکە تووڕە بوو، دەنگی لێ هەڵبڕی: «ئەدی پێکەوە ماسییەکانمان کۆ نەکردەوە، ئافرەت؟»

پیاوە هەڵسایەوە تا پەلاماری ژنەکەی دا، ژنەیش ڕووی کردە میوانەکان و

پاڕایەوە: «بیکەن بەخاتری خوا بیگرن. مێردەکەم شێت بووە! کەسێک ئەگەر تێک نەچووبێت چلۆن قسەی وەها بێ جێ دەکات؟»

مــــیـــوان بەیەک دەنگ وتیـــان: «ئۆباڵ بە گـــەردنمان تۆ ڕاست دەڵێی! نەبیستراوە ماسی ببارێ! جا ئێستا چی لێ بکەین؟»

ژنە بەدەم گریانەوە وتی: «خراپ لێی قەوماوە. لەوانەیە دەست بوەشێنێ. تکایە بەو کۆڵەکەیەوە بیبەستنەوە.»

میوانەکان پیاوەیان بە کۆڵەکەکەوە شەتەک دا. پیاوە خێسەی لە ژنەکەی دەکرد و وەک گەڵای داران جنێوی دەدا. جاروبارێش دەیگوت: «ئەدی ئەوە نەبوو باریبوو؟ ئەدی پێکەوە کۆمان نەکردەوە؟»

ژنەیش دەیگوت: «ئەی هاوار بەماڵم. چەند خراپ تێکچووە.»

قەوم و قیلەی ژنە و هی پیاوە کۆبوونەوە. ئافرەت لە نووکەوە حاڵ و مەسەلەکەی بۆ گێڕانەوە. ئەوانیش بە یەک دەنگ وتیان: «گومانی تێدا نییە تێکچووە.»

چوون بە دوای پیرێکی دەم و نەفەس پاکدا و حیکایەتەکەیان بۆ گێڕایەوە. پیر وتی: «بێگومان ئەوانگەل دەستیان لێ وەشاندووە.»

چوون بەشوێن شێخێکی پرچندا. ڕووداوەکیان بۆ ئەویش گێڕایەوە. شێخ فەرمووی: «بەزەبری شووڵک نەبێ ناوی جنۆکەکان ناڵێ.»

شێخ بەگۆچان تێی کەوت و کوتای. داد و هاواری دەگەیشتە ئەوپەڕی دێ. بیریشی لە ڕێگەچارەیەک دەکردەوە. بانگی کردە ژنەکەی و لێی پاڕایەوە: «ئافرەت فریام کەوە. من کردم تۆ نەیکەی. ڕزگارم بکە نۆکەرتم.»

ژنەکەی وتی: «بەرلەوەی ڕزگارت بکەم دوو مەرجم هەن.»

پیاوەکە وتی: «ئاشکرایان بکە، هەتا بەسەر چاوان جێبەجێیان بکەم.»

ژنە وتی: «یەکەم، مەڵێ خوایە لە مەکری ژنان بمپارێزی!.. دووەم، نەڵێی ماسی باریوە.»

١٩

## شـەودز و ڕۆژدز

هەبوو نەبوو، سـەردەمی زوو.. (خاتوون) ناوێک هەبوو، ژنی کابرایەک بوو کار و پیشـەی دزی بوو. بەڵام ئەم پیاوە هەردەم بەشـەو دزی دەکرد. بە ڕۆژیش لە مـاڵ دەرنەدەچوو. مـاوەیەکی زۆر پێکەوە ژیان. ژنەکـە دەبوایە شـەو بە تەنیـا بمایەتەوە، بۆیە شـەوانە بێـتاقـەت دەبوو. شـەیتـان چووە بن کلـێشـەیەوە، لە پەناوە کـابرایـەکی دۆزییـەوە. ئەمـیـان بە ڕۆژ دزی دەکـرد. بۆیە هەمـوو کـات شەوانە لە مـاڵ بوو. ماوەیەکی دوور و درێژیان بەم شێوەیە گوزەراند. خاتوون ژنی دوو مـێـردان بوو، بـێ ئەوەی ڕۆژێک لـە ڕۆژان مـێـردەکـان لە یەکـتـری ئاشکرا ببن.

*

ڕۆژێکیـان بە ڕێککەوت، هەردوو لایان بۆ ڕاییکردنی کاروباری خـۆیان لەلای دەوڵەت، ڕێـیـان کـەوتە شـار. خـاتوون مـریشـکێکی بۆ سـوورکـردنـەوە و لە نێـوەڕاسـتـدا بۆی کـردن بـەدوو کـەرتەوە. لە پێـشـدا لەتێکیـانی بۆ شـەودز پێچایەوە و بەڕێی کرد. دوای ماوەیەک ڕۆژدزیشی بەهەمان شێوە بەڕێ کرد.

لە شـار، دوای ئەوەی کـاریان تەواو بوو؛ بەڕێککەوت، هەردووکیـان لایاندایە بن سێبـەرێک و توێشەبەرەیان واڵا کردەوە. فەرموویان لە یەکتری کرد. کاتێک بە جـوانی سـەرنجی توێشـووی یەکـتـرییـان دا، بـۆیان دەرکـەوت ئـەو دوو لەتە مریشکە لە سەرەتادا یەک مریشک بووە.

شەودز پرسی:

«نانەکان هی مـاڵێکن. پێخـۆرەکەشمـان مریشکێکە و کراوە بەدوو کەرتەوە.

وا نییە برادەر؟»

ڕۆژدز بە توورەیییەوە وەڵامی دایەوە:

«من خاتوونی ژنم توێشەبەرەی بۆ پێچاومەتەوە، خۆم بەدیارەوە بووم.»

شەودز هەڵسایە سەرپێ و بەسەرسوڕمانەوە وتی:

«دەسا خێزانەکەی منیش هەر خاتوونی ناوە! هەردوو توێشەبەرەکەیشم لە ماڵی خۆماندا بینیوە.»

دوای ئەوەی خۆیان لە یەک ئاشکرا کرد، بۆیان دەرکەوت خاتوون کڵاوی لەسەر ناون. وەلێ هیچ کامیشیان ئامادە نەبوو دەست لە (خاتە) هەڵبگرێ. ئەمجا شەودز وتی:

«با بچین سەرو دزی بکەین. دزیی کاممان ئازایەتی و چاوقایمی تێدا بوو، با خاتە موبارەک بەو بێت.»

ڕۆژدز وتی: «هەزار جاریش! ئێستا ڕۆژە و نۆرە گورزی منە.»

ڕۆژدز پێشکەوت. هەر لەو نزیکانە، دەرۆزەکەرێک کۆمەڵێک پارەی وردەی لە پێش بوو. خافڵاندی و چەردەیەکی لێ دزی. ئەمجا ڕووەو دەرەوەی شار ملی نا. مێگەلێکی بەدی کرد. لەو شوێنەدا، کە شوانەکە دەکەوتە نەدیوی ملی مەرێکی گرت و لە ڕانەکەی دابڕی. شەودزیش دوور و نزیک بەدوایەوە بوو چاودێری دەکرد. تاریک داهات. شەودز گوتی: «ئەمجا نۆرە گورزی منە برادەر. شوێنم کەوە، هەتا ماڵی پاشا دەچین.»

شەودز بە هێمنی و سانایی، بەبێ ئەوەی پاسەوانانی کۆشک بەئاگا بێنێ، ملی قەلێکی گرت و سەری بڕی. ئەمجا بە ڕۆژدزی گوت: «برۆ بیبە ئاشپەزخانەکەیان، سووری بکەرەوە.»

ڕۆژدز بە لەرزەلەرز کەوتە پاککردن و چاککردنی قەلەکە. شەودزیش خۆی گەیاندە دیوەخانی پاشا. سەرنجی دا وا پاشا خەوەنوچکێیەتی. حیکایەتخوانەکەی پشتی بە دەرگەوە داوە، ملچە ملچ بنێشت دەجوێ و

لەسەرخۆ حیکایەتی بۆ دەگێڕێتەوە. پاشایش بەدەم خەوەنوچکێوە جاروبار سەری بۆ دەلەقێنێت و دەڵێ: «بەڵێ.. ئا.. ئم..»

حیکایەتخوانیش لەوەدایە خەوی لێ بکەوێت. سەروەختێک بەدیاریانەوە ڕاوەستا، بەڵام بواری نەبوو وەژوورکەوێ. لەو دەمەدا بیرێکی بۆ هات و حیکایەتخوانی خەواند. شەودز خۆی چووە جێی حیکایەتخوان و دەستی بە گێڕانەوەی چیرۆکی نێوان خۆی و ڕۆژدز کرد. تا گەیشتە ئەو شوێنەی «بەدوایەوە بووم، یەک دوو درهەمی لە سەواڵکەرێک دزی و پاشان دوای شوانێک کەوت، مەڕێکی لە مێگەلەکەی گلدایەوە. جا بۆ خوا بڵێ جەنابی پاشا، ئەمە ئازایەتی پێ دەڵێن؟»

پاشا بە چاوی خەواڵووەوە وەڵامی دایەوە:

«ئەی عەمری ڕۆژدز نەمێنێ ئەرێ وەڵڵا! ئازایەتی کەی وەها دەبێ؟ ڕاست نەبێتەوە، ئەو چووە قۆڵی دوو هەژاری بریوە!»

شەودز دەستی پێ کردەوە: «پاشام پایەداربێ؛ نۆرە هاتە سەر شەودز. کاتێک تاریک داهات، ڕۆژدزی خستە دوای خۆی. سەر دیواری کۆشکی پاشا کەوت و ڕۆژدزی بەدوای خۆیدا سەرخست. قەلێکی خرتی سەربڕی و دایەدەستی بیبات لە ئاشپەزخانەی شاهانەدا، سووری بکاتەوە. بەڵام ئەو لە ترسانا وەک شۆڕەبی دەلەرزی. چۆقە چۆقی ددانی دەهات.» لێرەدا پاشا حیکایەتەکەی پێ بڕی، وتی: «ئەی لەشی داوەشێ، چ پیاوێکە.»

پاشا جاروبار سەری بۆ دەلەقاند.. شەودز دەستی پێ کردەوە:

«ئەمجا شەودز ڕووی کردە ژووری تایبەتیی پاشا. سەرنجی دا، وا حیکایەتخوانەکەی مڵچە مڵچ بنێشت دەجوێ و حیکایەت بۆ پاشا دەگێڕێتەوە و لەوەدایە خەوی لێ بکەوێ. پاشایش سەری بۆ دەلەقێنێ.. هێنای تاڵێک دەزووی خستە نێو دەمی حیکایەتخوانەوە. تاڵە دەزوو لەگەڵ بنێشتەکەدا تێکەڵاو بوو. سووک و باریک ڕای کێشا و بنێشتی لە دەم دەرهێنا. زۆری نەبرد حیکایەتخوان خەوی لێ کەوت و لە حەوت ساڵان ڕاست بووەوە. ئەمجا

شـەودز خـۆی کـەوتە حـیکایـەت گێـڕانەوە بۆ جـەنابی پـاشـا.. شـەودز نیـازی وابوو، هەرچی زێڕ و زەمـبـەرێکی بەردەست دەکـەوێت، لەگـەڵ خـۆیدا بیبـات و بڕوات. جـا ئێسـتـا خۆتـان پاشـان.. قسـەیەکی خـێریش بۆ دز بکەن. کـامـیـان ئازاتر و چاو قایمترە، شەودز یان ڕۆژدز؟ ئێوە خاتوون بەکامیان دەدەن؟»

پاشا وتی:

«ئەی لەشـی ڕۆژدز داوەشـێت ئـەرێ وەڵڵا! کـوڕ هـەبێ شـەودزە. دەسـا مـن دادوەر بم، لێی ناوەستم، خاتوون دەدەم بە شەودز.»

شـەودز هەرچی زێڕ و زەمـبـەری بەردەست کـەوت. پێـچـایەوە و چوو بۆلای ڕۆژدز. ئەو تازەکی لە سوورکردنەوەی قەلەکە بووبووەوە.. پێکەوە شێویان کرد و لە ماڵی پاشا دەرچوون.

بۆ سبـەی، مـاڵی پاشـا بەخـۆیان زانـی، کـە دزییـان لـێ کـراوە. پاشـا بیـری خـۆی کـۆکـردەوە. حـیکایەتخـوانی بانگ کـرد، بەڵام ئەو حـیکایەتی شـەودز و ڕۆژدزی نەدەزانی. بۆیە پاشـا پێی زانی، ئەوەی حیکایەتـەکەی بۆ گێڕاوەتەوە، هەر ئەویش بووە، کە دزیی لێ کردووە. هەر خـۆیشـی شـەودز بووە. لەولایشـەوە خاتوون بووەوە بەژنی شەودز. منیش هاتمەوە هیچیان نەدامێ.

٢٠

## ئەژدیها

هەبوو نەبوو جووتیارێک بوو، ژنێکی هەبوو ناوی فاتە بوو. فاتە ڕۆژی ڕووناکی لێ کردبوو بە شەوەزەنگ. نان و ئاوی لێ کردبووە زەهری مار. ڕۆژێک پێی وت:

«ژنەکە تۆ لە ماڵ نایەیتە دەر، بۆیە هەموو کات ڕەنگزەرد و بێتاقەتی. وەرە سەرێکی خەرمانەکەمان بدە. تاوێک لە بن کەپرەکەدا دابنیشە و سەیری جوانی ئەو باخانەی بەرامبەر بکە؛ جا ئەوسا نەک بە دڵێک، بەسەد دڵ حەیرانی دەبی.»

فاتە لێی تووڕە بوو، گوتی: «دەتەوێ بێم گوڵەوەچنیت بۆ بکەم؟»

«نا نا.. دەمەوێ خۆشی بە دڵت بگات.»

جووتیار لە سێبەری کەپرەکەی خۆیدا جێی بۆ ڕاخست. کەمێک لە فاتە دوور کەوتەوە. لە خوار خەرمانەکەوە بیرێک هەبوو. جووتیار سەری بۆ ناو بیرەکە شۆڕ کردەوە. حیلکە حیلکی پێکەنینی دەگەیشتە فاتە. لەولاوە فاتە هەڵیدایە:

«خوا بەزیادی نەکات، ئەوە بە چی پێ دەکەنی؟»

«ژنەکە من بەم ڕۆژگارە، ئاوا بێتاقەتی خۆم دەردەکەم.»

«بۆچی لەو بیرەدا چی هەیە؟»

«شایی و ئاهەنگی لێیە. دەهۆڵ و زوڕنای تێدایە. وەرە سەیر بکە و بەچاوی خۆت بیبینە.»

فاتمە خان، سەری بەسەر بیرەکەدا شۆڕ کردەوە و جووتیار پاڵێکی پێوەنا. شلّپەی هات، کەوتە نێو بیرەکەوە. لە خۆشی ئەوەی فاتەی لە کۆڵ بووەوە، دەستی بە گۆرانی و هەڵپەڕین کرد. ئەمجا بەتەنیا گەڕایەوە ماڵ. لە ماڵەوە منداڵەکان داوای دایکیان دەکرد و دەکرووزانەوە. بەدەست زاقوزریقی منداڵەوە شەوگار کردی و ئەم کردی. جووتیار لە دڵی خۆیدا وتی: «چارم هەر ئەوەیە سبەینێ بچم فاتە لە بیرەکە دەربێنمەوە، لەوانەیە مابێ.» بۆ سبەی دۆلکە و گوریسی لەگەڵ خۆیدا برد. دایهێشتە خوارەوە، بۆ نێو بیرەکە و بانگی کرد:

«فاتمەخان، وەرە نێو ئەم دۆلکەیەوە با هەڵتکێشم.»

وەختێ بە نقوجرِ دۆلکەی هەڵکێشا، سەیری کرد لەبری فاتە ئەژدیهای تێدایە.. لەوەدابوو بەری بداتەوە و ئەژدیها هاواری لێ هەڵسا:

«ئامان و داد لە دەست فاتمەخان! زیندانەکەی لێ تاڵ کردووم و لەگەڵیدا دەرنابەم. هەرچی دەخوازی بۆتی دەکەم، هەر بەمەرجێک نەمخەیتەوە نێو بیرەکە.»

جووتیار ئەژدیهای هەڵکێشایە سەرزەوی. ئەمجا ئەژدیها وتی:

«لە چاکەی ئەوەدا لە دەست فاتە ڕزگارت کردم، لە تۆ فرمان و لە من ڕاپەڕاندن! ژنت ناوێ بۆتی بهێنم؟»

«بۆچی نامەوێ.»

«کچی پاشات ناوێ؟»

«من و کچی پاشا! بە بابەوە لە دەورت دەگەڕێم. جا چۆنم بۆ دێنی؟»

«ئێستا دەچم لە گەردنی دەئاڵێم. نە پێوەی دەدەم نەلێیشی دەبمەوە.. پاشایش ناچار دەبێت جاڕ بدات: (هەر کەسێک ڕزگاری بکات، لەگەڵ سامانێکی زۆردا شازادە خانمی کچمی پێشکێش دەکەم) یەکسەر تۆ بەدەنگ بانگەوازەکەی پاشاوە بچۆ. لێم وەژوور کەوە و تێم بخوڕە. منیش قەف قەف

له گــەردنی دەبمەوە و دەڕۆم. ئەو حــەلە هەم دەبیــیــە زاوای پاشــا و هەم دەوڵەمەندیش دەبیت، بەڵام هەر ئەمجارەیە ها! نەخەڵەتابی جارێکی تر سەر بەلای منەوە بنێـیت و تکام لـێ بکەیت. وەهات پێـوە دەدەم تووکی ســەرت با ببات. من تەنیا جارێک بەقسەت دەکەم.»

جـووتیـار وتی: «تۆ ئەم کـارەم بـۆ بکە، ئیـتـر من بێـتـو جـارێکی تر بـۆ تکا نایەمەوە لات.»

وەک بەڵێنی دابـوو، ئەژدیهــا لە گـەردنی شــازادەخــانم ئالا. قــســەی ئەو دەرچوو. پاشا، بەدەهۆڵەوە جارچیی نارده گۆڕەپانی گەورەی شار و جارِ درا. جووتیار دەستبەجێ بە دەنگ جارەکەوە چوو، وتی:

«لەسەر ژیانی خۆم گرەو بێت، من شازادەخانم ڕزگار دەکەم.»

جـووتیـار چووە ژووری شـازادەخـان و بەتووڕەییـیـەوە لە ئەژدیهـای خـوڕی. ئەویش قــەف قــەف لەگـەردنی بـووەوە و لێـیـدا ڕۆیی.. جــووتیــار هــەم بوو بە خــاوەنی ســامــان و هەم بـە زاوای پاشــا.. وەلێ دوای مــاوەیەک ئەژدیهــا لە گەردنی کیژی سەرۆک وەزیرانەوە ئالا. ئەویش ناچار هاواری بۆ پاشا برد:

«بەشکو داوا لـە زاوا بەڕێزەکەتان بکەن، تاکو بەهانای کـچەکەمـەوە بێت. هەر بەمەرجێک ڕزگاری بکات پەیمان بێ منیش کیژەکەی خۆمی بدەمێ.»

پاشـا ناردییـە دووی زاوای خـۆی و ڕووی لێنا. زاوا هەرچەند لێکی دایەوە، نەیدەتوانی لـە قسـەی پاشا دەربچێت. قیروسـیـای لێ کرد و بـەهانای کچی ســەرۆکـوەزیرانەوە چوو، هـەر کـە ئەژدیهــا چاوی پێـی کـەوت، زانی بۆ تکا هاتووە. توندبوو، وتی:

«ئێـمـە چ مـەرجێکمـان لە نێـواندا هەبوو کـابرا؟ ڕاوەسـتـە بۆم، هەر ئێـسـتـا وەهات پێوە دەدەم تووکی سەرت با ببات.»

جووتیار وتی: «بەڵام من بۆ تکا نەهاتوومە لات.»

ئەژدیها پرسی: «ئەدی گوایە بەخێرێ بۆچی هاتووی؟»

جـووتيـار وتـی: «هـاتووم پێت ڕابگـەيێنم، کـە فـاتە لە بيـرەکـە دەرهـاتووە و بەڕێوەيە، بەرەو ئێرە دێ.»

ئەژديـها هـەرکە ئەم هـەواڵەی بيست، بێ قـڕەوبڕە، لە گـەردنی کچی سـەرۆک وەزيران بووەوە و بۆی دەرچوو.

٢١

## ماسییە ڕەنگاوڕەنگەکە

کابرایەکی ماسیگر دەبێ، ئێوارەیەکیان لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی پێکەوە دادەنیشن. ماسیگر ڕووی دەمی دەکاتە کوڕە گەورەکەی و دەڵێ: «ڕۆڵە ئەحمەد، دوای مەرگی من، چلۆن ئەم منداڵانە بەخێو دەکەیت؟ خۆ تۆ نەدەبیت بە توجارباشی و نەدەبییە وەزیر. هەر دێیتەوە سەر پیشەکەی باوکت، کە ڕاوە ماسییە.. بۆچی لەگەڵمدا نایەی، تاکو بزانی من چۆن ماسی دەگرم و چلۆن ئەم منداڵانە بەخێو دەکەم.»

بۆ سبەی، ئەحمەد لەگەڵ بابیدا چووە ڕاوەماسی. هەتا نیوەڕۆ تۆڕی خستە دەریاوە و چاوەڕوان بوو. وەلێ تۆڕ بە بەتاڵ و حـــەتاڵی دەهاتە دەرەوە. لە نیوەڕۆ بەدواوە، تەماشای کرد تەنیا ماسییەکی ڕاو کردووە. وەلێ ماسی بەهەموو ڕەنگێک خۆی دەنوێنێ.. باوک بە کوڕەکەی خۆی وت:

«ئەحمەد ڕۆڵە، چاڵێکی بۆ هەڵبکەنە. هەندێک ئاوی تێ بکە و بیخە ناوی. ئەم ماسییە ئەگەر بەزیندوویی بیبەینە بازاڕ، هەندێ ماڵە دەوڵەمەند هەن دەیکڕن و بۆ جوانی ڕای دەگرن و دەیخەنە ناو حەوزەوە.»

ئەحمەد بە فەرمایشتی باوکی کرد. وەلێ دیقەتی دا، ماسییەکە حەجمینی لێ بڕاوە و زۆری پەلەیە بگەڕێتەوە نێو دەریا. ئەمیش بەزەیی پێیدا هاتەوە. بەدزیی باوکییەوە ماسییەکەی ئازاد کرد. باوک ئاوڕی دایەوە، تەماشای کرد ماسییەکە نەماوە. تووڕە بوو.. ئەحمەد وتی: «بەزەییم پێیدا هاتەوە، بۆیە ئازادم کرد.»

باوک بە تووڕەییییەوە وتی: «تۆ بۆ کار و فرمان ناشێی، شەو لە ماڵما ڕۆژ

ناکەیتەوە.. بۆ کوێ دەچی بچۆ.»

ماسیگر جگەرگۆشەی خۆی دەرکرد. ئەحمەدیش ڕووی لە چۆڵ و بیابان کرد.. دوور ڕۆیی.. لە ڕێگە گوێی لێ بوو وا لە دواوە بانگی دەکەن: «ئەحمەد هۆ ئەحمەد.. کوڕی کابرای ماسیگر هۆو.»

ئەمیش بە حەپەساوییەوە وەستا هەتا گەیشت و سڵاوی سەندەوە.. کابرا وتی: «کاکە ئەحمەد تاوێک لێرە دابنیشە با چوار قسان پێکەوە بکەین، تۆ کوڕی کابرای ماسیگر نیت؟ باوکت دەری نەکردووی؟»

«بەرێ وەڵڵا.. هەوم و چۆنت وت وەهام لێ قەوماوە.»

«دە منیش هەر وەک تۆم لێ قەوماوە، منیش دەرکراو و تێهەڵدراوم.»

«تۆ چ تاوانێکت کردووە؟»

«من ناوم مەحموودە. باوکم قەسابە. لە منداڵییەوە بەرخێکی دابوومێ بۆ خۆم بێت. منیش ئەو بەرخەم وەها حەملاندبوو، بۆ هەر جێیەک بچوومایە دوام دەکەوت. بەرخ بوو بە بەرانێکی گەورە. پایز هاتە پێشەوە و گۆشت کزبوو. باوکم وتی: مەحموود بەرانەکەت بێنە، گۆشت نرخی بەرزە سەری دەبڕین.

ئیتر بەو بیانووەی گوایە پارەی پێ نەماوە، باوکم هەردوو پێی لێ کردمە کەوشێک، ئیللان و بیللان سەری دەبڕێت. منیش دڵم بەرایی نەدەدا.. چووم بەرانم هێنا و دام بە کابرایەکی لادێیی و پێم وت: ئەم بەرانە بۆ خۆت بێ، با باوکم لە بەرچاوم سەری نەبڕێ. کاتێک باوکم پێی زانی، دەهەری بوو، وتی: بڕۆ حەرامزادە وەڵڵاهی لە ماڵما نابی! جا ئێستا هەردوو لامان دەرکراوین؛ کارێک هەیە ئەگەر بیکەین قایل دەبیت؟ دەڕۆین.. ئەم دارە.. ئەم بەردە.. ئەم زەوییەی، کە لەسەری دانیشتووین. خوا و پێغەمبەر بەشایەت بن. لە گەڕانەوەدا، کاتێک گەیشتینەوە ئەم جێگەیە، چیمان دەستکەوت هەبوو، وەک برا بیکەین بەدوو کەرتەوە.»

ئەحمەد قایل بوو. شەرتیان کرد و لێیاندا ڕۆیشتن. بەجووتە گەیشتنە

مەملەکەتێکی زۆر خۆش. مەحموود وتی:

«لێرە نەجووڵێی. نەشارەزا و غەریبی. هەتا ئەو مزگەوتە دەچم، دەستێک بەئاو دەگەیەنم و دێمەوە. ئەحمەد گفتی دا نەجووڵێ. وەلێ هەر مەحموود پشت پێی هەڵکرد، ئەویش قینگی توێتکەی نەخوارد، لێیدا ڕۆیشت. وەختێ مەحموود گەڕایەوە، ئەملای کرد و ئەولای کرد نەیدۆزییەوە. ئەحمەد بوو بەنان و ئاو و خورا. ئەحمەد تەماشا دەکات منارەیەک کەللە سەری ئادەمزاد هەڵچنراوە. هەر لەوێدا شۆخە کچێک وەک مانگی چواردە دەدرەوشێ، لەسەر کورسییەک دانیشتووە. جارچییەکیش یەک بەخۆی جاڕ دەدات:

«هەر کەسێک ئەم کچە شازادەیە سێ جاران بێنێتە زمان؛ لەگەڵ نیوەی سامانی پاشای وەختدا حەڵاڵی بێ. وەلێ ئەگەر نەیتوانی بیهێنێتە زمان، ئەوا کەللەی ئەویش دەچێتە چینی ئەم منارەیەوە.»

ئەحمەد خۆی بە جاڕچی ناساند و بردیانە کن پاشای وەخت. پاشا بە ئەحمەدی گوت:

«کوڕم ئەگەر زمانی نەکەیتەوە، بە میرغەزەب دەڵێم لە سەرت بدا.»

ئەحمەد وتی: «پاشام بەرقەرار بێ، سەر سەری خۆم نییە؟ ئەگەر زمانم نەکردەوە بیبڕە.»

مەحموود هەر بە پرسیار پێی زانی، کە ئەحمەدی برادەری چووە شازادەخان بهێنێتە گۆ. بۆیە بەهەر حاڵێک بوو خۆی گەیاندە دیوانی پاشا. لەوێ بە پاشای وت:

«بیکە بەخاتری خوا پشتم مەشکێنە جەنابی پاشا. ئەحمەد برامە. لە جوانی و ناسکی شازادەخان فریوی خواردووە، ئەگینا سوور دەزانم بەیانی کەللەی لەلای ئەو کەللە منارەیە دەبینم! جا ئیتر بۆچی لە سەری بدرێ و پشتی منیش بشکێ؟ تکام وایە قەواڵەی لێ قەبووڵ نەکەن.»

پاشا وتی:

«فەرموو ئەمە قەواڵەکەی و بۆ دەرەوە.»

وەلێ ئەحمەد لەم کارە تووڕە بوو، وتی:

«نەتهێشت؛ ئەگینا دەبووم بە زاوای پاشا و خاوەنی نیوەی سامانەکەی.»

مەحموود وتی:

«گوایە تۆ لەم کەللە منارەیە داناتری؟»

ماوەیەک زویر و لووتەلا پێکەوە گوزەراندیان. ماوەودوا بانگی کردە ئەحمەد و وتی:

«خۆم دەکەمە قوربانی تۆ. با کەللەی منیش بچێتە پاڵ ئەو کەللە منارەیە. هەر بەمەرجێک لێم زویر نەبی. فەرموو وەرە پێکەوە دەچینە دەرباری پاشا.»

لە دەربار ناسییانەوە و وتیان: «های.. تۆ برای ئەحمەد نیت؟ ئەگەر ئێستا قەواڵە بە تۆ مۆر بکەین، سبەی ئەوی ترتان دێ و دەڵێ: پشتم مەشکێنە و قەواڵەی لێ قەبووڵ مەکە! جا ئەمە چۆن دەبێت؟»

مەحموود وتی: «قسە لە زارەوە دەردێ.. قەواڵەم لێ قەبووڵ بکەن.»

قەواڵە نووسرا و مۆر کرا. ژوورێکی گەورە، پەردەیەک دەیکرد بەدوو بەشەوە. شازادەخان لەسەر چرپایەک ڕاکشابوو. پۆپەشمینێکی ئاوریشمیان بەسەردا دابوو. قازی و پیاوماقوولان لەمدیو پەردەوە بوون. تاکو ئەگەر هێنایە زمان ئاگەداربن. مەحمموود لە دڵی خۆیدا وتی: «دەوەرە سێ سەعات چەنەبازی لەگەڵ بێزمانێکی وەهادا بکە. نەبتوانم حیکایەتێکی بۆ بکەم. نەبتوانم بیدوێنم. نازانم چۆن کاتی لەگەڵدا بگوزەرێنم؟»

کچە شازادە دوو چرای بۆ دانرابوو. یەکێک لە پایینی و یەکێک لە سەرینی. مەحمموود ڕووی کردە چرای سەراورد، وتی:

«ئەی چرا، ئەوەندە کووری دانا و چازان هاتوونەتە ئەم جێگەیە و حیکایەتیان بۆ شازادەخان گێڕاوەتەوە، زۆریان لێوە فێربووی. دەفەرموو ئەی چرا حیکایەتێکم بۆ بگێڕەوە؟»

چرای ســـەراورد هاتە زمـــان: «من هیچ حـــیکایەتێک نازانم. دەبێ تۆ حـیکایەتخـوان بیت. ئەگـەر وەها نەبوایە، قـەواڵەت لەسـەر ژیانی خـۆت مـۆر نەدەکرد! فەرموو تۆ ڕازێک بۆ من بگێڕەوە کوڕەلاو؟»

«باشــە بـۆت دەگـێـڕمــەوە. بـەڵام دەبێ هـەق بڵـێی چرا. بە ڕاسـتـی واتا و مـەبەستی حیکایەتەکەم بۆ ڕوون بکەیتـەوە. سـەد جـار چرای کچە پاشا بیت، ئەگەر ڕاست نەڕۆی دەتشکێنم ها.»

چرا وتی: «سوێند بێ بە خواوەند ڕاست دەڕۆم.»

مەحموود دەستی پێ کرد:

دوو برا هـەبوون. برا بچـووک ڕەبەن بـوو. ئەوی گــەورە مــاڵ و ژندار. برا گـچکە لەلای برای گـەورەیەتی. ئەم برا گـەورەیە مـەگـەر بـۆ نوێژ، دەنا برا بچـووک ناهـێـڵـێ ئەرک بکێـشـێ. برا بـچـووک باراش بۆ ئاش دەبات و بان دەگـێـڕێ و دار دەهێنێ. هـەرچی ئەرکی ئەو مـاڵە هەیە وا بەسـەر شـانی برا بچووکەوە. ڕۆژێکیان برا بچووک لە جووت هاتەوە و کاکی لە ماڵەوە نەبینی. لە براژنی هەواڵی پرسی، براژن وتی: «باراشی بردە ئاش.»

برا بچـــووک وتـی: «ئای لـەم برایـەی مـن! ئەو وەهـا دەکـــات من لـە دیوانـی خـــوادا ڕووڕەش ببم! خـــۆ من نەمـــردووم. لە جـــووت دەهاتمەوە و دەچووم باراشەکەم دەهاڕی. ئیتر بۆچی کاکم ئەرک بکێشێ؟»

براژن وتی: «ڕۆڵە، ئاو بوەستێ تۆ ناوەستی. دەبا ئەویش ئیشێک بکات.»

ئەو لە ئاش و ئەم لە ماڵ مایەوە. شەو شەیتان پێی پێکەنی. لە دڵی خۆیدا گوتی: «کە ڕۆژ بووەوە نوێژەکەم دەچێ. ئێستا دەچم تێ دەکەوم. فـەرزی خوا بەجێ دێنم و دێمەوە.» کوڕە شـمشـێری لە کەمـەر بەست و بەرەو مـزگەوت کەوتەڕێ. لەو دەمەدا کاکی بەباراشەوە دەگەڕایەوە و ڕێکەوتی یەکیان کرد.

برا بچـووک وتی: «کاکە گـیان ئەوە خـۆتی؟ بۆچی چووی بۆ ئاش، خـۆ من نەمردووم. لە جووت دەهاتمەوە، باراشەکەشم دەهاڕی.»

برا گەورە وتی: «وسبە هەی بەنەفرەت بوو! تمەس ئەم هەموو خزمەت و ئیشەی، کە دەتکرد، لەبەر خاتری براژنت بوو.»

برابچووک وتی: «کاکە گیان بۆ خاتری خوا ئەم قسانە مەکە. لە خوا شەرم بکە.»

برای گەورە هەڵی کێشایە شمشێر و بۆ برای بچووک هات. لە هەناسەیەکدا لە سەری یەکیان دا و یەکترییان کوشت، ئافرەت چونکە پاک بوو، لە خەوندا ئەم ڕووداوەی هاتە بەرچاو. یەکسەر لە خەو راپەڕی و بەدوایاندا هات. دیتی وا براکان یەکدییان کوشتووە و کەریش بە باراشەوە لەو ناوەدا دەسووڕێتەوە. هێشتا دنیا تاریک بوو. ژنەیش بە دیتنی ئەم کارەساتە تەواو لە ژیانی خۆی بێزار بوو. لە شپرزەییدا سەری شووبراکەی بەلەشی مێردەکەیەوە نا. سەری مێردەکەیشی بەلەشی شووبراکەیەوە نا. هەردووکیانی لە پاڵ یەکدا جووت کرد. دەستنوێژێکی پاک و تەمیزی گرت. دوو ڕکات نوێژی بەجێ گەیاند و دەستی بەنزا کرد: «خوایە بە گەورەیی تۆ سوێند بێ، هەتا ڕوح بە بەر هەردووکیاندا نەکەیتەوە سەر هەڵنابڕم! بێ گوناهم، بۆچی ئابڕووم بچێ! سبەی ببێ بەدەبدەبە و بڵێن: دوو برا لەسەر من یەکیان کوشت.»

لە غەیبەوە بە ئافرەتیان گوت: «خواوەند نزای گیرا کردی.. سەر هەڵێنە، وا هەردووکیان زیندوو بوونەتەوە.»

لێرەدا مەحموود وەستا. ڕووی کردە چرای سەراورد: «ئەی چرا، تۆ ژنەکە بەکامیان دەدەی؟ بەمێردەکەی، یان بە شووبرایەکەی؟ ئاخر ئەوان سەریان گۆڕدراوە.»

چرا وتی: «ئەگەر هەقت دەوێ دەیدەمە سەرەکە، با لەشەکەیش هی شووبراکەی بێ! تۆ هەزار لاشە تێکەڵ بکە، کە سەریان نەبوو دەیانناسییەوە؟ بەسەردا مردوو دەناسرێتەوە. بۆیە هەقی سەرەکەیە.»

مەحمەوود تووڕە بوو، نەڕاندی: «نەمگوت ڕاست بڕۆ، خۆ تۆ سوێندت

خواردووه ڕاست بڕۆی.»

دەستی برد چراکە بە عەرددا بدات و وردوخاشی بکات.. کچەکە هاتە زمان وتی: «تۆ چ شەڕێک دەفرۆشی!.. چرا ڕاست ڕۆیی.. ئەو ناڕاستی نەوتووە. منیش بم هەر بەسەرەکەی دەدەم.»

لە پشت پەردەوە بۆیان دا لە هاڕەی چەپڵە. یەکێک لە سێ گرەوەکەی بردەوە. ئەمجا ڕووی لەو پۆپەشمینە کرد، کە بەسەر کچەکەدا درابوو، پێی گوت: «ئەمجارەیان تۆ ڕازێک بگێڕەوە پۆپەشمین.»

پۆپەشمین وتی: «چۆن بۆ چرات گێڕایەوە، ئاوا هەقایەتێکیش بۆ من بگێڕەوە!»

مەحموود وتی: «بەڵام بە مەرجێک هەق بڕۆی، هەق نەڕۆی دەتسووتێنم، ها.»

پۆپەشمین گفتی دا ڕاست بڕوا. مەحموودیش دەستی پێ کرد:

بەرگدروو، دارتاش و مەلا بوونە هاوڕێ. کەلوپەلیان هەڵگرت و بەدوای کار و فەرماندا لێیاندا ڕۆیشتن. لە ڕێ لەسەر کانی و ئاوێک شەویان بەسەردا هات. لەوێ باریان خست و لێی پاڵکەوتن. مەلا وتی: «ئێمە بەم هەموو کەلوپەلەوە، ئەگەر شەوکوتێکمان لێ ڕابپەڕێ هەرچیمان پێیە دەیبات. با شەو بە نۆرە ئێشک بگرین.»

دووانەکەی تریش پەسەندیان کرد. ڕێککەوتن، دارتاش بیرنجی بێت، بەرگدروو ئەخشامچی بێت، مەلا سەباحچی بێت. مەلا و بەرگدروو نوستن. دارتاش نۆبەتچییە. شەو خامۆشە. مانگ لە چواردەیە. دارتاش فێری ئێشکگرتن نییە. بۆیە قنگەخەو دای گرت. لە دڵی خۆیدا وتی: «خەو دام بگرێ لەلای هاوڕێکانم ئابڕووم دەچێت.» هەرە و تەشوێی دەست دایە. کۆلکە دارێکی دۆزییەوە و خەریکی بوو. هەتا نۆبەتەکەی تەواو بوو پەیکەری کچێکی تاشی. ئەمجا بەرگدرووی هەڵساند.

بەرگدروو چاوی گڵۆفت، تاپۆی کچێکی بینی. زانی ئەمە کاری دارتاشە و

کاتی پێ گوزەراندووە. لە دڵی خۆیدا وتی: «دارتاش تۆ ئەم پەیکەرەت دروست کردووە. ئەی گوایە منیش ناتوانم دەستێک جلکی بووکێنیی بۆ بدوورم.» تفاقی هێنایە ئەو گۆڕە. لە ماوەی دوو سەعاتدا دەستێک جلکی بووکێنی بۆ دووری و کردییە بەری. ئەمجا چووە لای مامۆستا و خەبەری کردەوە. کاتێک مەلا سەرنجی دا، حاڵی بوو، کە ئەم بووکەڵەیە دەستکاری هاوڕێکانێتی. لە دڵی خۆیدا گوتی: «ئێوە بەهۆی پیشەکەتانەوە ئەمەتان لە دەست هاتووە. منیش فەرمانی خوام بەجێ گەیاندووە و خزمەتی قورئانم کردووە.» چووە سەر کانییەکە. دەستنوێژی هەڵگرت. دوو ڕکات نوێژی سونەتی بەجێ گەیاند و ئەمجا لە خوا پاڕایەوە: «سوێند بە گەورەیی تۆ، سەر هەڵنابڕم هەتا ڕوح بەبەر ئەم بووکە دارینەیەدا نەکەی.. ئەی گوایە بەیانی من خەجاڵەت ببم؟»

خوا داواکەی بەجێ گەیاند و کچە ڕوحی هاتەبەر. وەک باوک و کچ، لەگەڵ مەلادا کەوتنە گفتوگۆ. بۆ بەیانی کاتێک لە خەو ڕابوون، بووبوون بە چوار کەس. لە هیکرا لێیان بووە هەرا.

دارتاش وتی: «من دروستم کردووە.»

بەرگدروو وتی: «من جلکم بۆ دووریوە.»

مەلا وتی: «بەهۆی منەوە ڕوحی هاتووەتەبەر،»

مەحموود رووی کردە پۆپەشمین و پرسی: «ئەی پۆپەشمین، تۆ بەکامیانی دەدەی؟»

پۆپەشمین سەری هێنا و سەری برد، ئەمجا وتی: «پرسیارەکە بەرەوڕووی خۆت دەکەمەوە. تۆبیت، بەکامیانی دەدەی؟»

مەحموود دەستبەجێ وتی: «دەیدەمە بەرگدروو.»

پۆپەشمین وتی: «ناهەقییە! بەرگدروو دەستێک جلک بەچەند دەدوورێ، تۆ سێ ئەوەندەی بدەرێ و با بڕوات. دارتاش هەروەها، بەڵام ڕوح بە پارە پەیدا نابێ.. ئەگەر ڕاستت دەوێ هەق بە مەلایە.»

کوڕە پەلاماری پۆپەشمینی دا، وتی: «هەر ئێستا دەتسووتێنم. تۆ ناهەق ڕۆیشتی.»

ئەو لەوەدابوو بیسووتێنێ، کچە توند مەچەکی گرت و وتی: «ئەرێ تۆ وەک بەڵا لە کوێوە بۆ من داباریت؟ هەق بە ڕوحەکەیە. منیش بم هەر بە مەڵای دەدەم.»

لەودیو پەردەوە بۆی درا لە هاڕەی چەپڵەڕێزان و وتیان: «ئەمە دوو جار.»

ئەمجا مەحموود ڕووی کردە چرای لای پایینی شازادەخانم و پێی وت: «زارم شل بوو، دە ئەمجا تۆ حیکایەتێک بگێڕەوە؟»

چرای پایین وتی: «چۆن بۆ ئەوانت کرد، ئاوا بۆ منیشی بگێڕەوە. خۆ من لەوان کەمتر نیم.»

مەحموود وتی: «ئاخر ئێوەمانان هەق ناڕۆن. دەتشکێنم، ها.»

چرای پایین وتی: «ئەگەر ناهەقیم وت بمشکێنە.»

مەحموود دەستی پێ کردەوە:

پاشایەک دەبێ سێ وەزیری دەبێ. ئەم پاشایە لە کچێک بەولاوە نەوەی نییە. وەزیرەکانیشی سەر و کوڕیان هەیە. هەرسێکیان پەیتا پەیتا دەیاننارده خوازبێنی کچی پاشا. ڕۆژێک پاشا هەرسێ وەزیری بانگ کرد و پێی وتن:

«من تەنیا کچێکم هەیە. خۆ ناکرێ بە سێ کەرتەوە. بڕۆن لە نێو خۆتانا ڕێک بکەون تا بیدەم بە کوڕی یەکێکتان.»

ئەوانیش یەکی سەر و سەد لیرەیان بە کوڕی خۆیان دا و پێیان وتن:

«لە ماوەی سێ مانگدا هەر کامێکتان توانیتان ئەم سەد لیرەیە لە پێناوی کارێکی باشدا خەرج بکەن و شتێکی بەنرخ لە تەک خۆتاندا بهێننەوە، کچی پاشا قابیل بەوەتانە.»

کوڕەکان لێیاندا ڕۆیشتن. لە ڕێگە لەسەر کانی و ئاوێک پشوویان دا. بەرلەوەی هەر یەکە بە لایەکدا بڕوات، پەیمانیان بە یەک دا: «هەر کەسێک

زووتر گەڕایەوە، دەبێ لەسەر ئەم کانییە چاوەڕوانی ئەوانی تر بکات.»

کوڕی وەزیری بچووک، لەلای قومار دانیشت و دەستی بەڕەش و سوور کرد، تا نابووت بوو. پاشان بووە شاگرد کەبابچی و باوەشێنی دەکرد. کوڕی وەزیری ناوەنجی، لەگەڵ مەلایەکدا پێوەندیی پەیدا کرد. مەلا کتێبێکی دایە.. کوڕە پرسی: «ئەم کتێبە چ سوودێکی هەیە؟»

مەلا وتی: «ئەم کتێبە باس لە حەکیمی و دەرمانسازی دەکات.»

کوڕە بە کتێبەکەوە گەڕایەوە شوێنی دیاریکراو، تاکو چاوەڕوانی هاوڕێکانی بێ. کوڕی وەزیری گەورەیش پێوەندیی دۆستانەی لەگەڵ کابرایەکی هندیدا بەست و سەد لیرەکەی دەرخوارد دا.. ئەویش کتێبێکی دایە و پێی گوت: «ئەمە کتێبی فاڵگرتنەوەیە. برۆ فاڵی پێ بگرەوە و ژیانی خۆتی پێ مسۆگەر بکە.»

ئەمیش بە کتێبەکەیەوە گەڕایەوە سەر کانییەکە. کوڕی وەزیری بچووک (شاگرد کەبابچی) بە خۆی وت: «خۆ من ئەگەر کچە پاشام دەست نەکەوێ، باوکم دەرم ناکات.»

کوڕە ئەوەندە باوەشێنی کردبوو بێزار بووبوو. هەر بەجلوبەرگە چڵکنەکەیەوە پێی پێوەنا. لە ڕێگە تەماشای کرد وا سێ دێو ئامبازی یەک بوون و لێکدا لێکدا لە یەک دەدەن و سەروپۆتەڵاکی یەکتری دەکوتنەوە. کوڕە ترسی لێ نیشت. وەلێ دێوەکان هەرکە چاویان بە کوڕەکە کەوت. وازیان لە شەڕ هێنا. یەکێکیان وتی: «ئەوا ئادەمزادێک پەیدا بوو. با ئەو ناوبژیوانمان بێت.»

ڕوویان کردە کوڕە و بانگیان کرد: «وەرە پێشێ کوڕەلاو. مەترسە زیانمان بۆت نابێ. داخۆ تۆ، لە یاسا دەزانی تاکو ناوبژیمان بکەیت؟»

کوڕە خێرا وەڵامی دایەوە: «ئەدی چۆن نازانم، من باوکم قازی بووە.»

دێوێکیان وتی: «دەک بەخێربێی بان چاو. ئێمەیش عەوداڵی دوای یەکێکی وەک تۆین. ئێمە یەکێکمان کڵاوی سەخری جن، یەکێک نگینی (ئەنگوستیلە)

حەزرەتی سلێمان و ئەوی تر، قاڵیچەی حەزرەتی سلێمانی دەستکەوتووە.. ئێستا لەسەر بەشکردنیان شەڕمانە. ئەوەتا وەک ئاسنگەر بەسەروگوێلاکی یەکترا دەدەین. دەفەرمووو بکەوە نێوانمانەوە.»

کوڕی وەزیری گچکە وتی: «جا لە قسەم دەرناچن؟»

هەرسێکیان وتیان: «نەخێر دەرناچین.»

کوڕە هەرسێ دەستکەوتەکەی لە پێش خۆیدا دانا و سوێندی دان فێڵ نەکەن. ئەمجا وتی: «هەتا هێزتان تێدایە، با هەر یەکەتان تیرێک بە لایەکدا بهاوێ. ئەمجا هەریەکە بە دوای تیری خۆیدا غار بدات. هەر کەس زوو تیری خۆی هێنایەوە، چاو دەنووقێنم و یەکێک لەم سیانە هەڵدەگرم و دەیدەمە دەستی.»

هەرسێکیان وتیان: «پێی قایلین.. بە ڕاستی باوکت قازی بووە.»

پێکەوە تیریان لە کەوان نا و هاویشتیان. تیرەکان لە چاو ون بوون. دێوەکان بەشوێن تیردا تێیان تەقاند.. ئەمیش بە پەلە کڵاوەکەی لە سەر کرد. ئەموستیلەکەی کردە قامکی. قاڵیچەی ڕاخست و گوتی: «خوایە بیکە بە خاتری حەزرەتی سلێمان، لە نزیک هاوڕێکانم دامبنێ.»

ئەوەندەی هەناسەیەک قاڵیچە حەوا کەوت و کوڕەی لەوێ دانا. قاڵیچە هەر هێندەی دەستەسڕێک دەبوو. قەدی کرد و خستییە تەنکەی باخەڵی. ئەموستیلەی لە پەنجەی داکەند و کڵاوی داگرت و چووە لای هاوەڵەکانی. دوای ماندوونەبوونی، لێیان پرسی: «ها برادەر چیت دەستکەوت بووە؟»

ئەویش وتی: «هیچ.. هەموو لیرەکانم دۆڕاند. ناچار بووم بە شاگرد کەبابچی و باوەشێنم دەکرد.»

کوڕی وەزیری ناوەنجی وتی: «بەڕاست ئێمە ئەو هەموو دەردیسەرییەمان لە پێناوی کچی پاشادا نۆشی. خۆ ئێمە نازانین ئەحواڵی چۆنە. داخۆ مابێ، نەمابێ؟»

کوڕی وەزیری گەورە وتی: «تەماشای کتێبەکەم بکەم دەزانم شازادەخان لە چ حاڵێکدایە.»

کوڕە بەدەم کتێب گرتنەوەوە ڕۆیی تا کەوتە کانییەکەوە. ئەوانی تر پەلاماریان دا و پرسییان: «ئەوە بۆچی وەهات بەسەرهات؟»

کوڕەیش وتی: «چی بێ لە ئێوە نهێنی بێ؛ خاوەنی کتێب دەفەرموێ شازادە خانم لە سەرەمەرگدایە.»

کوڕی وەزیری ناوەنجی وتی: «ئەی کوێراییم دایە! ئێستا لە ژوورسەری بوومایە دەرمانێکم بۆ دەگرتەوە، دەستبەجێ چاک ببێتەوە.»

کوڕی وەزیری گچکە (شاگرد کەبابچییەکە) وتی: «فەرموون لەگەڵم کەون. هەر ئێستا هەیپای لێ دەکەین و بە هەناسەیەک دەتانگەیێنمە ژوورسەری شازادە خان.»

کوڕە قاڵیچەی ڕاخست. هەرسێکیان لەسەری دانیشتن. قاڵیچە حەوا کەوت و ئەوەندەی هەناسەیەک گەیشتنە جێ. کوڕی وەزیری ناوەنجی، کە خاوەنی کتێبی حەکیمی بوو، دەرمانی گرتەوە و بە قورگی کچەیدا کرد. کچی پاشا چاک بووەوە. ئەمجا ئەم سیانە لێیان بووە هەرا.

سێیەم گوتی: «من کتێبم گرتووەتەوە.»

دووەم گوتی: «من دەرمانم داوەتێ و چاکم کردووەتەوە.»

یەکەم گوتی: «من ئێوەم گەیاندووەتە ئێرە.»

مەحموود پرسی: «دە فەرموو چرای لای پایین، هەق لەلای کامیانە و تۆ شازادە خان بەکامیان ڕەوا دەبینی؟»

چرا وتی: «هەق لەلای خاوەنی قاڵیچەکەیە. با دەرمانیش ئامادەبوایە؛ هەتا دەگەیشتە جێ، شازادە خان لە حەوت ساڵان ڕاست دەبووەوە.»

مەحموود وتی: «نەخێر درۆت وت! هەق لای خاوەن کتێبە. ئەو بوو کتێبی بۆ شازادە گرتەوە.»

دەستی برد چراکە بشکێنێ؛ شازادە خان هاتە گۆ و وتی: «ئەرێ کابرا تۆ لە کوێوە لە من پەیدا بووی؟ منیش بم هەر بە خاوەنی قاڵیچەکەی دەدەم. تۆ لەسەر ناهەقی، ئەگینا چرای من ڕاستی گوت.»

بۆ سێیەم جار لە پشت پەردەوە بۆی درا لە چەپڵەڕێزان. پاشا، مەحموودی بانگ کرد و پێی وت: «ئافەرین کوڕم، گرەوت بردەوە! من لە بڕیاری خۆم پەشیمان نیم. ئەوا کچەکەم و نیوەی سامانەکەمم پێشکێش کردی! فەرمان دەدەم تەدارەکی شایی ڕێک بخەن.»

مەحموود گوتی: «پاشام پایەدار بێ، گەورەییی خۆتان نواند. من لە وڵاتی خۆم و لە شاری خۆم شایی و بەزمی بۆ دەگێڕم. تاکو خەڵکی بزانن دەزگیرانم کچە پاشایە.»

پاشا وتی: «تۆ چاکەت لەگەڵدا کردووم. بۆیە فەرمان دەدەم دوو سەد سوار وەک یاوەر لەگەڵتان بن.»

پادشا بە دیاریی قورسەوە، تیپێک سواری لەگەڵدا ناردن. شازادەیان نایە کەژاوەوە و دوو ئەسپیشیان بۆ ئەحمەد و مەحموود زین کرد. دوعاخوازییان لە بارەگای پاشا کرد و هاتنەڕێوە. گەیشتنە ئەو جێیەی شەرتەکەیان لێ کردبوو، کە « دار، بەرد، خوا و پێغەمبەر بە شایەت بن، زیان و قازانجیان یەک بێ.»

لێرەدا مەحموود سوارەکانی بەڕێ کرد و پێی وتن: «شارەکەمان نزیکە، فەرموو ئێوە بگەڕێنەوە، خواتان لەگەڵ.»

مانەوە سەر شازادە خان و ئەحمەد و مەحموود.. لێرەدا مەحموود، کە کوڕی کابرای قەساب بوو وتی:

«ئەحمەد، خوا بەلای سەرەوە ئاگەدارە، ئا لێرەدا بوو، کە ئێمە شەرتمان کرد.. وانەبوو؟»

ئەحمەد وتی: «هەموویم لە یادە کاکە مەحموود.. هەرچی ماڵی دنیا هەیە بۆ تۆ. شازادە خانیش بۆ من.»

مەحموود وتی: «من کاری وەها ناکەم. ماڵ بەش دەکەین. کچەکەیش بەش دەکەین!. شیرێک لە ناوقەدی دەدەین. تۆ کام بەشیان هەڵدەگری پێشکێشت بێ.»

ئەحمەد وتی: «جا دوای ئەوەی تۆ کوشتت، ئیتر بەشی چی هەڵبگرم؟»

مەحموود وتی: «ئەی گوایە ئێمە مەرجمان نەکردووە؟»

لەو دەمەدا شازادە خان زاری کردەوە و توولەمارێک لە دەمی دەرهات.. ئەحمەد پرینگایەوە. پاشەوپاش کشایەوە. مەحموود شمشێری کێشا و مارەکەی کوشت. ئەمجا ناوچاوانی کچە شازادەی ماچ کرد و وتی:

«تۆ خوشکمی.. وەرە پێشەوە ئەحمەد، تۆش برا گەورەمی. تا سەر غوڵامی ئەڵقە لەگوێی خۆتم.. بووک هی تۆیە و ماڵیش هەر هی تۆیە.»

ئەحمەد وتی: «تێ ناگەم، ئەم گۆڕانە کتوپڕە چلۆن ڕووی دا؟»

مەحموود وتی: «من قەرزاری تۆم و چاکەیشتم لە بەرچاوە.»

ئەحمەد وتی: «ئێمە بەرلەوەی لە باوکمان بتۆرێین یەکتریمان نەدیبوو. ئیتر چاکەی چی؟»

مەحموود وتی: «من ئەو ماسییە بووم، کە تۆ لە چنگی باوکت ڕزگارت کردم. بەزەییت پێمدا هاتەوە و هەوات دامەوە نێو دەریا. بۆیە منیش لەلای خۆمەوە بڕیارم دابوو ئەم چاکەیەت بدەمەوە. لەمەودوایش هەر فەرمانێکت هەبێ، سێ جاران بانگم بکە دەگەمە فریات.. ئیتر بەدووعا.»

ئەملا و ئەولای یەکیان ماچ کرد. مەحموود لێیدا ڕۆیی، ئەحمەدیش بەسامان و بە نەوبووکەوە گەڕایەوە ماڵی باوکی.

## ٢٢

# مەملەکەتی ماسی

هەبوو نەبوو.. ڕاوچییەک هەبوو ژیانی ماڵ و منداڵی لەسەر ڕاوەماسی بوو.. ڕۆژێکیان تۆڕی هەڵدایە دەریاوە، وەلێ هەتا نیوەڕۆ ماسی پێوە نەبوو. لە خوا پاڕایەوە ڕۆژووی بدات.. ئێوارەیەکی درەنگ تۆڕی کێشاوە، هەستی کرد تۆڕی بۆ دەرنایەت. گوتی:

«خوایە یان نایدەی، یان بە جۆرێک دەیدەی، بۆم دەرنایەت.»

زۆری لە خۆی کرد. کاتێک هێنایە دەرەوە، کوویەیەک بوو. لە خۆشی کوویەکە تاوێک هەڵپەڕی. کاتێک قەپاغەکەی لابرد، دیتی بەتاڵ و حەتاڵە.. لەپڕ دێوێک بەگرمەگرم وتی:

«کابرای ماسیگر وەسێت بکە ڕۆژت تەواو بوو.»

«بۆچی ڕۆژم تەواو بوو؟ کەمم هێناوە؟ درەنگ هاتووم؟ تۆ چ ئاڵووێڵێکت لەگەڵ مندا هەیە؟»

«حیکایەتێکی دوور و درێژە، وەسێت بکە.»

ماسیگر وتی:

«وەسێت ناکەم. خۆ کۆشک و تەلارم لە پاش بەجێ نامێنێ، بمکوژە و بەمەرجێک بزانم مەلامەت چییە؟»

دێوەکە وتی:

«زەمانی خۆی گوێڕایەڵی حەزرەتی سلێمان بووم.. جارێکیان بەکاری خراپەوە گیرام و بردمیانە خزمەتی. بە تەخت و تۆمار و تاجی ئەو سوێندم

خـوارد چیـی تر له فـەرمـانی ئەو دەرنەچم. ئـەویش لێم بـورد و ئازادی کـردم. بەڵام دیسـان دەسـتـم پێ کردەوە، له فـەرمـانی دەرچوومـەوە.. ئەویش هێـزێکی زۆری نارده سـەرم و گیـرام. جـارێکی تر سـوێندم بۆ خـواردەوە، کـه لەقسـەی دەرنەچم و گـوێڕایەڵی بم. ئەویش جـارێکی تر بـەخـشـیـمی. وەلێ دیسـان تێهەڵچوومەوه. دیسانەکه دەستگیـر کرام. فەرمووی: « ئەمجارەیان لێبووردنت نییه.. بچۆره نێو ئەو کووپەیەوه.»

سیحرێکی خوێند و چوومه ناو کووپەکه. قەپاغیان کرده سەر کووپه و ناوی خوایان لەسـەر نووسی. منیش نه کووپەم بۆ دەشکا و نـه دەیشمتوانی سەری هەڵبدەمەوه. تووریان هەڵدامه نێو دەریاوه. شەرتم کرد، پەنجا ساڵ له دەریادا بمێنمـەوه. هەر کـەسـێک دەرم بـهـێنێ و پەنجـا سـاڵەکـەم تەواو نەکـردبێت، بیکوژم. ئەوا تۆ دەرت هێنام و هێـشـتـا پەنجـا سـاڵ تـێ نەپەڕیوه. خـێـرابه ڕاوچی وەسێت بکه با بتکوژم.

ماسیگر وتی:

«له دارای دنیـا سـامـانێکی ئەوتۆم نیـیـه. ئیـتـر وەسـێـتی چی؟ من هەرچییەکیش بڵێم، نه گوێم لێ دەگری و نه بەقسەم دەکەی.»

دێو وتی: «گوێت لێ دەگرم!»

مـاسـیگر وتی: «کـاتێک سـەرنجت دەدەم هێندەی چیـای پیـرەمـەگروونی، نازانم چۆن لەو کووپەیەدا جێت بووەتەوه؟»

دێو وتی: «به فرمانی حەزرەتی سلێمان.»

ماسیگر وتی: «هەرگیز باوەڕ نییه لەم کووپەیەدا جێت ببێتەوه.»

«ئەدی ئەگەر چوومه نێوی و هاتمەوه دەرەوه، قسەت دەمێنێ؟»

«قسەم نامێنێ و ئەوساکه ڕوحم پێشکێشت بێ.»

دێو سـیـحـرێکی خـوێند و چووه نێـو کـووپەکـەوه. لـه ناوەوه بانگی کـرده ماسیگر، وتی: «به چاوی خۆت ببینه، له نێو کووپەکەدام یان نا؟»

ماسیگر ناوی خوا و حەزرەتی سلێمانی هێنا. سەرقاپەکەی نایەوە. پاڵی بەکووپەکەوە نا. بە تل ڕووەو دەریا بردی. دێو لە ناوەوە هاواری لێ هەڵسا:

«مەمخەرەوە دەریا. پەیمان بێ داوای هەرچیم لێ بکەیت بۆتی جێبەجی بکەم.»

«باوەڕت پێ ناکەم.»

«سوێند بە شیری دایکم ناتکوژم، بگرە خەڵاتت دەکەم.»

ماسیگر دێوی ئازاد کرد. دێو گوتی: «فەرموو، داوای هەرچی دەکەیت سەرپشک بە.»

ماسیگر وتی: «دەریایەکم نیشان بدە، هەرکە تۆڕم تێ فڕێ دا، بەجارێک دەیان باسی ڕاو بکەم.»

دێو وتی: «ئەگەر تۆ لە بری زێڕ و ماڵی دنیا ئەوە هەموو داواکارییەکانت بێ، زۆر ئاسانە. شوێنم کەوە.»

دێوەکە ڕاوچیی بردە جێیەک، وەک خۆڵ ماسیی هەمەڕەنگی تێدا بوو.. ئەم دەستی بەڕاوەماسی کرد و دێویش ڕۆیی.

ماسیگر گیای کردە سەر سەبەتەیەک. کۆمەڵێک ماسی لەسەر ڕیز کرد و بردییە بازاڕی شار. لەو دەمەدا وەزیر لەوێوە ڕەت دەبوو. چاوی بەو ماسییانە کەوت و حەیرانیان بوو. لەگەڵ خۆیدا وتی: (خۆیان ئەمەندە جوانن، دەبێ گۆشتیان چەند خۆش بێت.»

وەزیر ماسییەکانی بە پارەیەکی باش لێ کڕی و هەر بەیاوەرەکەی خۆیدا بۆ ماڵی پاشای ناردن و پێی وت: «بە ماڵی پاشا بڵێ: ئەم دیارییە وەزیر ناردوویەتی.»

پاشا دیارییەکەی پەسەند کرد و بە شاژنی وت: «سبەی نیوەڕۆ ئەم ماسییانە بەدەستی خۆت سوور بکەرەوە و بۆ کۆشکی شاهانەی بنێرە؟»

بۆ سبەینێ، لەو دەمەدا شاژن بەدەستی شاهانەی خۆی خەریکی ماسی

سـوورکـردنـەوە بوو؛ دیواری کـۆشـک شـەق بوو. عـەرەبێک بەحـەیزەرانێکەوە پەیدابوو. شاژن لە ترساندا پاشەوپاش کشایەوە.

عەرەب وتی: «هۆ ماسییەکان هۆو.»

ماسییەکان وتیان: «هۆ بەڵێ هۆو.»

عەرەب وتی: «ئەوە بۆچی لەسەر قەول و بڕیی خۆتان نەماون؟»

ماسییەکان وتیان: «ئێمە لەسەر قەول و بڕیی خۆمانین، تۆ نەماوی.»

عەرەب دار حەیزەرانێکی بەتاوەکەدا ماڵی. ماسی گریان گرت. عەرەبیش بە قڵـیشـی دیوارەکەدا ئەودیو بـوو. کـاتی نیـوەڕۆژە تێپـەڕی و نان نەگـەیشت.. پاشا گوتی: «لە برساندا دڵم زەعف دەکات، کوا، بۆ ماسی نەگەیشت؟»

وەزیر، بۆ سـۆراخی نیوەڕۆژە، پیـاوێکی ناردە ماڵی پاشـا. شاژن بە پیاوەی وت: «با وەزیر خۆی بێت.»

وەزیر چـووە خـزمـەت حـەرەمی پاشـا و وتی: «کـوا مـاسـی؟ وا پـاشـا لە برساندا زەرد دەبێ.»

شـاژن بە پیـاوەی وت: «مـاسـیـی چی؟.. ئەوە دیاری نـەبوو، بەڵا بوو تـۆ بۆ منت ناردبوو.»

شاژن حاڵ و مەسەلەی بۆ گێڕایەوە.. وەزیر وتی: «ماسی بە زیندوویی قسە ناکات، چ جای ئەوەی هەڵی بدڕی و لە تاوەیشدا سووری بکەیتەوە.»

شاژن وتی: «فەرموو وەزیری دانا، فەرمان بدە ئەوەندەی تر مـاسی بێنن، با لە بەرچاوی خۆت سووریان بکەمەوە. ئەگەر وەها نەبوو مافی گلەییت هەیە.»

وەزیر بە پەلە ناردی لە هەمـان جۆر، ئەوەندەی تر مـاسـیـان هێنا. مـاسـیـان نایە تاوەوە. چـزوهـووڕ دەسـتی پێ کـرد. دیسـان عـەرەب بە حـەیزەرانەوە پەیدا بوو. مـاسـی گریان تێ بـەربوو، سووتان. وەزیریش بۆ دیوانی پاشا گـەڕایەوە و حاڵ و مەسەلەکەی بۆ گێڕایەوە. پاشا وتی: «تـاکو ئێستا درۆم لێ نەبیستووی. بەڵام ئەمەی دەیڵێی درۆیەکە وەک گوێرەکە بەبۆڕەبۆڕ دوات دەکەوێ.»

وەزیر وتی: «دەفەرموو جەنابی پاشا ئەم درۆیەی من تاقی بکەرەوە.»

دیسانەکە لە هەمان جۆر ماسییان هێنا و لە تاوەدا سووریان کردەوە. وەزیر چی بینیبوو، پاشایش بینی و وتی: «ئەم رووداوە نهێنییەکی سەیری تێدایە!»

پاشا کەوتە مەراقەوە. ناردییە شوێن ماسیگر و لێی پرسی: «لەو دەریایەدا چ نهێنی و بەسەرهاتێکت بینی؟.. لەلای ڕاستییەوە پێم بڵێ؟»

ماسیگر وتی: «هیچی وام نەدیوە جێی سەرنج بێ.»

پاشا وتی: «سبەینێ بۆ گەشت و سەیران دەچمە ئەو گوێ دەریایە. بۆ شارەزایی لەگەڵمان بە؟»

پاشا تەدارەکی سەیرانی ڕێک خست. ماسیگر بردنییە سەر دەریاکە. پاشا خەلاتی کرد و پێی وت: «نابێ جارێکی تر لەم دەریایەدا ماسی بگری.»

ماسیگر وتی: «ئەوەندەتان پێ بەخشیوم چیی تر پێویستیم بەڕاوەماسی نییە.»

کاتی نوستن، پاشا شمشێری حەمایەڵ کرد و نامەیەکی بۆ وەزیر نووسی:

«ئەی وەزیری دنیادیدە، ئەگەر گەڕامەوە ئەوا تەخت و تۆمار و پاشاهی هی خۆمە. نەیشهاتمەوە تۆ لەسەر تەخت دابنیشە و فەرمانڕەوایەکی دادپەروەر بە.»

پاشا ڕووی کردە کەناری دەریا، تاکو ڕووداوێکی ئەوتۆ ببینێ سوودی لێ وەربگرێ. زۆر گەڕا.. لە دەمی گەڕاندا، لە شێوەی کارێزدا، قومووشێکی بینی.. قومووش دەچووەوە سەر دەریا.. ڕووی کردە قومووشەکە. زۆر ڕۆیی، کەم ڕۆیی.. پلیکانەی هاتەڕێ.. چەند هاتبوو ئەوەندەی تر ڕۆیی.. وەختێ چاوی کردەوە، کۆشکێکی بینی بە باخ و باخات. لەوێ گوێی بە نەوای مرۆڤێک زرنگایەوە: «بە جارێک بمکوژە و با ببڕێتەوە.. لە خوا شەرم بکە.»

پاشا ڕووی کردە ئەو ژوورەی دەنگەکەی لێوە دەهات. دەرگەی شکاند.

سـەرنجی دا ژوور چۆڵ و هۆڵە. مـرۆڤێک بە بـەرزاییـیـەوە وتـی: «ئەی جـەنابی پاشا بەخێر هاتی.»

کـاتێ سـەری هـەڵبـڕی، دیتی وا پـاشـایەک بـە تەواوی بـەرگ و تاجـی شـاهانەوە، لەلای سـەراوردەوە قـەراری گـرتووە. ئـەم تەخـتـە نـە بەگـوریس هەڵواسـراوە. نە لـە ژێرەوە کـۆڵەکەی دراوەتـەبەر. بگرە بە مـۆلەق وەسـتـاوە.. پاشای لای پایین وتی: «من هیندە کاڵفام نیم ئێوە ببینم و سڵاو نەکەم.»

ئەم سـڵاوی کـرد و ئەویش وەڵامی دایەوە، وتـی: «هـەتا پێت دەکرێ زوو بڕۆ، نەبادا وەکو من دووچاری ئەم بەڵایە ببی.»

پاشای لای پایین وتی: «چۆن و بۆ کوێ بڕۆم؟»

پاشای هەڵواسراو وتی: «دەتەوێ چارەی برینی من بکەی؟»

پاشای لای پایین وتی: «بەڵێ، بەڵکو حەکیم بم.»

پاشـای هـەڵواسـراو وتی: «هەتوانـی برینی من لەلای تۆ نیـیـە. تۆیش دێیـتـە لای من. تا زووە سەری خۆت دەربکە و بڕۆ.»

پاشا وتی: «ناڕۆم هەتا حیکایەتی خۆتم بۆ نەگێڕییەوە.»

پاشـای هەڵواسراو وتی: «پاشـام، ئەو دەریایەی سـەرەوەت بینی چەند ڕەنگ ماسیی تێدایە؟»

«بەڵێ.. ڕەش، سوور، سپی.. زۆر ڕەنگ.»

«هـەر ڕەنگەو گەلێک بوو. زبانی خۆیان هەبوو. ئەو دەریایە، مەملەکەتی خۆم و باوکم بوو.. باوکم لە گەورەترین شاریان، کە پێتەختی بوو، فەرمانڕەوا بوو.. ئەو دەریایەی بینیت شارستان و دێهاتی وڵاتەکەم بوو.. کوڕ، هەر منی هەبوو. مـامیـشم سەرۆک وەزیران بوو. کچێکی هـەبوو پێکەوە دەمـانخوێند.. عـاشق و مارەبڕی یەک بووین. بـاوکی پاشام تەمەنی بەجێ گەیاند. وەزیران داوایان لێ کـردم بیگوێزمـەوە، منیـش گواسـتـمـەوە. ئەوەنـدەم خـۆش دەویست؛ لێم دوور بکەوتایـەتەوە ڕوحی ڕەوانم دەردەچوو.. بە مـەزندەی خـۆم ئەویش لەگـەڵ مندا

وەهایە. ڕۆژێکیان، کاتێک لە گەرماو دەرهاتم دیم ئامۆزا گیان لە ماڵ نییە. جــووتێک قــەرەواش خــوشک بوون. ئەو دووانە لە ســـەردەمی بابمەوە لە کۆشکدان. جێیان بۆ ڕاخستم تاکو نەختێک بحەسێمەوە.. بە چاو نوستبووم و بە دڵ هوشــیــار.. گـوێم لێ بوو یەکـێکیـان گـوتی: «لە ئاینی بگەڕیتـەوە ئامۆزایەتی.»

«جا خوشکێ، ئامۆزاشی هەمان دەستوور ئەمی خۆشدەوێ.»

«وا دیارە چاک ئاگەداری نهێنی کۆشک نیت. قەت وەها نییە.»

«دەباشە تۆ نهێنی کۆشکم بۆ باس بکە؟»

«کـاتێک ئامـۆزای، ئەم دەکـاتە خـەو، دێوێک هەیە لە ئەشکەوتێکدایە، ئەو خـوانەی، کـە بۆ پاشـای دەرازێنێـتـەوە، دەیخـاتە مـەنجـەڵ، شـەرابی بۆ هەڵدەگرێ. یاوەری دەلالّی هەیە، ئەسپی بۆ زین دەکات و بۆ خـزمـەت دێوەی دەبات. ئەوەی، کە ئەسپەکەی بۆ زین دەکات، نۆبەتدار دەبێ هەتا دەگەڕێتەوە! ئەسپی لێ وەردەگرێ، دەیباتە تەویلەوە و دەیبەستێتەوە.»

«وسبە خوشکێ، کاری وەها چلۆن ڕوو دەدات؟»

پاشا لەسەری ڕۆیی وتی:

خەوم لێ زڕا.. دوای ئەم گفتوگۆیە، من هەڵسام و قەرەواشەکان ڕۆیشتن.. من ڕۆژی ڕووناکم لێ بوو بە شـەوی تاریک. شـەو بەسـەردا هات، پەنجـەیەکی خۆم زامدار کرد و نەختێک خوێم تێ کرد، تاکو خـەوم لێ نەکەوێ. کاتێکم زانی لـە نیـوەشــەودا ئامــۆزا گـیــان هات، بۆنێکی پێـوە کــردم، وای زانی نوسـتووم.. خۆی ئارایشت دا. خواردن و شـەرابی ئامادە کرد. دەلالّ ئەسپی بۆ زین کـردبوو.. سـواری ئەسپ بوو، ڕۆیی.. دەلالّەکـەم بانگ کـرد و پێم وت: ئەســپـێکیش بـۆ من زین بکە. ورتەت لە دەم دەربـێ زمـانت دەبڕم. ئـەوەندەی بڵـێی یەک و دوو، ئەسپی بـۆ زین کردم. شـوێنی کـەوتم.. لەو جێیەی قـەرەواش باسی کـرد دابەزی.. منیش برێک لە دووری ئـەو، ئەسـپم بـەسـتـەوە. ئـامـۆزا چووە ئەشکـەوتێکەوە. ئەشکـەوت وەک گومـەزی حـەمـام، لە سـەرەوە کـونێکی

تێدا بوو. لەوێوە سەرنجم دا. گوێم لێ بوو دێوە پێی وت: هەی واوا لێکراو ئەمە وەختە دێیت؟ ئامۆزاش وتی: چی بکەم.. تاکو ئامۆزام، بە قوربانت بێ خەوی لێ کەوت، درەنگم بەسەردا هات.

خوانی بۆ ڕازاندەوە.. بوو بە مەیگێڕی دێو و پێکی بۆ تێ کرد. بە چاوی خۆم هەموو شتێکم بینی! دوای ئەوەی لێی تێر بوو ئیزنی دا. کە ئامۆزام ڕۆیی، بۆی چوومە خوار و شیرێکم لە تەپڵی سەری دا.. سواری ئەسپ بووم و هەیپام لێ کرد. من لە جێدا ڕاکشابووم ئەمجا ئامۆزام گەیشتەوە کۆشک.. ئەمجا ئامۆزا خۆی ڕووت کردەوە و هاتە پاڵمەوە. من هیچم نەدایە ڕووی. ڕۆژگار ڕابورد. وەک گوڵێک ئاوی لێ بڕابێ تا دەهات ئامۆزام بێ شەوق دەبوو. ڕۆژێکیان لێم پرسی:

«ئەرێ ئامۆزا گیان بۆچی وا سەغڵەت دیاری؟ ئەگەر ناساغی با فرمان بدەم تا حەکیم و نوژدار بێن تیمارت بکەن. ئەگەر کەموکووڕیشت هەیە با جێبەجێی بکەم؟»

ڕۆژی دواتر وتی: «فرمان بدە با لایەک لە کۆشکم بۆ چۆڵ بکەن.»

«لەبەرچی؟»

«شینی تێدا دەگێڕم.»

«شین بۆ کێ؟»

«بۆ خاڵۆزا دوور وڵاتەکەم.»

ئەوەشم بۆ کرد. تەمەس ئەی پاشا، دێوەکەم نەکوشتووە! دێو زامدارە و هێناوێتی تاکو لە نزیک خۆیەوە بێت و تیماری بکات. ئیتر هەر کاتێک دەهاتمەوە، دەیانوت ئامۆزا لە دەستەی خوارەوەیە. ئاگەداری ئەوەیشم ئامۆزام لە لای سیحربازان سیحر فێر دەبێ.

ڕۆژێکیان ناردمە دوای. شوڵکێکی باریک و درێژی بەدەستەوە بوو. پێم وت:

«ئەم پرسەیە هەتا کەی؟»

«خاڵۆزاکەم زێدە خۆشەویست بوو.»

«نا نا.. مەڵێ خاڵۆزا.. بڵێ شین بۆ دێو دەگێڕم.»

«دیارە تۆ وەهات لێ کردووە.»

«بەڵێ من تۆپاندم.»

شوڵکێکی لێ دام و وتی: «هەتا ناوقەدت بەرد بێ.»

چاوت لێیە پاشا؟ لە ناوقەد بەرەوخوارم بە بەرد بووە. کاتێک ئێوە هاتن، من لەو سۆزانییە دەپاڕامەوە تا هێندەم حەیزەران لێ نەدات. وەک باسقەنە خوێن لە گیانم فیچقە دەکات.. حەز دەکەم بمکوژێت و ڕزگارم بێت. لەسەر برینەکانمەوە جلکی زبرم لەبەر دەکات، تاکو هێندەی تر سوێ بچێتە دڵمەوە. ئەمجا وەک ئەتکم بکات، بەو حاڵەوە بەرگی شاهانەم لەبەر دەکات. ئەمە دەردەدڵی من بوو. دەفەرموو هەتا زووە بڕۆ، با بە مەرەی منت نەبات.»

پاشا وتی: «ناتوانێت وەهام لێ بکات.. هەتا شیرم بڕ بکات بە دەنگتەوە دێم. کوا دێوەکە؟»

«ئەوەتا لە ژوورەوە.»

پاشا لە ناخافڵ بۆ دێوەکە چوو. دایە بەر شمشێر و تۆپاندی.. ڕووتوقووتی کردەوە. لێفەی لە خۆیەوە ئاڵاند و ئەمجا جلکی دێوی پۆشی، هەتا زەبەلاح بنوێنێ و خانم وابزانێ دێوەکەیە. دوای ماوەیەک خانم پەیدا بوو. هەرچەند بانگی کرد و لەگەڵیدا خەریک بوو، پاشا وەڵامی نەدایەوە. خانم پێی گوت:

«کاتێ ڕۆیشتم ساغ بوویت، بەم کتوپڕە چیت بەسەردا هات؟»

«ئامۆزات هەمیشە نزام لێ دەکات و دەڵێ: وەک من گرفتار و دووچار بووم، خوایە هەموو ڕۆژێک برینی دێوەکەیش تازە ببێتەوە! ئەگەر بێت و ئازادی بکەیت و چاک ببێتەوە، ئەوا منیش چاک دەبمەوە. دیسان دەبمەوە بە پاشا. تۆیش دەبییەوە بە شاژن.»

«حەز دەکەیت چاکی بکەمەوە؟»

«زۆریش حەز دەکەم.»

شوڵکێکی گەیاندێ و کردییەوە بەکوڕەکەی جاران. ئەمجا پێی وت:

«بە قوربانی دێو بیت. ئەوا لەسەر فەرمایشتی ئەو ڕزگارت دەکەم. بڕۆ ئاوڕ نەدەیتەوە.»

پاشای وەخت، کە ئێستا لە بەرگی دێودایە، بەنامەیەکەوە ناردی بۆ لای وەزیری جێگری خۆی و داوای لێ کرد وەک پاشا مامەڵەی لەگەڵدا بکەن. دوای چەند ڕۆژێک ئامۆزا هاتەوە بۆ لای دێو و لێی پرسی:

«بۆچی جار هەیە چاکیت و جار هەیە خراپ؟»

«ئەوە دووعای ئەو ماسییانەیە لێم گیرا بووە. ئەوانە مرۆڤن وەک ئێمە. ئەوان حەزیان بەژیانە و تۆیش هەموویانت کردووە بە ماسی. کاتێک شەویان لێ دێ، سەر لە دەریا دەردێنن و دووعای خراپم لێ دەکەن.»

پاشا لەم گەشتەیدا تێ گەیشت، ئەو عەرەبە ڕەشەی، کە بەحەیزەرانەوە لە قڵیشی دیوار دێتە دەرەوە و تاوەی ماسی دەداتە بەر دارحەیزەران و ناهێڵێ ماسییەکان بخورێن، ئەم ئافرەتە سیحربازەیە. چونکە ئەگەر بێتو ماسییەک لەوانە بخورێت، ئەوا دەستبەجێ تەلیسمی سیحرەکەی ئەم بەتاڵ دەبێتەوە. بۆیە ماسییەکانی دەسووتاند و دەڕۆیی.

خانم پرسی: «ئێستا چیت دەوێ؟»

«دەمەوێ ئەوانیش ڕزگار بکەیت. با ئەو دەریایە ببێتەوە بە وڵاتەکەی جاران.. ئەو حەلە من دەبمە پاشا و تۆیش بە شاژن.»

خانم ڕۆیشت، جامێک ئاوی لە دەریاکە پڕ کرد و سیحرێکی بەسەردا خوێند و ڕووی کردەوە نێو دەریا.. سیحر بەتاڵ بووەوە. دەریا بووەوە بە وڵاتەکەی جاران. هەرکەسە چووەوە سەر کار و فرمانی خۆی.. خانم هەواڵی دایە:

«وا ئەوەیشم بەقسە کردی.»

«وەی دایکم بە سەدەقەت بێ مادام قسەت نەشکاندم، دە ئێستا وەرە خۆشەویستەکەم، با تێر زار بە زاری یەکەوە بنێین.»

پاشا نەیدەتوانی بە زەبری تیر و شمشێر بیکوژێ. چونکە سیحرێکی بەسەردا دەخوێند. خانم دەمی نایە نێو دەمی دێوەوە. ئەویش بە زمانیدا نووسا. هەتا ڕوحی دەرنەچوو، بەری نەدا.. لاشەی ئەویشی فڕێ دایە پاڵ لاشەی دێوەکە. ئەمجا گەڕایەوە وڵاتی خۆی.

لە خۆشی شکاندنی ئەو تەلیسمە، فرمانی دا حەوت شەو و حەوت ڕۆژ بکرێ بە شایی، کچێکی خۆی دا بە پاشای ڕزگارکراو و ناردییەوە بۆ وڵاتی خۆی. ئەو وڵاتەی بەزەبری سیحر کرابوو بە دەریا.. منیش هاتمەوە بە سەلامەت لەگەڵ ئێوەدا.

٢٣

## ئەسپی پاشای ڕۆم

ڕۆژێک پاشای عارەب وەزیرەکانی کۆ دەکاتەوە و لێیان دەپرسێ:

«من پاشای عەرەبم پێ دەڵێن. لە بارەگا و ناو ماڵمدا چیم ناتەواوە، بیدۆزنەوە و پێم بڵێن؟»

گەورە وەزیر وتی: «ئەی پاشای وەخت، ئێوە لە هەموو ڕوویەکەوە تەواون. تەنیا لە یەک شتتان کەمە!.. ئەسپی ڕەسەن لە تەویلەتاندا کەمە!»

پاشا وتی: «لەم ڕووەوە گلەییم لە ئێوە هەیە. خەزنە لە بەردەستی خۆتاندایە. کە هەستتان پێ کرد دەبوو بتاندرکاندایە. دیارە کەمتەرخەمی لە ئێوەیە. فەرموو ئەو ئەسپەی ئێوە پەسەندی دەکەن بیکڕن.»

وەزیرێک وتی: «ئەی پاشای وەخت، ئەسپێک هەیە بێ وێنەیە. بریا ئەوەتان دەستبکەوتایە»

پاشا پرسی: «ئەو ئەسپە لە کوێیە و چۆن ئەسپێکە؟»

وەزیر وتی: «ئەوە ئەسپی پاشای ڕۆمە! کلکی سوارێکە.. سەری سوارێکە.. سوارەکە بۆ خۆی سوارێکە.. بە ئاستەم سمی دەکەوێتە سەر زەوی. هەر دەڵێی بەباڵ دەفڕێ.»

پاشا وتی: «جا خۆ ئەم ئەسپە هی بابایەکی جووتیار، یاخۆ بازرگان نییە، تاکو بە پارە لێی بکڕین. ئەویش پاشایە وەک ئێمە و حەزی لێیە خاوەنی ئەسپی ڕەسەن بێ.»

وەزیر وتی: «ئێمەش ناڵێین بە ماڵی دنیا دەیفرۆشێت.»

پاشا پرسی: «ئەدی چۆن؟»

گەورە وەزیر وتی: «دوو برا هەن، تاج لەسەر پاشایان دادەگرن بێ ئەوەی بەخۆیان بزانن. ئەو دووانە دەنێرین دەیهێنن!»

جووتە برا هاتنە کۆشک، پاشا وتی: «ئەگەر بێتو ئەم ئەسپەم بۆ بهێنن، وەهاتان لێ دەکەم سەرتان بگاتە هەور.»

ئەوانیش وتیان: «لە ژێر زەوی بێ دەیخەینە سەر زەوی.»

جووتە برا بەرەو وڵاتی ڕۆم هەیپایان لێ کرد. لەوێ مانەوە و خۆیان بردە پێشەوە. برا بچووک بوو بە بەردەستی ئاشپەزی پاشای ڕۆم. برا گەورەیش بوو بە مەیتەر. ئەسپیش لە تەویلەدایە. ئەسپ، چل و یەک دانە مەیتەری هەیە. کاتێک شەو بەسەر دەستدا دێت، چوار زنجیر دەکەنە چوارپەلی و بە مێخ لە زەوی دای دەکوتن. هەر دە مەیتەر، هەتا بەیانی لەسەر زنجیرێک دەنوون. مەیتەرباشیش خۆی هەتا بەیانی لەسەر پشتی ئەسپەکە دەنوێ. نزیکەی دوو سەد سەرباز هەتا بەیانی ئێشکی ئەو تەویلەیە دەگرن. جووتە برا وردەوردە خۆیان بردە پێشەوە. گەورەکەیان بوو بە مەیتەرباشیی کۆشک. برا گچکەیش بوو بە ئاشپەزباشی. بەم جۆرە ئەسپ کەوتە دەست دز. ئەوان تەواو شارەزای دەوروبەر بووبوون. ڕۆژێک مەیتەرباشی بە ئاشپەزباشیی برای وت: «کاتی هاتووە.»

«من هەگبەیەک، بەکێش سووک و بەنرخ گران پڕ دەکەم؛ ئەدی تۆ؟»

«شەوی هەینی ئێشکچییەکانی دەوری ئەسپەکە ئیزن دەدەم. ئەسپ ڕادەکێشمە دەرەوەی کۆشک. تۆ لەوێ چاوەڕوان بە. هەگبەی لێ دەبەستین و بەجووتە سواری دەبین و هەیپای لێ دەکەین.»

مەیتەرباشی، دوای ئەوەی پەیمانی دانێ شەو لەسەر پشتی ئەسپەکە ڕۆژ بکاتەوە، دەستی بە هاوەڵەکانێوە نا. وەک ڕەنگیان بۆ ڕشتبوو، شەوەکی بە جووتە سواری ئەسپ بوون و ئەسپیان گەیاندە کۆشکی پاشای عەرەب. پاشایش خەڵاتی کردن.

*

مـانگێک بەسـەردا ڕابورد. پاشـای عـەرەب ئەسـپی لە تەویلە دەرهێنا و سـواربوو. پاشـای ڕۆمـیش کـاتێک پێی زانی ئەسـپـەکـەی دزراوە. لە بەردەم وەزیرەکانیدا سوێندی خوارد: «هەتا ئەسپ نەدۆزمەوە پادشایی لە من حەرام بێت.»

جێنشینی دانا. کەشکۆڵ و عەسای هەڵگرت. بەدوای ئەسپدا بووە گەڕیدە. هات هات، تا گـەیشـتـە وڵاتی پاشـای عـەرەب.. لەوێ لە ڕێبـوارێکـی پرسـی: «ئەرێ ئەم قەرەباڵغییە چییە؟»

«پاشا ئەسپێکی نایابی بۆ هاتووە. وا ئەمڕۆ سواری دەبێ.»

«منیش ئارەزووم لێیە بزانم پاشا چۆن سوارێکە؟»

پاشای ڕۆم، کە بەرگی عەبداڵی پۆشیبوو، بە وردی سەرنجی دەدا.. پاشای عەرەب بە سەڵەف گەیشتە ئاستی و ڕێ و ڕێ گەڕایەوە. فەرمانی دا: «هەر ئێسـتـە ئەسپ بەرنەوە تەویلەکـەی. عـەبداڵێک لەم ڕەنگ و لەم نیـشـان، وا لەبەردەرکی مزگەوتەکەدایە، بچن بۆمی بهێنن.»

کاتێک بە عەبداڵیان گوت، سەری سوڕما.. ناچار کەوتە تەکیان و وتی: «جا پاشای عەرەب عەبداڵی وەک منی بۆ چییە؟»

تەراشـیـان کـرد، بردیانە گـەرمـاو و بەرگی نایابیـان لەبەر کـرد. ئەمـجـا هێنایانە کۆشک. پاشا بەخێرهاتنێکی گەرمی کرد. عەبداڵ ڕووی لە پاشایە. چاویشی لە حەوشی کۆشکە. لەم دانیشتنەدا شاژنی بینی و ئارەزووی کرد. پاشـای عەرەبیش هەستی پێ کرد. وەلێ خۆی لێڵ نەکرد.. شـەو جـێگە بۆ عـەبداڵ ڕاخـرا. ئەمـیش هـاتەوە بۆ لای شـاژن وتـی: «شـەوی بووکـێنی چۆن بووی، بەو تەرزە خۆت بگۆڕە.»

ئافرەت خـۆی گۆڕی. پاشـا قـۆڵی ئەڵقـاندە قـۆڵی و هـەتا بەردەرکی ژووری عـەبداڵ لەگـەڵیـدا هـات. ئەمـجـا وتـی: «بچـۆ لای ئەم عـەبداڵە، تۆ هـی ئەم عەبداڵەی.»

شـاژن نارەزایی دەرنـەبڕی، پاشـایش لێـرەدا گـەڕایەوە. شـاژن عـەبداڵی

بەئاگا هێنا. کاتێک عەبداڵ سەرنجی دا، دیتی وا خەرامانێک لە ژوور سەرێتی، هەر ئەوەیە، کە دیوێتی و ئارەزووی کردووە. لێی پرسی: «ئەوە بۆچی هاتووی؟»

شاژن وتی: «پاشای عەرەب منی بۆ لای تۆ ناردووە، من هی تۆم.»

عەبداڵ وتی: «بەخێر بێی، بەڵام پرسیارێکم هەیە، لەلای ڕاستییەوە وەڵامم بدەرەوە. تۆ خوشکی پاشای عەرەبی، کچی ئەوی، چی ئەوی؟»

«من شاژنم.»

«دەزانی هەنووکە چیت لێ دەکەم؟»

«خۆت سەرپشک بە.»

عەبداڵ سێ جاران نێوچاوانی ماچ کرد و وتی: «تۆ خوشکی هەردوو دنیامی، فەرموو بڕۆ دەرەوە!»

*

شاژن بەسەرهاتەکەی بۆ پاشا گێڕایەوە. بۆ بەیانی عەبداڵ ڕووی کردە پاشای عەرەب و گوتی: «ئیزنم بدەن.. من بابایەکی عەبداڵم و جێ بەخۆم ناگرم. ناتوانم لەمەندە زیاتر لێرە بمێنمەوە.»

پاشا وتی: «ئەمشەویش لێرە بە و بۆ سبەینێ خوات لەگەڵ.»

پاشا فرمانی دا ئەسپەکەی بۆ زین بکەن. ڕەشماڵێک هەیە سورمەچنە و بە قۆزاخەی زیو ڕازاوەتەوە، بیخەنە تەکی. وەختێک عەبداڵ ماڵئاوایی کرد، پاشا پێشی کەوت. جڵەوی ئەسپەکەی دایە دەست و وتی: «فەرموو سوار بە.»

کاتێک عەبداڵ سەرنجی ئەسپی دا، دیتی ئەسپەکەی خۆیەتی. گەشایەوە. ئەملا و ئەولای پاشای ماچ کرد. ئەمجا دووعاخوازی کرد و سواربوو.. وەزیرەکان بە پاشایان وت: «چیتان کرد پاشا. ئەسپێک بەو جۆرە پەیدا کرا، کەچی هەروا بە ئاسانی داتان بە عەبداڵێک! سەرباری ئەوە ڕەشماڵێکتان خەڵات کرد خەراجی نیوەی شارەکەیە.»

پاشا وتی: «بەڵام ئەو عەبداڵە پاشای ڕۆم بوو.»

«چۆنتان زانی پاشای ڕۆمە، پێشتر دیوتانە؟»

«نەء نەمدیوە، بەڵام زانیم خاوەنی ئەسپەکەیە.»

«بە چیدا زانیتان؟»

«ئەو ڕۆژە، کاتێک بە سواری ئەسپەکەوە گەیشتمە ئاستی، دیم زاری بووبوو بە چاو، لووتی بووبوو بە چاو، گوێی بووبوو بە چاو، هەموو گیانی تەماشای دەکرد. دەستەڵاتی نەبوو، ناچار هەر تەماشای دەکرد! ئا بەوەدا زانیم کە خاوەنی ئەسپەکەیە. دەچێتەوە وڵاتی خۆی و دەڵێ پاشای عەرەب دزی ڕاگرتووە. ئەمەیش بۆ ئێمە شان کورتییە.»

*

پاشای ڕۆم گەیشتەوە وڵاتی خۆی. ساڵ هات و ساڵ چوو. نەهامەتی ڕووی کردە پاشای عەرەب و میللەتەکەی لێی ڕاپەڕین. خۆی و شاژنیان بە دەستی بەتاڵ دەرپەڕاند. پاشای عەرەب لە خێزانی خۆی پرسی: «بەڕاست ڕوو لە کوێ بکەین؟»

«گوێ مەدەیە، دەچینە لای برایەکەم، پاشای ڕۆم برامە. بیرت چوو، ئەو شەوە منی بە خوشکی خۆی قبووڵ کرد؟»

ئیتر ڕوویان لە وڵاتی ڕۆم کرد. نزیک پایتەخت لەسەر کانی و ئاوێک دانیشتن. لەو دەمەدا پاڵەیەک جووتی بەردابوو، دەگەڕایەوە شار. شاژن بانگی کردێ: «دەخوازی خەڵات و بەراتێکی زۆرت دەست بکەوێ؟»

پاڵە وتی: «کێ بێ دەست بە خێری خۆیەوە بنێ، خانم.»

«کەواتە برۆ بە پاشای ڕۆم بڵێ: مژدەم بدەرێ، خوشکەکەت و برایەکەت هاتوون و لەسەر ئەم کانییە چاوەڕوانن.»

پاڵە لە خۆشیی بەرات، جووتە گای جێ هێشت و بۆ مەقامی پاشا تێی تەقاند. دەستبەجێ پاشای ڕۆم فەرمانی دا پاڵە خەڵات بکرێ. خۆشی چوو بۆ

لایان. کاتێک تەماشای کرد، دیتی پاشای عارەب و خێزانەکەیەتی. ئەملا و ئەولای یەکیان ماچ کرد و پاشا پێی وتن: «تاوێک لێرە قەرار بگرن خۆم لە دووتان دەنێرم.»

وەکی گەڕایەوە، فەرمانی دا، دوو دەست بەرگیان پێچایەوە. ئەسپیان زین کرد و سەرباز کەوتنەڕێ. ئەو رۆژە بووە ئاهەنگ و جەماوەرێکی زۆر بەپیر پاشاوە چوون. بازاڕیان ڕازاندەوە، کۆڵان و شەقام ئاوپرژێن کران. میوان بە دەبدەبەوە هاتنە شارەوە. ئەوان لە بارەگای شاهانە جێیان بۆ چێ کرابوو. لەوێ پشوویان دا. هەر لەو دەمەدا، کوڕە گەورەی پاشای ڕۆم بۆ ڕاو چووبوو. ئیتر ئەو بەشەی ئەو تێیدا دەژیا بەرەوڕووی میوان کرایەوە. شاژنی عەرەب ڕێک لەسەر چرپایەکەی ئەو نوست.

شازادە لە ڕاو گەڕایەوە. ئەسپیان لێ وەرگرت و تاقەتیان کرد. وەلێ شازادە ئاگەداری ئەم کەین و بەینە نەبوو. شەکەت و ماندوو چووە سەر جێگەی خۆی و شاژنی عەرەبی بە خێزانی خۆی زانی. لە پاڵیدا ڕاکشا و دەمودەست خەوی لێ کەوت. لە نیوەشەودا پاشای عەرەب بە خەیاڵیدا هات سەری شاژن بدات. بزانێ داخۆ نوستووە، یان خەوی لێ زڕاوە. کاتێک تەماشای کرد، دیتی کوڕی پاشای ڕۆمی لەلایە، بەرچاوی تاریک بوو، وتی: «ئەی بێ ئابڕوو. لەلایەک ئەم ڕێز و نەوازشە، لەلایەکی ترەوە کوڕەکەی دەنێرێتە پاڵ خێزانەکەم.»

هەڵی کێشایە خەنجەر و کوڕی پاشای شڕوهوڕ کرد. شاژن لەم کەین و بەینە ڕاپەڕی و گوتی: «دیارە نەگبەتی بەری نەداوی. ئەم کەتنەت بۆ کرد؟»

«کاک، هەر ئاوا دەبێت.. لەلایەکەوە دەستی ڕێزمان لێ دەنێ. لەلایەکیشەوە زەلام دەکاتە پاڵت.»

«ئەمە جێگەی بووکەکەیەتی. شازادەیش تازە لە ڕاو گەڕاوەتەوە. ئاگەداری ئەم ئاڵوگۆڕە نییە، لەبەر هیلاکی هەر لەگەڵ ڕاکشاوە یەکسەر خەوی لێ کەوتووە. ئیتر ئەو نەیزانیوە لەپاڵ کێدا نوستووە.»

«وا دیاره نەهامەتی لە هەموو لایەکەوە رووی تێ کردووین. هەڵسە با برۆین سەری خۆمان هەڵبگرین.»

وەلێ هەرچەندیان کۆشا، دەروازەی کۆشکیان بۆ نەکرایەوە. خێرا پاشای رۆم لەم رووداوە ئاگەدار کرا. سەرنجی دا میوانەکان لە جێی خۆیان نەماون. بەوەیشی زانیبوو، کە کورەکەی کوژراوە. هەموو ئەو یاوەر و نێچیرەوانانەی، کە لە تەک کورەکەیدا بوون بانگی کردن و فرمانی پێدان: «ئەمرۆ لە کوێ راوتان کردووە، تەرمی شازادە بەرن لەوێ دای بنێن و بگەرێنەوە.»

چەند قسەیەکی بە گوێدا چپاندن و هەرەشەی لێ کردن نەیدرکێنن. ئەوانیش ئەرێیان دا. سواربوون و لە کۆشک دەرچوون. بۆ بەیانی یاوەرانی شازادەی بانگ کرد و پرسی: «کوا، شازادە بۆ نەگەراوەتەوە؟»

«پاشامان پایەدار بێ ئەویش گەراوەتەوە.»

«نا، نەگەراوەتەوە. هەر ئێستا بچنە دووی. لەوانەیە بەراز لێی دابێ یان شێر خواردبێتی.»

شازادەیان بەو رەنگە هێنایەوە. پاشا خۆی لێ نەبان کرد و وتی: «دیارە رۆژی تەواو بووە. سوێندبێ، ئەو کەسەی شین بگێرێ و فرمێسک ببارێنێ بە شمشێر دووکەرتی دەکەم. خوشکم و کاکم لێرەن، کاتی شیوەن نییە.»

پرسەیان نەگرت. ماوەیەکی زۆر پاشای عەرەب لەوێ مایەوە. رۆژێک دەستەیەک لە پیاوماقوولان، کە شوێن و مەنزڵیان پێ زانیبوو. هاتنە دوویی و تکایان لێ کرد: «جەماوەر بە کوڵ و دڵ چاوەروانتانە، بگەرێوە، لە دەست رێگر و پیاوخراپ رزگارمان بکە.»

پاشای رۆم دەوڵەت و سامانێکی زۆری خستە تەک، ئەمجا وتی: «تەنیا تکایەکم هەیە.»

«داوای پاشای رۆم لەسەر سەرم.. فەرموو.»

«ئەگەر بە خێرێ کورتان بوو، تەمەنی گەیشتە سیانزە ساڵان، بینێرن بۆ لام.»

«بەسەر چاو.»

پاشای عارەب بەتاج و تەختی خۆی شاد بووەوە. منداڵێکی نێرینەیان بوو. منداڵ گەیشتە سونعی سیانزە ساڵی، بەڵام بۆ لای پاشای ڕۆمیان نەنارد.. پاشای ڕۆمیش نامەیەکی بۆ نارد؛ تێیدا نووسیبووی:

«کوا ئەو قەول و بڕیەی لە نێوانماندا بوو؟ بۆچی شازادەتان بۆ نەناردم؟»

پاشای عەرەب نامەی دایە دەست شاژن و وتی: «داوای شازادەم لێ دەکات! مەرامی چییە؟ لەوانەیە لە تۆڵەی کوڕەکەیدا بیکوژێ.»

شاژن وتی: «ئێوەیش نەینێرن، من هەر شازادە دەنێرم.»

بە ئەسپ و سامانەوە کوڕەیان نارده دەرباری پاشای ڕۆم. لەوێ ڕێزێکی زۆریان لێنا. شەوێکیان، پاشای ڕۆم کوڕەکانی کۆکردەوە. تەواوی بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕانەوە. دواتر وتی:

«برای جوانەمەرگتان باوکی ئەم شازادەیە کوشتی. من داوام لێ کردووە، ئەویش جگەرگۆشەی خۆی بۆ ناردووم. ئێوە هەرچییەکی لێ دەکەن مافی خۆتانە، بەڵام من لەلای خۆمەوە لێی دەبوورم، ئیستایش داوام لە ئێوە ئەوەیە ڕای خۆتان بخەنە ڕوو.»

هەموو وتیان: «ڕامان لە پاڵ ڕای باوکی پاشاماندایە.»

«من دەڵێم: کچەکەی کاکی جوانەمەرگتان لایەق بەم شازادەیەیە.»

«ئێمەش پێمان خۆشە.»

٢٤

## شـوان و شـەیتان

وەرز بەهار بـوو. پیـاوێکـی تەنیـا باڵ بـە ئاژەڵداری لە دوورگـەیەکـدا ژیانـێکـی بێـدەنگ دەژیا. دوورگـەکـە سـاکـە دەشـتـێک بوو. کـەورگـێک، ئەشکـەوتێک، پەنایـەکی تێـدا نەبوو.. هـاودەنگی شـوان جـووتێک گـەمـاڵ و پـەزەکـانی بوو.. هەمبانەیەکی بە کۆڵەوە بوو لە مەڕەکانی دەڕوانی.

لەپڕ ئاسمان تـەپونم بەیەکیدا دا.. کاژە هەورەکان پاڵیان بە یەکەوە دا و تێک ئالآن. دنیـا تاریک داهات.. شـوان زانی چی دەقـەومێ. جلکەکـانی لەبەر خـۆی داکەندن و هەموویانی پەستاندە نێو هەمبانەکەی و قنج لەسەری دانیشت. هەر ئەو خـۆی ڕووت کـردەوە و تاوە بارانێک کـڵاوبەسـەر دایدا. دوای مـاوەیەک هەورەکـان پەرت بوون. بـوو بە سـامـاڵێکی سـەرانسـەری. پەلکە ڕەنگینـەیەک چەترێکی هێجگار گـەورەی بەسـەر ناوچەکـەدا هەڵدا. شـوانیش خـۆی پۆشـتـە کردەوە. لەو دەمەدا ڕێبوارێکی نامۆ، تازەکی ڕێی کەوتبووە دوورگەی بێ داڵدە و پەنا، تاوە بارانەکە تەواو تەڕی کردبوو. ئاو لە تەوقی سـەرییـەوە دەچۆڕایە بەرپێی. بە هانکە هانک و لرفـە لرف، لووتی بە لووتی لالۆی شـواندا تـەقی. کاتێ لە شوان ورد بووەوە، بە سەرسوڕمانێکی زۆرەوە پرسی:

«پێم ناڵێی لە ژێر ئەم لاسـامـەیەدا چلۆن تەڕ نەبووی؟ من ئەوەتا لـە ئاودا شڵپەم دێ.»

شـوان حـاڵ و مەسـەلەی بۆ گێڕایەوە. ڕێبـواری نامـۆ، خـۆی ئاشکرا کرد و وتی: «چی بێ لە تۆ نهێنی بێ، من شـەیتـانم و ڕێم کـەوتووەتـە ئەم دوورگـەیە. دەسـا بەم شـەیتـانییـەی خـۆم، پـەیم بە فێـڵی وەها نەبردووە. بـۆیە شـەیتـانی ڕاستینە تۆی، من نیم.»

٢٥

## هەمبانەیەک زێڕ

هەبوو نەبوو.. لە دێیەکدا، کابرایەکی شوان هەبوو، دەستپاک و سەرڕاست، هەموو ئێوارەیەک، کاتێک بە پەزەکانێوە دەگەڕایەوە، دوای ئەوەی مالآت دەگەیشتنەوە ماڵی خاوەنیان، کابرایەکی خەڵکی ئاوایی لێ ڕادەپەڕی و پێی دەوت:

«دیسان مەڕێکمان دیار نییە.»

سەیرەکە لەوەدابوو، هەر ڕۆژەو مەڕێک نەدەگەڕایەوە، مەڕی هەمان ماڵیش. دەنا مەڕی ئەوانی تر، بە ساغ و سەلامەتی دەچوونەوە کۆز و ئاغەڵی خۆیان. ڕۆژێک خاڵەی مەڕخوراو کەوتە تەک شوان و بە دووقۆڵی چاودێری مەڕەکانیان کرد. هەردوو لایان، هەر چاوێکیان کردە چوار و هەستیان ڕاگرت. خاڵەی مەڕخوراو سەرنجی دا، وا مەڕێک لەوانەی خۆی، لاتریسکە دەبەستێت و جیا دەبێتەوە. ئەمیش پەنامەکی شوێنی کەوت. دیتی وا مەڕەکە خۆی خزاندە نێو ئەشکەوتێک. کاتێک سەری کێشایە نێو ئەشکەوتەکەوە، زاری بەش کرد و حەپەسا. دیتی وا مەڕەکە بە حوسن و ڕەزای خۆی پشتی کردووەتە پیرە گورگێکی کەترەی نەخۆش و دووگەکەی خستووەتە بەردەمی. کابرای خاوەن مەڕ، شوانی لەم بەسەرهاتە سەمەرەیە ئاگەدار کرد و دڵیشی لە ئاستیدا پاک بووەوە.

بەڵام کاکی شوان، هەرکە ئێوارە گەیشتەوە دێ، بە کاریگەریی ئەم ڕووداوە، دووچاری بارودۆخێکی سەیر هات. بە ژنەکەی وت: «ئافرەت خەبەرم نەکەیتەوە ها.. چیی تر من بێت و شوانی ناکەم و جارێکی تر ناچمە دیار پەزان.»

ژنەکەی بە سەرسوڕمانەوە وتی: «ئاخر تۆ هەر شوانی دەزانی. ئەگەر نەیکەی ئەوا منداڵەکان لە برساندا زەرد دەبن.»

شوان بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە و پاشان وتی: «جا لەبەر ئەوە، منیش وەک گورگەکە، هەتا بەپێی خۆی نەیەتە بەردەستم بەدوایدا ناگەڕێم.»

ئیتر لەو ڕۆژەوە بە نیازی کار و فرمان لە ماڵ دەرنەچوو.. بۆ پەیداکردنی بژێویی منداڵەکانیشی، ژنەکەی ڕووی لە دەشت و مەزرا کرد. جووتێک گای لە دراوسێیەکەیان خواست و نیلەی لێ بەست.

ژن بانە زەوییەکی کێلا و لەپڕ گاسن لە کووپەیەک گیر بوو! کاتێک سەری کووپەی هەڵدایەوە و دیقەتی دا، بینی پڕێتی لە لیرەی زێڕ! ژنەیش گای بەنیلەوە جێ هێشت و بە هەڵەداوان، هەناسەسوار و شاگەشکە، خۆی بەماڵدا کرد. بە مێردەکەی وت: «خوا دای.. وەک خۆت گوتت. وەرە کووپەیەک لیرەم دۆزیوەتەوە بۆم نایەتەوە. هەتا کەس پێی نەزانیوە با بیهێنینە ماڵەوە و ساتاری کەین.»

مێردەکەی بە کەمتەرخەمییەوە وەڵامی دایەوە: «من بەدوایدا ناچم. هەتا بەپێی خۆی نەیەتە بەردەمم دەستی بۆ نابەم.»

ژنە، نکونائومێد لە ماڵ دەرپەڕی. لە گەڕانەوەیدا بەرەو کێڵگە، ڕێکەوتی کابرایەکی کرد بە (سۆفی) ناسراو بوو. لە دڵی خۆیدا وتی: «لەم سۆفییە سەرڕاستتر و بێ تەماحترم دەست ناکەوێ.» ژنە حاڵ و مەسەلەی بۆ سۆفی گێڕایەوە. ڕێککەوتن بەنیوەیی زێڕەکە بگەیەننە ماڵ و نەهێڵن کەس پێ بزانێ. سۆفی هەمبانەی هێنا و لیرەکانی لە هەمبانە کرد. وەلێ چریسکەی لیرە ویژدانی لەبیر سۆفی بردەوە. هەردوو پێی لە کەوشێک کرد و بە ژنەی وت: «سەرپاکی هی خۆمە و تۆ هیچت ناکەوێ.»

سۆفی هەمبانەی بەکۆڵدا دا و بە نقەنق بردییەوە ماڵی خۆی. ژنی شوانیش جارێکی تر نائومێد و هەناسەسارد، هانای بۆ مێردی هێنا. بەڵام ئەو هەر بەبای خەیاڵیشیدا نەهات. وتی: «قسەیەکە و کردوومە. بە پێی خۆی نەیەتە

بەردەســـتم، من بەدوایدا ناگـەڕێم. چیی تر ســەری خــۆشت بەم کــارەوە مەیەشێنە، ئافرەت.»

لەولایشـەوە سـۆفی هـەمـبـانـەی لە مـاڵی خـۆیدا دانا و بـەدەوریدا کـەوتە سووڕدان و پل تەقاندن. ژن و منداڵیش، کاتێک حاڵی بوون، ئەوانیش کەوتنە سـووڕ و چەقڵـەسـەما و حیلکە حیلک.. سـۆفی بە جووڵەیەکی سـەما ئامێز دانەوییـەوە تاکو دەمی هەمبانەکە بکاتەوە. تەواوی ئەندامانی خێزانەکەیش چاویان بڕیبووە دەرکی هەمبانە بۆر. هەرکە سۆفی دەرگەبێنەکەی ترازاند، زەردەواڵە بەنێو ماڵەکە وەربوون. منداڵ و تاڵ لە حەژمەتا جێ نەما خۆیانی تێدا بشارنەوە. سۆفی سەری لە نهێنی ئەم کارە دەرنەکرد. دەرکی هەمبانەی ئاوەڵا کردەوە. زەردەواڵە هەموو وێکڕا خۆیان پێدا کردەوە.

سۆفی لەبەر خۆیەوە گوتی: «چاکت لە هەق دێم. دەتۆ تاوێک لێم ڕاوەستە.» هەمبانەی بەکۆڵدا دا و سەربان کەوت. ڕۆیی تاکو گەیشتە سەربانی ماڵی شوان. لە کلاوڕۆژنەوە هەمبانەی بەردایە خوارەوە و بەغاردان گەڕایەوە ماڵ. زرمـــەیـەکی لەپڕ، شـــوانەی بەئاگـا هێنا. کـاتێک چاوی کــردەوە، دیتی هەمـبـانەیەکی قـورسـە و توند زارکی بەسـتـراوە. شـوان بە شـێنـەیی دەرکی هەمبانەی ترازاند. نواڕی چریسکەی دێت و چێوئاخن لیرەیە. بەکاوەخۆ هەڵی ڕێژا و بانگی ژن و منداڵەکانی کرد و پێی وتن:

«نەمگوت ئەگەر بەپێی خۆی نەیەتە بەردەستم، بەشوێنیدا ناگەڕێم.»

٢٦

## سـەید و بازرگان

هـەبوو، نەبوو سـەردەمی زوو.. ئەو سەردەمـەی مەخلووق بەسـواری حوشـتر بۆ حـەج دەچـوون. بازرگـانێک بـۆ حـەج بەڕێ کـەوت. چـەندی کـۆشـا، غـەریب و نەشـارەزا لەو عـەرەبسـتـانەدا، ڕێی دەرنەبرد. جـڵـەوی بۆ حـوشـتـر شـل کرد. حوشتر کوتای.. بازرگان برسی و حوشتر برسی، کاتێک چاوی کردەوە، بینی وا دەوارێکی گـەورە دەرکـەوت. ئافـرەتێک وەک مـانگی چواردە لـە بن دەوار دەرهات. نە بکەی نە بخـۆی تەمـاشـای سـاو گەردنی بکەی. مـێوژە ڕەشـەی بخـــواردایە لە ســـای گـــەردنیـــیـــەوە دیاربوو. ژنە حـــوشـــتـــری ئالیک دا. بەخێرهاتنێکی گەرمی لە میوان کرد.. چی ئامادە بوو لە پێشی دانا. بازرگان ئاهی تێ گـەڕا و بووژایەوە. دەواریش لەو دووانە بتـرازێ کەسی تری لە بندا نییە.

ئافـرەت ئـەمما چۆن ئـافـرەتێ! لەنجـەولار کـوژێ.. ئـاو هەنار مـژێ. نـە لە هەتاودا و نە لە سێبەردا جوانی وەها نەبووە و نابێ. لابکاتەوە پیاو دەکوژێ. ئەگەر نەیکوژێ گرفتاری دەکا. گرفتاری نەکا دووچاری دەکا. دووچاری نەکا وەک منی خاکەساری لێ دەکا.. بازرگانیش لە مێژە دوورە خێزانە. هەگبەیەک پارەی پێیـە، تاکو لە ڕێی حـەجدا خـەرجی بکا. هەگبـەی لە تەنیـشت خـۆیەوە داناوە. دوو بەدوو کـەوتنە ڕاز و گلەیی: «ئەی ئافـرەتە نازدارەکـە، قـسـەیەکی بچکۆلەت بۆ بکەم؟»

«فەرموو بیڵێ، تۆ برای منی.»

«حەجم لەکیس چوو، با ئەم هەگبە پارەیە پێشکێش بە تۆ بێ.»

«لەپای چی پێشکێش بە منی دەکەی؟»

بازرگان خولیا و مەبەستی خۆی لە ئافرەت گەیاند. ئافرەتیش وتی: «کاری وەها نەبووە و نابێ. واز لەم خەیاڵانە بێنە.»

میوان حەوت شەو مایەوە. ئەم حەوت شەوە لەگەڵ ئافرەتدا خەریک بوو. ئافرەتیش هەمان وەڵامی دەدایەوە. ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش چاکتر خزمەتی دەکرد. ڕۆژێکیان دەنگە دەنگ پەیدا بوو. کاتێک بازرگان تەماشای کرد، دیتی سەیدێکی نوورانییە، تووڵە و تانجی بەدوایەوە.. ئافرەت چی بۆ ئەم کردبوو، بۆ ئەویشی کرد. کاتێک میوانی بینی لە ژنەی پرسی: «خۆ میوان بێ خزمەت نەبووە؟»

بازرگان زاری هەڵهێنایەوە: «خوشکی خۆشم بوایە هەر هێندەی خزمەت نەدەکردم.»

شەوێ ئافرەت بەسەرهاتی نێوان خۆی و بازرگانی بۆ مێردەکەی گێڕایەوە. سەید وتی: «ئێوە بە تەنیا بوون. تۆیش بەو جوانییەوە. ئەویش ماوەیەکە لە خێزانی دوور کەوتووەتەوە. نەفسیش زاڵمە. قەیدی نییە.. با بینێرم بۆ حەج.. کە گەڕایەوە ئەمجارەیان تۆ شەڕی پێ بفرۆشە. ئەگەر لەسەر ئەم ئاکارە مابوو دەیکوژم! خۆ ئەگەر گۆڕانی بەسەردا هاتبوو، ئەوا ئەو بەڕێی خۆیەوە و ئێمە بەڕێی خۆمانەوە. حەجەکەیشی قەبووڵە. خۆ هیچی خراپ ڕووی نەداوە.»

کاتێک ڕۆژ بووەوە، بازرگان بە سەیدی وت: «بەڵکو بمخەیتە سەر ڕێگەی حەج.»

«پەلەت نەبێ، سبەینێ دەتگەیەنمە شوێنی مەبەست.»

بەیانی هەگبە و تفاقی لە پاشکۆی ئەسپێک بەست و وتی: «فەرموو سوار بە. کاتێک دابەزیت موویەک لە یاڵی ئەسپەکە دەربکە و لەلای خۆت هەڵی بگرە.. هەر کاتێک حەجت کرد، ئەو مووە هەڵبکرووزێنە، ئیتر ئەسپەکە لەلات ئامادەیە و دەتگەیەنێتە ئێرە.»

ئەسپ لە شەو و ڕۆژێکدا بازرگانی گەیاندە جێ. بازرگان موویەکی لە یاڵی

ئەسپەکە هەڵکەند و بەرەڵای کرد. ئەسپ ڕێ و ڕێ گەڕایەوە دەواری سەید.. دوای حەجکردن، دیاریی بۆ ماڵی سەید کڕی. مووی هەڵکرووزاند. دەستبەجێ ئەسپی گۆڕین لەوێ ئامادە بوو. بازرگان گەڕایەوە بۆ ماڵی سەید. ئەوانیش بە گەرمی بەپیرییەوە هاتن و دەستیان ماچ کرد. بۆ سبەی سەید پێی وت: «حاجی تۆ ماندووی. لێرە بحەسێرەوە، من بۆ ڕاو دەچم. هەر کاتێک گەڕامەوە، بۆ هەرکوێ دەفەرمووی ڕەوانەت دەکەم.»

سەید بە گوێی خێزانەکەیدا چپاند: «ئەمجارە تۆ شەڕ بە حاجی بفرۆشە.»

شەو بەسەردا هات. ئافرەت لە پاڵ حاجییەوە ڕاکشا و گوتی: «حاجی قسەیەک هەیە با بیکەین.»

«فەرموو، قسەکە چییە؟»

«ئەو حەلە شەڕت پێ دەفرۆشتم و من ڕێگەم نەدەدای، بەڵام لەو ڕۆژەوە چوویت بۆ حەج، بە ئاگری عەشقت سووتاوم.»

حاجی وتی: «وەرە پێشەوە.»

ئافرەت چووە پێشەوە.. حاجی دەستەسرێکی خستە سەر نێوچاوانی. سێ جار ماچی کرد و وتی: «تۆ خوشکی دنیا و قیامەتی منی.. ئەو خولیایەی ئەوسام نەما.»

بەم ڕەنگە چوار پێنج شەوێک دەچووە پاڵی هەتا تەفرەی بدا، بەڵام ئەو هەر نێوچاوانی ماچ دەکرد. سەید لە ڕاو گەڕایەوە. حاجی بەپیرییەوە چوو. شەو بەسەر دەستا هات و ژنە حاڵ و مەسەلەی بۆ مێردەکەی گێڕایەوە. سەید گوتی: «نەمگوت؟ خوا بەزەیی پێدا هاتووەتەوە.. ئیتر بۆچی بمکوشتایە؟»

حاجی داوای لە سەید کرد بەرەو وڵاتی خۆی ڕەوانەی بکاتەوە. ئەویش وتی: «ئەسپەکە دەتگەیەنێتە جێ. هەر بەرەڵاشت کرد، دەگەڕێتەوە بۆ لای خۆمان.»

ئەسپ حاجیی گەیاندە وڵاتی خۆی و بەماڵ و خێزانی شاد و شوکر بووەوە.

ساڵ هات و ساڵ چوو؛ حاجی سەرگەرمی بازرگانیی خۆی بوو. ڕۆژێکیان لە دووکـان دانیـشـتـبـوو؛ بینی ئافـرەتێک وا بەدەست دەلاڵەوە و خـەریکە دەیفرۆشێ. وەختێک چاک دیقەتی دایە، ناسییەوە. ئافرەت ژنی کابرای سەید بوو. حـاجی بەدەلاڵی وت: «چیی تر بانگ مـەکـە؛ داوای چەندی لێ دەکـەی دەتدەمێ.»

بە پارەیەکی زۆر ئافرەتەی کڕی. هێنایەوە ماڵ. حەمام لەمیشیان کرد. دەستێ جلکی گرانبەهایان لەبەر کرد. ئەمجا بە خێزانەکەی گوت: «مەگەر بۆ نوێژ، دەنا نابێ ئەم ئافرەتە بۆ کار و فرمان هەڵبسێ. خزمەتی ئەو بکەن. بەلای مندا مەیەن، بچن بەلای ئەودا.»

ئەوەندە هەیە، وەک ئەو ژنەکە دەناسێتەوە؛ ژنە حاجی ناناسێتەوە. ماوەیەک ڕابورد. ڕۆژێک سەرنجی دا. دیتی وا دەروێشێکی دەفژەن، بەدەم دەفلێدانەوە شیعر دەچڕێ. کاتێک چاک دیقەتی دا، ناسییەوە، کە سەیدە.. کسپە لە جەرگییەوە هات. قۆڵی سەیدی گرت و لەسەر جێگەکەی خۆی دانا. سەید وتی: «دەبا هەندێ ئاوازە شیعری خۆشت بۆ بخوێنم؟»

حاجی وتی: «ئێرە جێی ئەوە نییە. منداڵمان لێ خڕ دەبنەوە. ئێوارە، کاتێک چووینەوە، بەکاوەخۆ بۆم بخوێنە. لێرە دابنیشە، من هەتا مزگەوت دەچم و دێمەوە. حاجی گەڕایەوە ماڵی خۆیان و ئافرەتەکەی گواستەوە ماڵی کوڕەکەی و داوایشی لە بووکەکەی کرد بێ خزمەتی نەکات. ئەمجا هاتەوە لای سەید و بردییەوە ماڵ. خزمەتکار سەیدیان ڕووت کردەوە. بردیانە حەمام. تەراشیان کرد. دەستێک بەرگی نایابیان لەبەرکرد. سەید سەری لە حاڵی خۆی و کاری خوا سوڕما.. شەوێکیان دووقۆڵی دانیشتبوون، پێی وت: «سەید قسەیەک هەیە، ئەگەر بیکەم دڵگران نابی؟»

«نەخێر تۆ تاجی سەری منی؛ فەرموو.»

«پێم خۆشە خزمایەتی بکەوێتە نێوانمانەوە.»

«خزمایەتی چۆن؟»

«خوشکێکی بێوەژنم هەیە قابیلی تۆیە؛ چۆنە لێتی مارە بکەم؟»

«سوێندم بە زاردا هاتووە، دوای خێزانەکەم ژن لە من حەرام بێ، بەڵام برادەر، تۆ هێندە چاکەت لەگەڵدا کردووم، ناتوانم قسەت بشکێنم.»

کاتێک سەید شەو چووە پەردەوە، تەماشای کرد، ژن هەر خێزانەکەی خۆیەتی. ژنەیش سەرنجی دا، پیاو هەر مێردەکەی خۆیەتی.»

«ئافرەت چۆن گەیشتییە ئێرە؟»

«ئەی تۆ چۆن گەیشتییە ئێرە؟ ئەم کابرایە دەناسی؟»

«ناوەڵڵا نایناسم.»

بازرگان کۆشکێکی بەرەوڕوو کردبوونەوە، تێیدا دەژیان. کەنیزەک و خزمەتکاریشی بۆ ڕاگرتبوون. ڕۆژێک بازرگان بە سەیدی وت: «کاتێک دیقەتی ئێوە دەدەم، وا هەست دەکەم لەم شارەدا دڵتان ناپشکوێ. هەبێ و نەبێ ئێوە دەوارنشینن. دێیەکم هەیە بۆچی پێشکێشتانی نەکەم؟»

زۆر لەبەردڵیان خۆش بوو. بەرەو دێیەکە بەڕێ کەوتن. بازرگانیش لەگەڵیاندا چوو. لەوێ بە دانیشتوانی دێی وت: «لەم ساتەوە ئەم دێیە لە دەستی من دەرچوو؛ بووە موڵکی ئەم ژن و مێردە. لەمەودوا ئێوە موڵکانە دەدەنە سەید و خێزانی.»

ئیتر دووعاخوازی کرد و گەڕایەوە. دوای ماوەیەک دیاریی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرت و بوو بە میوانی سەید. لەوێ سێ چوار ڕۆژ گلیاندایەوە. لە گەڕانەوەدا، سەید بە خێزانەکەی وت: «ئافرەت شمشێرێکم بدەرێ؟»

«بۆ کوێ و نیازی چیت هەیە؟»

«دەچم حاجی دەکوژم.»

«ئەی ماڵت وێران بێ هەی؛ لە پای چی دەیکوژی. سەرەڕای ئەم هەموو چاکەیە دەیکوژی؟»

«ئەگەر سەد و پەنجا ساڵیش بژیم، هێشتا هەر ناتوانم چاکەی ئەم حاجییە

بازرگانە بدەمەوە.. مەگەر بە کوشتن! هەر ئێستا ڕوحی دەچنم.»

سەید سواری ئەسپ بوو. هەڵی دایە غار. لە نیوەی ڕێ بازرگانی گرتەوە. لە دوورەوە تێی خوڕی: «بوەستە حاجی، هاتووم بتکوژم.»

«بۆچی دەمکوژی؟ کەمم هێناوە، درەنگ هاتووم؟»

«درێژەی پێ ناوێ. من ئەگەر سەد و پەنجا ساڵ بژیم و بەردەوام خزمەتت بکەم، هێشتا هەر ناتوانم چاکەی تۆ بدەمەوە.. بۆیە هەر ئێستا ڕوحت دەچنم»

«نا سەید وەها نییە!»

«چۆن وەها نییە؟»

«من قەرزاری تۆم و چاکەی تۆم بۆ نادرێتەوە.»

«کەی تۆم دیوە و چاکەی چی؟»

«من ئەو حاجییە بووم، کە ڕێم هەڵە کرد و لە دەوارەکەتان گیرسامەوە.. من چاوم بڕیبووە نامووسی تۆ، کەچی خۆت لێڵ نەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا منت گەیاندە ماڵی خوا بۆ حەج. ئێستا من قەرزارم یان تۆ؟»

سەید شمشێری لە کێلان نایەوە. بە پەرۆشەوە دەستیان کردە ملی یەک و هەرکەسە گەڕایەوە ماڵی خۆی. منیش لەگەڵ ئەوان.

٢٧

## عەول

سالانێک بەرلە ئێستا، لە دێیەکی ولاتی کوردستان پیاوێک دەژیا (عەول)ی ناو بوو. عەول لەگەڵ (پیرۆز)ی خێزانیدا بە نەداری ژیانیان دەگوزەراند. خەڵکی دێیش لە عەول بە گلەیی و گازندە بوون. عەول نەدار بوو، بەڵام بۆ پیلان و کەین و بەین، مێشکی بەکار بوو. لە دارای دنیادا گایەک و تەنەکەیەک ئاردی هەبوو. ڕۆژێک بە پیرۆزی ژنی وت: «وەرە ئافرەت من لنگە گایەکە سەردەبڕم، تۆیش تەنەکە ئاردەکە بکە بەنان. هەموو خەڵکی ئاوایی بانگ دەکەین و ئاشتیان دەکەینەوە. ئیتر دوای ئەوە ئێمەیش نانمان دەکەوێتە ڕۆنەوە. هەر ئێوارەیەک و ماڵێک میوانداریمان دەکات.»

پیرۆز قسەکەی پەسەند کرد. ئەوەبوو ئێوارەیەک تەواوی خەڵکی دێ بوونە میوانی عەول. وەلێ ڕۆژێک و دووان و سیان تێپەڕی، کەس ئەمانی بانگ نەکرد. عەول لەم هەڵوێستە تەواو سەغڵەت بوو. بە پیرۆزی وت:

«کەوڵە گایەکە دەبەمە شار، بەڵکو بە چەردەیەک پارە بیگۆڕمەوە.»

پیرۆز وتی: «منیش چنگێک ئاردم هەڵگرتووە بۆتی دەکەم بە نان.»

*

عەول کەوڵی بە شاندا دا. نانی بەستە پشت و کەوتە ڕێ. شەوی بەسەردا هات. لایدایە دێیەک. لە دەرگەی ماڵێکی دا. کابانی ماڵ دەرگەی لێ کردەوە و خوڵکی کرد. عەول چاوی لێ بوو کابان هێلکەوڕۆنی دروست کرد و بردی لەسەر کەنوویەک داینا. زۆری نەبرد مێردەکەی لە کار گەڕایەوە. بەخێرهاتنی میوانی کرد و داوای لە ژنەکەی کرد نان ئامادە بکات. کاتێک شیو هات، نان

و دۆ بوو. دوای ئەوەی هەموو نووستن. عەول کرەکری لە کەوڵەکەی هەڵساند. خاوەن ماڵ بەئاگا هات و پرسی: «ئەرێ کابرا ئەم کرەکرەت لە چییە؟»

عەول وتی: «کەوڵەکەم پێم دەڵێ: دەورییەک هێلکەورۆن وا لەم ماڵەدا، لەسەر کەنوویەک دانراوە.»

خانەخوێ هەڵسا. چرای هەڵکرد. دەورییە هێلکەورۆنی هێنا؛ لەگەڵ میواندا پێکەوە خواردیان. بەڵام سەری لەم نهێنییە دەرنەچوو. هەموو درێژ بوونەوە. دوای تاوێک دیسان عەول کرەکری دەست پێ کردەوە. خانەخوێ دیسان بەئاگا هاتەوە و بە تووڕەییەوە وتی: «وا دیارە ناهێڵی خەو بچێتە چاومان.. ئەم جارەیان چی رووی داوە؟»

عەول وتی: «کەوڵەکەم دەڵێ، پیاوێک ئەوەتا لە ناو ئەو کەنووەدایە.»

خانەخوێ پەلاماری تەورێکی دا. ڕاست و چەپ لێی وەستایەوە. تا هێزی تێدا بوو تەورێکی خێوانده کەنوو. کەنوو وردوخاش بوو. زەلامێکی لێ بەدیار کەوت، خلّتانی خوێن. لە جێی خۆیدا دەمی بەیەکدا نەداو مرد. تمەس ئەم پیاوە دۆستی ژنەکەیە. عەول دەستی بە هاوار و ڕۆڕۆ کرد: «فریام کەون ئامۆزاکەمی کوشت.»

خانەخوێ ترسی لێ نیشت و کەوتە پاڕانەوە: «بیکە بە خاتری خوا مەیکە بە هەرا. چیت دەوێ سەرم لە ڕێتایە.»

لەسەر گوێدرێژێک و چەردەیەک پارە ڕێککەوتن. وەلێ عەول دەستی لە کوژراوەکە هەڵنەگرت. بەڵکو جاجمێکی تێوە پێچا و بەکۆڵی کەرەکەیدا دا.. لە ڕێگە گەیشتە بێستانێک. عەول پارووییەک نانی لە دەست کوژراوەکە نا و لە پاڵ بێستانەکەدا داینا. کەرەکەیشی بەردایە ناو بێستانەکە.. خاوەن بێستان هەرچەند هاواری لە کەرسوار کرد، بێهوودە بوو. بە پرتاو هات گاڵۆکێکی بە تەوقی سەری مردووەکەدا کێشا. عەول، کە لەولاوە خۆی دابووە پەنا، بە هاتوهاوار خۆی ئاشکرا کرد: «ئەی هاوارم هەی، ئامۆزاکەمی کوشت.»

بێستانەوان پاڕایەوە: «خۆی مردبوو، بۆچی بەسەر مندا ساغی دەکەیتەوە؟»

عەول دەستی بە هاتوهاوار کرد: «ئامۆزایەکەم زرپ و زیندوو بوو، نانی دەخوارد. ئەوەتا هێشتا پارووەکەی بە دەستەوەیە.»

عەول پارەیەکی زۆری خوێنبایی لێ سەند. مردووەکەی لە پەنایەکدا شاردەوە و گەڕایەوە دێ.. کاتێک زانییان عەول بەزێڕ و پارە و گوێدرێژەوە گەڕاوەتەوە دێ، سەریان لێ سوڕما. خەڵکی هاتنە سەردانی.. عەول پێی گوتن: «ئێوە نازانن کار و کاسبی بکەن. دەنا کەوڵەگایەک، سەد و پەنجا ڕوپێ دەکات.»

خەڵکی ئاوایی بەم هەواڵە دڵشاد بوون. چی گا و گۆتاڵیان هەبوو سەریان بڕی. کەوڵیان بار کرد و ڕوویان لە شار کرد. لەوێ هەر کەوڵە و دوو ڕوپێ زیاتریان پێ نەدا. ئەمجا بۆیان دەرکەوت عەول پەنی پێ داون. بڕیاریان دا، لە پای ئەم کەتنەدا بیکوژن. بەڵام بەرلەوەی بگەنەوە دێ، عەول ماڵی چۆڵ کردبوو. خەڵکی دێ، چی پشقل و شیاکەی ئاوایی هەبوو، کردیانە ماڵەکەیەوە.

*

دوای هەفتەیەک عەول گەڕایەوە. کاتێک ماڵەکەی بەو ڕەنگە بینی هیچ دەنگی نەکرد. لەگەڵ پیرۆزی ژنیدا پشقلیان کۆکردەوە و لە جەواڵیان نا. توند دەرکی جەواڵەکانیان بەست. دوای مانگێک عەول پشقلی بار کرد و لێیدا ڕۆیی. لە ڕێ تووشی کاروانێک هات، بەرەو وڵاتی عەجەم دەچوون. ئەمیش شوێنیان کەوت. شەویان بەسەردا هات و لەسەر چەمێک باریان خست. عەول لە نیوە شەودا زارکی جەواڵی ترازاند و پشقلی بەدەم ئاوەوە دا. ئەمجا دەستی بە هاوار و زەنا کرد: «بۆ خاتری خوا بگەنە فریام، تالانیان کردم. چی کووتاڵم پێ بوو بردیان.»

کاروانچی لە خەو ڕابوون. سەیریان کرد بارەکەی عەول دیار نییە. بۆیە بڕوایان پێکرد. پیتاکیان بۆ کرد و ماڵەکەیان بۆ بژارد. عەول دیسان گەڕایەوە ئاوایی. لە ناو دێدا قاو داکەوتبوو، گوایە عەول پشقلەکەی بەزێڕ گۆڕیوەتەوە.

کـاتێ هاتنـه لای؛ گـوتی: «چەند جـارم گـوت ئێـوە نازانن کـاسـبی بکەن. لەو وڵاتی عــەجــەمــە، پشــقـل پارەیەکی چاک دەکـات! پاشــای ئەو وڵاتـە خــۆی دەیکڕێ.»

ئیـتر خـەڵکی دێ بەخـۆکەوتن و پشـقلیـان بار کرد. کـاروانی پشـقل بۆ وڵاتی عـەجـەم کـەوتە ڕێ. لە پایتـەخت باریان خـست. هەندێکیـان چوونە سـەردانی کۆشک و ئەوانی تر بوونە پاسەوانی کاروانی پشـقل.. دوای میوانداری. پاشا لێی پرسـین: «بارەکەتان چییە؟»

دەم سپییەکیان وتی: «پاشا بەرقەراربێ کاڵایەکی بەنرخمان پێیە.. ئەمەیش نموونەکەیەتی!»

چنگێک پشـقلی لە گیـرفـان دەرهێنا و پێـشـانی پاشـای دا. پـادشـا کـاتێ پشقلی بینی، چاوی پەڕییە پشتی سەری و وتی:

«ڕاستە کاڵایەکی بەنرخە. نرخەکەشـی سەری ئێوەیە.»

پاشا فرمانی دا بیانکوژن. ئەمـان تێداچوون. ئەوانەشـی بەلای کـاروانەکەوە بوون، سـەری خـۆیان دەرکـرد. مـاندوو و مـردوو. بـرسـی و ڕووت، گەیشـتنەوە وڵات و دێی خـۆیان. لە نزیک ئاوایی عـەولیـان گرت. بـڕیاریان دا بینێنەوە بە نیشـانە. هەر بە پشـتوێنەکەی خـۆی بەسـتیـانە قـەد دارتوویەک. بە هەڵەداوان چوون بۆ ئاوایی، تـاکو سـەرو تفەنگ بێنن و بە هەمـوویان بیـدەنە بەر ڕێژنەی گولله. لەو دەمـەدا شـوانێکی کـەچەڵ گەیشـتـە ئاسـتی عـەول. شـوان لە عـەولی پرسـی: «ئەوە چ خێرتە، بۆچی بەستراویتەوە؟»

عەول لەسـەرخۆ وەڵامی دایەوە: «ئەوی ڕاسـتی بێ کەچەڵ بووم. حـەکیم پێی وتم: ئـەگــەر سـێ ڕۆژ لەســـەر یـەک، هەر ڕۆژە و ســـەعـــاتێک لەبـەر هەتـاو بەدرەختێکەوە خـۆت ببەسـتییەوە، بۆ چارەسـەری کـەچەڵییەکەت یەکاویەکە و چاک دەبیــتــەوە.. ئـەوەتا چـاک بوومــەتـەوە. چاوەڕوانی خــێــرەومــەندێکم بمکاتەوە!!»

کـەچەڵ عـەولی ڕزگـار کـرد و پێی وت: «کـارت ڕاست بـێ بۆ تەگـبـیـرت. دە

ئێستا توند بەم درەختەوە شەتەکم بدە و برۆ بەلای کارتەوە.»

عەول بێدڵی نەکرد. مێگەلەکەشی دایە پێش و کەوتە نەدیوی. لەو دەمەدا کاروانچییەکان بەتفەنگەوە دەگەڕانەوە. هەر لە دوورەوە شوانە کەچەڵەیان دایە بەر دەستڕێژی گوللە. وەلێ دوای ماوەیەک عەول بە مێگەلێکەوە خۆی بە ئاواییدا کردەوە. خەڵکی دێ، بەتایبەت کاروانچییەکان، کاتێ عەولیان دیت بە گۆچانێکەوە، مێگەلێکی داوەتە بەر، حەپەسان. تف لە زاریاندا وشک بوو. لەوەدابوو شێتوشبر بن. لێیان پرسی: «بە ڕاست تۆ چەند ڕوحت هەیە؟ خۆ ئێمە ئێستا بەرگوللەمان دای.»

عەول وەک جاران بە هێمنی هاتە قسە: «عەولێک ساڵەهایە خەریکی چاکە و خواپەرستی بێت، لەو بڕوایەدان گوللە بیبڕێ؟»

نەیانزانی لە دۆخێکی وەهادا چی بکەن و چی بڵێن. تفەنگەکانیان توورڕدایە بەردەمی عەول و هەرکەسە گەڕایەوە ماڵی خۆی. عەول هەموویانی کردە شان و مێگەلەکەی کردە حەوشە. دەڵێن عەول هێشتا زیندووە و دێ بە دێ و شار بە شار دەگەڕێ.

٢٨

## بەهار و بەوزۆ

هەبوو نەبوو، کەس لە خوا گەورەتر نەبوو.. پاشایەک هەبوو، سەرۆک وەزیرانەکەی برای خۆی بوو. جا ئەم سەرۆک وەزیرانە کچێکی هەیە (بەهار)ی ناوە. پاشایش کوڕێکی هەیە (بەوزۆ)ی ناوە. هەردووکیان پێکەوە لەبەر خوێندنن. دڵدار و دڵخوازی یەکن. کاتی ئەوە هات زەماوەند ساز بکرێ و پاشا کۆچی دوایی کرد. بەم شێوەیە کاری خێر پووشێکی تێ کەوت و شایی دواکەوت.

پرسە تەواو بوو. دەبێ پاشای نوێ تاجی لەسەر بنرێ. دیارە کوڕ جێنشینی باوکە. وەلێ بەوزۆی شازادە بە تەواوی وەزیر و پیاوماقووڵانی شانشینی ڕاگەیاند: «تاکو مامم وەستابێ من پاشایی ناکەم. تەخت و تاج دەبەخشمە ئەو.»

پیاوێکی دانا و دنیادیدە ئاگەداری کردەوە: «کاری وەها مەکە شازادە. من حیکایەتێکت بۆ دەگێڕمەوە ئەوەندەی نەختێک.»

بەوزۆ وتی: «فەرموو گوێم لێ گرتووی.»

دانا دەستی بەگێڕانەوەی حیکایەتەکەی کرد:

پاشایەک بازێکی دەبێ. ئەم بازەی لە زاڕولەکانی خۆشتر دەوێ. هەر کاتێک بچووایە بۆ ڕاو، باز لەسەر دەستی خۆی بوو. لە کۆشک بوایە، باز لەسەر مێزەکەی بەردەمی بوو. ڕۆژێک پاشا بازەی برد و چوو بۆ ڕاو. دەستەیەک وەزیر و پیاوماقووڵیش شوێنی کەوتن. بەدەم ڕاوەوە دوورکەوتنەوە و هەڵەتە بوون. ڕێیان کەوتە دێم و سوتماکێکی ئەوتۆ، ئاوی ئاواسایی لێ

دەست نەدەکەوت. ئەوانیش لە تینوواندا وەختابوو کوێراییان دابێ. ئیتر دەستە و دایەرەی پاشا هەریەکەو بەلایەکدا بڵاوەیان لێ کرد و بۆ ئاو دەگەڕان. پاشایش هەمان دەستوور، بازەکە وا بەسەر دەستییەوە و بۆ ئاو دەگەڕێ. دیتی وا لە چیایەکی بڵندەوە تنۆک تنۆک ئاو دێتە خوار. پاشا بەرچاوی ڕوون بووەوە. جامی زێڕی لە پاشکۆی دەرهێنا و دایەبەر دڵۆپەی ئاوەکە. لەوەدابوو بیخواتەوە، بازە خۆشەویستەکەی باڵێکی لێ دا و ڕشتی. پاشا وتی: «بەو حاڵە هەتا پڕم کرد. کەچی نەتهێشت بیبەم بۆ زارم.»

جارێکی تر پاشا جامی دایەوە بەر دڵۆپەکە. باز ئەمجارەش باڵێکی لێ دا و ڕشتی. پاشا لە دڵی خۆیدا وتی: «هەبێ و نەبێ ئەمیش تینوویەتی و پێی خۆشە لە جامی زێڕدا ئاو بخواتەوە.» جامی دایەوە بەر دڵۆپە ئاو و لەسەر دەستی داینا و بۆ بازی ڕاگرت. وەلێ باز هەمدیسان باڵێکی لێداو قڵپی کردەوە. پاشا قینی هەڵساو وتی: «وا دیارە دەبیتە مایەی فەوتاندنم.»

پاشای ماندوو، لە تینواندا لێوەکانی قڵیشابوون. زمانی لە زاریدا نەدەگەڕا و تەواو پەست بوو. بە هەموو هێزییەوە بازەی بەزەویدا دا. باز پەتۆی نەبرد و لە جێدا مردار بووەوە. ئەمجا پاشا بە چیاکەدا هەڵگەڕا. لە دڵی خۆیدا وتی: «دیارە سەرچاوەکەی نەختێ سەرووتر کەوتووە. بۆچی یەکسەر لەوێ جامی لێ پڕ نەکەم؟» وەلێ کاتێک پاشای تینوو گەیشتە ناوقەدی چیاکە، تەماشای کرد وا ئەژدیهایەک لە بناوانەکەیدا تۆپیوە.

ئەم ئاوەی دێتە خوار، ژەهراوی ئەو ئەژدیهایەیە. ئەگەر بهاتایە و لێی خواردایەتەوە دەستبەجێ دەمرد. ئەمجا پێی زانی بۆچی بازەکەی لێکدا لێکدا جامە ئاوەکەی لێ دەرژاند. دیارە بازەکە پێش پاشا ئەژدیهایەکەی دیبوو. پاشا هاتە سەر لاشەی ساردوسڕی بازەکەی. دەستی بە شیوەن و گریان کرد. نزای کرد و لە خوا پاڕایەوە. بازی بە سینگی خۆیەوە نا، بەڵام تازە بازە نازدارەکەی لەدەست چوو. گیانی نەهاتەوە بەر. لەو ڕۆژەوە ئیتر ئەو پاشایە خەمبارە. پەشیمان شاخی لێ بڕوایە. لەو پاشایە جووتێک شاخ دەڕوا.

دانا ڕووی کردە شازادە و گوتی: «شازادە کاری وەها نەکەی. دەنا وەک ئەو پاشایە پەشیمانی حاسڵ دەکەی.»

شازادە وتی: «کردوومە و هەر دەیکەم.»

*

مام لەسەر تەختی پاشایی قەراری گرت. ڕۆژێکیان شازادە بە دایکی وت: «پرسەی باوکی پاشام کۆن بوو. ڕوو لە مامم بنێ، بەڵکو ئەرێ بدا، تا ئامۆزام بگوێزمەوە.»

دایک چووە سەردانی کۆشک. وەلێ پاشا بە ساردێکەوە بەخێرهاتنی لە براژنی کرد و بە شاژنی وت: «لە پارە و پوول، پێویستی بەچەند هەیە بیدەنێ، با بڕوات.»

دایک پەنجەی خۆی گەست و گوتی: «بەڵام من بۆ ئەوە هاتووم ئەرێ بدەی شازادە خان بۆ ئامۆزای خۆی بگوێزینەوە.»

پاشا وتی: «شازادە بەهار خواردنی ئەو نییە.»

بەوزۆ داخ چووە پەڕەی دڵی. سەرگورشتەی ڕیش چەرمووی دانای هاتەوە یاد. بەڵام پاش چی؟ ئەوەندە هەبوو لەگەڵ بەهاردا قسەیان یەک بوو.

شازادە خان وتی: «باوکم هەرگیز قایل نابێ، دوور نییە لە ناویشت بەرێ. شەوی هەینی دوو هەگبە لیرە لە پاشکۆ دەبەستین و بە سواری جووتێک ئەسپی خۆشبەز، لە دەروازەی کۆشکەوە بەڕێ دەکەوین. دەڕۆین بۆ وڵاتێکی دوور و لەوێ بە یەک شاد دەبین.»

ئەمەی کیژ وتی کرا. زۆر ڕۆیشتن، ڕێیان کەوتە وڵاتی تفەنگچیباشی. ئەسپیان فرۆشت و بەرگی هەژارانیان پۆشی. ژوورێکیان پەیدا کرد. تێیدا ستاریان گرت و دەژیان. ڕۆژێک شازادە خان وتی: «ئامۆزا، ئەگەر بەم شێوەیە بخۆین و بنووین، دەبینە جێی گومان. من لە کەنیزەکانی کۆشکەوە فێری کڵاوچنین بووم. بڕۆ بازاڕ کەرەسەی کڵاوچنینم بۆ بکڕە.»

بەوزۆ بیرۆکەکەی بەگەن کرد. چووە بازاڕ و کەرەسەی بۆ کڕی. بەهار ڕۆژانە کڵاوی دەچنی و ئامۆزایشی دەیبردە دووکانی کەبابچییەک و لەوێ بە زێڕێک دەیفرۆشت. قەدەرێک ڕابورد، کەبابچی سەرنجی دا، ئەم کوڕە قسەخۆش و خانەدان دیارە. بە دڵیدا چوو. ڕۆژێک پێی وت: «وەرە لەلای من کار بکە، ڕۆژانە نیو زێڕت دەدەمێ.»

بەوزۆ وتی: «با پرس بە ئامۆزام بکەم.»

شازادە خان گوتی: «ئامۆزاگیان کێ لێرە ئێمە دەناسێ؟ مادام ڕێزت لێ دەگرێ بچۆ کار بکە.»

کوڕە ڕۆژ بەڕۆژ زێتر دەچووە دڵی وەستایەوە. ڕۆژێک وەستا بە بەوزۆی وت:

«دەچمە لادێ دابەستە دەکڕم. ئاگات لە کەبابخانەکە بێت. تفەنگچیباشی لە ئاستی کاری خراپەدا دڵڕەقە. تۆ ئەو ماوەیە وەستابە. ئۆباڵم بە ئەستۆت. کەبابخانەکەت پیس و خراپ بێت سەروماڵم لەدەست دەچێت، لەوانەیە تفەنگچیباشی لەسەرت بدا. ئەو نانەوایەی نانی سووک بێت، ئەو قەسابەی گۆشتی خراپ بێت، سزایان دەدا. ئەم چەند ڕۆژە ئاگەداری خاوێنی بە. ئەگەر بە ڕێکەوت ڕووی لێرە کرد و نانی خوارد، ناوی پارەی لەلا نەهێنی. هەزار زێڕی پێ دایت نەکەی وەری بگری.. ئاگەدار بە تفەنگچیباشی نیقابپۆشە. ئەو ڕووی خۆیت پیشان نادات.»

ڕۆژێک لەگەڵ یاوەرەکانیدا بە بەر دووکاندا ڕەت بوون. گەڕانەوە و لایان دا.. تێریان خوارد و لێیان دا ڕۆیشن. دوای چەند ڕۆژێک هەمدیس لەوێ نانیان خوارد. بەوزۆیش پارەی لێ وەرنەگرت. تفەنگچیباشی وتی: «ئەگەر وەستات هاتەوە بینێرە بۆ لام.»

وەستا گەڕایەوە. خوایی و ناخوایی چوو بۆ لای تفەنگچی باشی. ئەویش بە نەرمەوە لێی پرسی: «ئەوە بۆچی دەترسی؟ فەرمان دەدەم زێڕت بدەنێ.»

تفەنگچیباشی، لایەک زۆر و لایەک خوایشت، زێڕ و زەمبەری زۆری دایە

کـەبابچی. ئەمـجـا وتـی: «دڵخـۆشی بەوزۆم بـۆ بدەرەوە. بەڵکو بێـتـە لام.. دەخوازم یاوەرم بێت.»

بەهار بە بەوزۆی ئـامـۆزای وت: «ئەگەر یاوەری تفـەنگچیبـاشـی بی، خـەڵک دەستت بۆ ڕادەگرن، بەسەریدا برۆی.»

ڕۆژێک تفەنگچیباشی لێی پرسـی: « ئەرێ بەوزۆ، بۆچی بەیانـیان وا درەنگ دەگەیتە لام؟»

«چونکە ماڵمان دوورە.»

«لە کامە کۆشک دەژیت؟»

«کۆشکی چی گەورەم. لە کەلاوەیەکدام.»

فەرمـانی دا لە پاڵ خۆیدا کـۆشـکێکی بۆ برازێننەوە. ئامۆزای هێنا و چوونە کۆشکەوە. بەیانیان دەستەیەک چەکدار بەڕێزەوە دەیانبردە لای تفەنگچیباشی و ئێواران دەیانگەیاندەوە ماڵی خۆی. بەوزۆ بەم ڕەنگە ماوەیەکی ڕابوارد.

*

هـاوزەمـان، خـواجە مـحـەمـەدی یەمـەنی، بازرگـان باشـییـە. سـالانە دێتە ئەم هەرێمە. شمەک دەهێنێ و شمەک دەبات. هەموو جارێک دیارییەکی شاهانەی وەها دەباتەوە، قابیل بـە پاشای یەمەن بێ. ئەمسـاڵ گەڕا، سـوورا، ڕێی کەوتە بەر کـۆشکی بەوزۆ و لەوێ بـەهاری بینـی. لە کـانی دڵەوە وتـی: «ئەگـەر ئەم شـۆخـە ژنـەم دەست بکەوێت و بە دیاری بیگـەیێنمـە پـاشـای یەمـەن، گـەلێک ڕێزدار دەبم لەلای، بەڵام چۆنم دەست بکەوێ؟»

بەدەم خـەیالاتەوە لەوێ هـەڵی بـوارد و تووشی پیـرەژنێک هـات. پیـرەژن، تەزبیحێکی سەد و یەک دانەی بە دەستەوە، ویردی دەخوێند. خواجە محـەمەد شتێک پارەی کردە دەستییەوە. پیرەژن وەک قیروزفت خواجەی گرت و بەری نەدا.. وتی: «پێم خۆشە خزمەتێکت بکەم. لە تۆ فرمان و لە من ڕاپەڕاندنی.»

خواجە نیـازی دڵی خـۆی لەلا درکاند. پیرەژن ژوورەکەی خـۆی نیشـان دا و گوتی: «ئەمـە ماڵی منـە. برۆ بۆ لای دارتاش سنووقێک؛ ئەوەندە بێت زەلامێک

تێیدا ڕابکشێت بەکرد بدە. لێرە دایبنێ و هەفتەیەکی تر سەرم لێ بدەوە، بیبە و بڕۆ.» پیرەژن هەر بە تەزبیحەکەی دەستییەوە، چووە پێش ماڵی بەهار و کردی بە هەرا و فیزاح: «وەی هاوارم هەی! خێرەومەندێک نییە دەرگەم لێ بکاتەوە.»

بەهار لە درزی دەرگەوە بینی پیرەژنێکی نوورانییە و دەکرووزێتەوە.. دەرگەی لێ کردەوە. پیرەژن خۆی فڕێدایە داڵانەکەیانەوە. هەرچەندە بەهار لێی لاڵایەوە شتێک بخوات، ئەو هەر دەیگوت: «کچم لێم گەڕێ با ویردەکەم تەواو بکەم.»

کاتێ بەوزۆ هاتەوە و ئەم دیمەنەی بینی، وتی: «وا دیارە خوا دەرووی بە خێری لێ کردووینەتەوە. ئەم پیرەژنە بۆ تۆیش هاودەنگییە. داپیرەیەکی وەها جوان و نوورانی دەست کێ دەکەوێ؟»

کاتێک بەیانی بەخەبەر هاتن، سەرنجیان دا وا پیرەژن ماڵی ماڵیوە، چایی دەم کردووە و شیری ئامادە کردووە و لەسەر خوان دایناوە. بەم ڕەنگە چەند ڕۆژێکیان گوزەراند. ڕۆژێکیان پیرەژن دەستی بە لەخۆبوونەوە کرد. کچەیش پرسی: «ئەوە دایەگیان بۆ لە خۆت دەدەی؟»

«بۆ پرچی ئاوریشمینی تۆ دەگریم. دەمێکە ئاوی نەدیوە! بۆچی نەتبەمە گەرماوی گشتی؟»

«هەتا پرس بە ئامۆزا نەکەم، ناچمە گەرماوی گشتی.»

داپیرەی نوورانی، گۆزەیەکی نوێی کڕیوە. نوقڵ و ئاوی جوانەمەرگی تێ کردووە. لە ژوورەکەی خۆیدا دایناوە. بەوزۆ هاتەوە. داپیرە دەرگەی لێ کردەوە. نزایەکی جوانەمەرگی بەسەردا خوێند. بەوزۆ گوتی: «بۆ هەرکوێ دەڵێ، لەگەڵیدا بچۆ.»

بۆ سبەی بەیانی، پیرەژن بەهاری لە تەک خۆیدا برد. وەکی گەیشتنە ئاستی ژوورەکەی پێی وت: «حەز دەکەم تاوێک لە ژوورەکەم دابنیشی. دڵم پێی خۆش دەبێ.»

کچەیش لەگەڵیدا چوو. ئەمجا گوتی: «دە لەم خۆشاوە نایابەیش پیاڵەیەک بنۆشە.»

تمەس خۆشاو، ئاوی جوانەمەرگییە. لەگەڵ خواردییەوە بێهۆش بوو. هەر لەو دەمەدا، وەک مووی بۆ هەڵکرووزێنی خواجە محەمەد پەیدا بوو. بە هەردووکیان خستیانە نێو سندووقەکەوە و سەریان قایم کرد. خواجە کۆڵهەڵگری هێنا و لەوێوە گواستیانەوە بۆ کاروانسەرا. لە بەرامبەردا خواجە پیرەژنی بەرات کرد.

*

ئێوارە، کاتێک بەوزۆ گەڕایەوە و لە دەرگەی دا، لێیان نەکردەوە. بانگی کردن دەنگ نەبوو. بە دیواردا هەڵگەڕا و سەری کێشایە ژوورەکان. نە ئامۆزا دیاربوو نە پیرەژن. لە دڵی خۆیدا وتی: «هەرچی کردی داپیرە کردی.» هێندە نیگەران بوو، شەوی لێ بەسەر نەدەچوو. بۆ بەیانی چووە لای تفەنگچیباشی.

تفەنگچیباشی وتی: «لە ڕەنگ و ڕووتا دیارە، شتێکت لێ قەوماوە! گەرماوگەرم بزانم چاکە.»

بەوزۆ درکاندی. ئەویش پیاوماقووڵێکی بە بریکاری خۆی دانا. جووتێک ئەسپیان شەتاند. تفاقی پێویستیان هەڵگرت و بە دوای کارواندا هەیپایان لێ کرد. کاروان گەیشتبووە جێ. وەلێ هێشتا بارەکان نەکرابوونەوە. تفەنگچیباشی وتی:

«تۆ ئاگەداری ئەسپەکان بە. من پیادە دەچمە شارەوە. با کەس گومان نەبات. کا و جۆ بۆ ئەسپەکان و خواردن بۆ خۆمان دێنمەوە. پشوویەک دەدەین، ئەوجا دەچینە سەر ماڵی خواجە محەمەد.»

دوای نان خواردن و پشوودان، لەپڕ قۆڵچی تێی خوڕین. ئەمانیش وتیان: «میوانی خواجە محەمەدی بازرگانباشین و غەریبین.»

سەرو زێڕیان دایە قۆڵچییەکان. ئەوانیش ماڵەکەیان نیشاندان. ئیتر بە جووتە چوونە ماڵی خواجەوە. تفەنگچیباشی وتی: «تۆ لەو سەرەوە، من لەم

سەرەوە. بە زەبری شمشێر، ئەم بەستەک و بارانە دەکەینەوە، بزانین چییان تێدایە.»

وەلێ ئەوان هیچیان دەستگیر نەبوو. تفەنگچیباشی بە دەم گەڕانەوە، دەرگەیەکی کردەوە. لەوێوە چووە ژوورێ. دیتی باخ و باخاتێکە، نەک بەدڵێ، پیاو بەهەزار دڵ عاشقی ئەو جێگە و مەقامە دەبێ. سەرنجی دا، چرپایەک لە گوێ حەوزێک دانراوە. جوانێک وەک مانگی چواردە لەسەری نوستووە. گەڕایەوە بۆ لای بەوزۆ پرسی: «ئامۆزای خۆت دەناسییەوە؟»

«ئەی چۆن قوربان؟»

«ئەگەر ئەو بوو، بە هێمنی پەنجەی بگوشە و خەبەری بکەرەوە. ئەویش نەبوو، بێدەنگ بکشێرەوە.»

بەوزۆ تەماشای کرد خۆیەتی. لە خۆشییاندا لەوەدا بوو شاگەشکە ببێ. پەنجەی گوشی و خەبەری کردەوە. ئەویش بە تیلەی چاو سەیری ئەمی کرد و وتی: «یاخوا بە مارێکەوە بێی.. ئەمە گەیشتییە ئێرەیش؟»

«من بەوزۆم، دەستت بێنە با بڕۆین. بۆ وات لێ بەسەرهات ئامۆزا؟»

«ئەوەی لە نێوانماندا ڕووی دا، خەونێک بوو. دەڕۆی باشە، ناڕۆی دەقیژێنم تاکو بێن پارچە پارچەت بکەن. ئیتر من و تۆ یەکودوو ناناسین.»

بەوزۆ بەگوێیدا چپاند: «ئامۆزا گیان دەستمان لە تاج و تەخت هەڵگرت، لەبەر خاتری دڵ. بووینە غەریبی شاران. ئەوە چەند شەوە بەڕێوەم تاکو ڕزگارت بکەم، کەچی وەها وەڵامم دەدەیتەوە؟ هەبێ و نەبێ داپیرە سیحری لێ کردووی.»

داد و بێدادی بەوزۆ بێ سوود بوو. تفەنگچیباشی لەم حاڵە تووڕە بوو وتی: «مادام ئەوەندە سپڵەیە، شیرێکی لێ دە، بە چرپایەکەوە بیکە بە دوو کەرتەوە.»

لەسەر قسەی ئەو بە شیرێک چرپاکەیشی لەگەڵدا دووکەرت کرد. ئەمجا

تفەنگچیباشی وتی:

«تۆ لەو سەرەوە، من لەم سەرەوە. هەرچی پێوەندیی بەخواجە محەمەدەوە هەبوو دەیکوژین.»

کۆشک و سەرایان کرد بەدەریاچەی خوێن. ئەمجا نامەیەکی نووسی:

(من کە تفەنگچیباشیم، ئەم کارەم کرد. بەسەر کەسدا مەچن. دوای هەموو ڕێزلێنانێک ناپاکیت لەگەڵدا کردم. ئەگەر بەنیازی تۆڵە سەندنەوەی، ئەوا وەرە سەر من. ئەگەر ئەم کردەوەیەیش بەڕەوا دەزانی، ئەوا تۆ لە جێی خۆت و من لە جێی خۆم.) نامەی بە دەرگەیاندا نووساند و لێیدا ڕۆیێ.

*

ماوەیەکی بە سەردا ڕابورد، سەرنجی دا بەوزۆ خەمگین و بێ خوڵک دیارە. پێی وت: «ئەگەر لە بەر ئامۆزات دڵتەنگی، من ئامۆزات بۆ پەیدا دەکەم.»

فەرمانی دا: «با هەرچی کچێک لە شارەکەدا هەیە، خۆیان بڕازێننەوە و لە باخی تفەنگچیباشیدا ئامادە بن. با کەس پەچە و چارشێو نەپۆشێ.. بەوزۆ دێتە ناویان. پرسیاری لە هەر کامیان کرد، پێویستە بە ڕەوانی وەڵامی بداتەوە و ناونیشانی خۆی بڵێ.»

بەوزۆ چووە ناو کچگەل. سووڕا، گەڕا. دڵی کەسیانی نەگرت. وەلێ لە گەڕانەوەدا، دیتی لەلای دەرگەوە، کیژێک دانیشتووە خەرامانێکە بۆ خۆی.. دڵی چووە سەر ئەوەیان. گەڕایەوە سەری. ناونیشانی لێ پرسی.. تفەنگچیباشیش پەیمانی دایە: «ئاسانە.. لە ماوەیەکی کورتدا بۆتی دەگوێزمەوە.»

*

بەوزۆ بووکی گواستەوە. لە نێوان کۆشکی تفەنگچیباشی و کۆشکی بەوزۆدا، قوموووشێک هەبوو. زۆر بە ئاسانی لەوێوە هامشۆ دەکرا. بەوزۆ، کە لەگەڵ شاجوانی ئەو وڵاتەدا تێکەڵ بووبوو. نەیدەزانی، کە تفەنگچیباشی بووەتە خێزانی. ڕۆژێک لە ڕۆژان پرکێشی ئەوەی نەکردبوو، بزانێ لە ژێر ئەو

نیـقابەی تفـەنگچـیبـاشـییـەوە چی هەیە. پێنـج و دوو ڕۆژێک ڕابورد. ڕۆژێک تفـەنگچـیـبـاشـی لە کـۆشکی خـۆی دانیـشـتـبـوو، گـوتـی: «تۆ دەزانی دز و پیاوکوژان بە شاردا بڵاو بوونەتەوە. بۆیە پێویستە ئەمشەو خۆمان چاودێری ناو شار بکەین و ببین بە قۆڵ.»

ئێوارە، بەوزۆ شـمـشـێـری لە کـەمـەر بەست. تفـەنگی هـەڵگرت و بە ژنەکەی گوت: «پیـاوخـراپ پەیدا بووە. لە تەک تفـەنگچیـبـاشـیـدا چاودێری نێـو شـار دەکەین.»

ئیـتـر ئەو شـەوە بـە جـووتە چوونە نێـو شـارەوە. لە کـۆڵانێکدا تـووشی دەستەیەک شەوکوت هاتن. کەوتنە شەڕی دەستەویەخەوە. لێیان کوژرا. لێیان بریندار بوو. لێشیـان گیـرا. لەم بەرەنگاربوونەوەیەدا دەستی تفەنگچیباشی زامـدار بوو. بەوزۆ بە دەسـتـەسـڕەکـەی خـۆی بۆی بەست. دەرەنگانێکی شـەو گەیشتنەوە کۆشک و لەوێوە لێک جودا بوونەوە. بەوزۆ هاتەوە بۆ ماڵی خۆی.. تفـەنگچیبـاشیش گەڕایەوە کۆشکی خۆی، بەڵام بەرلەوەی بـەوزۆ بگاتە جێ، بووکێ بە قومـووشەکەدا گەڕابووەوە ماڵ. کاتێک ڕۆژ بووەوە، بەوزۆ سەرنجی دا، وا دەستەسڕەکەی، کە شەوێ دەستی زامداری تفەنگچیباشی پێ بەست، وا بە دەستی خێزانەکەیەوە. سەری لەم نهێنییە دەرنەکرد. بەرچایی نەخوارد. ئەوەندەی ئەمسەر و ئەوسـەر کرد کفت بوو.. تفەنگچیباشی دڵی پێی سووتا و وتی: «با ئیـتـر ئەم هاتوچۆیە بەس بێت. سـبـەی هـەمـوو شـتـێکت بۆ ڕوون دەکەمەوە.»

کـە ڕۆژ بـووەوە، فـەرمـانـی دا (ئەوەی تەمـەنـی لە پازدە سـاڵان هەورازترە، گەرەکە لە باخی شاردا کۆ ببنەوە؟) فەرمانی بە دارتاشەکانیش دا (تەختێکی بەرز و بە شکۆی ئەوتۆ چێ بکەن بە سەر ئاپۆرای جەماوەردا بڕوانێ..)

*

بەوزۆی لەگەڵ خۆیدا بردە سەر تەختەکە. ئەو وەک جاران نیقابی پۆشیبوو. داوای لە پیرەمێردەکان کرد بـە جیا دابنیشن. ئەمجا ڕووی تێ کردن، وتی:

«ئەی خەڵکینە پرسیارێکتان لێ دەکەم. ئەگەر لای ڕاستییەوە وەڵامم نەدەنەوە نێوانمان تێک دەچێ.»

هەموو گوتیان: «لەلای ڕاستییەوە وەڵامت دەدەینەوە.»

«کاتێک باوکی پاشام لە ژیاندا بوو، کوڕی هەبوو؟»

«نەخێر، منداڵی نێرینەی نەبوو.»

«ئەدی کیژی هەبوو؟»

«بەڵێ، تاقانە کچێکی هەبوو.»

«باشە، کە باوکم کۆچی دوایی کرد و کوڕیشی نەبوو، من چلۆن چوومە سەر تەخت و جڵەوی کارم گرتە دەست؟ ئێوە بۆچی نەتانپرسی، ئەم کوڕە لە کوێوە هەڵقوڵی؟»

«ڕاستییەکەی، کە تۆ هاتیتە سەر تەخت، لەلایەک دادپەروەر بووی، وەکیتریش کەس پرکێشی نەدەکرد ئەو پرسیارە بکات.»

تفەنگچیباشی نیقابی لادا و گوتی:

«منم کچە شازادە! من تاقانە کیژی پاشام! نەمهێشت ناکەسێک لەسەر تەختی ئەم وڵاتە فەرمانڕەوا بێ. ڕێگەشم بە ئاژاوە نەدا. مەرجیشم ئەوە بوو، هەتا کوڕە لاوێک بەدڵی خۆم نەدۆزمەوە، خۆم ئاشکرا ناکەم و ئەم تەختە چۆڵ ناکەم. ئێستاش بەورزۆم بەدڵە. ئەو لە ئاوەز و جەوهەردا کەم وێنەیە. بۆیە بە هاوسەری خۆمم هەڵبژارد. لەمڕۆوە تەخت پێشکێش بە بەورزۆ بێ. ئیتر لەمەولا من دەچمە ماڵ. حەز دەکەم بزانم ئێوە ڕاتان چییە؟»

هەموو گوتیان: «کە بەورزۆ پەسەندکراوی خۆت بێ، ئەوا ئێمەیش پەسەندمان کرد.»

٢٩

## دزێکی زیرەک

دەگێڕنەوە دزێکی وریا دەبێ، ئێوارەیەکیان بە نیازی دزی لە ماڵ دەردەچێت. ئەم دزە برازایەکی مێردمنداڵی هەیە. کاتێ سەرنج دەدات، دەبینێ وا دوای کەوتووە. مام پێی دەڵێ: «دوام مەکەوە، تۆ سەرت لە دزی دەرناچێ.»

بەڵام مێردمنداڵی برازای لێی نابێتەوە و هەر شوێنی دەکەوێ. لە ئاوایی دوور دەکەونەوە و دەچنە بن درەختێکی بڵند، کە حاجی لەقلەقێک لەسەری هێلانەی کردووە.

مام دەڵێ: «برۆ هێلکەیەک لە ژێر ئەو حاجی لەقلەقە دەربێنە و مەهێڵە پێ بزانێ. ئەوجا لەگەڵ خۆمدا دەتبەم.»

برازا وەک مار بە درەختەکەدا هەڵدەزنێ. هێلکەیەک دەردێنێت و دێتە خوارەوە. ئەوجا بە مامی دەڵێ: «دە ئەمجا تۆیش بیخەرەوە جێی خۆی و مەهێڵە پێ بزانێ.»

لەو دەمەدا، کە مام بە درەختەکەدا هەڵدەزنێ، برازا، دەرپێیەکەی لە پێی دادەکەنێ. مام دێتە خوارەوە و دەکەونە ڕێ. هەوای سارد دەیدا لە نێو لینگی ئەوجا پێ دەزانێ و دەڵێ: «پێم وایە دەرپێیەکەم لە ماڵ بەجێ ماوە.»

مام لەوەدا دەبێ بەرەو ماڵ بگەڕێتەوە، برازا پێی دەڵێ: «بۆی مەگەڕێ، ئەوەتا لەلای من.»

مام دەپرسێت: «چۆنت توانیوە لێم بدزیت و بەخۆیشم نەزانم؟»

کاتێک بۆی دەگێڕێتەوە، سوێندی لێ دەخوات و دەڵێ: «هەر دەبێ تۆ پێشدزە بیت. چونکە تۆ لە من زۆرزانتری.»

مـام و برازا پێکەوە دەچنـە شـار. شـەو، کـونێک دەکـەنە دیـواری خـەزنەی پاشـا. چەنـدیـان زێڕ بۆ بچێت دەیبـەن. دوای مـاوەیەک مـاڵ دەگوێزنەوە شـار. پاشـا بە نـیـازی گـرتنی دزەکە، پاسـەوانی لێـهـاتوو بەدیار کـونەکەوە دادەنـێ. بەڵام کـوڕە بـەو حـاڵەیش جـارێکی تر خـۆی تاقی دەکـاتـەوە. هـەندێکی تر لە خەزێنەی پادشا دەدزێت و پاسەوانەکان پێ نازانن. بۆ بەیانی دەست و پێوەند بە پاشـا ڕادەگەیـەنن: «پاشا عـومری نوێت مـوبارەک، ئەمشـەویش خـەزێنەیان بری.»

پاشـا چاوی دەپەڕێتـە پشـتـی سـەری. بەتایبـەت دوای ئەوەی پاشـای دراوسـێی وەک گاڵتـەی پێ بکات؛ لە نامـەیەکدا بۆی دەنووسێ: «ئای بەدەست منداڵێکەوە خەریک خۆت.»

پاشـا بڕیار دەدات: «لەسـەر ڕاستـە شـەقامـێک لیـرە فڕێ بدەن و پاسـەوانی بەدیارەوە دابنێن. لەو شەقامەدا هـەر کەسێک دانەوییەوە بیگرن.»

کوڕە بەم تەگـبیـرە دەزانێ. جـووتێک پێـڵاو دەکـڕێت. قـیـرێکی زۆر لـەبنیـان دەسـوێت. سێ چوار جـار بەسـەر ڕاسـتـە شـەقامـەکەدا دێت و دەچێت، هـەمـوو لیـرەکـان کۆ دەکـاتەوە. دیسـان بە پاشـا ڕادەگـەیەنن: «پاشـا عـومـری نوێت موبارەک. لیرەکان دزران و کەسیش نازانێ کێ دزیونی.»

پاشـای دراوسێ دیسـانـەوە ئاگـەداری دەکـاتەوە و بە تەڵفـیـسـیـیـەوە بۆی دەنووسێ: «وای بە دەست منداڵێکەوە خەریک خۆت.»

پاشـا فـرمـان دەدات: «بـە دەوری خـەزێنەدا، بـە قـووڵایی باڵا زەلامـێک؛ چاڵ هـەڵبکـەنن. پانایـیـەکـەشی با چوار هـەنگاو بێت و پڕ بکرێت لە قـیـری تواوە. ئێشکگریشی بە دیارەوە دابنرێ.»

شـەوێک مام و برازا دەیانـەوێ بچنە سەر خـەزێنەی پاشـا. برازا دەڵێ: «من دەتوانم باز بدەم. تۆ لێرە بمێنەوە تا دەگەڕێمەوە.»

برازا وەک سـوێسکـە قـونەیەک دەکات و دەپەڕێتـەوە. لـە گـەڕانەوەدا سـەرنج دەدات مـامی لە نـاو خـەندەقـەکـەدایە و لە نێـو قـیـردا چەقـیـوە. بە هـانایەوە

دەچێت. بەڵام هەتا زیاتر بیجوولێنێ ئەویش زیاتر نوقم دەبێ. ناچار برازا شمشێر هەڵدەکێشێ، سەری مامی دەبڕێت و دەیبات. حاڵ و مەسەلەکە لە ئامۆژنی دەگەیەنێ داواشی لێ دەکات دەنگ بە خۆیدا بگرێت و نەداتە هاڕەی گریان، نەبادا هەموویان تێدا بچن. دەست و پێوەند هەواڵ دەدەنە پاشا: «پاشا عومری نوێت موبارەک. دیسان خەزێنە دزراوە و زەلامێکی بێ سەریش لە نێو چاڵەکەدا جێ ماوە.»

پاشا فەرمان دەدا: «بەدیار ئەو تەرمەوە بن. هەرکەسێک ئاوڕی لێ دایەوە ئەوە خاوەنی تەرمەکەیە.»

ئامۆژن ئارامی لەبەر هەڵدەگیرێ. دەیەوێ چاوی بە تەرمی مێردەکەی بکەوێ. وەلێ برازا فێڵێک دەدۆزێتەوە و بە ئامۆژنی دەڵێ: «سینییەک بخەرە سەر دەستت. کاتێک گەیشتیتە ئەو ئاستە بیخەرە خوارەوە و تێر تێر بگری. ئەگەر پرسییان بۆچی دەگریت؟ بڵێ: کارەکەری ماڵێکم، ناردوومیان بۆ شۆردنی ئەم پیاڵانە. ئێستا نازانم چۆن بگەڕێمەوە؟ ئاغاژن شرتوشۆم لێ دەبڕێ.»

بەم جۆرە ئامۆژن تێر لەسەر تەرمەکە گریا و کەسیش پێی نەزانی. ماوەیەک تەرمەکە لە چاڵەکەدا دەمێنێتەوە. پاشا بڕیار دەدات: «لە دەرەوەی شار دای بنێن. بەڵام با لە دوورەوە پاسەوان چاودێری بکات، بزانێ کێ دەیبات و خۆی لێ بە خاوەن دەکا؟»

برازا بەمەیش دەزانێ. تەپڵ و دەف و ساز هەڵدەگرێ و سواری گوێدرێژەکەیان دەبێ و دەڕوات. کاتێک بەلای پاسەوانەکاندا ڕەت دەبێ. بانگی دەکەن: «وەرە ئەمشەو گۆرانیمان بۆ بڵێ و سازمان بۆ لێ دە.»

«نیازم هەیە دێهاتەکان بگەڕێم و شتێک پارە پەیدا کەم.»

«ئێمەش پارەت دەدەینێ.»

«ئێرە چۆڵەوانییە. ئەگەر یەکێک وڵاخەکەمی دزی؟»

«ئێمە بۆتی دەبژێرین»

برازا دابەزی و دەستی بە تەپوکوت و زیقەزیق کرد. نە سازی دەزانی و نە دەنگیشی خۆش بوو. پاسەوانەکان سەریان کاس بوو. وەک خۆڵی گۆڕستانیان بەسەردا بێژرابێتەوە، لاڵ و پاڵ لێی کەوتن و خەو بردنییەوە. کوڕەش تەرمەکەی بەسەر پشتی کەرەکەیدا دا و بەرەڵای کرد. بۆ بەیانی دەستی بە زووڕە زووڕ کرد: «ئەی هاوارم هەی، کەرەکەمیان دزیوە.»

ئەوانیش کەرەکەی بۆ دەبژێرن و کوڕەکەیش دەڕوات. پاسەوانەکان کاتێک بە خۆیان دەزانن تەرمەکە لە جێی خۆی نەماوە. دەستوپێوەند هەواڵ دەدەنە پاشا: «پاشا عومری نوێت موبارەک، تەرمەکە دزرا و کەسیش نازانێ کێ بردوویەتی.»

پاشای دراوسێش هەمان لاقرتیی جارانی پێ دەکات: «ئای بە دەست منداڵێکەوە خەریک خۆت.»

پاشا فەرمان دەدا: «با چل حوشتر بەرەڵای ناو شار بکرێن. حوشتر لەبەر هەر ماڵێکدا خەوت، مانای وایە دزەکە لەو ماڵەدایە»

برازا کاتێک ئەمە دەبیستێ، دەگاتەوە ماڵ. سەیر دەکات وا حوشترێک لەبەر دەرگەکەیاندا نوستووە. بەخۆی و بە ئامۆژنی ڕای دەکێشنە ژوورەوە. سەری دەبڕن و دەیشارنەوە. ئێوارە کاتێک حوشترەکان کۆدەکەنەوە سی و نۆیان ماوە. بۆ بەیانی پاشا فەرمان دەدا: «با چل پیرەژن بکەونە نێو ماڵەکان. هەر ماڵێک گۆشتی حوشتری هەبوو. مانای وایە دزەکە لەو ماڵەدایە.»

کوڕە، کاتێک هەواڵ دەبیستێ، دەگاتەوە ماڵ. سەیر دەکات وا پیرەژنێک لە ماڵیان دەرهات و پارچەیەک گۆشتی پێیە. کوڕە پێی دەڵێ: «نابێ بڕۆی. ئەو گۆشتە کەمە. یەک ڕانی تەواوت دەدەمێ.»

دەیباتە ژوورەوە شمشێرێک بە گەردنیدا دەهێنێ و ساتاری دەکات. کاتێک پیرەژنەکان کۆ دەبنەوە، سەیر دەکەن یەکێکیان دیار نییە. پاشا بە جارێک کەللەیی دەبێت. هەموو خەڵکی شار لە گۆڕەپانێکدا کۆ دەکاتەوە و سوێندیان دەدا. کاتێک نۆرە دێتە سەر برازا، دەڵێ: «من سوێند ناخۆم. هەرچی کراوە و

دزراوه من بووم. پاشا تۆیش خۆت و ویژدانت.»

پاشا دەڵێت: «لێت خۆش دەبم، بەڵام بەمەرجێ کارێک بە پاشای دراوسێم بکەی بە هەنگوین بڵێ ژەهری مار.»

«زۆر ئاسانە پاشام، دەیکەم.»

کورە، مەرێک دەباتە لای قەساب تاکو بۆی بگروێ. کەوڵەکەی دەباغی دەکات و پاشان دەیباتە لای زەڕەنگەر. هەر تاڵە خورییەک و ئەڵقەیەک یان زەنگوڵەیەکی لێ دەبەستێ. ئەمجا دەچێتە لای دارتاش داوای سنووقێکی لێ دەکات، وەهابێت جێگەی زەلامێکی تێدا ببێتەوە. لەگەڵ کارواندا خۆی بە پایتەختی وڵاتی دراوسێدا دەکات. کورە کەمەند و گوریسی پێیە. کەمەندەکەی لە شوورەی کۆشکی پاشا گیردەکات و ئاودیو دەبێ. کاتێک بە دزییەوە دەچێتە ژووری تایبەتی پاشاوە، سەیر دەکات تەنیایە و نوستووە. کەوڵەکە لەبەر خۆی هەڵدەکێشێ و چەند جارێک خۆی ڕادەوەشێنێ. پاشا لە خەو ڕادەپەڕێ. کاتێک ئەم دیمەنە دەبینێ زارەترەک دەبێ. لەوەدا دەبێ هاوار بکات. وەلێ کورە هێمنی دەکاتەوە و دەڵێ: «بێدەنگ بە؛ من ئیزرائیلم و هاتووم ڕوحت بکێشم.»

پاشا دەپاڕێتەوە و دەڵێ: «زۆرم زوڵم و زۆرداریی نواندووە. ڕێگەم بدە با داوای گەردن ئازادی لە گەل و دەست و پێوەندەکەم بکەم.»

«چاکە، بەڵام بە مەرجێک سبەی شەو تاک و تەنیا لێرە ئامادە بی. ئەم نهێنییەیش لەلای کەس نەدرکێنی. ئەگینا بە جۆرێکی وەها ڕوحت دەکێشم مەگەر هەر خوا خۆی بزانێ.»

پاشا پەیمان دەدا هیچ نەدرکێنێ و بەقسەی بکات. بۆ بەیانی جەماوەری شار کۆ دەکاتەوە و داوای گەردن ئازادییان لێ دەکات. شەوی داهاتوو، درەنگانێ کورە دێتەوە گیانی و دەڵێ: «بەرلەوەی ڕوحت بکێشم هەندێ ئامۆژگاریم هەیە بە قسەم بکە، بەڵکو خواوەند بتبەخشێ.»

«فەرموو سەرم لە ڕێتە.»

«دوای ئەوەی ڕوحم کێشایت، دەتخەمە سنووقێکەوە. یەکەم دارم لە سنووقەکە دا، وەک سەگ بوەڕە، دووەم دار، وەک گا ببۆڕێنە، سێیەم دار، وەک ڕێوی بباقێنە، چوارەم، وەک پشیلە بمیاوێنە.»

کوڕە هەندێک دەرمانی بێهۆشی لە لووتی پاشا دەدا. ئەمجا دەیبات و لە سنووقەکەی دەپەستێ و بەدیاری بۆ پاشای خۆیانی دەهێنێ. لەسەر داوای کوڕە، پیاوماقووڵان و دەست و پێوەند کۆ دەبنەوە.

کوڕ دەڵێ: «بێدەنگ بن. من ئێستا سەیرانتان بۆ دەکەم.»

کوڕە ناو بەناو دارێک ئاوقەی سنووقەکە دەکات. لە ناوەوە حەپەی سەگ، بۆڕەی گا، باقەی ڕێوی و میاو میاوی پشیلە دەگاتە گوێی ئامادەبووان. بەڵام ئەوان سەر لەم کارە دەرناکەن. دەبێتە حیلکە حیلکی پێکەنین. ئەمجا کوڕە داوایان لێ دەکات سەری سنووقەکە هەڵبدەنەوە. کاتێک سەیر دەکەن، وا پاشای وڵاتی دراوسێیان سەر دەردێنێ و تازە بە خۆی دەزانێ کە پەندی پێ دراوە. پاشا لە خەجاڵەتیدا نازانێ چی بکات. ڕوح لە شوێنێکی سەختدایە و دەرناچێ. پاشای وڵات بە تەوسەوە پێی دەڵێ:

«ئای بە دەست منداڵیکەوە خەریک خۆت.»

پاشا کوڕەی دز خەڵات دەکات. منیش هاتمەوە هیچیان نەدامێ.

٣٠

## دەردەدار بە حاڵی دەردەدار دەزانێ

هەبوو نەبوو، کەس لە خوا گەورەتر نەبوو.. پیاوێک هەبوو لەبەر نەداریی سەری خۆی هەڵگرت. بەدوای کاردا دێ بە دێ ڕۆیی تا گەیشتە شارێک. شار دز و جەردە تەراتێنی تێدا دەکرد. لەو دەمەدا، کە ئەم دەگاتە شار سەرباز بە شوێن دز و ڕێگردا دەگەڕێن. سەرباز، کابرای هەژار دەپێچنەوە. هەرچەند داد و هاوار دەکا، پێی دەڵێن: «ئیلان و بیلان تۆ دزی.»

دەیبەنە دیوانی پاشا. ئەویش یەکسەر فەرمان دەدا قۆڵی ببڕن. میرغەزەب بانگ دەکەن قۆڵی ببڕێ. ئەمجا قۆڵە بڕدراوەکەی دەکەن بە ڕۆنی قرچاودا.. لەگەڵ ئەو هەموو ژان و کۆڤانەیشدا، هێشتا هەر کابرای هەژار ورتەی لە دەم دەرنایە. نە دەڵێ ئاخ و نە دەڵێ ئۆف. نە دەڵێ من بێ تاوانم. بەرد هاتە زمان ئەو نەهات. دەستی دایە قۆڵە بڕاوەکەیی و لێیدا ڕۆیی. ئەنجومەنی وەزیران لە نێو خۆیاندا کەوتنە مقۆ مقۆ، وتیان: «بۆچی ئەم کابرایە بە چاک و بەخراپ زاری هەڵنەهێنایەوە؟. ئەم ڕەفتارە هەڵبەت حیکمەتێکی تێدایە.»

پاشا کەوتە گومانەوە. سەربازی لە دوو نارد و پێی وت: «بزانە نیازی چییە و ڕوو لە کوێ دەکات؟»

هەژار ڕۆیی و سەرباز بە دوایەوە. هەژار گەیشتە نێو قەیسەرییەک. لەلای دووکاندارێکی قۆڵ بڕدراوی وەک خۆی گیرسایەوە. لەوێ قۆڵە بڕدراوەکەی دانا. لەگەڵ دووکانداردا دەستیان کردە ملی یەک و پێکەوە تێیان هەڵکردە گریان و بانگهەڵدان. ئاپۆرای نێو ئەو قەیسەرییە کەم و زۆر، بەسەریاندا دابارین.

سـەرباز حـاڵ و مـەسـەلەی گەیانده پاشـا. کـابرای هەژار بۆ جـاری دووەم هێنرایەوه دیوان. پاشـا لێی پرسـی: «بۆچـی کـاتێک قۆڵیـان بڕیت، نەدەنگێک نەهـاوارێک، نه پاڕانـەوەیەک، هیچ هـەسـتـێکت دەرنەبڕی، کـەچی وەخـتـایێ گەیشتییە قەیسەرییەکە، لە هاڕەی براڕۆت دا؟»

هەژاری قۆڵبڕدراو گوتی: «ئەی پاشـا، هەر ئەوەنده وتیان ئەمـه دزەکەیه، تۆ فـەرمـانت دا قـۆڵم ببـڕن؛ بێ ئەوەی پرسـیـارم لێ بکەی داخـوا تاوانم هەیه یان نا! ئیتر هاوار و داد لەم دیوانەی ئێوەدا چ سـوودێکی هەیە؟ دوای ئەوەیش تۆ نه ژانی قـۆڵبـڕینەوه دەزانیت و نه ئازاری ئـەو ڕۆنه قرچاوەت چەشـتـووە، کـە دەیکەن بەو گۆشـتـه بریندارە زیندووەدا! کـەسـێک لەو ئازارە تێ دەگات، وەک منی بەسـەرهـاتبێ. ئەگەر پێشبینی ئەو ئـازارەت کردبا، هەڵبەت لـه تاوانەکەت دەکۆڵییـەوه و ئاوا سـەرپێیی بڕیارت نەدەدا. خـۆ ئەگـەر بمکردایه بە هـاوار و بانگ هـەڵدان، هـەتا وەزیرێک بڕوای پێ دەکردم، دووان دەیانگوت درۆ دەکات.. کاتێک لە بازاڕ، ئەو قـۆڵبڕدراوەم بینی، هـەرچی ئازار و داخـی دەروونم هـەبوو، لەلای ئەو هـەڵم ڕشت. چونکه دەمـزانی ئەو لە ئـازارم تێ دەگات. بـۆیه ئەویش یەکسـەر دایە هـاڕەی گریان و ئەو حـەشـاماتەی بە سـەرمدا داباراند. دەردەدار بەحاڵی دەردەدار دەزانێ.

٣١

## میوانی بێ ئەدەب

جارێکیان پێغەمبەر(د.خ) ددانی ژان دەکات. داوا لە ئامادەبووان دەکا سەربوردەیەکی بۆ بگێڕنەوە. (زەید)، کە لەو کۆڕەدا ئامادە بوو، مۆڵەتی خواست و دەستی بە گێڕانەوەی سەرگوزشتەیەکی خۆی کرد:

لاوێکی بەهێز و سوارچاک بووم. ئەسپێکی خۆشبەزم هەبوو. لە حەکیمیم دەزانی. ڕۆژێکیان شمشێرم حەمایەڵ کرد. تیر و کەوانم هەڵگرت، دەواودەرمانی پێویستم لە پاشکۆ بەست. سواری ئەسپ بووم و هەیپام لێ کرد. زۆر ڕۆیشتم، ڕێگەم هەڵەکرد. دوای ماوەیەک چوومە سەر توولەڕێیەک. توولەڕێ ڕووەو خانوویەک بردمی. خانوو قەڵایەکی سەخت بوو. دەروازەی لەسەر پشت بوو. حەوت هەشت ئەسپ لەسەر ئاخوڕ بەسترابوونەوە. ئەسپی ژێر من لە چاویاندا وەک کەڵەشێر وەهابوو.

ئەسپم بەستەوە و سەرکەوتمە نێو قەڵاکە. لە نێو قەڵاکەدا ماڵێکی جوان هەبوو. پڕبوو لە تفاق و ئامێری مۆسیقا. قەدەرێک سازم ژەند، ئەوجا نانم خوارد. چەند چاوم گێڕا، کەسم بەدی نەکرد. کاتێک لە قەڵا دابەزیم ئەسپەکەی خۆم جێ هێشت و سواری یەکێک لەو ئەسپە ڕەسەنانە بووم و باژۆ. ڕێ و ڕێ گەڕامەوە. هێشتا زۆر لە قەڵاکە دوور نەکەوتبوومەوە. لەپڕ زەلامێکم بەدی کرد، هاتە سەر ڕێم و وتی: «هەی میوانی بێ ئەدەب، ئەمە دزی وەهایش دەکەی؟»

وەهای وت و ئامبازی جڵەوی ئەسپەکەی ژێرم بوو. ڕایتەکاند. دەستی زامدار کردم و لەسەر ئەسپ بەریدامەوە. ئەمجا خۆی هەڵدایە سەر پشتی

ئەسپەکە و بەرەو قەڵا گەڕایەوە. منیش بە پێیان دوای کەوتم. کاتێک من گەیشتمە نێو قەڵاکە، ئەو هەڵاژابوو، بە خواردن ئامادەکردنەوە خۆم سەرقاڵ کرد. نانم پێ گەیاند. نامە بەردەستی و گوتم: «بێتاقەت دیاری؟»

«لێم گەڕێ میوانی بێ ئەدەب، کێشەی من زۆر قووڵە.»

زۆرم ڕوو لێ نا. ئەویش دەستی بە گێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆی کرد:

ناوم (سەعد)ە. باوکم بازرگانێکی قورس بوو. مامم گفتی دابوومێ کچەکەیم بداتێ. بەڵام، کە باوکم کۆچی دوایی کرد، لە گفتەکەی ژیوان بووەوە. ئێستایش شارێکمان هەیە، نیوەی هی منە و نیوەی هی ماممە. مامم دڵڕەقە و نایەتە سەربار. ناهێڵێ لەگەڵ ئامۆزامدا بە یەک شاد و شوکر ببین. سەرنجی ئەندامەکانی لەشم بدە. ئەوانە هەموو زامی مەیدانداریین و ئاسەواریان هەر ماوە. هەمووی لە پێناوی دۆتمامدا. چەند هەوڵم دا بیفڕێنم بێهوودە بوو. دۆتمام لە من پەرۆشترە.

زەید، لەسەری ڕۆیی.. داودەرمانم هێنا زامەکانیم تیمار کرد. ماوەیەک لەلای مامەوە. برینەکانی ساڕێژ بوون. ڕۆژێکیان سەعد وتی: «بڕۆرەوە بۆ وڵاتی خۆت. منیش سەرێکە دەیبەم. یان ئامۆزا دەفڕێنم، یان ئەوەیە سەرم دادەنێم.»

«منیش لە تەکتا دێم.»

زۆری هەوڵدا لەگەڵیدا نەچم، بەڵام هەر دوای کەوتم. کاتێک نزیک شار بووینەوە وتی: لەسەر ئەو بوارە بوەستە تا دوور دەکەومەوە. ئەوسا وڵاخەکان ببە بۆ خان. خۆیشت بە بیانووی ساز لێدانەوە، بەنێو شاردا بگەڕێ و جوان گوێ هەڵبخە. ئەگەر هەرایەک قەوما و زوو کپ بووەوە، ئەوە بزانە سەرم تیاچووە و کوژراوم. ئیتر خۆت سەرپشک بە چی دەکەی. ئەگەر هەراکەیش درێژەی کێشا، ئەوا هەردوو ئەسپەکە بهێنە سەر ئەم ڕێیە و لێرە چاوەڕوانم بە.

زەید لەسەری ڕۆیی: بەینێکی پێ چوو دەنگ نەبوو. ڕۆژێک هەرایەک پەیدا

بوو. بەڵام زوو کپ بووەوە. منیش کەوتمە پرسیار. ڕێبوارێک وتی:

«کوڕێکی لاوچاک، ویستوویەتی دۆتامێکی خۆی بفڕێنی. بەڵام گرتوویانە و ئێستا زیندانییە. دەرکی زیندانەکە بە بەردێک داخراوە، بە چل پاڵەوان جووڵاندوویانە. دە پاسەوانیش ئێشکی ئەو زیندانە دەگرن.

زەید، بەردەوام بوو وتی: منیش دە جێگە کەبابم کڕی. دەرمانم پێوە کرد و چووم بۆ زیندانەکە. ئەوان، کاتێک دیقەتی شێوەیان دام سازم لە شان بوو، بانگیان کرد:

«وەرە کوڕەلاو سازمان بۆ بژەنە.»

تا دەمەو خۆرئاوا سازم ژەند. زۆر لەبەر دڵیان خۆش بوو.. ئەمجا لێم پرسین:

«ئەرێ ئێوە دەڵێی لە خۆشیی ساز، شێوتان بیر چووەتەوە؟»

«جا تۆ هیچت لەلا دەست دەکەوێ؟»

تۆێشەبەرەم والا کرد. پاسەوان تێیم ورووکان، قرتەیان لێ بڕی. هەر دەیان لاڵوپاڵ لێی کەوتن. ئەمجا چوومە سەر دەرکی زیندانەکە و بانگم کرد:

«سەعد هۆ سەعد، ئەوە خەریکی چیت؟»

«میوانی بێ ئەدەب ئەوە چۆن گەیشتییە ئێرە؟»

تێم گەیاند، کە فێڵێکم لە وەردیانەکان کرد. بەڵام ئەو توندبوو وتی:

«کارێکی نامەردانەت کرد! بریا لێرە بمردمایە، بەڵام تۆ کاری وەهات نەکردایە! تازە ڕووی دا. ئێستە من لە ناوەوە بەسەر، پاڵ بە بەردەکەوە دەنێم. بەڵکو تۆیش بەدیوی خۆتا تلی بدەی.»

دوو جاران ئەو بەردەی بەرز کردەوە. بەڵام من نەمتوانی بەلای خۆمدا بیجووڵێنم. لەوە دەترسام منیش بکەومە زیندانەکەوە.

«میوانی بێ ئەدەب غیرەتت هەبێ. یان وەک من دەکەویتە زیندان، یان هەردووکمان ڕزگارمان دەبێ.»

جاری سێیەم ئەو بەرزی کردەوە و منیش خستمە لاوە و ئازاد بوو. سەعد وتی:

«ئێستا لەوان وایە مردووم، یان زیندانیم. تۆ برۆ ولاخەکان زین بکە، منیش دەچم بەڵکو ئامۆزا ببینم.»

بە ئەسپەکانەوە لە جێی دیاریکراو ئامادە بووم. زۆری نەخایاند پەیدابوون. ئەوان دووپشتەکی سوار بووبوون. منیش سواری ئەسپەکەی خۆم بووم. گەیشتینەوە قەلا. دەروازەکەیمان داخست و سەرکەوتین. ئەو شەوە من شێوم ئامادە کرد. ئەوانیش سەرگەرمی بەزم و دەستلەملانی خۆیان بوون.

شەو دوولایی بووبوو. کاتێک سەرم کێشا، دیم چواردەوری قەلاکە بە سوار گیراوە. گیانم هاتە لەرزین. خۆم بە ژووردا کردەوە.

«یاری و مەزاقی چیتانە. ڕابن چواردەورمان گیراوە.»

«میوانی بێ ئەدەب مەترسە.»

سەعد لەسەرخۆ ئەمەندەی وت و دەستیان بە یاری و مەزاق کردەوە. بەلام شەوگار کردی و من کردم. خەو بێتو نەچووە چاوم. کە ئەوان هەڵسان بەرچایی ئامادە بوو. ناشتایان کرد و بەرگی شەڕیان پۆشی. جووتە ئامۆزا خۆیان هەڵدایە سەر پشتی ئەسپ و هەر یەکەو لە دەرگەیەکەوە دابەزییە مەیدان. ئیتر بوو بە حیلەی ئەسپ و خرمژنی شمشێر و تەپوتۆزی مەیدانداری. تا دەمەو نیوەڕۆ، نیوەی جەنگاوەرانی سوپاکە لە نێوان کوژراو و زامداردا بوون. ئەوانەیشی مابوون هەلاتن. جووتە ئامۆزا گەڕانەوە قەلاو خڕ دەرگەیان داخست.

دوای نیوەڕۆژە و پشوودان، دەستیان بەیاری و ماچ و مۆچ کردەوە تا ئێوارە. کاتێک شەوەکی سەرنجی دەرەوەم دا، چی ببینم؟ دوێنێ چەند دەورەی دابووین، ئەمڕۆ دوو ئەوەندە سوار گەمارۆی داوین. لاقەکانم کەوتنە لەرزین. وەژوورکەوتم و وتم:

«زرمەزلێی چیتانە، دوو ئەوەندەی دوێنێ سوارمان تێ وروکاوە.»

سەعد، بە پێکەنینەوە وتی: «سێ ئەوەندەش بن لێیان ناترسم.»

دەستیان بە یاری کردەوە. منیش لە ترسانا خەریک بوو زارەترەک دەبووم. وەک دوێنێ بەیانی، بەرگی شەڕیان پۆشی. بوو بە فڕان فڕانی سوار و بریسکەی شیر و تەپوتۆز. دەمەونیوەڕۆ، لەشکر شکا و هەڵات. لەپڕ کچەکە خۆی بە ژووردا کرد و وتی:

«کوا سەعد؟ نەگەڕاوەتەوە؟»

«نەخێر هێشتا نەگەڕاوەتەوە.»

«ئاخ.. وابزانم کوشتم. لە فەردای بەیانییەوە شمشیربازی دەکەم، هێز بە باڵم نەگەیشتووە. تەنیا شمشێرێکم داوەشاندووە باڵم ژان بکات. پێم وایە سەعدم پێکاوە. با بچین سۆراخێکی بکەین؟»

چاومان بە تەرمەکاندا گێڕا. سەرنجمان دا سەعد کەوتووە. کچەکە دایە هاڕەی گریان. فرمێسکی دەباراند و هێمن نەدەبووەوە. هەرچۆنێک بوو تەرمی سەعدمان هێنایە بن کەندەڵانێکەوە. من دڵخۆشیم دەدایەوە. پاشان پێم وت:

«ئەگەر سەعد نەماوە، خۆ زەید ماوە، شوو بە من بکە.»

هەر ئەوەندەم گوت، ئاورێکی تووڕەی لێ دامەوە. شاپێکی لە دوڕ قوونم دا، حەوت تەقلەی پێ لێدام! کاتێک هەڵسامەوە و سەرنجم دا، دیتم کچی تاین لەسەر تەرمەکەی سەعدە و مشتووی شمشێرەکەی چەقاندووە. لەپڕ هەڵبلۆقییەوە و لەسەر دەم خۆی حەوادایە سەر لووتی شمشێرەکە! شمشیر لە پشتێوە دەرچوو.. بەسەر تەرمی سەعددا کەوت. من ئەوق بووم و زمانم بەسترا. بە تەنێ مامەوە. پاشان هەندێک لە کەندەڵانەکەم بەسەریاندا ڕماند و ڕێ و ڕێ گەڕامەوە ماڵ.

پێغەمبەر (د.خ) فەرمووی:

«ئێستە ڕێ دەبەیتەوە سەر ئەو کەندەڵانە؟»

«بەڵێ، لە یادم نەچووەتەوە.»

«دەفەرموو با پێکەوە بچینە سەر ئارامگەکەیان.»

لەوێ، حەزرەت دوو (ڕکات) نوێژی بەجێ گەیاند و نزای کرد:

«خـوایە ئـەم دوو دڵدارەم بۆ زیندوو بکەرەوە. بـا بە بەرچـاومــەوە قــەدەرێک غاردان و ڕمبازێن بکەن؟»

خوا نزای گیرا کرد. جووتە دڵدار و دڵبەر، بە پۆشاکی شـەڕەوە. بە سواری ئەسـپی تـەیارەوە، لە ژێر گڵ دەرهـاتن. بە نێـسکە، لـە پێـشـمـانەوە ڕەتبـوون. ئەوجا کەوتنە غاردان و مەیدانداری. لە پێش چاومان کردیان بە تۆز.. پاشان لە ئاستی پێغەمبەردا (د.خ) هەڵوێستەیان کرد و گوتیان:

«ئەی خۆشەویستی خوا حەز دەکەین بگەڕێینەوە شوێنی خۆمان.»

حەزرەت فەرمووی:

«باشە بچنەوە شوێنی خۆتان.»

ئەوان ڕۆیشتنەوە شوێنی خۆیان و ئێمەیش گەڕاینەوە.

## ٣٢

## سێ دز

سوڵتان مەحموود خووی پێوە گرتبوو، گەلێک جاران بەرگی دەروێشی و گەدایی دەپۆشی و بە تەنیا بەنێو شاردا دەسووڕایەوە، تاکو لە ئەحواڵی قەڵەمڕەوەکەی ئاگەدار بێت و خراپەکارانیش سزا بدات. لەو سەروبەندەدا سێ برا هەبوون کار و پیشەیان دزیی بوو. بەڵام تەنیا ئەوەندەیان دەدزی پێی بژین. ئێوارەیەکیان لە یەکێک لە کەلاوەکانی (غەزنە)دا سەریان بە یەکەوە نابوو. خەریکی ڕا و تەگبیر بوون. ئا لەو دەمەدا سوڵتان مەحموود چوو بەسەریاندا و لێی پرسین:

«کوڕینە ئەوە خەریکی چین؟»

«ئەی تۆ خەریکی چیت؟»

سوڵتان یەکسەر وتی: «من شەوکوتم و لە دزی دەگەڕێم.»

براگەورە وتی: «ئێمەش دزین. ئێستا سەبارەت بەدزیی پرسیاریان لێ دەکەم. دوای ئەوان حەز دەکەم بزانم تۆیش تا چەند لەم بوارەدا شارەزاییت هەیە؟»

برای بچووک وتی: «من هەر سەگێک بوەڕێ، دەزانم چی دەڵێ.»

برای ناوەنجی وتی: «من دەست لە هەر دیوارێکەوە بدەم، دەزانم ئەودیوی چی تێدایە.»

ئەمجا پرسی: «ئەدی خاڵی میوان تۆ چیت لە دەست دێ؟»

«من هەرکەسێک بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچووبێت، ئەگەر دەستم

بەلای ڕاستی سمێڵمدا بێنم، ئەوا ئازاد دەکرێت؛ بەڵام ئەگەر دەستم بەلای چەپی سمێڵمدا هێنا، عەفوویش کرابێ هەر لە سێدارە دەدرێ.»

برای گەورە وتی: «کەواتە ئێمە سوودت لێ دەبینین. منیش هەر کەسێک لە شەوی ئەنگوستەچاودا ببینم، بۆ بەیانی، کە دێمەوە دەیناسمەوە!»

سوڵتان وتی: «کەواتە با بکەوینە ڕێ. لە خەزنەی ماڵی پاشامان باشتر دەست ناکەوێ.»

سێ برا کەوتنە تەکی. لە ڕێگە توولەیەک پێیان وەڕی. برای بچووک وتی: «ئەو توولەیە دەڵێ: سوڵتان مەحموود لەگەڵ ئەم دەستەیەدایە.»

سوڵتان وتی: «بێ قەزا بی خۆت بەچییەوە خەریک کردووە؛ سوڵتان و دزی.»

دەگەنە نزیک کۆشکی سوڵتان و برای ناوەنجی دەست لە دیوارێک دەدات و دەڵێ: «ئەم ژوورە تەویلەیە.»

ئەمجا دەگەنە کۆشک. برای ناوەنجی دەست لە دیوارێک دەدات و دەڵێ: «ئەمە دیواری خەزێنەکەیە.»

کونێکی تێ دەکەن و دەچنە ژوورەوە. لەوەدا دەبن بەکۆڵە پارەوە بێنە دەرەوە. برا گەورە شتێکی سپی دەبینێ. دەست دەبات نەختێکی لێ دەخاتە دەمییەوە. تەمەس خوێیە.. خێرا بانگیان لێ دەکات: «مەڕۆن.. کۆڵەکان بەتاڵ بکەنەوە، تازە نمەکی ماڵەکەم کرد. بۆیە نابێ دزییان لێ بکەین.»

هەرچەند سوڵتان هەوڵی لەگەڵدا دان بێ سوود بوو. چونکە ئەو ماڵەی نمەکیان کرد، ئیتر دزی لێ ناکەن. کاتێک دێنە دەرەوە سوڵتان لێیان دەپرسێت: «ئێوە جێگە و ڕێگەتان لە کوێیە؟»

«لە خواری شارەوە ژوورێکمان بە کرێ گرتووە. ئەی تۆ ماڵت لە کوێیە؟»

«من ماڵم ها لە باکوری شار. ئێوە خواتان لەگەڵ.»

سوڵتان بڕێ لە دووری کەلەبەری دیوارەکە خۆی دایە پەنا. بەیانی جەنابی

قازی بۆ نوێژ هات، تەماشای کرد دیوار کەلەبەرێکی تێ بووە. سەیرێکی ئەملا و ئەولای خۆی کرد. کەسی نەدی. وەژوورکەوت. باخەڵەکانی پڕ زێڕ کردن و گەڕایەوە ماڵ. داینا و ئەمجا بۆ نوێژ گەڕایەوە. دواتر یەکێک لە وەزیرەکان هات. ئەویش هەمان ئاکاری نواند. دواتر جێگری سوڵتان پەیدا بوو. ئەویش هەمان دەستوور.

سوڵتان خۆی بە کۆشکدا کردەوە. بۆ بەیانی بەرگی سووری پۆشی، کە بەرگی شەڕە. داوای لە دەست و پێوەند کرد، بچن ئەو سێ برایەی بۆ بدۆزنەوە، کە ماڵیان لە باشووری شارە. هەتا ئەوان گەیشتن، جەنابی قازی و وەزیر و جێگرەکەی خۆی و ژمارەیەکی زۆر لە گەورە بەرپرسان لە دیوانی پاشا کۆبوونەوە. سوڵتان لە تەنیشت خۆیەوە داینان و پرسی:

«ئەگەر یەکێک بەنان و بەرگی کەسێک بژی و ناپاکی بەرامبەر بکات، سزاکەی چییە؟»

قازی وتی: «لە سێدارەی بدەن باشە.»

وەزیر وتی: «وەک نەمام لە زەوی بیرووێنن هەتا گیانی دەردەچێت.»

جێگری سوڵتان وتی: «گۆڕ وایە تیربارانی بکەن.»

سوڵتان بانگی کردە میرغەزەب و فەرمانی پێدا: «چییان بەخۆیان ڕەوا بینی، بەو شێوەیە لەناویان ببە؟»

ئەمجا ڕووی کردە سێ براکە و وتی: «ئەوا ئێوەم لە جێگەی ئەم سیانە دانا.»

*

براکان لە وەرزی ڕاووشکاردا، لە تەک پاشادا بۆ ڕاو چوون. لە دەشتێکدا باریان خست. چرپا و تفاقی خەویان بۆ پاشا ئامادە کرد. ئەم سێ برایە، شەوانە بە نۆرە پاسەوانی پاشا بوون. سەرەتا نۆرەی برا بچووک بوو. برا بچووک شەو درەنگانێک مارێکی دیت، خەریک بوو بە چرپای سوڵتاندا هەڵدەگەڕا. خەنجەری کێشا و بە ئەسپایی کوشتی. ڕێکەوت لەو دەمەدا پاشا

بە ئاگا هات. خەنجەری رووتی بەدەست برا بچووکەوە بینی. پێی وت: «برۆ بخەوە نۆرەی تۆ تەواو!»

نۆرەی برای ناوەنجی هات. سولّتان پێی وت: «تۆ دەزانی برای بچووک خەریک بوو بمکوژێ. بینیم بە خەنجەری رووتەوە بە ژوور سەرمەوە وەستابوو.»

«گەورەم دەترسم ئاخی لە دوا بێت، دەنا ئێستا دەمکوشت.»

«چۆن ئاخی لە دوا بێت؟ مەبەستت چییە؟»

برای ناوەنجی وتی:

«پاشایەک بازێکی دەبێ، زۆری خۆش دەوێ. لە کاتی راودا لە دەستی بەردەبێت و بەلووتکەی چیاوە دەنیشێتەوە. هەرچەندە بە شوێنیدا غار دەدا بۆی ناگیرێتەوە. تینووی دەبێ، پاڵ دەداتەوە و خەوی لێ دەکەوێ. کاتێ بەئاگا دێت، دەبینێ پەرداخێک ئاو لە ژوور سەری دانراوە. دەستی بۆ دەبات بیخواتەوە. لەولاوە بازەکە دێت. خۆی لە پەرداخە دەدات و قڵپی دەکاتەوە. پاشا رقی هەڵدەستێت و بەو داخەوە سەر دەنێتەوە. کاتێ سەر هەڵدەبڕێ دەبینێ وا پەرداخ پڕبووەتەوە لە ئاو. خەریک دەبێت بیخواتەوە، دیسانەوە بازەکەی لێ پەیدادەبێتەوە و دەیرژێنێ. پاشا لە داخانا تیرێکی لێ دەدات و دەیکوژێ.. پاشا لە مەراقدا خۆی بەزەویدا دەدات و لەوەدا دەبێ خەو بچێتە چاوی، سەیر دەکا وا مارێکی گەورە دەمی خستە پەرداخەکە و تێیدا رشایەوە. بەو شێوەیە پاشا کاڵەکی بە ئەژنۆی خۆی شکاند. ئەوە منیش دەترسم ئاوا ئاخی لە دوا بێت.»

سولّتان وتی: «نۆرەی تۆ تەواو. برۆ برا گەورە هەڵبسێنە.»

سولّتان بەبرا گەورەی وت: «دەزانی برا بچووک خەریک بوو بمکوژێ، بە خەنجەری رووتەوە لە ژوور سەرم وەستابوو.»

براگەورە وتی: «دەترسم ئاخی لە دوا بێت، ئەگینا ئێستا دەچووم دەمکوشت.»

«چۆن ئاخی له دوا بێت؟»

برا گەورە وتی:

پاشایەک چووبووە سالّەوە. تووتییەکی هەبوو، زۆری خۆش دەویست. پازدە ساڵ بوو هەیبوو. ڕۆژێکیان تووتی وتی:

«پاشا دوو هەفتە مۆڵەتم بدە، تاکو بچمە شاری تووتییان. دەرمانێکت بۆ دێنم. هەرکە خواردت ببیتەوە بە کوڕی چواردە ساڵ.» پاشا وتی: «فەرموو برۆ.» کاتێ تووتی هاتەوە، پریاسکەیەک تۆوی پێ بوو. بە پاشای وت: «با ئەم تۆوە بچێنین. کاتێک ڕوا، گوڵەکەی لەگەڵ هەویردا بشێلن و بیکەن بەکولێرە و بیخۆن.»

تۆو ڕوا و گوڵی گرت. وەزیر ناردییە لای نانەوا، بەڵام لە ڕێگە وەزیر ژەهری تێکەڵ کرد. کاتێک لەگەڵ هەویردا ئاوێتەی کرد و کولێرەی لێ دروست کرا، وەزیر وتی: «پاشام لە پێشدا خۆتان مەیخۆن. نەختێکی لێ بدەن بە توولەیەک، نەوەک ئەم تووتییە فێڵی کردبێ.» کاتێ تۆزێکیان لێ خستە بەردەم توولە و خواردی. کتوپڕ توولە خپ بوو، تۆپی. ئیتر لەسەر فەرمانی پاشا تووتییان کوشت.

ئەمجا پاشا وتی: «بچن کێڵگەی ئەو ڕووەکە ئاگر تێ بەردەن.» لەو دەمەدا، کە جووتیار دروێنەیان دەکرد. ڕێبوارێک بەو ئاقارەدا ڕەت دەبوو. بە دەست دایک و باوکە پیرەکەیەوە دامابوو. نەختێکی لەو گیایەی لە جووتیارێک سەند و کردی بەکولێرەیەکەوە و دای پێیان. کوڕە چوو بۆ ناو شار. کاتێ گەڕایەوە، سەیری کرد وا باوک و دایکی گەڕاونەتەوە تافی چواردە ساڵی. کوڕە خێرا ئەم هەواڵەی گەیاندە پاشا. لێرەوە پاشا بۆی دەرکەوت، کە ئەوەی ڕووی دا کەتنی وەزیر بووە. بۆیە زۆری ئاخ بۆ تووتییە دڵسۆزەکەی هەڵکێشا. فەرمانی بە میرغەزەب دا وەزیر بکوژێ، بەڵام نەزانراوە بۆچی وەزیر ڕکی لە تووتی بوو. ئەمجا ئەی سوڵتانی وەخت، منیش دەترسم وەک حیکایەتی ئەم پاشایە ئاخی لە دوا بێت.

چیرۆکەکە تەواو بوو. هاوکات ڕۆژ بووەوە. سوڵتـان چووە لای برا بچووک و لێـی پرسـی: «پێم بڵـێ بۆچی بە خـــەنجـــەری ڕووتـەوە لـە ژوور ســـــەرم وەستابووی؟»

برا بچـووک وتـی: «سوڵتـان بەرقەرار بێ. سـەرنجی ئەو مارە گەورەیە بدەن. لەوەدابوو پێتـانەوە بدات. بیـرم کـردەوە ئەگەر دەست بـدەمـە بەرد لەوانەیە بۆم نەکوژرێ و پێتـانەوە بدات. مـن ویسـتـم لە کـوشـتنی دڵنیـابم و خـەبەریشـتـان نەکەمــەوە. بۆیە بە خـەنجـەر کـوشـتم. لەو دەمـەدا، کـە ئێـوە بەئاگـا هـاتن، من دەچووم خەنجەرەکەم بشۆم.»

براکان وتیان: «سوڵتانی خاوەن شکۆ، نەمانوت دەترسین ئاخی لە دوا بێت؛ دەنا دەمانکوشت؟»

دوای ئەم بەســەرهاتە سـوڵتـان زیاتر ڕێزی لێنان. چـەپکێ گـوڵ و چـەپکێ نێرگز، مەرگتان نەبینم هەرگیزاو هەرگیز.

٣٣

## کوڕە کەچەڵە

جارێکیان کوڕە کەچەڵە چووە پێش دووکانی حاجییەکی بازرگان و وتی: «هەژارم، بەڵکو یارمەتیم بدەی؟»

حاجی سەرنجی کوڕە کەچەڵەی دا و گوتی: « هیچت نادەمێ. بەڵام ئامۆژگارییەکت دەکەم. بەیانی لە بەردەم حەمامی ژناندا بوەستە. هەر خانمێک هاتە دەرەوە داوای یارمەتی لێ بکە.»

کوڕە کەچەڵە بە قسەی کرد. بۆ سبەی لە پێش حەمامی ژناندا وەستا. خانمێک هاتە دەرەوە. ئەمیش داوای یارمەتی لێ کرد. خانم بە کوڕەی وت: «دوام بکەوە بۆ ماڵی خۆمان.»

کوڕە کەچەڵە شوێن خانم کەوت. سەتڵ و جامی بۆ هەڵگرت. لە ماڵەوە خانم سەرشۆرکی نیشان دا تاکو خۆی بشوات و تەراش بکات. پاشان دوو بەدوو دانیشتن. کەوتنە دەستبازی و ڕابواردن. ئێوارە کوڕە کەچەڵە سەری دووکانی حاجیی دا و پێی وت: «سەرفرازی ماڵی خوابی، بۆ ئامۆژگاریت.»

«بە قسەت کردم؟»

«بەڵێ.. چوومە پێش حەمامی ژنان. خانمێک بردمییەوە. خۆم شوشت. تێری کردم. پاشان پێکەوە ڕامان بوارد. ئەم دەستە جلەیشی پێ دام.»

کاتێک حاجی سەرنجی دا، دیتی کەوا و سەڵتەکەی خۆیەتی لەبەریدا. لە دڵی خۆیدا وتی: «دەسا ئەو خانمە ژنەکەی منە. چیم بەخۆم کرد؟»

کوڕە کەچەڵە وتی: «سبەی نیوەڕۆیش ژوانمان هەیە. لەلای خانم میوانم.»

حاجی لە قرچەی نیوەڕۆدا لە دەرگەی دا. لەو دەمەدا کوڕە کەچەڵە، لەسەر حەسیرێک بەرانبەر خانم دانیشتبوو. خانم خێرا کوڕە کەچەڵەی بە حەسیرەکەوە لوول کرد و لە گۆشەیەکدا هەڵی پەسارد. کاتێک ژنە دەرگەی کردەوە، دیتی حاجیی مێردێتی. حاجی کون و کەلەبەری ماڵەکە گەڕا و کەسی نەدی. خانمیش داوای پێنج لیرەییەکی لێ کرد. پاشان حاجی گەڕایەوە دووکان. دەمەو ئێوارە، کوڕە کەچەڵە پەیدا بوو. بە حاجیی وت: «سەرفرازی ماڵی خوا بیت بۆ ئامۆژگاریت، نانم کەوتووەتە ڕۆنەوە.»

«ئەمجارەیان چی ڕووی دا؟»

«هەروەک پێم وتی، نیوەڕۆ چوومەوە ماڵی خانم. خەریکی چنگەپۆپانێ و دەستبازیی بووین و لەو دەمەدا لۆژ لۆژ حاجیی مێردی گەڕایەوە.»

«باشە کاتێک ئەو گەڕایەوە تۆ لە کوێدا بووی؟»

«خانم بە حەسیرەکەوە لوولی کردم و هەڵی پەساردم. بەو ناونیشانەی، کاتێک ڕۆیشت، بە ناوی خەرجییەوە پێنج لیرەی لێ سەند. ئەوەیش لیرەکان. سبەینێ نیوەڕۆ هەمدیس ژوانمان هەیە.»

حاجی دەستەکانی لە ئەژنۆ ئەڵقاند. لە دڵی خۆیدا وتی: «هیچ گومانی تێدا نییە، ئەو خانمە ژنەکەی منە.»

حاجی هەمدیس لە نیوەڕۆدا لە دەرگەی دا. خانم بە کوڕە کەچەڵەی وت: «جلەکانت دابکەنە و بچۆ نێو ئەو حەوزەوە. ئەم کوولەکەیەیش بکەرە سەری خۆت.»

خانم بە پەلە جلەکانی کوڕەی شاردەوە. ئەمجا دەرگەی کردەوە. حاجی کون و کەلەبەری ماڵەکەی گەڕا. حەسیر و فەرشی دایە بەر شاپان، بەڵام هیچی نەدۆزییەوە. دانیشت نیوەڕۆژەی کرد. ئەمجا خانم بیست دانە بەردی هێنا و بە مێردەکەی وت: «گرەو دەکەین. ها ئەوە دە بەرد. بیانگرە ئەو کوولەکەیەی وا بەسەر ئاوەکەوە. لەسەر دە لیرە.»

حاجی هەموو بەردەکانی تێ گرت. تەنیا جارێکیش لێی نەدا. خانم نیشانی

لێ گرتەوە. هەموو بەردەکانی لێ دا و (دە) لیرەی لە حاجی بردەوە. ئێوارە کوڕە کەچەڵە چووەوە بۆ لای حاجی و دیسان وتی: «هەزاران جار کارت ڕاست بێ حاجی بۆ خۆت و ئامۆژگاریت.»

«ئەمجارەیان چی ڕووی دا؟.. نیوەڕۆ چوویتەوە؟»

«بەڵێ بەڵێ، ئێمە لە هەوای خۆماندا بووین، کاتێ مێردەکەی لە دەرگەی دا. لەسەر داوای خانم، خۆم ڕووت کردەوە و چوومە نێو حەوزەکەوە. کوولەکەیەکم بەسەرمدا کرد. خانم (دە) بەردی لە کوولەکەکەی سەرم دا و (دە) لیرەی لێ بردەوە. ئەوەتا لیرەکانی! دانی بە من بۆ خەرجی ڕۆژانەم!.. ئەو ڕۆیشت و ئێمە دیسان دەستمان بە بەزم و ڕابواردنی خۆمان کردەوە.»

حاجی لە دڵی خۆیدا وتی: «ئەگەر ڕۆژی یەکەم شتێکم بنایەتە دەستییەوە، تووشی ئەم کارەساتە نەدەهاتم.»

حاجی حاڵ و مەسەلەی بۆ خەزووری گێڕایەوە. پێویستییەکانی دەعوەتی بۆ ماڵی خەزووری ناردەوە. تەواوی برا و خوشکەکانی ژنەکەی بانگهێشت. کوڕە کەچەڵەیشی خوڵک کرد هەتا لە زمانی خۆیەوە گوێیان لە ڕاستیی کارەساتەکە بێ. دوای نان خواردن، حاجی بە کوڕە کەچەڵەی وت: «پێم خۆشە بەسەرهاتی خۆت بگێڕییەوە.»

کوڕە کەچەڵە بە تانیدا هات. لەو شوێنەوە، کە بۆ داوای یارمەتی چووە بەر دووکانی حاجی دەستی بە گێڕانەوە کرد. لەوەدابوو بگاتە سەر ئەوەی چۆن نیشانەی لە کوولەکەکە گرتەوە. لێرەدا خانم بە گوێی کوڕە چکۆلانەکەیدا چپاند: «بچۆ خۆت بخەرە باوەشی بابەوە و پێی بڵێ بابە گیان چۆنی؟»

کاتێ منداڵەکە وەهای کرد، کوڕە کەچەڵە، کە هەتا ئەو کاتەیش نەیدەزانی، کە حاجی مێردی خانمی دۆستێتی، تێ گەیی، کە مێردەکەی لەم دانیشتنەدا ئامادەیە. کوڕە کەچەڵە لێوی خۆی گەست و وتی:

«کاتێک کوولەکەکەیان دایە بەر بەرد، منیش لە خەو ڕاپەڕیم و خەبەرم بووەوە.»

خەزوور وتی: «مەبەستت ئەوەیە، هەموو ئەمانە لە خەوندا ڕوویان داوە؟»

کوڕە کەچەڵە خێرا لە دەمی قۆزتەوە: «بەڵێ، ئەمانەی گێڕامنەوە خەون بوون.»

خەزووری وتی: «هەی پیسکەی نەگریس، نیازت وایە شەرەفمان لەکەدار بکەی.»

ئەمجا بە هەموویان شالاویان بۆ برد. حاجییان لەوێدا کوشت و خانمیان دا بە کوڕە کەچەڵە. منیش هاتمەوە هیچیان نەدامێ.

٣٤

## کیسەڵ و ڕێوی

جارێکیان کیسەڵ سەردانی ڕێویی کرد و پێی وت: «ئەم زەوییە تەختەی بەردەممان خوا دای ناوە بیکەی بە گەنم. وەرە با پێکەوە شکارتەیەک بکەین؟»

ڕێوی وتی: «هەزار جاریش.. بە هاوبەشی، هەموو شتێک بە هاوبەشی. کاتێک هاتیشە بەرهەم، بەنیوەیی.»

کیسەڵ و ڕێوی لەسەر کاری هاوبەش ڕێککەوتن و لێک جیابوونەوە. هەفتەیەک و دووان ڕابورد. پایز هاتە پێشەوە، بەڵام ڕێوی دیار نەبوو. کیسەڵ چووە سەردانی ڕێوی و وتی: «ساڵ درەنگە با پێکەوە زەوییەکە بکێڵین؟»

ڕێوی وتی: «من پشتم درێژە.. تۆ کورتەباڵایت و لە زەوییەوە نزیکتری. با کێڵانی زەوییەکە لەسەر تۆ بێ.»

کیسەڵ لەگەڵ ژنەکەیدا دەستیان بەکێڵان کرد. ماوەیەک چاوەڕوان بوون ڕێوی دیار نەبوو، هەمدیس سەردانی کرد و گوتی: «ساڵ درەنگە با پێکەوە بنەتۆو پەیدا بکەین و بیوەشێنین؟»

ڕێوی باوێشکێکی دا، خۆی کێشایەوە و وتی: «من پشتم درێژە و ئازاریشی هەیە. خۆت ئەم دوو کارەیش بگرە ئەستۆ.»

کیسەڵ بنەتۆوی پەیدا کرد. لەگەڵ ژنەکەیدا تۆویان وەشاند. جارێکی تر زەوییان کێڵا.. پەڵەی دا. گەنم شین بوو. قەفی دەرکرد. گوڵی کرد. گوڵ زەرد بوو، کاتی دروێنەی هات، بەڵام جارێک لە جاران ڕێوی سەردانی کیسەڵی نەکرد و لە شکارتە هاوبەشەکەی نەپرسییەوە. ئەمجارەیش کیسەڵ وردە وردە بەرەو کونی ڕێوییەکە چوو، وتی: «گەنمەکەمان کاتی دروێنەی هاتووە مام

ڕێوی. داسەکەت لە هەسان بدە و سبەینێ ئامادە بە.»

ڕێوی بەدەم ناڵە و هاوارەوە وتی: «تەواو پەکمە. ئازاری پشتم پرزەی لێ بڕیوم. دوای ئەوەیش من پشتم درێژە، بەڵکو دروێنەی شکارتەکەمان لەسەر خۆت بێ.»

کیسەڵ بەدڵی شکاوەوە گەڕایەوە. لەگەڵ ژنەکەیدا داسیان تیژ کرد و پەڵە گەنمیان دوورییەوە و گواستیانەوە شوێن خەرمان. ڕێوی ئێستایش و ئەوسایش سەرێکی نەدا و دیار نەبوو. ئەمجارەیش کیسەڵ رووی کردەوە ماڵی ڕێوی و وتی: «مام ڕێوی ئەم کاتەت شاد. مەردی چاک بە، ئەمجارەیان هاوکاریم بکە. با پێکەوە خەرمانەکە بکوتین!»

«من پشتم بەکەڵکی (گێرە) نایەت. تۆ ئەم کارەشیان بکە دوای ئەوە خوا کەریمە.»

«بەڵام دوای گێرە شەنکردن دەمێنێ. هاوکاری وەها نابێ مام ڕێوی.»

کیسەڵ بە کۆڵێک خەمەوە گەڕایەوە. لەگەڵ ژنەکەیدا خەرمانیان کوتا و شەنیان کرد. خەرمان سوور بوو. لەوەدابوو پێکەوە بیگوێزنەوە ماڵی خۆیان و ڕێوی بەکلکە لەقێ پەیدا بوو.

«خەرمان بەرەکەت کیسەڵ! ئێمە پەیمانمان بە یەک دابوو داهات بە نیوەیی بێ. هاتووم نیوەی گەنمەکە ببەم.»

«بەڵام تۆ تەنیا جارێکیش هاوکاریت نەکردووم. بۆیە هیچت ناکەوێ.»

«من پشتم درێژە. ناساغیش بووم. زۆری لەسەر بڕۆی تۆ هیچت ناکەوێ. بەڵام با گرەوێکی لەسەر بکەین.»

«گرەوی چی؟»

«ئەو دەوەنە لەسەر ئەو گردە دەبینی؟ هەردووکمان لەوێوە بەڕاکردن بۆ سەر خەرمانەکە هەیپای لێ دەکەین. کێ زوو گەیشت، هەموو گەنمەکە بۆ ئەو بێت.»

کیسەڵ کەوتە بیرکردنەوە. خەمێک لە دڵیدا بوو بە گرێ. بەڵام دوای تاوێک وتی: «من ئامادەم.. کێ زوو گەیشتە سەر خەرمانەکە، با هەموو داهاتەکە بۆ ئەو بێ.»

ڕێوی وتی: «زۆر چاکە.. وا من بە فڕکانێک دەگەمە سەر گردەکە.»

ڕێوی هەیپای لێ کرد. کیسەڵیش هەتا ماڵەوە چوو. پاشان ئەویش دوای چەند سەعاتێک گەیشتە بن دەوەنەکە. دوای ماندووحەسانەوە، ڕێوی گوتی: «ئامادە بە.. یەک دوو.. هەرسێکی.»

وەهای گوت و بۆی دەرچوو. ڕێوی بە چەند هەناسەیەک، زیاتر لە سەد هەنگاو پێشی کیسەڵ کەوت. ئەمجا وەستا و لە دوورەوە بە کیسەڵ پێ دەکەنی: «کیسەڵ دۆڕای! ددانی پێدا بنێ. من سەرخەوێکیش دەشکێنم هێشتا هەر پێم ناگەیتەوە.»

کیسەڵ لە دواوە وەڵامی دایەوە: «هێشتا نەدۆڕاوم. من بەڕێوەم.. وا هاتم.»

ڕێوی دیسان هەیپای لێ کردەوە. تاوێکی تر غاری دا. ئەمجا قنچکەیەکی کرد و قاقا بە کیسەڵ پێکەنی. کیسەڵیش نەیدەبردە سەر خۆی. بەکاوەخۆ دەهاتە ڕێوە، بەڵام ژنی کیسەڵ، لەوێ لەسەر خەرمان ئامادە بوو.. ئەو ئاگەداری هەموو شتێک بوو.. لەپڕ ڕێوی بانگی کیسەڵی کرد:

«ئەمجارەیان هەتا سەر خەرمان ناوەستم. دۆڕایت و هەموو گەنمەکە هی خۆمە.»

بەرلەوەی ڕێوی بگاتە سەر خەرمانەکە، ژنی کیسەڵ، کە کتومت لە کیسەڵی مێردی دەچوو، لەسەر خەرمانەکەوە هاواری لێ کرد: «خەرمان بەرەکەت. مام ڕێوی مەیەرە بەرەوە، گرەوەکەت دۆڕاند.»

٣٥

## نهێنی

هەبوو نەبوو پیاوێک هەبوو ئەمما پیاو نەگاڵتە. ناوی (لەکۆ) بوو. خانەدان و دڵفراوان. بەڵام تەنیا خەوشێک لە ژیانی ئەم خاڵە لەکۆیەدا ئەوەبوو. ئەو کەسەی بە میوانی ڕێی بکەوتایەتە ئاشیانەکەی، بێ ئارەق دەرنەدەچوو. چینێکی مزری لێ دەدا ئەمجا بەڕێی دەکرد.

ڕۆژێکیان لاوەند وتی: «ئەگەر تێلاترێنی کردووم، دەبێ ئەم خاڵە لەکۆیە تاقی بکەمەوە. بزانم میوان ڕاگرتنی لە چی و لێدانی لە چی. من هەردەبێ نهێنیی ئەم کارە بزانم.»

سواری ماینەکەی بوو، ئاوزەنگی تەقێن ملی پێوە نا، تاگەیشتە گوندەکەی لەمەڕ خاڵە لەکۆ.. لەکۆ خۆی لە ماڵ بوو. خزمەتکار لغاوی ئەسپی لێ گرت و ماینیان تاقەت کرد و کا و جۆیان دایە. لاوەندیشیان بەگەرمی پێشوازیی کرد و لای سەرەوە دایان نا. لاوەند دڵی لە مستیدا بوو. چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد لەهیکرا بەسەریدا دابارن و شلکوتی مەرگی بکەن. بەڵام هیچ دیار نەبوو.

دۆی سارد خورایەوە هیچی خراپ ڕووی نەدا. چایی خورایەوە هەر هیچی وەها ڕووی نەدا. بوو بەگەڕەلاوژە و گۆرانی وتن، بەڵام کاری خراپ ڕووی نەدا.. لەکۆ، خۆیشی لە دیوەخان دانیشتبوو. لاوەند لە دڵی خۆیدا وتی: «بە پێی داوونەریتی ئەم ماڵە بێت، بێ ئارەق دەرناچم. هەردەبێ لێدان بخۆم.. بەڵام دیارە هێشتا کاتی نەهاتووە.»

نیوەڕۆ خوان ڕازێنرایەوە. بەکۆمەڵ نیوەڕۆژەیان خوارد، وەلێ هیچی خراپ ڕووی نەدا. شێو کرا و شەو بەسەردا هات. بەدەم شەوچەرەوە مەتەڵزان

مـەتەڵی داهێنا و حـیکایەتخـوان حـیکایەتی گـێـڕایەوە. کـاتی نـوستن هـات، دیسان هیچ ڕووی نەدا و کەس لە گوڵ کاڵتری پێ نەوت.

لاوەند لەوە دەترسـا لە شـیـرین خـەودا بـەسـەریدا بـدات و شلکوتی مـەرگی بکات، بەڵام دیسـان وەها دەرنەچوو.. ڕۆژ بووەوە و هیـچی خـراپ ڕووی نەدا. بەرچایی خورا.. چێشتەنگاو لاوەند خۆی پێچایەوە و دووعاخوازیی کرد. وەلێ خاڵە لەکۆ فەرامۆشـی نەکرد. لەگەڵیدا هـات، هـەتا سواری ماینەکەی بوو.. هـەر لەگـەڵ سـوار بوو، یـەکسـەر کـەوتە ڕێ. بـەڵام تا مـاوەیەکـیش بـەترس و دوودڵییـەوە ئاوڕی دەدایەوە و چاوەڕوانی لێدانی کتوپڕی دەکرد، بەڵام دیسان وەها نەکەوتەوە. لاوەند کەوتە پشـتی دێ. ئیـتر ترسـی نەمـا و لەوە دڵنیـا بوو، کە لێدان ناخوا. بەڵام پرسـی لێدان لە دڵیدا بووبـوو بە مەراقێکی گەورە. بۆیە جڵەوی مـاینی سووڕاند و گرگر گەڕایەوە گوند. لە پێش خاڵە لەکۆدا وەستا و پرسـی:

«باشـە خـاڵە لەکـۆ، ئەدی بۆ دەڵێن هـەر کـەسێک ڕێی بکەوێتـە مـاڵەکـەت، لێـدانێکی مـزر دەخـوات. کـوا، خــۆ من بێ ئارەق دەرچـووم!.. تکایـە ڕوونی بکەرەوە نهێنیی ئەم کارە لە چدایە؟»

خاڵە لەکۆ وتـی:

«با پێت بڵێم: من لەوە ڕکم هەڵدەسێ، کاتێک بەلەمە برنج، لەگەنە شلە، نێوە دەبن، یان دەخـورێن و کـوڕەکـان دێن پڕیان بکەنەوە، کـەچی ئەو مـیـوانانەی من دەیکەن بە هـەرا. دەست بە کـەوگیر و کـەوچکەوە دەنێن و دەڵێن: «بەخـوا نابێ. زۆرە تێی مەکە.. بەسـەری تۆ نابێ.. زۆرە کێ دەیخوات... و لەو بابەتانە!»

من لەو جـۆرە ئاکـارە زگم دەئاوسـێ.. ئێ بابە خـۆ ئەوان خـواردنەکە لەگەڵ خـۆیاندا نابـەن.. خـۆ نـایکەنە باخـەڵیـان.. چەندیان پـێ خـورا با بیـخـۆن، ئیـتـر ئەوان هـەقـیـان چییـە؟ بەڵام تۆ کـاکـە لاوەند، بەلەمـەکـانـیـان پڕ برنج کـردەوە دەنگت نەکرد، لەگەنەکانیـان پڕ شلە کردەوە هـەر دەنگت نەکرد، ئەوە بۆیە تۆ بێ ئارەق دەرچوویت.

٣٦

## سوارچاک

سالآنێک لەمەوبەر، لەو دەمەدا کە ئاغا خۆی بکوژ و ببڕ بوو. کەسێک پرکێشی ئەوەی نەدەکرد پێی بڵێ، ئاغا پشتی چاوت برۆیە. جووتیارانی دەشتی هەولێر لە ژێر زوڵم و بێگاری ئاغادا پشتیان چەمابوو. بێ ئەوەی بتوانن دەنگی نارەزایی بەرز بکەنەوە و فززەیان لێوە بێت. ئا لەو دەمەدا کوێت سوارێک ناوبەناو، شەوانە بە درێژی و پانیی دەشتی هەولێردا بێباک دەسووڕایەوە و ئاگری لە ماڵی ئاغایان بەردەدا. بەتایبەت ئەو ئاغایانەی دەکردە ئامانج کە پێیان لێ هەڵبڕیبوو، لە ڕادەبەدەر زوڵمیان لە جووتیار دەکرد. ئەو تەنیا سوارێک بوو، بەڵام سامی لەشکرێکی هەبوو.

کوێت سوار لەپڕ بەسەر ماڵە ئاغایەکیدا دەدا و دەیدایە بەر ڕێژنەی گوللە.. نەدەستی بۆ ئافرەتێک درێژ دەکرد و نە ناهەقیشی لە منداڵ و پیرەمێردان دەکرد. ئەمشەو لێرە و دوای ماوەیەک لە گوندێکی تری دوورە دەستی ئەو دەشتە بەرینە سەری هەڵدەدا و ئاغایەکی تری تالآن دەکرد. سوارچاک ئەوەی کە بە تۆپزی لە ئاغای دەسەند بۆ خۆی نەبوو. دەچوو دەیدایە ئەو جووتیارانەی دەستتەنگ و بێ دەرامەت بوون.

ئەو کەسی نەدەکوشت. غەیری ئاغایش کەسی تری تالآن نەدەکرد. ئاغای تالآنکراویش پرکێشی ئەوەی نەدەکرد داوای ماڵەکەی بکاتەوە و شوێن سوارچاک بکەوێت. ئەوان هیچیان لە ئاستیدا پێ نەدەکرا. سوارچاک لە شیرین خەودا و ناخلآف بەسەریدا دەدان و دەستی خۆی دەوەشاند.

خەڵک بە تەشمی ئەسپەکەیدا دەیانزانی تاکە سوارە و تەنیا باڵ، بەڵام تاکە سوار بەرووی هەزار سوار بوو! کاتێک هێرشی دەهێنا و ئاغایەکی دەکردە

پۆڕی خوراو، ئیتر بۆ سبەی جووتیار لە نێوان خۆیاندا باسی کەڵەوەکێشی و دەستوبردی ئەم سوارچاکەیان بۆ یەک دەگێڕایەوە. لە خەیاڵی خۆیاندا حیکایەتی جوان و وێنەی جوانی ئەویان دەنەخشاند.

کەسیشیان ڕۆژێک لە ڕۆژان سوارچاکیان نەدیبوو. ئەوان زۆر پەرۆش بوون جارێک لە جاران بە ڕۆژی ڕوون، بە چاوی خۆیان بیبینن و بزانن چلۆن پیاوێکە. پێیان خۆش بوو قەدەرێک تەماشای قەد و باڵا و شان و تفەنگی بکەن. لە کلک و یاڵی ئەسپەکەی ڕابمێنن و ناوی خۆی بزانن و سوپاسی بکەن. دەستی زیارەت بکەن. چونکە ئەوەی ئەو دەیکرد کاری لەشکرێک بوو. پەرجوویەک بوو بۆ خۆی. جا چلۆن دەبێ چاویان بە دیتنی شۆڕەسوارێکی وەها نەڕێژن. بۆیە دیتنی سوارچاک بووبووە مەراقی ورد و درشتیان.

«خۆزی بە خۆزیداران دەمزانی بۆچی جارێک خۆیمان لێ ئاشکرا ناکات؟»

«وەی بە بابەوە لەبەرت مرم سوارچاک.»

«بریا نەدەمردم بەو چاوانەی خۆم دەمدی.»

«لە کیژان هەر مەیرەم ـ م هەیە، ئەگەر بێتە داوای، بە کراسی بەری خۆیەوە حەڵاڵی بێت.»

شۆڕەسوار بیستییەوە، کە هەموو دەشتی هەولێر بە عەزرەتی ئەو ڕۆژەوەن خۆی ئاشکرا بکات. بیستی، کە ئەوان مەبەستیانە بزانن ئەم قارەمانە ڕەنگ و ڕووی چلۆنە. جحێڵە یان بە تەمەن؟. جلک و بەرگی چۆنە؟. چلۆن ڕەخت لە خۆی دەدات؟ کلک و بژی ئەسپەکەی چۆنە؟

*

ڕۆژێک، لە محەلی نیوەڕۆیە، کوێت سوارێک لە ناوەندی گوندێکی بە ئاپۆرای دزەییدا وەستا. ڕاست و چەپ دوو خەریتە لە شانی. خەنجەرێک لەبەر پشتێنی. ئەسپ لە حیلەی دا و کۆڕاندی. سواری تاین چاوەڕوان بوو بە جارێک گچکە و گەورەی گوند بە سەریدا داباری و بێنە تەماشای. بەڵام تاوێک و دووان بەسەر ئەسپە کوێتەوە ماتڵ ما و کەس مووشی پێ نەبزوا. ئەسپ لە چەقی دێدا کەوتە

پێکوڵ و بۆ خۆیشی ئارامی لەبەر برا.. لەپڕێکدا هاڕاندی:

«هۆ خەڵکینە، وەرنە دەرێ! منم سوارچاک! منم ئەو کەسەی خەون بە دیدارییەوە دەبینن. ئەوە منم نیوەشەوان، ئەو دەمەی کە ئەنگۆ لە شیرین خەودان، ئاگر لە ماڵی ئاغایان بەردەدەم. وەرنە تەماشام و بمبینن.»

دەنگەکە چون ڕەشەبا سەری کێشایە هەموو ماڵێکەوە. بە جارێک ژن و ژاڵ.. منداڵ و تاڵ.. گەورە و گچکە.. بە جامە دۆ و گۆزە ئاوەوە نەبادا تینووی بێ هاتنەدەر. هەیان بوو بە دەفری پڕ لە گەنمەوە، تاکو بۆ فەڕ، بە سەریدا ببارێنێت لە ماڵەکانیان دەرپەڕین. بە سەڵاوات لێدان ڕوویان لە چەقی گوند کرد. هەیشبوو ملی مەڕی گرتبوو، تاکو لەبەر پێیدا سەری ببڕێت.. تەواوی دێ لە دەوری سوارچاک بازنەیان بەست.

کاتێک ئەوان لە نزیکەوە لێی وردبوونەوە. دیتیان پیاوێکە لە ناوەڕاستی تەمەندایە. وەک کەڵەباب بەسەر زینی ئەسپە کوێتەکەیەوە هەڵنیشتووە. ڕدێن هاتوو، بێ نموود، لاواز، هەر بە ڕاستی هێندەی کەڵەبابێکیش دەبوو. ڕیوەڵە و چاو پڕوپووشاوی. شەدەیەکی کەونی بە گوڵنکەی کاڵەوەبووی تەپاندبووە سەر. ڕوویەکی باریکی تەڵخی ماندوو، هێندەی نەختێک. بە حاڵ پێی دەگەیشتە سەر ئاوزەنگی و تفەنگەکەی دوو هێندەی خۆی درێژە. سوارچاک وەک مۆمیا کرابێت، بەسەر ئەسپەکەیەوە نەدەجووڵایەوە. ئەوەندە هەبوو شنەی با لچکی شەدەکەی دەشەکاند. خەڵکی دێ دەستیان بەجامە دۆ و گۆزە ئاو و ملی مەڕەکانیانەوە وشک بوو. حەرام کەس ورتەی لە زار دەرنەهات. سوارچاک ئەمجارەش بە سێ دەنگان گازی کرد:

«بەڵێ منم سوارچاک. منم چی ئاغای ئەم دەشتە هەن لەبەرم دەپاڵێون و لە ترسی من دڵیان لە مستیاندایە.»

هێشتا هەر کەسێک لەوان متقی نەبوو. ئەوان لە بێدەنگییەکی بێ تامدا گیریان خواردبوو؛ کاتیان لەبەر نەدەڕۆیی. لە هیکڕا پیرەمێردێک بە دەنگێکی بیستراوی تژی لە نائومێدی وتی:

«وەی سەد بریا هەر نەماندیبای.»

٣٧

## زامی خەنجەر سارێژ دەبێ
## زامی زبان سارێژ نابێ

هەبوو نەبوو، پیرەمێردێک هەبوو، سێ کوڕی ماڵ و ژنداری هەبوو. لە پرێکا خێزانەکەی ئێوە خۆش. ئیتر هەر چەند مانگێکی لای کوڕێکیانی بەسەر دەبرد. زۆری نەخایاند کوڕەکانی لێی بێزار بوون. پیرەمێرد لە دڵی خۆیدا وتی: «وا دیارە بوونم کەڵکی نەماوە.» لە نزیک شارەکەیان دارستانێکی چڕ هەبوو. شێرێک قەدەغەی کردبوو. نەیدەهێڵا کەس بەو جەنگەڵەدا بڕوات. پیرەمێرد بە خۆی گوت: «شێر تێکم بشکێنێ زۆر لەوە چاکترە بە دەستەوخواری لەلای کوڕەکانم بژیم.»

چەند نانێکی بەستە پشتی و دارستان خۆت بگرە هاتم. لەوێ بە نیازی نانخواردن لەسەر کانییەک دانیشت. لەپڕ نرکە و نەڕەی شێر پەیدا بوو. شێر بەرەوڕووی هات و نەڕاندی:

«چۆنت زات کرد هاتوویتە ئێرە کابرا، گوایە نازانی ئەم دارستانە ساڵانی ساڵە مرۆڤی پێدا ڕەت نەبووە؟»

پیرەمێرد بێدەنگ نانەکەی بەسەردەستەوە گرت و بەرەوڕووی شێرەکە چوو. شێر، دوو سێ جاران بەدەوریدا سووڕا و وتی:

«ئەوا نمەکت گرتمی! ئیتر ناتوانم تێکت بشکێنم!»

کاتێک پیرەمێرد بە شێنەیی بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕایەوە.. شێریش دڵی نەرم بوو وتی:

«بوارت دەدەم لەم دارستانەدا دار ببڕیت و بیفرۆشی، تاکو لە هەژاریی

دەربچیت و بتوانی بەرەنجی شانی خۆت بژی.»

ئیتر ئەم بڕیارەی شێر دەروویەک بوو بەڕوویدا کرایەوە. لە شار تەور و تەورداسی هێنا و بەکاوەخۆ کەوتە داربڕین. سەرەتا بەکۆڵ داری دەگواستەوە بۆ شار، پاشان توانی ولاخێک بکڕێت. هەر کاروانێک، کە دەچووە شار، لەوسەرەوە خواردن و پێداوستی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا و لەگەڵ شێردا پێکەوە دەیانخوارد. ڕۆژێکیان پێکەوە لەسەر خوان نانیان دەخوارد. شێرەکە زۆر لێوەی نزیک بوو. پیرەمێرد پێی وت:

«بڕۆ بەولاوە، بۆنی دەمت دێ.»

شێر بەم قسەیە تەواو سەغڵەت بوو، دوای تاوێک لێی پرسی:

«نانەکەت خوارد؟»

«بەڵێ خواردم.»

«دە ئێستا هەڵبسە، هەتا هێزت تێدایە تەورێکم لێ دە؟»

«ئاخر لە پای چی تەورت لێ بدەم؟»

«ئەگەر تەورێکم لێ نەدەی هەر ئێستا تێکت دەشکێنم!.. تۆ لە پاداشتی چاکەدا پێم دەڵێی، بۆنی دەمت دێ.»

پیرەمێرد ناچار، بەدەستەلەرزە و بەلینگەلەرزە، هەتا هێزی تێدا بوو تەورێکی سرەواندە بناگوێی شێر. ئەمجا لە ترساندا تەوری فڕێ دا. ئەو ڕاکردنەی ڕای کرد، هەتا شار نەوەستایەوە.

چەند مانگێک بەسەردا ڕابورد. ڕۆژێکیان پیرەمێرد لە دڵی خۆیدا وتی: «لێرە ژیانم ناڕوات، بۆچی نەچمەوە دارستانەکە؟ ئێستا شێر ئێسکیشی نەماوە.»

بەم شێوەیە لێی دا ڕۆیشت. هەرکە گەیشتە ناو دارستان. گوێی بە نەعرەتەی شێر زرنگایەوە.. شێر بەرەوڕووی چوو، وتی: «ئەمەک هەر وەها دەبێ! کوا بۆچی حەکیمێک دەرمانێکت بۆ ئەم زامە سەختەم نەهێنا؟ تۆ ئەی

مرۆڤ، زامدار و کەلەلا جێت هێشتم و هەڵاتی.»

پیرەمێرد ترسا.. زمانی بە باشی لە زاریدا بۆ نەدەگەڕا. هەر چۆنێک بوو وتی: «ئەی پاشای گیانداران، دووربێ لە گیانت، وام زانی بەسەر دنیاوە نەماوی. ئەگەرچی تۆ خۆت حوکمت لێ کردم، بە تەور لێت بدەم؛ لەگەڵ ئەوەیشدا لەوە دەترسام ئەگەر بگەڕێمەوە لات تێکم بشکێنی.»

شێر لێی هاتە پێش و وتی: «ئادەی بزانە شوێن زامی تەورەکەم نیشان نادەی؟»

پیرەمێردی ترساو، چەند سەرنجی دا، شوێن زامەکەی بۆ نەدۆزرایەوە. ئەمجا بە دڵەلەرزەوە وتی: «ئەوەندە بە ترسەوە لێم داوی ئێستا ناچمەوە سەری. وەکیتر هیچ جێ زامێکت پێوە دیار نییە.»

شێر وتی: «دەبا پێت بڵێم، زامی خەنجەر سارێژ دەبێ، زامی زبان سارێژ نابێ.. تۆ بە زبانت زامێکت کردووەتە دەروونم، هەرگیز لە دڵم دەرناچێت. ئەمجارەیش دەتبوورم. بڕۆ ڕوو لە هەرکوێیەک دەکەی بیکە.»